٤

ئەیلولی ٢٠١٦

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێكی سیاسی فكریە، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان دەریدەكات

ڕەوەندی كۆتایی هاتنی داعش‌و  گۆڕانكاریە سیاسیەكان ،
ڕەخنەلە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سۆشیالیزم و
كۆمەڵگای سۆشیالیستی، كاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن،
ئەڵتەرناتیڤی كۆمۆنیزمی كرێكاری، دەربارەی یەكێتیە
كرێكاریەكان، سەبارەت بە دیموكراسی،گۆڕان لە نێوان ئیرادە و
پێویستیدا...

محسن كەریم
خەسرەو سایە
ڕەعد  سەلیم
جەمال محسن

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە ٤ / ساڵی دووەم / ئەیلولی ٢٠١٦

سەرنوسەر:

**جەمال محسن**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

بەشدارانی ژمارە:

**محسن کەریم،**
**خەسرەو سایە، ڕەعد سەلیم، کارل مارکس، مەنسور حکمەت،**
**جەمال محسن**

پەیوەندی:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

**hkkurdistan.org**

## ناوەڕۆك:

★ **پێشەکی ژمارە** ........................................ ........................................ ١

★ **پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟**
ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا(٣)
خەسرەو سایە ........................................ ........................................ ٢

★ **ڕەوەندی کۆتایی هاتنی داعشو گۆڕانکاریە سیاسیەکان لە عێراق و کوردستانو ئەرکەکانمان**
محسن کەریم........................................ ........................................ ٣٥

★ **سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی**
جەمال محسن........................................ ........................................ ٤٥

★ **کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن**..
کارل مارکس........................................ ........................................ .. ٦٠

★ **ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکاری**
مەنسور حکمەت........................................ ........................................ ٩٦

★ **دەربارەی یەکێتیە کرێکاریەکان**
مەنسور حکمەت ........................................ ........................................ ١١٠

★ **سەبارەت بە دیموکراسی**
کارڵ مارکس........................................ ........................................ ١٢٤

★ **گۆڕان لە نێوان ئیرادە و پێویستیدا**
ڕەعد سەلیم ........................................................................ . ١٢٧

★ **بەڵگەنامەکان:**........................................................................ ١٣٤
بەیانی حزب لەسەر هێرشی تورکیا بۆ سەر سوریا

## ووتەیەکی کورت بۆ ئەم ژمارەیە:

ئەم ژمارەیەی بەردەستتان چەندین بابەتی سیاسی و هزری لە خۆ ئەگرێت. وەک لە ژمارەکانی ٢ و ٣ دا بەشەکانی یەک و دوو لە وتاری ڕەخنە لە بەرنامەی بزوتنەوەی گۆڕان هاتبو، لەم ژمارەیەشدا درێژەی ئەو زنجیرە باسە، واتە بەشی سێیەمی بەرچاو ئەکەوێ. لەم بەشەدا ڕەخنە لە بەرنامەی ئابوری بزووتنەوەی ناوبراو وەک باڵێکی بۆرژوازی گیراوە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بەرنامەیە شیکراوەتەوە. هەروەها وەک بابەتێکی سیاسی وتارێک سەبارەت بە ڕەوەندە سیاسیەکانی دوای داعش لەم ژمارەیەدا هاتووە.
هەروەک لە ئامانجەکانی گۆڤارەکەشدا پێشووتر ڕامانگەیاندبوو کە لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوە و خستنە بەرچاوی باسە پایەییەکانی مارکسیزم و ڕەوتی کۆمۆنیستی نێو چینی کرێکاردا ئەبێت، لەم ژمارەدا یەکێک لە باسە گرنگەکانی کارڵ مارس سەبارەت بە کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن ئەخوێننەوە.. ئەم وتارە جگە لەوەی لێکدانەوەی زانستی و دروست سەبارەت بەم دوو جۆرە لە کار ئەخاتە روو، گرنگیەکی تریشی لەوەدایە تێگەیشتن لەم چەمکە سەرەکیانە ئەتوانێ هاوکاتیش تێگیشتنی دروست لە قەیران و وەکو هۆکارێکیش بۆ زیاکردنی نەهامەتیەکانی کرێکاران لە بێکارکردنی زیاتر و هەژاری و بە تایبەتیکردنی خزمەتگوزاریە گشتی و دەوڵەتیەکان... هتد بە دەستەوە بدات.
هەروەها هاتنی بابەتەکانی سەبارەت بە سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی، وتەیەکی کورتی مارکس سەبارەت بە دیموکراسی، بابەتێکی مەنسور حکمەت سەبارەت بە ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بابەتی گۆڕان لە نێوان ئیرادە و پێویستیدا بۆ هەمان ئامانجی گۆڤارەکە هاتوون. بە تایبەتی لەم سەردەمەی کوردستاندا هاتنە ناوەوەی باسەکانی مارکس و بە گشتی رووهێنان بۆ خوێندنەوەی بابەتی چەپ بە گشتی گرنگیەکی زۆری پەیدا کردووە. دیدگای سۆشیالیستیش هەوڵ ئەدات بەشداریەک لە پێشکەشکردنی ئەو باسانەدا بکات و بە ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی هوشیاری چینایەتیدا نەخشی هەبێت.
لە بارەی گرنگی خەباتی ئابوری چینی کرێکار، واتە خەبات بۆ هاتنەدی ماف و خواستە ئابوریەکان، بە پێویستمان زانیوە بابەتێکی تری مەنسور حکمەت کە دەربارەی یەکێتیە کرێکاریەکانە لەم ژمارەیەدا دابنێین.

سەرنوسەر
ئەیلولی ٢٠١٦



خەسرەو سایە

# پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا

**(٣)**

لەبەشی سێهەمی ئەم باسەدا دەچینە سەر ئاناتۆمەکردنی ڕوانگە و سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان کەوەک تەوەرەی دووەم لەبەشی دووەمی پڕۆگرامی سیاسیدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە لەژێر تایتڵی "سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان"دا جێگیرکراوە. بێگومان گەڕانەوەی خوێنەر بۆ پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان و هەردووبەشی ئەم وتارە لەگۆڤاری "دیدگای سۆشیالیستی"دا کۆمەکدەکات بەتێگەیشتن لەڕەوتی ڕەخنەکان و ناوەڕۆکی بۆچوون وسیاسەتەکانی ئەم حزبە کە لە پڕۆگرامەکەیدا هاتووە. بەڵام سەرەتا بۆئەوەی ئەو دیدە بۆرژواییەی کە سیاسەتە ئابوریەکانی پڕۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕانی پێنوسراوە و ئەوە دەرخەین کە چ ئاستێک لەڕیفۆرمی ئابوری دەخاتە بەرەدەم کۆمەڵگا، پێویست دەکات لەشێوەیەکی گشتیدا لەسەر ڕوانگەی گشتی سیاسەتە ئابوریەکانی ئەم حزبە ڕاوەستین و پاشان لەبەندەکانی بڕوانین.

### سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان

### "بۆرژوازی نیشتمانی" لەبۆتەی چاکسازیدا:

بێگومان سیاسەتی ئابووری هەرحزبێکی سیاسی و ئەو هەنگاوانەی کەوەک بەدیلێک لەبەرامبەر سیستەمی ئابوری زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، لەدوتویی پڕۆگرامی خۆیدا جێگایان بۆ دەکاتەوە، بەپێویست ئیلهام لە ڕوانگە و مەکتەبێکی فیکری ئابووری وەردەگرێ و لەوێوە بەشوێن ئەو

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئاڵوگۆڕانەوەیە کە لەدۆخی ئابوری باودا بەدواوەیەتی..

مەکتەبی فکری وڕوانگەی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان بەشێوەیەک لەشێوەکان دووبات کردنەوەی هەمان ڕوانگە و مەکتەبی ئابوری سەردەمی دواکەوتویی و پەرەسەندنە کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی سەدەی ڕابردوودا و بەدوای سەرهەڵدان وشکڵ گرتنی "دەوڵەتی سەربەخۆ"ی بۆرژوازی، لەئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و دەرچون لەبازنەی داگیرکاری و باڵادەستی "ئیستعمار"، وەک بەرنامەو ئاسۆیەک لەپێناو پەرەسەندن و دەربازبوون لەدواکەوتوویی ئابووری بەدەستەوەگیرا. لەم پەیوەندەشدا دەیان ئابوریناس، لە ئەندریە گوندر، فرانکۆوە تا ئیمانۆل و سەمیر ئەمین، و دەیان دەزگای ئاکادیمی لیکۆڵیار و بەدواداچوون تا ناوەندی "بوژانەوە" لەنەتەوە یەکگرتووەکان بە بودجەیەکی خەیالیەوە، بەشوێن گرفتی دواکەوتویی ئابووری و بەرنامەی ئیستراتیژی بوژانەوەوە بوون بۆ ئەم وڵاتانە. ڕوانگە و باوەڕەکانی ئەم مەکتەبە ئابووریە، کۆمەڵگا بەشێوەیەکی خۆبەخۆ پێناسەی یەکێک لە فۆرمیلاسیونەکانی پێش سەرمایەداری و بەتایبەتی بە"کۆمەڵگای داگیرکراو"، "وابەستە"، "موستەعمەرە" و گەلێ جاریش دەرەبەگی بۆدەکرێ. لەم پێناسەکردنەشەوە سەرمایەی دەرەکی، ئیمپریالیزم و داگیرکەران، بەهۆکاری بنەڕەتی بۆ پاشکەوتوویی ئابووری و ڕاگرتنی وڵات لەسەر بنەمای ئابووری تاک بەرهەمهێن و خۆژێن و بەرخۆری دادەنێ و وەک حوکمێکیش بۆ تێکشکانی پیشەسازی خۆماڵی و بەتایبەتیش کەرتی کشتوکاڵی پشتی پێدەبەسترێت. بۆ دەربازبوون لەم حاڵەتانەش ئەم مەکتەبە ئەفسانەی بۆرژوازی نیشتمانی بەقەرز وەردەگرێ و دەیخاتە بەرامبەر داگیرکەران و سەرمایەی دەرەکییەوە و ئەرکی دامەزراندنی ژێرخانێکی بەهێز و ئاوەدانکردنەوەی ئابووری وڵات و پێشخستنی پیشەسازی خۆماڵی پێدەسپێردرێت. یەکەمین مەیدانیش کەلەم ئەرکەدا چاوی تێدەبڕدرێت بریتییە لە دێهات و ئابووری کشتوکاڵی و "سەرمایەی مرۆیی" ناوخۆ" کە دیارە سیاسەتی ئابوری و هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە کە بە وەهمی بووژانەوەی ئابووری کشتوکاڵ و پیشەسازی خۆوڵاتی‌یەوە، تیۆر و دیدگایەک ببەخشن بەچینی بۆرژوازی محلی تا لە دەرەوەی سیستەمە ئابووری‌یەکانی سەرمایەداری جیهانی و کارکردەکانی لەبازاڕی نێوخۆی هەر وڵاتەدا، جەنگ لەدژی پاشکەوتوویی ئابووری بەڕێبخەن.

ئەگەر لە مەکتەبی ئابوری بۆرژوایی کلاسیک و ئاکادیمیستەکانیاندا مەسەلەی بردنەسەری ڕێژەی زیدەبایی/ قازانجی هەموو سەرمایەی کۆمەڵایەتی و هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە بێت و لەم پێوەندەشدا چەمکەکانی، کاڵا و بەها، کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیا، فراوانکردنەوەی بازاڕ و چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی سەرمایە و چەوسانەوەی هێزی کار، قەیرانی ئابوری و میکانیزمەکانی تێپەڕین لێی... لەباسو لێکۆڵینەوە ئابوریەکاندا بەدەستەوە بگیرێ، ئەوا لەم مەکتەبەدا، مەسەلەی پاشکەوتویی و بوژانەوەی ئابوری سەرمایەداری و هەڵگرتنی کەموکوریەکانی سەر ڕێگای ئەم پرۆسەیە لەوانە، گەندەڵی و تەبزیراتی زەبەلاحی دەوڵەت، تاک بەرهەمهێنەری و پشتبەستن بە ئابووری نەوت، فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ، هەڵاوسانی مەسرەف و کۆمەڵگای مەسرەفگەرا، لاوازی ژێربیانی

ئابوری و ئاستی تەکنۆلۆژیا، لاسەنگی نێوان قەوارەی کاڵای هەناردە لەچاو کاڵای هاوردەدا .. جێگای سەرەکیان هەیە و بۆ تێپەڕین لێیانەوە "پلانی نیشتمانی" و بەرنامە ڕێژی ئابوری دەوڵەت، وەک ستراتیژێک، بەدەستەوە دەگیرێ.

بزوتنەوەی گۆڕان ئەگەرچی لە بەدەستەوەگرتن و مانەوە لەم مەکتەبە فکریەدا، دەقاودەق هەمان ئەو چەمکانەی کەلە مەکتەبی ئابوری "دواکەوتوو/ گەشە" دا، وەک ئەوەی کەلەرابردوودا بەکاربراوە، دووپات نەکردۆتەوە، (کەدیارە خودی ئەم حاڵەتە نیشانەی بەرئەنجامی ئەو گورانکاریانەیە کەلە ماوەی چەن دەیەی رابردوودا بەسەر جیهانی سەرمایەداری و فۆرمە ئابوریە باوەکاندا هاتووە و لەئەنجامیشدا مەکتەبە فکریەکانی وەک لیبرالیزمی نوێ و ئابوری پۆستمۆدیرنیزمی ڕەواج پێرداوە)، بەڵام ڕاوەستان لەسەر چەمکگەلێکی وەک " کۆمەڵگای تاک بەرهەمهێن، پشتبەستن بەکەرتی کشتوکاڵی، ڕەتکردنەوەی مەرکەزیەتی ئابوری و کارکردن بەگەشەی ئاسۆیی، پلان لەبەکارهێنانی سامانی سروشتیدا، گەشەدان بەسامانی مرۆیی، لاسەنگی نیوان کاڵای هاوردە و هەناردەکراودا، دیاردەی بەرخۆری و وەرگر، کۆمەڵگای مەسرەف گەرا..و هەمو ئەمانەش رووبەڕویی "پلانی نیشتمانی" دەکرێنەوە، بەپێویست ڕیشەی سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، بەوجۆرەی لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا هاتووە، دەباتەوە سەر هەمان مەکتەبی فکری و هەرلێرەشەوە کەوتۆتە دوای هەڵگرتنی ئەو کەموکوڕی و ناتەواویانەوە کە ئابوری کوردستان دەرگیریەتی. بەدیاری کراویش دیاردەی گەندەڵی و ناشەفافیەت، تاریکاندنی داهاتی نەوت، نەبوونی پلانی ئابوری، لاسەنگی لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت، بڵاوبوونەوەی تەمبەڵی و بەفیرۆدان، تەشەنەکردنی دیاردەی بەرخۆری، ناهاوسەنگی لەنێوان شارەکان و شوێنە کەناریەکان – گوندەکان– و ئۆردوگا و قەزا و ناحیەکان، نەبوونی دادپەروەری لەسیستەمی باجدا، پاوانکردنی داهات وبازاڕ... ئەمانە نمونەی ئەو گرفتانەن کەسیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان بۆی ئاڕاستەیە و گوایە هەڵگرتنیان دادپەروەری لەئابوری کوردستاندا دەستەبەردەکات. بزوتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی کە خەونی هێنانەکایەوەی "هەرێمێکی بەهێز"ی کردۆتە ئامانجی میحوەری خۆی ولەڕێگای ئەرکە سیاسیە نیشتمانیو نەتەوەییەکانیەوە بەشوێن سیاسەتی "بەنیشتمانیکردن"ی دامەزراوە کانی دەسەڵاتەوەیە (لەوانە هێزی پێشمەرگە، پەرلەمان و حکومەت، دەزگای قەزایی وشتی لەمجۆرە)، بەپێویست دامەزراندنی "ژێرخانێکی ئابوری بەهێز" بۆ چینی بۆرژوازی و بازاڕی سەرمایە و کۆمپانیاکان، وەک ئەڵقەیەکی تەواوکار بۆ ئەم ئامانجە بەدەستەوەگرتووە، کە دیارە شانی لەسەر چەوسانەوەی هەرچی زیاتری هێزی کاری کرێکاران و کۆمەڵانی کارکردوی کۆمەڵگا داناوە، تا بۆرژوازی نیستمانی و نەتەوەیی، لەپرۆسەی عادیلانەکردنی سەرمایەداری کوردستاندا، دادپەروەرانە وێنابکا و ئەمەش بە ڕیفۆرمی ئابوری و چاکسازی بە کۆمەلگا بفرۆشێ.

لەلایەکی تریشەوە بزوتنەوەی گۆڕان بەبەراورد، بەرەوتی سۆسیال دیموکراتەکانی سەدەی رابروو کەبەرنامەی ئابووریان بەپشتبەستن بەمەکتەبی فکری کینزیەت و دەخاڵەتی دەوڵەت لە ئابوریدا و لەرێگای بەرنامەڕیزی ئابوریەوە، پرۆسەی تەعدیلی سیستەمی ئابوری سەرمایەداری

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بازاڕی وەک ڕێچکەیەک بۆ گەیشتن بە "کۆمەڵگای خۆشگوزەران و پڕکار- FULL JOB"، لەسیاسەتێکی ئابوریدا گەڵاڵە دەکردەوە، نەیتوانی لەژێر گوشارەکانی ئابوری سەرمایەداری و ڕۆڵی ئیحتکارات و بانگی جیهانی و سیاسەتی نیولیبرالەکاندا خۆی ڕاگریێ و سەرەنجام سەری لەشکست و بنبەستدا دەرهێنا، ئەوا گەیشتن بە"هەرێمێکی بەهێزی ئابوری" بە ڕابەری بۆرژوازی نیشتیمانی و نەتەوەیی بەئالآی "دادپەروەری ئابوری" ەوە، لەجوگرافیایەکی وەک کوردستاندا کە ئابوریەکەی ڕاستەوخۆ لەژێر کارکردەکانی سەرمایەداری جیهانی و بلۆکبەندیە ئابوریە جیهانیەکاندایە، نەک هەر حوکمێکی ڕێگەپێدراو نییە، بەڵکو لە ئەفسانە و خەونێک زیاتر تێناپەڕێ.

سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان کە بەرگی ریفۆرم و چاکسازی پۆشیوە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتەدا لەبەرامبەر سیاسەت و کارکردە ئابوری و بازرگانیەکانی ئەحزابی دەسەلاتدار و دۆخێک کە بەسەر خەڵکیدا سەپاندویانە، خراوەتەڕوو، بەلآم لەجەوهەردا ڕووی لە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانە، ئەویش بە بەخشینەوەو قایمکردنی ڕەوتی خۆشخەیاڵی، بە باڵێکی بۆرژوا ناسیونالیزم و ئەفسانەی بردنی کوردستان بەرەو "هەرێمێکی ئاوەدان و بەهێزی ئابوری" کەبەرگەی هەرەشەی دەرەکی بگرێ و پشت بەخۆی ببەستێ. بەتایبەتی کە لە سیاسەتە ئابوریەکانی ئەم حزبەدا، قسەیەکی سەریح و ڕۆشن لەسەر بیمە کۆمەلآیەتیەکان، یاسای کاری پێشرەوی کرێکاری، خۆراییکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک خوێندن و تەندروستی و خانوبەرە، زیادکردنی کرێ و موچەی خانەنشینی، دابینکردنی کار و وەلآمدانەوە بەکێشەی بێکاری، زەمانەتە کۆمەلآیەتیەکان... ناکات، کەسەدان هەزار هاولآتی لە کوردستان ئومێدی بۆ دەخوازن. لەیەک ووتەدا پلاتفۆرمی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر هەڵگری کەمترین ئاست لە ڕیفۆرمی ئابوری نییە بەقازانجی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، بەڵکو پلاتفۆرمێکە ڕووی لە سازدانەوەی ئابوری کوردستان و بازاڕی کارو سەرمایەیە، لەڕێگای بە"قانونیکردن / بەموئەسەساتی کردن"ی جومگە ئابوریەکانەوە تا هاوسەنگیەک بە قازانجی ئەو بەشە لە بۆرژوازی ناڕازی کوردستان زامنبکات کە لەدەست قۆرغکاری ئەحزابی بالآدەست، دەنگی هەڵبڕیوە. سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ئەو ئامانجەشی لەخۆیدا هەڵگرتووە، تا لەسەردەمی هەڵبژاردندا، وەک "وەرەقەیەکی ئینتخاباتی" بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکان بەکار بهێنرێ. بەلآم بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستی ئەم سیاسەتە ئابوریەو لایەنەکانی باشترە لەسەر بەندەکانی ڕاوەستین.

### ١/ ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی وبەرەنگاری گەندەڵی، چاکسازیە ئابووریەکانی حزبی گۆڕان ڕووی لەکوێیە؟

لە یەکەمین بەندی تەوەرەی "سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان"دا بزوتنەوەی گۆڕان لە پرۆگرامە سیاسیەکەیدا، لەژێر تایتڵی "ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی"دا، دوو مەسەلە وەک هۆکار و سەرچاوەی دۆخی خراپی دارایی و ئابووری و پەرەگرتنی دیاردەی گەندەڵی لەکوردستاندا، ئاماژە پێدەکات، کەئەوانیش بریتین لە"شەفافیەت و سیستەمی چاودێری".

**یەکەم: لەبارەی دۆخی دارایی و ئابووریەوە پرۆگرام ئاوا دەدوێ:**

" بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی "ڕێکخراوی ڕۆشنی (شەفافیەت)ی نێودەوڵەتی"، دەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، یەکێکە لە هەرە وڵاتە گەندەڵەکانی جیهان لەڕوی سیاسەتی دارایی، شکستی گەشەی ئابوری، لاوازی و گەندەڵی لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی ئاوەدانی و بنیاتنانی ژێرخاندا، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ مەرامی ئابوریی و نەبونی داتای پێویست سەبارەت بە جوڵەی پارە".. " ناڕۆشنی لە سیاسەتی دارایی و ئابوری، تاریکاندنی بڕی داهات و خەرجی گشتی، لاوازیی ڕۆڵی پەرلەمان و دادگاکان و دەستە و دەزگاکانی چاودێری و نەزاهە، تاریکاندنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بە بودجەی گشتی و کۆمپانیا ئیحتکاریەکانەوە هەیە"

" تائێستا سەرچاوەکانی زانیاری دەربارەی بودجە و سیاسەتی دارایی هەرێم نەک تەنها لەبەردەم هاوڵاتیاندا، بەڵکو لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرس و فەرمانبەرەکانی بواری چاودێریی داراییشدا واڵا نیە، ئەو پرۆسەی تاریکاندنەی کە بە بەرنامە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە پێڕەو دەکرێ یەکێکە لە کەندەکانی بەردەم چاکسازیی ئابوری و گەشەدان بە سەرمایەی مرۆیی و بنیاتنانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان".

– هێڵی تەئکید هی ئێمەن–

لەم دەربڕیانەی سەرەوەدا بەڕۆشنی دەردەکەوێت کەمەسەلەی نەبوونی "شەفافیەت و سیستەمی چاودێری- ڕەقابی"، وەک خاڵیکی جەوهەری کراوەتە هۆکارو سەرچاوەی "شکستی گەشەی ئابوری" و "لاوازی پرۆژەکانی ئاوەدانی و بنیاتنانی ژێرخان". بەدیوێکیتریشدا، پێمان دەڵێت کە" تاریکاندن و نەبونی داتای پێویست و شاردنەوەی زانیاریەکان" ئەو هۆکارەیە کەوای کردووە "جوڵەی پارە و دانانی بودجە بۆ مەرامی حزبە دەسەلاتدارەکان بەکاربێت و نەکەوێتە خزمەت هاوڵاتیانەوە! لەمەش زیاتر نەبوونی شەفافیەت و سیستەمی چاودێری تا ئەو ئاستە وێناکراوە کە وەک" یەکێک لەکەندەکانی بەردەم چاکسازی ئابوری" سەرنجی بۆ بدرێ. بەڵام ئەم بۆچوونە جگەلەوەی خۆلادانێکی ئاگاهانەیە لەماهیەت و سروشتی سیستەمێکی سیاسی و ئابووری کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا بۆ قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان ڕاگریان کردووە هاوکات ئێمە و خوێنەران هەواڵەی دیاردەیەک دەکات کەئەویش "ناڕۆشنی و ناشەفافیەت و کارانەبوونی پەرلەمان و دەزگاگانی چاودێری و دادگاکانە" کە خۆی دەرهاویشتەی فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی و یاساکانی ئابوری سەرمایەداریە لە کوردستان. بەواتایەکیتر "شەفافیەت و سیستەمە چاودێریەکان" بەشێکن لەسیستەمی سیاسی و ئابوری لە هەر کۆمەڵگایەکدا و بەتایبەتیش لەلایەن چینی باڵادەستەوە بۆ ڕیکخستنی پەیوەندیەکانی کارو سەرمایە و یاساکانی بازاڕ و کۆکردنەوەی قازانج پەنای بۆدەبرێ. بۆنمونە لە فۆرمی ئابوری دەوڵەتیدا، (لەشێوە باوەکەیدا سەرمایەداری دەوڵەتی)، شەفافیەت و ڕەقابەت وەک دوو دەزگای دەوڵەتی ڕێگایەکە بۆ دەخاڵەتی دەوڵەت لەکاروباری بانکەکان و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

جوڵەی پارە و هێنان و بردنی کالاّ و کۆنترۆڵی نرخ و سیستەمی باج .. هەموو ئەمانەش لە قازانجی حەرەکەتی سەرمایە وەگەڕدەخرێن و هیچیان ڕوویان لەباشبژێوی هاوڵاتیان و چاکسازی نییە لە ژیانیاندا، چونکە لەم سیستەمەدا ڕۆڵی هاوڵاتی لەکەنارەوە ڕاگیراوە و کاریگەریان بەسەریەوە نییە، واتە شتێک نییە بەناوی "کۆنترۆڵی جەماوەری" بەسەر بازاڕ و کردە ئابوری و داراییەکاندا. لەکوردستان کە دەوڵەت نییە و سیستەمی سیاسی لەڕێگای دەسەڵاتی ناوچەیی ئەحزابی میلیشیایەوە بەڕێوەدەچێ و هەمو کردەیەکی دارایی و ئابوری و بازرگانی و باج لەخزمەتی سیستەمی ئەحزابی دەسەلاتدار و بازاڕی کۆمپنایاکاندایە، و جەماوەر هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن بەسەر لایەنەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بەپێویست نەک هەر زانیاریەکان لەتاریکیدا ڕادەگیرێن، بەڵکو هەرجۆرە دەزگایەکی چاودێری دەکاتە پاشکۆی سیاسەتی ئەم حزبانە. لەمەش زیاتر لەکوردستان کە حزبەکانی دەسەڵات خۆیان بونەتە چەند کۆمپانیایەکی ئابوری و بازرگانی و هەموو جومگەکانی سیاسەت و ئابوریان لەدەستدا کۆبۆتەوە، بەپێویست دەزگاکانی "شەفافیەت و چاودێری" و دادگا و نەزاهە و پەرلەمان و حکومەت نەک هەر کارتونی دەبن، بەڵکو هێندە ڕۆڵدەگێڕن کە بکەونە خزمەتی حزبەکان و سیاسەت و کردەی ئابوریانەوە. کەسێک کە بیەوێت چاکسازی بکات، وەیا لانی کەم کۆمەڵگا لەسیستەمێکی "شەفافیەت و ڕەقابەت" بەهرەمەند بکات، دەبێ لەبنەوە ئەم سیستەم و دەسەڵات و فۆرمە ئابوریە بخاتە بەر ڕەخنەوە و نەفی بکاتەوە. ئەگینا داوا کردنی ئەوەی کە سیاسەتە داراییەکان ڕۆشنبکرێتەوە و زانیاریەکان بخرێتە بەردەم کۆمەڵگا، لەسایەی ئەم فۆرمە سیاسی و ئابوریەدا جگەلە وەهم و خۆشخەیاڵیەک شتێکی تری لێناکەوێتەوە. لەلایەکیتریشەوە مەسەلەی لاوازی "گەشەی ئابوری و ژێرخان و پرۆژەکانی ئاوەدانی"، تەنانەت مەسەلەی سیاسەتی زاڵ بەسەر بودجەدا، دیسانەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە"ناڕۆشنی لەسیاسەتی دارایی" هەرێمدا هەیە وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان ئاماژەی بۆدەکات و گوایە ئەگەر هەموشتێک شەفاف بێ و لەژێر چاودێریدا بێت ئیتر دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە! بەتایبەتی کە ڕەوتی ئابوری سەرمایەداری لەکوردستاندا وەک بەشێک لە حەوزەی ناردنەدەرەی نەوت و سەرەوژێربوونەوەی سەرمایە لەم ڕێگایەوە، (واتە هاتنەناوەوەی سەرمایە لەڕێگای فرۆشی نەوتەوە لەبازارەکانی جیهاندا)، هەروەها ئەوەی کە بازاڕی کوردستان بەشێکە لە بازاری جیهانی و ناوچەکە و عێراق، یاسا و کارکردی خۆی هەیە و لەوچوارچێوەیەشدا ڕێگا پێدراوە گەشەبکا و دەست بەرێت بۆ ژێرخانی ئابوری و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، لەم پەیوەندەدا دەخاڵەتی سندوقی دراوی نیودەوڵەتی، بانکی جیهانی، و یاساکانی بازرگانی و جوڵەی پارە، کە لەسەردەمی ئێستادا سیاسەتی نیولیبرالیزم دەیبزوێنی، ئابوری کوردستان و کردەی پارەو بازرگانی لەهەروڵاتێکدا دەخاتە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی خۆیەوە، بەپێویست ئاست و شێوازەکانی ڕەوتی گەشە و چونە پێشەوەی ژێرخانی ئابوری و پرۆژەکانی ئاوەدانی بڕیار لێدەدات. بزوتنەوەی گۆڕان کە هەموو ئەم واقعیەتە ئابوری و سیاسیانەی کە دەخالەتیان لەئابووری کوردستاندا هەیە، نادیدە گرتووە وئێمە وخوێنەرانی بەستۆتەوە بە "ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتە دارایەکانی هەرێمەوە" و بەمەشەوە هەواڵەی سیاسەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان و دادگا

و دەستەکانی نەزاهە و شتی لەم جۆرەمان دەکات. بێگومان سیاسەتێکی ئاواش دورخستنەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە لەڕاستیەکانی کۆمەڵگا و سیستەمێکی سیاسی و ئابوری کە ژیانی ئەوانی بە بازاڕی سەرمایە و قازانجی لەڕادەبەدەری کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکیەکان سپاردووە.

بەڵام با لەمانەش زیاتر بڕۆین و وابیهێنینە بەرچاو کەکوردستان لە لیستی ئەو وڵاتانەی کە ڕاپۆرتەکانی "رێکخراوی ڕۆشنی (شەفافیەت)ی نێودەوڵەتی" ئاماژەیان بۆدەکات، دەرهاوتووە و وەک هەروڵاتێکی تری ئەوروپایی تا ئەو پەڕی خۆی پەیڕەوی لەئاستێکی بەرزی شەفافیەت و سیستمەی چاودێری دەکات، بەواتایەکیتر با وادابنێین هەمو "کەندەکانی تاریکاندن و شاردنەوەی زانیاریەکان" لە سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێمدا هەڵگیراون و چاکسازیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەم بارەوە بەسەرەنجام گەیشتوون.. ئایا ئیتر پاوانخوازی لە بازاڕ و ئابوریدا کۆتاییان پێدێ؟ ئایا ئیتر بودجە ناچێتە خزمەتی سیاسەت و بەرژەوەندی چین و حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە؟ ئایا ڕەوتی ژێرخان و گەشەی ئابوری و جوڵەی پارە بەقازانجی خەڵک دەچەرخێ و ئیتر گەندەڵی تیاناکرێت؟ ئێمە نازانین وەڵامی بزوتنەوەی گۆڕان بەم پرسیارانە چییە، بەڵام ئەوەی زانراوە کە مادام نەزمی سەرمایە حوکم دەکا و دەسەڵاتیش بەدەست ئەحزابی میلیشیایی و کارکردی کۆمپانیاکانیانەوەیە، نەک هەر بنبەستی ئابوری و ڕاوەستانی پرۆژە ئابوریەکان و داشکانەوەی جوڵەی پارە و چەندین گرفتی تری ئابووری دەبێتە واقعیەتێکی چارەهەڵنەگر، بگرە سەرهەڵدانی گەندەڵی و "نادادپەروەری کۆمەڵایەتی" حاڵەتێکی بەرجەستە و بەردەوامە. بەتایبەتی لەسەردەمانی سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوریەکاندا. لەم بارەوە هەواڵەکانی دەست لەکارکێشانەوە و بەدادگا سپاردنی ئەم یان ئەو وەزیر و کاربەدەستی دەوڵەت و ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی ئاستی بێکاری و هەژاری و برسێتی و نەخوێندەواری و لەئارادابوونی جیاوازی گەورە لەنێوان داهاتی تاکەکاندا و تەنانەت خودی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە ئابوریەکان لەوڵاتانی ئەوروپادا، بەڕۆشنی ئەوە دەردەخەن کە مەسەلەی "شەفافیەت و سیستمی چاودێری" ناتوانێ بەر بە ڕەوتی کێشە و گرفتە ئابوریەکان و دیاردەی پاوانکردن و گەندەڵی و نابەرابەری لەنیزامە ئابوری و سیاسیەکانی چینی بۆرژوازیدا بگرێ. خودی ئاشکرابوونی "فەزیحەکەی پەنەما" کە ئاماژە دەکات بۆ گەندەڵی و سپیکردنەوە و بزواندنی پارە و دزینی داهاتی کۆمەڵگاکان، لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتانێکەوە، کە ئەوپەڕی شەفافیەت و سیستەمی چاودێری تیایاندا چالاکە، گەواهی لەسەر ئەم ڕاستیەدەدەن.

سەرمایەداری و نیزامەکەی کە لەسەر ستەمکێشی و چەوسانەوەی هێزی کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان دامەزراوە و بەردەوام لەمونافەسەی چۆنیەتی بردنەسەرەوەی ئاستی قازانج و بەرینکردنەوەی سنورەکانی بازاڕی کار و سەرمایەدایە، لەم نیزامەدا کە ڕۆڵی جەماوەر و کارکردوانی کۆمەڵگا لاوەکیە و ئیرادەی بڕیاردانیان بەدەستەوە نیە، تا ئەو ڕادەیە شەفافیەت و سیستەمە چاودێرییەکان ڕۆڵ دەگێڕن کەبنەماکانی ئەم نەزمو نیزامە پارێزراو بمێنێتەوە. بۆیە ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەژێر ناوی "ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتە داراییەکانی هەرێمدا" بەدواوەیەتی، هەرئەوەیە کە سیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستا قەبوڵ بکاو خەڵک بکاتە ئامرازی شەڕێک کە ڕووی لەخودی نیزامەکە نیە، بەڵکو ڕووی لە هەڵگرتنی کەموکوڕی و عەیب و

ناتەواویەکانی دەسەڵات و ونیزامە ئابوریەکەیەتی. ئەمەش هەر ئەو ڕوانگە فکریەیە کە مەکتەبی فکری ئابوری گەشەو دواکەوتن بنەما سیاسیو هەلویست گیریەکانی خۆی لەسەر بینا کردووە. بزوتنەوەی گۆڕان ئەوە لەبیردەکات (لە بیری ناکات، ئەیەوێ لە بیر خەڵکی بباتەوە ) کەسەرمایەداری چەندە شەفاف بێ و چەندە سیستەمە چاودێریەکان کارابن بەسەر کردە ئابوری و بازرگانی و بانکیەکاندا، بەلام مادام پەیوەنیەکانی کارو سەرمایە حوکم دەکات، پرۆسەی وەبەرهێنان لەڕەوتی کەلەکە و چونەپێشەوەی خۆیدا، تەمەرکوزی کالاّ و سەرمایە و سەرەنجام پاوانخوازی(ئیحتکارات) دەسەڵات و کۆمانیاکان دەکاتە واقعیەتیەتێکی چارە هەڵنەگر و ئەمەش بەسەر سیاسەتی دیاریکردنی بودجەو پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوەدا زاڵ دەبێ و تەنانەت زانیاریەکان و داتاکانیش بەڕەنگی خۆیان دەردێنێ و بەهەمان ئاستیش سیستەمی چاودێری چالاک دەکاتەوە. لەڕاستیدا، کاتێک دەزگاکانی شەفافیەت و ڕەقابەت ئەتوانن لەخزمەتی خەڵکدا ڕۆڵ بگێڕن و تائەوپەڕی خۆی زانیاریەکان لە تاریکاندن و شاردنەوە و گەندەڵی پاک ڕابگرن، کەخودی سیستەمی حوکمرانی لەسەر بنەمای ڕاستەوخۆی خەڵک خۆیان و ڕیکخراوبونیان لە شورا و ئەنجومەن و ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا زامن بووبێ و ڕۆڵگێرانیان لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا لە ئەستۆگرتبێت. لەدەرەوەی ئەم واقعیەتە دەزگاکانی شەفافیەت و سیستەمی ڕەقابەت وەک بەشێک لە سیستەمی سیاسی و ئابوری سەرمایەداری، بەقازانجی چینی باڵادەست ڕۆڵدەگێڕێ و تائەو رادەیەش زانیاریەکان ئاشکرادەکات کە لەگەڵ خواست و ویستی دەسەڵات و سیستەمی ئابوریەکەیدا هاوسەنگە.

**دووەم: لەبارەی گەندەڵیەوە، پرۆگرام ئاوا هۆکار و سەرچاوەکەی دیاری دەکات:**

"سەرەکیترین هۆکاری گەندەڵی بریتیە لە نارۆشنی لە سیاسەتی دارایی و ئابوری، تاریکاندنی بڕی داهات و خەرجی گشتی، لاوازیی ڕۆڵی پەرلەمان و دادگاکان و دەستەو دەزگاکانی چاودێری و نەزاهە، تاریکاندنی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بە بودجەی گشتی و کۆمپانیا ئیحتکاریەکانەوە هەیە، لەپاڵ بەکارهێنانی ماڵ و موڵکی گشتی لە بەرژەوندیی بەرپەسە سیاسیەکان.

لەپاڵ ئەو قەیرانە بەردەوامەدا کە چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی مەترسداری هەیە، پارەی گشتی و سامانی نیشتمانیی ئەم وڵاتە پاواندەکرێت و بەفیرۆ دەدرێت، وردەکاریەکانی بودجەی هەرێم دەشاردرێنەوە و وندەکرێن، چەندین تۆڕی گەندەڵکار، لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە تاریکیدا کاردەکەن و بەرژەوندیی یەکتر، ژێربەژێر، دەپارێزن. – هێڵەکان هی ئێمەن-

بەپێچەوانەی ئەوەوە کە بزوتنەوەی گۆران دیاردەی گەندەڵی دەگێڕێتەوە بۆ "نەبوونی زانیاری و داتاکان و نارۆشنی لە سیاسەتی دارایی و چۆنیەتی سەرفکردنی بوجە"، گەندەڵی ڕیشەی لە زاتی سەرمایە و یاساکانی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی قازانجدایە. بەواتایەکی تر گەندەڵی لەم نیزامەدا و

لەبناغەییترین ئاستیدا دوو ڕواڵەت وەردەگرێ یەکەمیان دزینی ڕەنجی کرێکار و دووەمیان بەفیڕۆدانە و هەریەک لەم دوو دەرکەوتەش بەسەربەخۆ وەیان پێکەوە دیاردەی گەندەڵی بەرهەم دێنن و دەیکەنە حاڵەتێکی چارەهەڵنەگر. باڵەم بارەوە زیاتر ڕۆشنایی بدەین:

لە ئابوری سەرمایەداریدا وەبەرخستنی (ئیستخدامی هێزی کار) هێزی کار ڕێگایەکی قانونی و ڕێگە پێدراوە، بەقەولی مارکس فرۆشتنی هێزی کار بە سەرمایە ڕواڵەتێکی ئازادی هەیە و مەقبولە، بەڵام کاتێک کرێکار لە فرۆشتنی هێزی کارەکەیدا تەنها کرێیەک وەردەگرێ، ئەویش بۆ دووبارە بەرهەم هێنانەوەی هێزی کارەکەی بەکاردەبرێتەوە، هاوکات زێدەیەکیش دەخاتە سەر سەرمایە و ئەم بەشە لەبەهای هێزی کارەکەی بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر، وەک قازانجی سەرمایە دەدزرێ. ئەم دزینەش وەک ئەوەی کە وتمان ڕێگاپێدراوە و بەقانونی کراوە. لەلایەکی ترەوە لەم نیزامەدا کە مونافەسە و پاوانخوازی یاسایەکی کوێرە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە، دیاردەی بەفیڕۆدان چ لەئاستی دەوڵەتی و چ لەئاستی تاکی سەرمایەداردا دەبێتە حاڵەتێکی باو و بەشێک لە ژیانی کۆمەلایەتی(شەخسی) و ئابوری بۆ چینی بۆرژوازی دروست دەکات. لەمبارەوە مەسروفاتی شەخسی سەرمایەداران لە کرینی کەمالیات و سەیارە و کۆشک و تەرفیهات و دەیان بواری ناپێویستی تر کە لەداهاتی سەرمایەوە بۆیان سەرفدەکرێ دەبێتە گۆشەیەکی ژیانی کەسایەتی بۆرژواکان. لەئاستی کۆمەڵایەتیشدا، مەسرەفکردنی دەزگا ئاینیەکان هەر لەوەزارەتی ئەوقاف و حەج و عەمرەوە تا تۆڕی مزگەوت و کەنیسە و مەلای موچەخۆر، تا میدیای زەبەلاحی حزبی و حکومی، کارمەند و دەزگاکانی تویژینەوە و "ڕوناکبیری"، راوێژکارانی بورەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی، پاسەوان و هێزەکانی پۆلیس و دەزگاکانی سەرو خەڵکی و باندەکان.. هەموو ئەمانە وەک پەلوپۆی ناپێویست و زیادە، کە هیچ ڕۆڵێکی پیویستیان لەژیانی هاوڵاتیاندا نییە، لەداهاتو بودجە پارەیان بۆدابین دەکرێ. ئەم دابینکردنە خۆی بەفێڕۆدانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە چینی فەرمان ڕەوا بۆ سەرکوت و گێژکردنی جەماوەر و ڕاگرتنی جیاوازیە چینایەتیەکان و سیستەمی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەستیان بۆدەبرێ. بەم پێیە گەندەڵی لە بەرجەستەکردنەوەی هەردوو ئەم شکڵەوە، چ بە سەربەخۆ چ لەڕێگای تێکەهەڵکێشکردنیانەوە، لەکۆمەلگای سەرمایەداری و دەسەڵاتەکەیەوە سەرچاوەدەگرێ. کەسێک ئەگەر بیەوێت بەکردەوە سیاسەتی بنبڕ کردنی گەندەڵی بەدەستەوە بگرێ، دەبێ سەرتاپای ئەم نیزامە ئابوری و سیاسیە بگۆڕێ و ڕێگا بکاتەوە بۆ سیستەمێک کە کاری بەکرێی تیا هەڵوەشێنێتەوە و جەماوەری ڕێکخراو ئیرادەی ئەوان بەسەر کردە ئابورەی و سیاسی و قانونی و بازرگانیەکاندا زامن بکا و هوشیارانە چاودێربن بەسەریدا. لەم ڕوانگەیەوە"شەفافیەت و چاودێری" ئەگەر لەهەرەئاستی باڵا و کارابوونی خۆیدا بتوانێ ئاست و ڕێژەی گەندەڵی دیاری بکات بەڵام هەرگیز ناتوانێت بەیکجاری لەکۆمەڵگادا بن بڕ بکات.

بەڵام نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە فۆرمی حکومەتی و دۆخی سیاسی و ئابوری و جۆری سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەلایەن چینی فەرمان ڕەواوە کاریگەری هەیە لەسەر دامێن و ئاستی بەرینبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەهەر وڵاتێکدا. لەکوردستاندا بە بەراورد بە وڵاتانێکی وەک ئەوروپا، کە دۆخێکی تایبەتی سیاسی و ئابوری خۆی هەیە، ڕاستەیەکەی دیاردەی گەندەڵی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بۆسەر ئاستی تاڵانچێتی و کردە مافیاییەکان هەڵکشاوە و ڕۆجوتە ئاستی گەندەڵ کردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو بەشێکی زۆر لە چینە دەستەنگەکانیشی گرتۆتەوە. لە حالەتێکی وادا دروست نییە دیاردەی گەندەڵی لە کوردستان لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نیودەوڵەتیەوە دەستەبەندی بکرێ وەیا بەوڵاتانێکی تری ئەوروپایی بەراورد بکرێ، بەڵکو دەبێ لە لیستی ناوی وڵاتگەلێکی وەک سۆماڵ، نەیجیریا، لیبیا، یەمەن، .. دا بۆی بگەڕێین. بێگومان هۆکاری ئەم واقعیەتەش تەنها بەنارۆشنی مانەوە و نەبونی داتا و تاریکاندنی زانیارەکان و کارانەبوونی دەزگاکانی چاودێرەوە بەند نییە وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان سیاسەتی چاکسازی خۆی لەبەرامبەردا خستۆتە ڕوو، بەڵکو هۆکارەکەی ئەو دۆخە تایبەتیە کە سیستەمی سیاسی و ئابوری کوردستانی ژێرسایەی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیایی و بازاڕی کۆماپانیاکانیان ڕێکیانخستووە. کەوایە با بزانین ناوەڕۆک ولایەنەکانی سیاسەتی چاکسازی بزوتنەوەی گۆڕان بەرامبەر بەم دۆخە چییە و لە کوێدایە؟

لەم بارەوە پرۆگرام پێمان دەڵێت:

" بزوتنەوی گۆڕان بڕوای وایە <u>بودجەی هەرێمی کوردستان</u>، کە لە بەرکەوتی بودجەی فیدراڵ و <u>داهاتی ناوخۆی</u> هەرێم پێکدێ، <u>موڵکی هەمو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە بێ جیاوازیی.</u> هەر هاوڵاتییەک، لە دەسەڵاتدا بێت یان بەرهەڵستکار، حیزبی بێت یان سەربەخۆ، نیشتەجێی هەر شوێنێک بێ، مافی خۆیەتی لە بودجە و وردەکاریەکانی بپرسێتەوە، مافی خۆیەتی دەستی رابگا بە سەرچاوەکانی زانیاری میدیایی و زانیاریی فەرمی سەبارەت بەشێوازی بەکارهێنانی ماڵ و موڵکی گشتی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، <u>مافی خۆیەتی لە رێگەی نوێنەرەکانیەوە لە پەرلەمان</u>، ئاگاداری وردەکاریەکانی سیاسەتی ئابوری بێت و <u>قەناعەت بکات کە بەرکەوتی خۆی و خێزان و منداڵەکانی لە ماڵ و موڵک و سامانی نیشتمانی پارێزراوە.</u> – هێڵی تەئکید هی ئێمەن-

با وادابنێین کە "بودجەی هەرێم" لەبەرکەوتی بودجەی فیدڕاڵ و داهاتی ناوخۆی هەرێم پێکدێت، بەڵام چۆن وبەچ پێوانەیەک بودجە "موڵکی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمە بەبێ جیاوازی"!؟ ئایا ئەمە دەربڕینێکی چاوبەستانە نییە لە هاوڵاتیان لەکاتێکدا کە دەسەڵات و بڕیار لە دەستی کەمایەتەیکدا بێت و هاوڵاتیانش لەدەرەوەیدا ڕاگیرابێت؟ پاشان ئەگەر بودجەی هەرێم موڵکی هاوڵاتیانە چۆن و لەڕێگای چ سیستەمێکی دابەشکردنەوەوە دەدرێت بەتاکی کۆمەڵگا و میکانیزم وپیوانەی ئەم دابەشکردنە بەسەر تاک و خێزان و شارەکان و گوندەکاندا چۆن پەیڕەوی لێدەکرێ؟ کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی پێوانە و میکانیزمەکانی دابەشکرنی بودجەوە قسەیەک ناکا و خوێنەر هەواڵەی دەربڕینێکی عامیانە دەکات بەوەی کە "بودجە موڵکی هاوڵاتیانی هەرێمە بەبێ جیاوازی"، هەمان دیدگا و بۆچونی بۆرژوازیانە دووپات دەکاتەوە کە دەستەی فەرمان ڕەوایی لەهەر وڵاتێکدا سەبارەت بە"موڵکی گشتی" دەیدات بە گوێی خەڵکیدا، لەوانە دەوڵەت باوکی خەڵکە، ئەموالی دەوڵەت موڵکی هەموانە، پۆلیس و ئاسایش و سوپا و دەزگا سەرکوتگەریەکانیتر .. بۆ ئاسایشو ئەمنیەتی هاوڵاتیان دامەزرێنراون!، لەکاتێکدا خودی ئەم دەزگایانە بەخودی بودجە و داهاتی

ناوخۆوە بەدەست چینی دەسەلاتدارەوەیە و سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەوان ئاڕاستەدەکا و هیچ هاوڵاتیەکیش خێری لێنابینێت. ئایا هاوڵاتیەکی سادە دەتوانێ "قەناعەت" بەوە بکات کە لەبودجە و داهاتی ناوخۆدا، کەلەدەست ئەحزابی تاڵانچیو دزو جەردەدا کۆدەبێتەوە "بەرکەوتی خۆی و خێزانەکەی" پارێزراوە؟ لەڕاستیدا ئەوە چینی بۆرژوازیە کە بودجە و داهاتی چینایەتی خۆی بە"سامانی نیشتمانی" دەچوێنێ و دەیەوێت وانیشان بدات کە خەڵک بەرکەوتی تێدا هەیە، ئەمەش کارنامەیەکە بۆ قایل کردنی هاوڵاتیانی ژێردەستی خۆی، لەکاتێکدا ئەوە هاوڵاتیانن بەو هەموو سامانە نیشتمانیەوە کە لەئارادایە، هێشتا ژیانی کرێنشینی و بێسەرپەنا، ژیانی نەخوێندەواری و بێخزمەتگوزاری لە ئاو وکارەبا و تەندروستی و ڕێگاوبانی خراپدا ژیان بەسەردەبات. ئەوە ئەوانن کە بێکاری و هەژاری و نەداری بەشی ژیانیانە بەم حاڵەوە ئەبێ چ "بەرکەوتێکیان" لە بودجە و "سامانی نیشتیمانی"دا پارێزراوبێت!

لەکەنار ئەم باسەدا، پرۆگرام مەسەلەی "مافی دەستڕاگەیشتنی هاوڵاتیان بە سەرچاوەکانی زانیاری میدیایی و زانیاریی فەرمی سەبارەت بەشێوازی بەکارهێنانی بودجە و داهاتی هەرێم و سیاسەتی ئابوری و دارایی" دێنیەتە ئاراوە. بەڵام لەم بارەشەوە سەرڕاستانە ئەم مافە بەرجەستە ناکاتەوە و داکۆکی لێناکات، بەتایبەتی کە ئەم مافە مەرجدار دەکاتەوە بە"نوێنەرە پەرلەمانیەکانەوە". واتە مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریەکان و لێپرسینەوە لە دەسەلاتداران، لەسەر بەکارهێنانی "ماڵو موڵکی گشتی" دەخاتە گرەوی ئەندام پەرلەمانەکانەوە کە بەنوێنەرایەتی حزبەکان لەپەرلەماندان. بەجۆرێک هاوڵاتیەک ئەگەر بیەوێت بپرسێتەوە وەیا دەستی بە زانیاریە ئابوریەکان ڕابگات دەبێ هانا بۆ پەرلەمانتارەکان بەرێت و لەم ڕێگایەوە مافی دەستراگەیشتن بەزانیاریەکانی خۆی مومارەسەبکات! ئەمە ئیتر بلۆف لێدانێکە لە هاوڵاتی و سنوردارکردنەوەی مافی دەستڕاگەیشتنی ئەوانە بەزانیارەیەکان. بەڵام چاکسازیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەم بارەوە ڕووی لەکویە؟

پرۆگرام لە چواردە خاڵدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە بەکۆمەڵ ئاڕاستەن بۆ"ڕۆشنکردنەوەی بودجە و دابینکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی"، "سپاردنی پرسی پەسەندکردنی بودجە بە پەرلەمان"، "کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمان دادگاکان و دەستە و دەزگاکانی نەزاهە و چاودێری دارایی"، "پێڕەوکردنی ڕۆشنی (شەفافیەت) دەربارەی گفتوگۆی سیاسی، دارایی، سەربازیی"، "پێڕەوکردنی ڕۆشنی دەربارەی بازاڕ"، "پێڕەوکردنی ڕۆشنی لەسەر پرۆژەکانی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریی وتەندەر و کۆنتەرات و گرێبەستی نێوان حکومەت و دەوڵەتان و کۆمپانیاکان"، "لێپێچینەوە لە سەرپێچیی دارایی و کارگێڕی"، "دامەزراندنی دەزگایەکی ئامار و لێکۆڵینەوەی زانستی و پیشەیی"... هەموو ئەم خاڵانەش جگە لەوەی هەنگاوگەلێکی تەکنیکین و زیاتر خولانەوەیە بەدەوری کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەزگاکانی دەوربەری، بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بە ژیانو گوزەرانی هاوڵاتیانەوە نییە و زیاتر ئاڕاستەن بۆ نەهیشتنی کەموکوریەکانی دەسەڵات و سیستەمێک کە چەند حزبێکی تاڵانچی و کۆمپانیاکانیان لەسەری ڕاوەستاوە. تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو خاڵانە کە ڕیزکراون بەکردەوە دەر بهێنرێن ئەوا چاکسازیەکی ئەوتۆ لەژیان و گوزەران و دەرامەتی هاوڵاتیاندا بەدی ناهێنێ. لەم هەنگاوانەدا کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدوایدا وێڵە

و خستویەتەیە خانەی چاکسازیە ئابوری و دارییەکانەوە، هیچ قسەیەک لەزیادکردنی کرێ، بیمە کۆمەڵایەتیەکان، خزمەتگوزاریەکان، ماوەی خانەنشینی و مافەکانی ژنانی منداڵەبەر و کار بۆ گەنجان و.. دەیان مەسەلەی لەم جۆرە ناکات. بەمجۆرەش ئاڕاستەیەک کە بزوتنەوەی گۆڕان لەچاکسازیە ئابووری و داراییەکاندا بەدواوەیەتی، شتێکیتر بەرجەستە ناکاتەوە جگەلەوەی کە دەسەڵات و سیستەم تەعدیل بکا و گرفتەکانی سەر ڕێگای هەڵگرێ، ئەمەش ئاکامێکی مەنتقی بەرنامە و پرۆگرامی حزبێکە کە بەشوێن خولیای "هەرێمێکی بەهێز وژێرخانێکی ئابوری بەهێز"ەوەیە، کەبڕیارە لەسەر رەنج و میحنەتی هاوڵاتیانی دەستدەنگ دامەزرێ.

لەپەیوەند بە بەندی "ڕۆشنی سیاسەتی دارایی" هەرێمەوە پرۆگرام هەنگاوە چاکسازیەکانی دەباتەسەر بابەتی سیستەمی باج و ئاوا لەبارەیەوە قسەدەکات:

پێڕەوکردنی <u>دادپەروەری لە سیستمی باجدا، بەجۆرێک سەپاندنی باج بۆ قەبەکردنی داراییی حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەکار نەهێنرێت</u>، بەڵکو بۆ <u>ڕاگرتنی دادی کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزیی و بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان بە دەوڵەمەند و هەژارانەوە.</u>

ئەو رستانەی سەرەوە کە بە تەعبیرێکی ڕۆمانسیانە لەبارەی سیستەمی باجەوە دەدوێ، هیچ نادات بەدەستەوە و پێمان ناڵێ کە چۆن و بە چ میکانیزمێک و کامە ئاست لە دادپەروەری لەخۆیدا پەیڕەو دەکا!، تەنانەت پێمان ناڵێت کە چۆن ژینگەدەپارێزێ و بەرژەوەندی هاوڵاتیان بە"دەوڵەمەندو هەژارەوە دەپارێزێ"! ئەوەی کە تەئکیدی لێدەکاتەوە تەنها ئەوەیە کە "سەپاندنی باج بۆ قەبەکردنی داراییی حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان بەکار نەهێندرێت"، قسەیەکی ئاواش لەچوارچێوەی گلەییکردن لە حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان زیاتر تێناپەڕێت. ئاشکرایە کە سیستەمی باج لەهەروڵاتێکدا لە چوارچێوەی فۆرمە ئابوریەکان و ئاستی دەخاڵەتی دەوڵەت لە بازاڕدا دیاری دەکرێ و بەم پێیەش ئیعتباری قازانجی سەرمایەداران و کۆمپانیاکان لەبەرامبەر پاراستنی کۆمەڵگا و ستانداری ژیانی هاوڵاتیان دەخاتە ململانێوە. بەڵام لەسایەی ئابوری سەرمایەداریدا، فۆرمە ئابوریەکان هەرچیەک بن سیستەمی باج لەبنەڕەتەوە ڕێگایەکە بۆ کۆکردنەوەی داهاتی دەوڵەت و ڕاگرتنی بالانسی بازرگانی و جوڵەی پارە و بەرهەمهێنان لەناوخۆدا بەرامبەر بەدەرەوە. لەم پەیوەندەشدا گەلێ جار دەوڵەت بۆ هاندانی کردەی بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی کاڵا و ڕاکێشانی دراوی بیانی، وەیا بەمەبەستی "حەزر" دانان لەسەر کاڵاگەلێک کە بەکارهێنانیان زیانی بە تەندروستی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆنمونە "مەوادی کحولی، جگەرە..."، سیاسەتی تایبەت لە ڕێکخستنی باجدا پەیڕەودەکات کە بۆ هەندێ حاڵەتیان کرانەوە و هاندانی کردە ئابوریەکانی بەدواوە دەبێ و لە هەندێک حاڵەتی تریشدا، داخران و سەختگیری پەیڕەودەکرێت. بەڵام لە تەواوی ئەم پرۆسەیە و نمونەکانیدا، باج وەک ئەوەی کۆکردنەوەی داهاتە لەدەستی دەسەڵاتدا، ناتوانرێ شتێکی جیابێت لە"قەبەکردنی دارایی"، واتە بەدەربێت لە جۆرێک کەڵەکە و چڕبوونەوەی پارە و سەرمایە. تا ئەو جێگەیەشی بزوتنەوەی گۆڕان سیستەمی باج بە "دادپەروەری و بەدیهێنانی دادی کۆمەلایەتی و بەرژەوەندی گشتی"یەوە دەبەستێتەوە، ڕێگایەکی تر نییە جگە لەوەی کە دەوڵەت "سیستەمی باجی ڕووڵەسەر" لەسەر سەرمایەی گەورە و مام ناوەند

و ئەو کۆمپانیایانەی کەداهاتیان بەرزە دابنێ، و ساڵانە لەچاو زیادبوونی قازانجەکانیاندا ڕێژەکەی بچێتە سەرەوە، بەڵام دیارە بۆئەوەی ئەم سیستەمە لە باج کۆمەک بکات بەکەمکردنەوەی قەڵشتی چینایەتی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان، دەبێ سیستەمی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و بەرینکردنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و دابینکردنی خۆراییان وەک ئەرکێکی دەوڵەت لە کارنامەی حکومەتدا جێگیرکرابێت، تەنها لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ "دادی کۆمەڵایەتی" پەیڕەوبکرێ. وەک لەنمونەی فۆرمی ئابوری دەوڵەتی سۆسیال دیموکراتەکانی دەیەکانی ٧٠و ٨٠ی ئەوروپادا بە ئاستێک لەژێر فشاری ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا پەیڕەوی لێکراوە. بەڵام کاتێک بزوتنەوەی گۆڕان نەک هیچ قسەیەک لەم بارانەوە ناکات و بەسەرەقەڵەمێکیش نەیهێناوەتە نێو پرۆگرامەکەیەوە، هەرئیدعایەک لەسەر دادپەروەری و بەرژەوەندی گشتی بکات، قسەیەکی پوچ و بێناوەڕۆک بەگوێی خوینەردا دەدات.

## ٢/ سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان. نیگەرانی لە چیە؟

لە بەندێکی تردا بەناوی "سامانی سروشتی و دانانی سندوقی نەوەکان"ەوە، پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕان سیاسەتی نەوت و گازی خۆی خستۆتەڕوو. ناوەرۆکی ئەم سیاسەتە چیە و چ جیاوازیەکی لەگەڵ سیاسەتی کارپێکراوی تائێستای حزبە دەسەلاتدارەکاندا هەیە؟ لەم پەیوەندەشدا بزوتنەوەی گۆڕان لە چی نیگەرانە و بەشوێن هەڵگرتنی چ گیروگرفتیەکەوەیە؟ بۆ وەڵام بەم پرسیارانە وا باشترە خودی پرۆگرام بکەینە بەڵگە و بەخستنەڕووی چەند پەرەگرافێک لە دەرگای چەند باسی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە بدەین:

سەرەتا پرۆگرام "سامانی سروشتی (نەوت و گاز) لەنێوان نیعمەت ونەفرەت"دا ڕادەگرێ و دەڵێت:

> " ئەزمونی وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە سامانی سروشتی (وەک نەوت و گاز و کانزاکان) ئەوەی سەلماندوە کە سامانی سروشتی بەهەمان ئەندازەی کە دەکرێ ببێتە نیعمەت بۆ گەلان، بۆ بنیاتنانی ژێرخان و گەشەدان بە سامانی مرۆیی و خۆشگوزەرانی... لە هەمان کاتدا دەشێ ببێتە نەفرەت و لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسیەوە دژی بەرژەوەندی گەلان بەکاربهێندرێ".

لەم دەربڕینەدا، بەئاشکرا سامانی سروشتی کە مەبەست لێی نەوت و گازە لە"نیعمەتێکەوە"کراوەتە بەڵایەک بەسەر "گەلانەوە" و ئەو وێنایەش دەدات بەدەستەوە کەگوایە بەڵاو موسبەتەکانی سەرشانی هاوڵاتیان بەو هۆیەوەیە کەوڵات خاوەنی ئەمجۆرە کانزایانەیە! لەدیدیکی ئاوا فیزۆکراتی و سادەگەراییدا، یاساکانی ئابوری چ لەئاستی جیهانی و چ لەناوخۆدا، نەوت و کانزاکانی هاوشێوەی، وەک کاڵا و سەرچاوەیەکی داهات تا ئاستی "نەزانین" هێنراوەتە خوارەوە. هاوکات لەم بۆچوونەدا ڕق بوونەوەی چینایەتی هاوڵاتیان لەدەسەڵات و سیستەمێک کە دەستی بەسەر سامانە سروشتیەکاندا گرتووە و بۆ مەرامی سیاسی و ئابوری خۆی بەکاری دێنێ، گۆڕدراوە بە ڕقبوونەوە لەخودی کانزاکان، بەرادەی ئەوەی گەر جەماوەر بیانەوێت ژیانی نابەرابەری ئێستایان بگۆرن دەبێ کان و سەرچاوەکانی ئەم کانزایانە بکەنە نیشانەی شۆڕش و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ڕاپەڕینەکانیان نەک دەسەڵات و سیستەمێک کە لەئارادایە. ئەمە لەکاتێکدایە تەواوی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، لەگەڵ ئەوەدا کە بەرهەمهێنانی ئەم کاڵایەیان، بەم یان بەو ئاست ئاراستەکردووە بۆ" بنیاتنانی ژێرخان و گەشەدان بە سامانی مرۆیی و خۆشگوزەرانی"، کەچی بەو هۆیەوە کەسیستەمێکی سیاسی و چینایەتی بەسەریاندا زاڵە هێشتا گیرۆدەی دەیان کێشە و گرفتن و دووبارەش بەڵاو موسیبەتەکانی زۆرینەی هاوڵاتیان لە هەژمارنایەت. نمونەی وڵاتانی کەنداو، فەنزەوێلا، نەیجیریا، ئێران.. کە ئابوری وڵاتەکانیان بە پلەی یەکەم لەسەر داهاتی نەوت بەڕێوە دەبرێ، تونراوە پەرەسەندنێکی ئابوری بەخۆیانەوە بگرن و ژێرخانی ئابوری و سامانی مرۆیش ببوژێننەوە، بەڵام هەرلەم وڵاتانەدا جیاکاری چینایەتی وبێکاریو هەژاریو سەدان دەردومەینەتی ڕوبەرووی هاوڵاتیان کراوەتەوە.

لە دونیای ئەمڕۆدا نەوت چ وەک سەرچاوەیەکی ئینێرژی و چ وەک کاڵایەکی جیهانی، جێگایەکی گرنگی لە ئابوری و کاردابەشکردنی بازاڕی جیهانیدا گرتووە، بەڕادەی ئەوەی کە لە چوارچێوەی یاساکانی وەبەرهێنان و نادنەدەرەوە و بازرگانی پێکردنی تایبەتەوە لەئاست جیهاندا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بڕانەوەی مافی تەسەروفی وڵاتی (هەقی حاکمیەت)، بنەمای کارپێکردنی هەروڵاتێکە لەجوگرافیای بازاڕی جیهاندا و هەر ناوچەیەک لەم هەقە بەهەرەمەند نەبێ، واتە وەک دەوڵەتێکی بەڕەسمی ناسراوی نێونەتەوەی بەهرەمەند نەبێ، ناتوانێ ئازادانە نەوت بەرهەم بهێنێ و هەناردەی دەرەوەی بکا و لەنێو پەیکەرەی بازرگانی و بەدەست هێنانی داهاتی جیهانیدا بۆ ئەم کاڵایە قەرار بگرێ. مەگەر ئەوەی ڕێگای قاچاغ و نایاسایی بگرێتەبەر کە لەمەشدا سزاگەلێکی توندی بەدواوەدەبێت. بەدیوێکی تریشدا نەوت وەک کاڵایەکی جیهانی کاتێک دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ هەروڵاتێک کە لە کاردابەشکردنی جیهانیدا، بەرهەمهیانی ئەم کاڵایەی لەسەر بنەمای یاسای "کەمی تێچون و زیدەی قازانج" بۆ بەڕەسمی ناسرابێت. لەمبارەوە دونیا شاهیدی وڵاتانێکن کە خاوەنی ئاستێکی بەرزن لەنەوتی سپێر، بەلام بەوهۆیەوە کە لە کاردابەشکردنی جیهانیدا ئەو ڕۆڵەیان بۆ بەڕەسمی نەناسراوە، بەهۆی هەمان ئەو یاسایەوە کە ئاماژەمان پێدا، نەوت ئەو جێگاوڕێگایەی نییە لەچاو وڵاتانیکدا کە بە بەرهەمهێنەری نەوت ناسراوە. دیارە ئەم پێوانانەی کە باسمان کرد بۆ هەر کانزایەکی تر لەوانە مرواری، ئالتون گۆگرد، ئاسن و ئەلەمنیۆم... هەمان شێواز دەگرنە خۆیان.

نەوتی کوردستان بۆیە بە"نەفرەت" کراوە چونکە هەر هاوڵاتیەکی سادەی کوردستان ڕێچکەی تەنکەرە نەوتی قاچاغ و هەواڵەکانی بلۆک کردنی پارەی نەوتی چەند مانگی تۆڕی بۆریەکانی جیهان لەلایەن تورکیاوە دەبینێ و دەبیستی، لەبەرامبەریشدا ژیانی بێکاری و نەبوونی موچە و بێدەرەتانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی هەست پێدەکا و لەوەش ئاگادارە کەچۆن نەوت بۆتە "نیعەمتیک" بۆ کۆکردنەوەی پارە و داهات لەگیرفانی بەرپرساندا، بەڵام خودی هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە کوردستان دەوڵەت نییە و بەدەست چەند حزبێکی میلیشیایی و سەرو خەلکیەوەیە. بزوتنەوەی گۆڕان کە تەجروبەی دەسەڵاتداریتی لەکوردستان بەدەستکەوتی "گەلی کورد" دەناسێنێ و نایەوێت ئەم ڕاستیە ببینێ و لەکەداری بکات چونکە خۆی لایەنێکی دروستکەری بووە تائێستاش قاچێکی

لەم تەجروبەیەدایە بۆیە "نەفرەت" لەنەوت دەکات. بەلام بابزانین نیگەرانیەکانی ئەم حزبە چییە؟:

بەکارهێنانی سامانی سروشتی بەبێ بونی سیستمێکی چاودێری رۆشن، بەبێ پلانی نیشتمانی کە بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و ئایندەی نیشتمان لەبەرچاوبگرێ، چەندین پاشهاتی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەبابەتی بەکارهێنانی سامانی سروشتی لە بەرژەوەندی دەسەلاتداران، بەکارهێنانی بۆ ترساندن و فریودان و کڕینی ویژدان و وەلای هاولاتیان، بلاوکردنەوەی تەمبەلی و بەفیرۆدان و تەشەنەکردنی دیاردەی بەرخۆری.

دوای ئەم قسانە ئیتر ڕۆشن دەبێ کە بزوتنەوەی گۆڕان لەچی نیگەرانە. نیگەرانە لەوەی کە سیاسەتی نەوتی هەرێم کە لەلایەن حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستانەوە بەڕێوەدەچێ "سیستەمێکی چاودێری ڕۆشن" بەسەریدا زاڵ نییە، "بەبێ پلانی نیشتمانی کە بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و ئایندەی نیشتمان لەبەرچاو گرتبێ" بەڕێوەدەبرێ، نەوت و داهاتەکەی بۆ "ترساندن و فریودان و کڕینی ویژدان و وەلای هاولاتیان و بلاوکردنەوەی تەمبەلی و بەفیرۆدان و تەشەنەکردنی دیاردەی بەرخۆری"بەکاردێت.. بەلام ئەم نیگەرانیانە ئەگەر ڕاستی تێدابێت هێشتا ئێمە و خوینەران ناباتەوە سەر ڕاستی سیاسەتێک کە حزبە بۆرژوا ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکان لەبەرامبەر داهاتی نەوتدا پەیرەوێ لێدەکەن:

**یەکەم:** بەپێچەوانەی بزوتنەوەی گۆڕانەوە "سیستەمی چاودێری ڕۆشن" بەسەر کردەی بەرهەمهێنانو فرۆشی نەوتو بەتالان بردنی زاڵە بەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێمدا، بەلام دیارە بەو جۆرە نییە کە حزبی گۆڕان بەدواوەیەتی. بەدڵنیایەوە سیستەمێک کە "وەزارەتی سامانە سوروشتیەکان"، بەڕێوەی دەبات پول بەپولی داهاتی نەوت و بەرمیل بەبەرمیلی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەحساباتی وەزارەتەکەی ئاشتی هەورامیدا خستۆتە چاودێری ڕۆشنەوە. بگرە دەزانێ بەپێی چ پلانێکی ڕۆشنی سیاسی لەکێشەمە کێشە سیاسەکاندا هەم لەبەرامبەر بەغدا و هەم لەدژی حزبە نەیارەکانی پارتی بەکاری بهێنێ و بۆ چ ئامانجێک ئاڕاستەی بکات. بەلام ئەوە بزوتنەوەی گۆڕانە کە تەنها سورەتێکی دڵخوازی خۆی دەبینێ و نایەوێت ئەم چاودێریە ڕۆشنە و ئەم پلانە سیاسیەی پارتی ببینێ. نەوتی کوردستان و داهاتەکەی سیاسی کراوەتەوە، ئەمە بەومانایەی کە خەونی پارتی وەک نوینەری سەرەکی بۆرژوازی کورد چاوی لە "سەربەخۆیی کردنی ئابوری کوردستانە" وەک ئامانجێک لەسەر ڕێگای گەیشتنی پارتی بە "دوبەیەکی کوردی" کە دیارە نەوت ئەو سەرچاوەیەیە دەتوانێ ئەم ئامانجە بەکردەوە دەربهێنێ و دواین گەرویی هەناسە هەلکێشانەکانی پەیوەندی لەگەڵ بەغدای پێ بپچڕێنێ، کە حزبگەلێکی وەک گۆڕان و یەکیەتی هێشتا لێوەی هەناسەی "عێراقێکی فیدڕالی" دەدەن. لەم بارەوە هەم ناڕۆشنیەک لەئارادا نییە و هەم پلانێکی سیاسیش لەگۆردایە. بەلام ئەوەی کە وەک ناڕۆشنیی لای بزوتنەوەی گۆڕان ماوەتەوە هەمان سورەتی خەیاڵ پلاوانەی ڕیفۆرم خوازانێکە کە پێیان وایە لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایدا "سیستەمی ڕۆشن و پلانی نیشتمانی و بەرژەوەندی نەوەکان" مومکینە.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

دووەم: ئەوەشی دەگەڕیتەوە بۆ کڕینی ویژدان و وەلای هاولاتیان و پەرەگرتنی دیاردەی تەمبەڵی و بەرخۆری، دەبێ ئەوە بڵێین کە هیچ دەسەلاتێک نییە داهاتەکانی کۆمەڵگا بۆ خزمەتی سیاسەتەکانی بەکار نەهێنێت، لەمبارەوە نیگەرانیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە شوێنی خۆیدا نییە و مەعلومە کاتێک ئەویش لە مەوقعیەتی حزبی باڵادەست و دەسەڵاتداری یەکەمدا ببینینەوە هەمان ئەو سیاسەتە لەبەرامبەر نەوتدا بەرێوەدەبات کە ڕووی لە بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆیدایە چ لەئاست کۆمەڵگا و چ لەبەرامبەر حزبە نەیارەکانیدا. بەڵام ناوەڕۆکی سیاسەتی نەوت وگازی بزوتنەوەی گۆڕان، چیەو چ جیاوازیەکی لەگەڵ حزبە دەسەلاتدارەکان هەیە؟، لەمبارەوە پرۆگرام دەڵێت:

> "بزوتنەوەی گۆڕان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا، بە چاودێریکردنی سیاسەتی نەوت و گاز و شێوازی دەرهێنان و بەکارهێنانی سامانی سروشتی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە، ئەو بڕوایەی لا دروست بوە کە ئەو سیاسەتە، لەدەرەوەی چاودێری پەرلەمان و ڕای گشتی، بە ئاقارێکی مەترسیداردا دەجوڵێ و پلانێکی نیشتمانی ڕۆشن بۆ بەکارهێنانی سامانی سروشتی هەرێم لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەئارادا نیە.
> لە کاتێکدا بزوتنەوەی گۆڕان سەرمایەگوزاریی کۆمپانیا بیانیەکان لە بواری سامانی سروشتی هەرێمدا بەپێویست دەزانێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕوای وایە نابێ گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا تەنها بۆ شەڕی سیاسی لەگەڵ بەغدا و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێم بەکاربهێندرێ، نابێ لە گرێبەستەکاندا بەرژەوندی گەلی کوردستان و نەوەکانی داهاتو لەبەرچاو نەگیردرێ. پێویستە گرێبەستەکان، بەر لە ئیمزاکردنیان لەلایەن حکومەتەوە، بە کەناڵی لیژنەکانی پەرلەمان و بە کەناڵی ڕاوێژکاریی دەستوری و تەکنیکی پێویستدا تێبپەڕن و لایەنە باش و خراپەکانیان بۆ ڕای گشتی ڕون ببنەوە."

ئێستا ڕۆشنە کە سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان و جیاوازی لەگەڵ سیاسەتی "دەسەڵاتی ئێستای هەرێم"دا لەوەدایە کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی چاودێری دیوە و پاشان بۆی دەرکەوتووە کە سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم لەدەرەوەی چاودێری پەرلەمان و ڕای گشتیدا بووە و هاوکات پلانێکی نیشتمانی ڕۆشن لەئارادانەبووە! بەڵام لەهەردوک ئەم بارەدا ئەم جیاوازی کردنە بەزیانی خۆی تەواو دەبێت، چونکە بزوتنەوەی گۆڕان هەم خۆی بەشێک بووە لەحکومەتی بنکەفراون ولایەنێکی بەشدار بووە لەسیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمدا و هەمیش لەپەرلەماندا کیتلەی دەستڕۆیشتووی دووەم بووە. هەربۆیە لەگەڵ ئەو پرسیارە بەرەو ڕووە کە ئایا بۆ نەیتوانیوە نەوت بخاتە ژێر چاودێری پەرلەمان وڕای گشتیەوە! بۆ نەکراوە بەپێی "پلانێکی نیشتمانی ڕۆشن" داهاتەکەی ئاڕاستەبکات؟ بەڵام دیارە ئەم گلەییانەی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەیە ئێمە و خوێنەر بخاتەوە بەردەم بیستنی هەمان ئاواز و بەمەش جیاوازیە سیاسیەکانی خۆی ڕاگەیەنێ، کە ئەویش ڕۆڵی پەرلەمان و سیاسەتی نیشتمانیە. لەڕاستیدا ئەو سیاسەت و پلانەی لەم

پێوەندەدا دەسەڵاتداران پەیڕەویان لێکردووە هەم بەبڕیاری پەرلەمان بووە هەم لەژێر چاودێری لیژنەکانیدا بووە و بگرە بە پلانیش چۆتەپێشەوە. بەڵام پلانێک کە حکومەتی هەرێم گرتویەتیەبەر ئەوە نەبووە کە ئاوی دڵی بزوتنەوەی گۆڕان بدات، چونکە پارتی کە لە حکومەت و پەرلەماندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و هەروەک وتمان پلانی ئەوە بووە کە نەوت سیاسی بکاتەوە، یانی لەکێشمەکێشی لەگەڵ بەغدادا بۆئامانجی "ئابوری سەربەخۆی کوردستان" بەدەستیەوە بگرێ بۆ ئەم ئامانجەشی بەهەر هۆیەکەوە دەستی پێی ڕاگەیشتبێ نەوتی بە سەربەخۆ ناردۆتە دەرەوە، ئەمە ئەو پلانەیە کە بزوتنەوەی گۆڕانی هێناوەتە سەر ئەو ڕەخنە و جیاوازیەی کە دەڵێت:" نابێ گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا تەنها بۆ شەڕی سیاسی لەگەڵ بەغدا و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێم بەکاربهێندرێ". لەم هەڵوێستەشدا ئەو دەرئەنجامە وەردەگیرێ کە بزوتنەوەی گۆڕان بەجیا لە سیاسەتی ئابوری سەربەخۆی پارتی وحکومەتی هەرێم، گەرەکیەتی نەوت بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ بەغدا و "شەراکەت" لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا بەکاربەرێ. بەواتایەکی تر ئەگەر پارتی و حکومەت پلانیان بەرامبەر بە نەوت و داهاتەکەی رووی لەسەربەخۆیی ئابوری و دورکەوتنەوە لەبغدابێت، ئەوا بزوتنەوەی گۆڕان ناوەڕۆکی سیاسەتو پلانەکەی لەم مەیدانەدا ڕووی لەشەراکەت و مانەوەیە لەگەڵ بەغداد دا! لەهەردوک ئەم پلان و سیاسەتەدا ئەوەی بۆ رای گشتی و بەرژەوەندی خەڵک دەگەڕێتەوە هیچ جیاوازیەکیان نییە، چۆنکە یەکەمیان بۆ ململانێ لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی بەکاری دەبا ودوەمیشیان بۆ شەراکەتو ڕیکەوتن لەگەڵیدا. بەلام خاڵێکی سەیرو سەمەرەتر کە لەو قسانەی سەرەوەدا خۆی خستۆتەروو ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان "سەرمایەگوزاریی کۆمپانیا بیانیەکان لە بواری سامانی سروشتی هەرێمدا بەپێویست دەزانێ". ئەمەیان تەنها بابەتێکە کە بزوتنەوەی گۆڕان نایەوێت باسی"بەنشتمانی کردن"ی تیا بهێنێتەوە و دروست وەک هەموو حزبەکانی ناو دەسەڵات خۆی وەک لایەنگری سەرمایەگوزاری کۆمپانیا بیانییەکان هەڵخستووە! حزبێکی وەک گۆڕان کە هەموو بابەتێکی سیاسی و ئیداری لە چەمکی "بەنیشتمانی کردن"ەوە ئاڵاندوە و کردویەتیە خۆراکی لیکدانەوە و رەخنەکردنی هەموو بابەتێک و لێرەوە خۆی وەک حزبێکی جیاواز هەڵخستووە، کەچی ئێستا دەبینین گرنگترین کایەی ئابوری کوردستان لەدەرەوەی ئەم چەمکە وەک یەکەیەتی و پارتی دەسپێرێ بەکۆمپانیا بیانیەکان و سەرمایەداری خسوسی و دەرەکی و بەم سیاسەتەشەوە باس لەوە دەکات کە داهاتی نەوت بخرێتە خزمەتی گشتیەوە! لەکاتێکدا هەر کەسێکی سادە دەزانێت کە لەم سیاسەتەدا کۆمپانیاکان مەرج و قازانجیان هەیە کە ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانە.

بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکی سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان پشتی بەستبێت بە"پلانی ڕۆشنی نیشتمانی"، "چاودیری کردنی پەرلەمان"، "سەرمایەگوزاری کۆمپانیا بیانیەکان"، لایەنەکانی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە چییە؟

لەم بارەوە پرۆگرام ٩ خاڵی بەدوای یەکدا ڕیزکردووە، کە لەدەوری چەند بابەتێکی تەکنیکیانەدا دەخولێتەوە. هەندێک لەم خاڵانە کە پەیوەندیان بەئاو کانزاکانی ترەوە هەیە بەپێویستی نازانین

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

لێرەدا لەبارەیانەوە بدوێین بەلام لەسەر ئەو خالانە ڕاوەستانێکی کورت دەکەین کەلەدەوری ئەم سیاسەتە دەخولێنەوە لەوانە:

- " دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ گەران و پشکنین و دەرهێنانی نەوت..."، وەک ئەوەی کەئەم بابەتە لەلایەن دەسەڵاتەوە پەیڕەوی لێنەکرابێ و نەخشەیان بەدەستەوە نەبێت بۆ گەران و پشکنین و دەرهێنانی نەوت!. هەرکەسێکی سادە سەرنجی ئەو هەموو قونسولگەریانە و ئەو دەیان کۆمپانیا بیانیانە بدات کە لە کوردستاندا بەشوێن نەوت و دەرهێنانی نەوتەوەن، تەنانەت لێدانی تۆڕی لولەکێشی بەرەو دەربەندی جیهان، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە چ پلانێکی فراوان لەم بورەدا بەدەست دەسەڵاتەوەیە وخەریکی بەرهەمهێنانو ناردنەدەرەوەی نەوتە*
- " لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتە دەستوریەکانی حکومەتی فیدراڵ لە بواری سامانی سروشتیدا و سودوەرگرتن لە ئەزمونی کۆمپانیا عێراقیەکان"، ئەم خاڵە بەڕۆشنی نیشانی دەدات کە ئاراستەی سیاسەتەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەبەرامبەر نەوتی هەرێمدا، ڕووی لە بەغدا و شەراکەتە لەدەوڵەتی مەرکەزیدا. واتە نەوت و داهاتەکەی وەک کالایەکی سیاسی کراو بەدەستەوە دەگیرێ بۆ مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا. بەهای ئەم سیاسەتەیە کە ئەم حزبە لەبەرامبەر سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەدا، بڕوبیانوی "نەبوونی ئابوری پتەو" بەدەستەوە دەگرێ.
- " کاراکردنی ڕۆڵی ڕەقابی پەرلەمان لە سیاسەتی نەوت و گاز و سامانی سروشتی، لە چاودێریکردنی ناوەرۆکی گرێبەستە نەوتیەکان بەر لە ئیمزاکردنیان لەلایەن حکومەتەوە".. هەروەها لەخاڵیکیتردا هاتووە:"هەموارکردنی هەر یاسایەک کە ڕێگریی بکا لە دەسەڵاتی ڕەقابی پەرلەمان".. لەبارەی ئەم دوو خاڵەشەوە، ئەوەندە بەسە کە بڵێین ڕۆڵی ڕەقابی پەرلەمان بەسەر نەوتدا، نە بە داواکردنی کاراکردنەوەی پەرلەمان دەبێ و نە بە هێنانی یاسا دەتوانرێ بێتەدی، چونکە خودی پەرلەمان لەژێر سایەی دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی وسیستەمێکدا کە لەسەر بنەمای تەوافقاتی ئەحزاب دامەزراوە، ڕۆڵێکی کارتۆنی و لاوەکی هەیە و ناتوانێ پێچەوانەی بڕیار و بەرنامەی حزبی باڵادەست هەنگاوێک هەڵگرێ. خودی تەجروبەی حکومەتی بنکە فراوان و پەکخستنی پەرلەمان و کێشەی سەرۆکایەتی ئەم ڕاستیەی بەکردەوە دەرهێناوە.

---

*) بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستاندا، تا سەرەتای تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ٢٠١٤ بەدیاریکراوی ١٨ هەزار و ٣٩٥ کۆمپانیای خۆماڵی و ٢ هەزار و ٩٥٥ کۆمپانیای بیانی لە هەرێمی کوردستاندا تۆمار کراون. لەو ڕێژەیەدا هەزار و ٣٢٩ کۆمپانیای تورکی، ٣٣٥ کۆمپانیای ئێرانی، ١١٧ کۆمپانیای ئەمریکی و ٨١ کۆمپانیای ئەڵمانی هەن-بەگوێرەی ئاماری فەرمی حکوومەتی هەرێم. لەناو ئەو کۆمپانیایانەدا، زیاتر لە ٤٠٠ کۆمپانیا لە کەرتی نەوت کاردەکەن، کە کەمتر لە ٨٠ لەو کۆمپانیایانە خۆماڵین و ئەوانی تر بیانین. ئەو ژمارانە لەکاتێکدا دێن، کە تا ساڵی ٢٠١٣ بەدیاریکراوی ١٦ هەزار و ٧٢٦ کۆمپانیای خۆماڵی لە کوردستان تۆمار کرابوون، هەروەک ٢ هەزار و ٦٥٦ کۆمپانیای بیانی هەبوون. ئەم ئامارانە کەهێشتا تەواوی هەوڵ وپلانەکانی دەسەلاتداران بۆ دەرهێنانو پشکنینی نەوت ناگرێتەخۆی، بەلام وەلامێکی ڕۆشنە بەو گلەییانەی کەحزبی گۆڕان لەمەڕ "نەبوونی پلان" باسی لێوەدەکات..

- " دانانی سندوقێک بەناوی "سندوقی نەوەکان، ٥٠% داهاتی سامانی سروشتی بخرێتە ئەو سندوقەوە، بە مەبەستی پاشەکەوتکردنی بڕێک لە داهاتی نەوت و گاز و سامانی سروشتی بۆ نەوەکانی داهاتو، یان بەکارهێنانی لە کاتی قەیرانی ئابوری و گەمارۆدا". "تەرخانکردنی بڕێکی تایبەت لە داهاتی سامانی سروشتی (نەوت، گاز، کانزا و کانی ئاسن و... هتد) بۆ ئەو ناوچانەی کە خاوەن ئەو سامانەن، تا پرۆژەی بوژاندنەوە و ئاوەدانی زیاتریان تیادا ئەنجام بدرێت و لەئاست زیانی ژینگەییش قەرەبو بکرێنەوە".. ئەمانە ئەو دووخاڵەن کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک داهێنانێکی عەجیب ئیزافەی کردووە بۆ سیاسەتی نەوت و گازەکەی.. لەمبارەشەوە یەکەم، پێمان ناڵێت کە"سندوقی نەوەکان" بەدەست کێوەیە و لەژێر چاودێری کێدایە و لەکوێ پاشەکەوت دەکرێ و تەنانەت بەبڕیاری کێ تەسەروفی لەگەڵدا دەکرێ؟ هەروەها لەسەر چ بنەمایەکی ئابوری و ئاماری لە ٥٠% ی داهاتی سامانی سروشتی دیاری کردووە؟ چۆن دەتوانرێ بڕی لەسەدا پەنجای داهاتی سامانی سروشتی بۆ سندوقی نەوەکان دابنرێ لەکاتێکدا ئابوری کوردستان لەبنەڕەتەوە پشت بەداهاتی ئەم سامانە دەبستێ؟ لەمانەش زیاتر دانانی "بڕێک" (کەڕێژەکەی بەنادیار ماوەتەوە)- لەداهاتی سامانی سروشتی بۆ ئەو ناوچانەی کەئەم مادانەی تیا بەرهەمدێت، لەپاڵ دانانی لە٥٠%ی داهاتی سامانە سروشتیەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو، ڕێژەی چەند دەمێنێتەوە بۆ بودجەی سەراسەری هەرێم؟ ئەمەش بەو حاڵە سیاسیەوە و بەو سیستەمەوە لەبەڕێوەبردنی وڵات کەهەرێم تیایدا قەراری گرتووە. ئایا حاڵەتێکی ئاوا لەگەڵ واقعیەتە ئابوریەکانی کوردستاندا دێتەوە و نابێتە مایەی تەنگژە لەبودجەی هەرێمدا؟

بەڵام بەسەرنجدان لە ناوەرۆک و هەموو لایەنەکانی سیاسەتی نەوت و گازی بزوتنەوەی گۆڕان، بەڕۆشنی ئەو ڕاستیە جێگیرە کە لەناوەرۆکدا جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیاسەتی زاڵ بەسەر ئەم بوارەدا نییە، کاتێک دەبینین قازانجی هاوڵاتیان و کاراکردنەوەی ڕۆڵیان لە تەسەروف کردن بە"سامانی سروشتی"و داهاتەکەیەوە، پەراوێز خرابێت. بەتایبەتی باسێک لەوە نییە کە نەوت لە بازنەی بازاڕ دەربکێشرێ و بەخۆڕایی بخرێتەبەردەم هاوڵاتیان، باسێک لەوە نییە کە"بەنیشتمانی" بکرێتەوە و لە سەرمایەگوزاری کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیەکان ڕزگار بکرێ، تەنانەت قسەیەک لەڕۆڵی ڕەقابەتی نوینەرایەتی ناوچەیی و سەراسەری جەماوەر بەسەر داهاتو فرۆشی نەوتدا نییە و باسێک لە ڕۆڵی کرێکاران و کارمەندانی بواری ئەم سیکتەرە لەئارادانییە، لەکاتێکدا ڕەنجی ئەوان ئەم "سامانە سروشتیانە" دەکاتە داهات و پارە و دەچێتە بەردەم دەسەڵاتدارانەوە.

## ٣/ "پلانی نیشتمانی"، بۆرژوازی کوردو گرفتی گەشەی ئابوری:

لەچوارچێوەی سیاسەتە ئابوریەکاندا بزوتنەوەی گۆڕان، بەندێکی بەناوی "بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم و ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی،" (بەندی ٣) جێگیر کردوە و لەدیدی ڕیفۆرمخوازی ئابوریەوە بۆ مەسەلەی چۆنیەتی گەشەدان بەژێرخانی ئابووری و پرۆژەی ئاوەدانی هەرێم دەڕوانێ. بەڵام

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ناوەڕۆکی ئەم ڕیفۆرمە ئابوریانە چییە و دەچێتە خانەی کام ستراتیژی ئابوری بۆرژوازیەوە و هاوکات چ گرفتێکی لەبەردەمدایە؟ ئایا واقعیاتە ئابوری و سیاسیەکانی سەرمایەداری لەکوردستان و ناوچەکە و دونیا ڕێگەبەخشی ئەم سیاسەتە ئابوریانەی بزوتنەوەی گۆڕانە و ڕێگای پێدەدات تادەست بۆ ڕیفۆرمە ئابوریەکانی خۆی بەرێ وەک ئەوەی خستویەتیە بەرنامەی خۆیەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە باشترە چەند پەرەگرافێک لەخودی پرۆگرامەکە بگوازینەوە تابزانین چیمان پێدەڵێت:

"پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەی ئابوری و مرۆیی لە هەر وڵاتێکدا پێویستی بە پلانێکی پەرەپێدانی ئاسۆیی هەمە لایەنە لە بوارەکانی ڕێگەوبان، ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێبون، کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، پۆستە و گەیاندن، کشتوکاڵ و پیشەسازی، سیستمی پەروەردەیی و پێگەیاندنی زەینی و جەستەیی."

"بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز و هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان، جگەلەوەی لەڕوی گەشەی ئابوری و ئاوەدانیەوە بایەخی گەورەی هەیە و دەرگای هەرێم بەسەر سەرمایەگوزاریی بیانیدا دەکاتەوە، لەڕوی کۆمەڵایەتی و گەشەی سامانی مرۆییشەوە بایەخی خۆی هەیە، دەکرێ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم ڕۆڵیان هەبێ لە کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و بەگەڕخستنی هاوڵاتیانی هەرێم..."

بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە کە پێویست دەکا ئاوەدانی و گەشەی ئابوری لە هەرێمدا ئاسۆیی بێت نەک ستونی، چونکە گەشەی ستونی زادەی ئەقڵیەتی مەرکەزییە لە حوکمدا، یەکێکیش لە سیاسەتە چەوتەکانی هەر ڕژێمێکی مەرکەزیی، پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی ناوچە کەناریەکانە، واتە چڕکردنەوەی تەلارسازیی و خزمەتگوزاریی لە پایتەخت و مەڵبەندی پارێزگاکان و بێبەشکردنی شارۆچکە و گوند و ناوچە دوردەستەکان لە پرۆژەکانی گەشەکردن و ئامرازەکانی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و پێگەیاندنی منداڵان و نەوەی نوێ.

" مەرکەزیەت، کە یەکێکە لە میراتە خراپەکانی ڕژێمی پێشوی بەغدا، تائێستا درێژبونەوەی لە ئەزمونی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە. گەر بەراورد لەنێوان ژیانی پایتەخت و شارە گەورەکانی کوردستان لەلایەک و قەزا و ناحیە و گوند و ئۆردوگا زۆرەملێکان، لەلایەکی ترەوە بکەین، زۆر بەڕونی دەردەکەوێت کە بێدادیی لە دابەشکردنی سامان و خزمەتگوزاریی و هۆکانی ئاسودەیی و ژیانی هاوچەرخدا لە چ ئاستێکی مەترسیداردایە.."

"دانانی پلانێکی نیشتمانی هەمەلایەن بۆ ئاوەدانی و پرۆژەی ستراتیجی و بنیاتنانی پێویستیەکانی ژێرخانێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان لەپاڵ ژیاندنەوەی ناوچە پەراوێزخراوەکان مەرجێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بنیاتنانەوەی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و دروستکردنەوەی کەسایەتی هاوڵاتی وەک بونەوەرێکی چالاک و بەرهەمهێن، نەک وەرگر و بەرخۆر".

سەرەتا بەسەرنجدانێکی خێرا لەم پەرەگرافانەی سەرەوە، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کەئەگەرچی ئاماژە بە فۆرمێکی ئابوری لەجۆری "ئابوری دەولەتی یان ئابوری بازاڕ" نەکراوە و بەڕاشکاوانەش مەسەلەکانی "بنیاتنانی ژێرخانی ئابوری و پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەی ئابوری" نەخراوەتە چوارچێوەیانەوە، بەڵام خودی ڕاوەستان و بەدەستەوەگرتنی"دانانی پلانی نیشتمانی" و "سەرمایەگوزاری بیانی" وەک ڕێباز و ڕێچکەیەکی سەرەکی دەستنیشان کراوە بۆ گەیشتن بەو ڕیفۆرمە ئابوریانەی کەسەرەنجام "ژێرخانێکی بەهێز وستراتیژی ئاوەدانی و گەشەی ئابوری" لەکوردستاندا بەدی دێنێت. ئەم ڕێبازو ڕێچکەیەش بەپێویست سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەهەر تایبەتمەندی یەک و بەهەر تێکەڵ و پێکەڵییەکەوە کە دەستی داوەتێ، ناتوانێ لە سیاسەت و باوەڕەکانی مەکتەبی ئابوری دواکەوتو/گەشە، خۆی دەربازبکات، کە لەسەرەتای ئەم باسەدا لەبارەیەوە ئاماژەیەکی کورتمان پێداوە. بەڵام هەروەک ئەم مەکتەبە ئابوریەی بۆرژوازی وڵاتانی "جیهانی سێهەم"، کە بۆ گەیشتن "بە ئابوریەکی هاوچەرخ"، سیاسەتی بەرنامەڕێژی ئابوری دەوڵەت و مسۆگەرکردنی دەخاڵەتی دەوڵەت لە ئابوری و بازڕدا، پشت بەستن بەسەرمایەگوزاری دەرەکی و دانانی سیستەمێکی باج کە هەم هانی سەرمایە و پیشەسازی ناوخۆ بدا و هەم دەرگا لەبەردەم "کاڵای دەرەکی"دا ببەستێ.. لایەنە سەرەکیەکانی ئیستراتیژێکی ئابوری بوو لەپێناو گەیشتنی بۆرژوازی نەتەوەیی و ڕیفۆرمخواز بەخەونی "دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەو، ئاوەدانکردنەوە و گەشەی ئابوری"، بەجۆرێک کە وڵات لەحوکمی ئابوری تاک بەرهەمهێن و دواکەوتویی ومەسرەف گەرا دەرکێشێ، دروست بزوتنەوەی گۆڕانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان قاچی لەم مەکتەبە ئابوریەدایە. بەتایبەتی کە "پلانی نیشتمانی" ڕۆڵی سەرەکی لەسەرتاپای سیاسەتە ئابوریەکانی ئەم حزبەدا هەیە و تەواوی پرۆژە کانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەی ئابوری هەریم بەم میکانیزمەوە گرێدراوە. بەلام ئایا واقعیەتەکانی سەرمایەداری ئەمرۆ چ لەئاستی ناوچەکە و چ لەناوخۆی کوردستاندا دەتوانێ لەڕێگای میکانیزمی "پلانی نیشتمانیەوە" گرفتی گەشەی ئابوری و ئاستنگیەکانی بەردەمی هەڵگرێ و کوردستان لە"ژێرخانێکی بەهێز و ئاوەدان و گەشەی ئابوری"بەهرەمەند بکات؟ لەکاتێکدا ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ بەدۆخی ئابوری عێراق و ناوچەکە و بگرە ڕەوتی پەرەسەندنی ئابوری جیهانی و سەرهەڵدانی بلۆکبەندیە ئابوریەکانەوە پەیوەستە و بەتەنها کردەیەکی ناوخۆیی نیە؟ لەمبارەوە ئەگەر بۆ بۆرژوازی وڵاتانی 'جیهانی سێهەم"، کە کوردستان وەک بەشێک لەعێراقی فیدرال نمونەیەکیەتی، لەسەدەی ڕابردوودا، توانی لەچوارچێوەی بلۆک بەندیە ئابوریەکانی ڕوسیای سۆڤیەت و ڕۆژئاوادا، ڕێگای پشتیوانیە ئابوریەکانی ڕوسیا بگرێتەبەر و هاوکات بەئیلهام وەرگرتن لە فۆرمی سەرمایەداری دەوڵەتی ڕێچکەی گەشەی ئابوری و پەرەسەندن بەڕادەیەک بگرێتەبەر و قۆناغی سەرمایەداری بەپرتاو تیپەڕێنێ، ئەوا لەدونیای ئەمڕۆدا کە بۆرژوازی جیهانی لەسەردەمی شکست و بنبەستی فۆرمەئابوریەکانی بازار و دەوڵەتیدا جینگڵ دەداو لەگەڵ قەیران و بێئاسۆییدا بەرەو رووە، چینی بۆرژوازی لەم وڵاتانەدا و خودی سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بەیکجاری پشتیان

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

خاڵیەو دەروازەی هەنگاونان بەرەو خەونی "هەرێمێکی بەهێز وئابوریەکی بەهێز"، بەتەواوی بەڕوویاندا داخراوە. بەتایبەتی باسی "دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ ژێرخانێکی بەهێز وئاوەدانی و گەشەی ئابووری" کوردستان بەبێ هەڵبژاردن و بڕانەوەی فۆرمی حکومەتی و بەهرەمەندبوونی دەوڵەت لەپشتیوانیە داراییە جیهانیەکان و کەنارکەوتنیان لەپاڵ تەقسیماتە ئابوریەکان و بازاڕی جیهانیدا، ئەمەش بەجۆرێک کە ڕەوتی ئابوری جیهانی دەیخوازێت و ڕێگای پێدەدات، کردەیەکی مەحاڵەو مانەوەی لەئاست مەرکەبی سەرکاغەز زیاتر تێپەڕناکات. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان کە ئەم ڕاستیە نابینێ و نایەوێت وانیشان بدات کە سیاسەتە ئابوریەکانی لەچ فۆرمێکی ئابوریدا لەقاڵب بدا، ڕێگایەکی تری گرتۆتەبەر کەسەرەکیترنیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەبەرباسەوە:

**یەکەم: ژێرخان و ئاوەدانی و گەشەی ئابوری:**

سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان تێکەڵوپێکەڵەیەکی عەجیبی لەنێوان چەمکەکانی "ژێرخانی ئابوری و ئاوەدانی و گەشەی ئابوریدا" دروست کردووە، بەجۆرێک کە کەس نازانێ پێناسە و تێگەیشتنی ورد و زانستی ئەم حزبە بۆ ئەم چەمکانە چیە! ئایا ژێرخانی ئابوری و ئاوەدانی بەرئەنجامی گەشەی ئابورین یان بەپێچەوانەوە کامیان بنەمای ئەوی تریانە!

لەسەرەتادا پێمان دەڵێت کە بوارەکانی "ڕێگەوبان، ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێبون، کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، پۆستە و گەیاندن، کشتوکاڵ و پیشەسازی* بواری ، سیستمی پەروەردەیی و پێگەیاندنی زەینی و جەستەیی"، بەرئەنجامن بۆ "پرۆسەی ئاوەدانیو گەشەی ئابوری". دواتریش هەرئەم بوارانە دەخاتە خانەی ژێرخانەوە و لەو چوارچێوەیەدا ڕیزیان دەکاتەوە. وە لەباسی ژێرخانیشدا بەهیچ جۆرێک بەلای فاکتۆری هۆیەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهینان و لەبوعدی تەکنیکیدا تەکنۆلۆژیاش وەک بەشێک لێی، کە لایەنێکی سەرەکی و جەوهەری ژێرخانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیە لە هەر وڵاتێکدا، ناچێت. بەتایبەتی کە ئەم بابەتە ستانداردێکی جیهانی هەیە و وەک بەشێک لە سەرمایەی نەگۆڕ لەڕێگای سەروژێر بوونەوەی سەرمایەوە لەبازاری جیهانیەوە دابین دەکرێ. بەڵام چەمکی "ئاوەدانی- Reconstruction policy" وەک سیمایەکی گشتی ئابوری کە گەورەبوونەوەی شارەکان و بیناسازی، سەرهەڵدانی تۆڕەکانی ڕێگاوبان، کارەبا، ئاو وئاوەڕۆ، پۆست و گەیاندن، سیستمی پەروەردە و پێگەیاندن.." – ئەمانە کە بەشێکیان دەچنە خانەی

*) لێرەدا پیشەسازیو کشتوکاڵیش لەخانەی ئاوەدانیدا ڕیزکراوە لەکاتێکدا ئەم چەمکانە ناسینێکی گشتیان هەیەو بەپێی مەنتقی ئابوری بەشێک نین لەئاوەدانی و ڕاستەوخو وەک کردەیەکی بنەڕەتی و بەردەوام پەیوەستن بە بواری فۆرمی ئابوری و کردەی بەرهەمهێنانەوە، بۆ نمونە کە دەڵێن وڵاتێک پیشەسازیە وێ ەویتریان کشتوکاڵیە یانی ژێرخانی ئابوریەکەی لەسەر پێشەسازی و بواری بەرهەمهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان وەک کاڵا دامەزراوە و ڕەوتی وەرچەرخانە تەکنۆلۆژیەکان تیایاندا جێگیر و بەردەوامە و کشتوکاڵ وەک لایەنێکی لاوەکی بە پیشەسازی کراوە، بەمپێیەش گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەپ یشەسازیدا تەرکیزو چەقبەستووە. وەیا لە نمونەیەکی تردا دەوترێت وڵاتێک کشتوکاڵی مۆدێرنە واتە فۆرمی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بە پیشەسازی کراوە و کاڵاکانی مەسرەف و خۆراکی و تەکمیلی بەشێوەی تەکنۆلۆژیا بەرهەم دێنێ و بەتەواوی سیفەتی سروشتیان تێپەراندووە و گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا ترکیزو چەقبەستووە و بەم پێیەش ژێرخانی ئابوری دامەزراوە)

خزمەتگوزاریەکانەوە،-بەشە پێکهێنەرەکانیەتی و هەرخۆشیان ئەنجامێکن لەپەرەسەندنی ژێربینای ئابووری. واتە بەو قەدەرەی کە فۆرمی ئابوری و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و چەقبەستنی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتیکدا لەدەوری کاڵایەک وەیا چەند کاڵایەک دامەزراوە، جۆرێک لەژێرخانی ئابوری دادەمەزرێنێ کە دەیخوازێ و سەرەنجام بەدوای خۆشیدا ئاستێک لەئاوەدانی بەدیدێنێ. ئەمەش وەک پێداویستیەک بۆ جوڵەی سەرمایە و دوبارە وەگەرخستنەوەی هێزیکار. بەڵام لەمەش خراپتر ئەوەیە کە پرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕان چەمکی گەشەی ئابوری بەئاوەدانی و سەرهەڵدانی ئەو بوارانەوە بەتێکەڵو پێکەل لەگەڵ "کشتوکاڵ وپیشەسازیدا" بەحساب هێناوە، لەکاتێکدا گەشەی ئابوری بەئاستی "داهات/قازانج" و ڕێژەی کەڵەکە و چونە سەرەوەی سەرمایە و لەبەرئەنجامیشدا، چونەسەرەوەی ئاستی بەرهەمهیانانی کاڵاکان و خستنە نێوبازارەوە گرێی خواردووە. واتە ڕێژەی گەشەی ئابوری پێوانەی بەهاو کاڵای هەیە لەئابوری سەرمایەداریدا نەک ئاستی خزمەتگوزاریەکان و بەشێک لەو بوارانەی کە لە خانەی ئاوەدانیدا ڕیزکراون. بۆنمونە کوردستان لەدوای روخانی ڕژێمی بەعس، ساڵی ٢٠٠٣ کەپێی نایە دەورەیەکی گەشەی ئابوریەوە، وەک بەرئەنجامێک لێی ژێرخانی ئابوری هەرێم هەنگاوێکی گەورەی لەبوارەکانی تۆڕی ڕێگاوبان، کۆمپانیا و کارگەی گەورە و بچوک، خانوبەرە.. هەڵهێنا، پێوانەیەکیش بۆ ئەم گەشەیە هەڵکشانی ڕێژەی قازانجی سەرمایەدارن و کەڵەکەی لەرادەبەدری پارە و داهاتە لەدەستی بەرپرسان و دەوڵەمەندانا. هاوکات چونەسەرەوەی ئاستی بودجەی ساڵانەی دەسەڵات خۆی ئاماژەیەکی ئەم گەشەسەندنەی ئابوری کوردستانە. بەڵام هەرلەم پەیوەندەدا بەشێکی زۆری بورای ئاوەدانکردنەوە کە خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەبا و خوێندن و تەندروستی .. دەگرێتەوە نەک هەربەدی نەهاتن، بەڵکو ئەوەی هەشبوو بەپێی پێداویستیەکانی ئەم پەرەسەندن و گەشەیەی سەرمایەداری لە کوردستان هەڵوەشانەوە، وەیان جێهێڵدران بۆ کەرتی تایبەت. کەوایە لەگشت ئەم پرۆسەیەدا دەکرێ سەرمایە سەر لە دەورەیەکی گەشە و بوژانەوەدا دەربهێنێ بەڵام مەرج نییە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هاوسەنگ و بەهەمان ئاست لەچونەسەرەوەی ڕێژەی سەرمایە و کاڵا و ژێرخانی ئابوری، ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان ڕووڵەهەڵکشان بکات. بزوتنەوەی گۆڕان بەم تێکەڵو پێکەڵیەوە و بەدەرکێکی عامیانەوە دەیەویت "پلانی نیشتمانی" وەک فاکتۆری سەرەکی هەموو بوارەکانی ژێرخان و ئاوەدانکردن و گەشەی ئابوری کۆبکاتەوە و پێمان بڵێ ئەگەر "پلانێکی ئاسۆیی هەبێت دەتوانرێ گرفتی گەشەی ئابوری هەرێم چارەسەربکەین!" ئەمە ئەو ئەفسانەیەیە کە بۆرژوازی کورد لەبەرامبەر کۆتاییهێنان بەدواکەوتووی ئابوری و بەدیهێنانی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" بەدواوەیەتی!

**دووەم: سیاسەتی ئاسۆیی ئابوری و ڕەتکردنەوەی مەرکەزیەت**

ڕێگایەک کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆ تەجاوزکردنی گرفتی گەشەی ئابوری کوردستان و بەدیهێنانی "هەرێمێکی بەهێز" ئیبداعی کردووە بریتیە لە وازهێنان لە "ئابوری مەرکەزی" و کارکردنە بە سیاسەتی "ئاسۆیی". گوایە لەم ڕێگایەوە پرۆسەی ئاوەدانی و دامەزراندنی ژێرخانی ئابوری،

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئەتوانێ گرفتەکانی بەردەم گەشەی ئابوری کوردستان هەڵگرێ. بەم پێیەش " ئاسۆیی کردنی ئابوری" وەک حوکمێک بەدەست بزوتنەوەی گۆڕانەوە دەگیرێ لەپێناو گەشەی ئابوری هەرێمدا. بەدیوێکی تریشدا "گەشەی ستونی" بەزادەی "ئەقڵیەتی مەرکەزی" بەدناودەکرێ و دەکرێتە یەکێک لە"چەوتەکانی هەرێمێکی مەرکەزی" و پەراوێزخستنی ناوچە کەناریەکان". ئەوەتا دەڵێت: " مەرکەزیەت" وەک "یەکێکە لە میراتە خراپەکانی ڕژێمی پێشوی بەغدا،کە تا ئێستا درێژبونەوەی لە ئەزمونی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە" دەناسرێ!!. لەم پەیوەندەدا باسکردنی چەند خاڵی بەپێوست دەزانین:

١/ "سیاسەتی ئاسۆیی"، لەو تێکستانەی پێشووتردا کە خستومانەتە ڕوو هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و بەتەواوی ئیختیاری و دورە لە واقعیەتەکانی ڕەوتی ئابوری لە دونیای ئەمڕۆدا. لە زانستی ئابوریدا، "جوگرافیای سەرمایە" بە واتای بەرین بوونەوەی دامێنەکان و پەلهاویشتن و تەمەرکوز، یەکێکە لەو بوارانەی کە ئەم "ئیبداعەی" بزوتنەوەی گۆڕانی پێدەخاتە چاڵەوە. وەک قانونمەندیەکیش سەرمایە و ئابوری سەرمایەداری، بەپێی لێکدانەوەکانی مارکس لەکتێبی کاپیتاڵدا، دوو ئاراستەی پێکەوەگرێدراو و تەواوکەری یەکترن و هیچکامیان بەبێ ئەوی تریان ناتوانێ بوونی ببێ. لەسەرێکەوە پەرەسەندنی ئاسۆیی ئابوری سەرمایەداری بەمانای فراوانکردنەوەی بازاڕ و جوگرافیای فرۆشی کاڵا و وەگەڕخستنی هێزی کار و جوڵەی پارەیە. لەسەرێکی تریشەوە پەرەسەندنی ستونی، بەمانای چەقبەستون و کەڵەکەبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و فۆرمەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆیەتی لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا. پەیوەندی ئەم دوانە بەو ڕادەیەیە کە هەر ئاستێک لە چەقبەستن و کەڵەکەی سەرمایە، (واتە پەرەسەندنی ستونی) بەواتای سەرمایەی نەگۆڕ کە ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەمهیانان بەرەو سەرەوە دەبات، بە پێویست بەدوای خۆیدا کرانەوەی بازاڕ و هەوڵەکان بۆ گوێزانەوەی خۆی لە جوگرافیایەکەوە بۆ جوگرافیایەکی تر بەدیدێنێ و واتای دەستپێکردن بە پەرەسەندنی ئاسۆیی لێدەکەوێتەوە. پاش لەنگەرگرتنی ئەم حاڵەتە و دوای هەر پەرەسەندنێکی ئاسۆیی ئابوری، سەرلەنوێ سەرمایە، لە شکڵی ئامرازەکان دراو و کاڵاکاندا، چەق دەبەستێتەوە و بەم جۆرەش پەرەسەندنی ستونی لێدەکەوێتەوە. ئەم یاسایە بەهەمان شێوە لە پرۆسەی "ئاوەدانی و دامەزراندنی ژێرخان" و تەنانەت لە ڕەوتی گەشەی ئابوری هەر وڵاتێکدا بەخودی بواری خزمەتگوزاریەکانیشەوە، ڕاستە و هەمان کارکرد کاری خۆی دەکات. بێگومان کردەیەکی ئاوا نە پەیوەندی بە "ئەقلەیەتی مەرکەزی"ەوەیە و نە هەڵبژاردنێکی ئیختیاری لە خۆیدا قەبوڵ دەکات وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان کردویەتی. لەم پێوەندەدا باسکردن لە رەوتی سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایە لە کوردستان وەک نمونەیەک بۆ ئەم قانونە ئەم ڕاستیە باشتر خۆی دەردەخات:

کوردستان لەساڵانی ٧٠ دا و لەبەر ڕۆشنایی ئارامیەکی سیاسی کە ئەوکات بەهۆی ڕێکەوتنی ساڵی ٧٠ی نێوان جوڵانەوەی بارزانی و ڕژێمی بەعس خوڵقا، لە ڕەوتی درێژبوونەوەیەکی ئاسۆییدا"فراوان بوونەوەی بازاڕ"، سەرمایەداری عێراق خۆی بەرەو کوردستان گوێزایەوە،

پرۆسەی ئیسلاحی زەراعی و هەنگاوەکانی ئەم ڕەوتەی زامن کرد. بەڵام خودی ئەم گوێزانەوەیە بەرئەنجامی پەرەسەندنی ستونی سەرمایە بوو لەمەرکەزدا، واتە پاش هەنگاوەکانی ئەوکاتی ڕژێمی بەعس لە خۆماڵیکردنی نەوت و دامەزراندنی ڕێگاوبان و هێڵی شەمەندەفەر و دامودەزگا ئابوری و حکومیەکان و ئینجا ناردنەدەرەوەی نەوت، کوردستان وەک ئەڵقەیەک لە فراوانبوونەوەی بازاڕ و پەرەسەندنی ئاسۆیی لەبەردەم رەوتی چەقبەستن و کەڵەکەبوونی سەرمایەدا قەراری گرت، کە سەرەنجام وەک جوگرافیایەکی تەکمیلی لە پرۆسەی سەرمایەداری بوونەوەی عیراقدا جێگای گرت و دواتریش زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕی ژێرخانی و ئیداری و تەنانەت ئاوەدانی و خزمەتگوزاری نوێ لە ئابوری کوردستاندا وەک کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دەرکەوت. بێگومان ئەم ئالوگۆڕانەش خۆی لەخۆیدا بە مانای گوێزانەوەی پەرەسەندنی ئاسۆیی ئابوری کوردستانە بۆ ستونی، واتە لەناوخۆی کوردستان خۆیدا، پەرەسەندنی ئابوری ڕووی لەستونی کرد، ئەویش بەچەقبەستن و کەڵەکەبوونی ئاستێک لە سەرمایە لە شێوەی ئامڕازەکان و هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، سەرهەڵدانی چەندین کارگەی ئەهلی و حکومی لە کوردستان و پرۆژە ئابوریەکانی دەوڵەت و شەپۆلێک لەبیناسازی.. دەرکەوتەکانی ئەم پەرەسەندنە ستونیەیە لەئابوری کوردستانی ئەوکاتدا. بەمجۆرەش ئەوەی لەم نمونەیەدا بەرجەستەیە ئەوەیە کەهەردولای پەرەسەندنی ئاسۆیی و ستونی پێکەوە گرێدراو و لازم و مەلزومی یەکترن. بەڵام ئەوە ئەقلیەتی بزوتنەوەی گۆڕانە کە لەسەرو یاسا ئابوریەکانەوە دڵخوازانە بەشوێن ریفۆرمەوەیە و دەیەوێت وەڵام بەگرفتی گەشەی ئابوری هەرێم بداتەوە، ئەمەش هەرئەو ئەفسانەیەیە کەبۆرژوازی نیشتمانی پێکراوەتە قارەمانی ئاوەدانی وڵات.

٢/ سەبارەت بەوەش کە "گەشەکردنی ستونی زادەی ئەقڵیەتی مەرکەزیە" و هێشتا میراتەکەی لەکوردستاندا ماوە، ڕاستیەکی تێدایە، بەلام نەک بەوجۆرەی کە بزوتنەوەی گۆڕان بۆی چووە. مەرکەزیەتی ئابوری زادەی ئەقلی کەسەکان نییە و بنەمایەکە بۆ فۆرمێکی سیاسی و ئابوری کە سەرمایەداری لەوڵاتانی ژێردەستەدا و لە قۆناغیکی مێژوویی دیاریکراودا و لەپەیوەند بە بازاڕی جیهانی و بلۆکبەندیە ئابوری و سیاسیەکانەوە بۆی بۆتە پێداویستیەک بۆ هەڵدان و پەرەسەندن. دەوڵەت و ئابوری موتەمەرکز، بەرنامەڕیزی دەوڵەتی، چڕکردنەوەی سەرچاوە سروشتیەکانی وەک نەوت و گاز و بەنیشتمانی کردنیان، کۆنترۆڵی بازار و بازرگانی لەلایەن دەوڵەتەوە، زاڵکردنی دەوڵەت بەسەر جوڵەی پارە و بانکەکاندا، سیستەمی باجی مەرکەزی و سیاسەتی دەرگای داخراو لەبەردەم کاڵا و سەرمایەی دەرەکیدا.. ئەمانە بەشە پێکهێنەرەکانی فۆرمو نیزامێکی ئابوریی بوون کە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین لە دەورەی دوونیای دوقوتبی شەرق و غەرب و ئەلگۆ ئابوری و سیاسیەکانیاندا. دوای قۆناغی "ڕزگاری و بەدەست هێنانی سەربەخۆیی" لە ئیستعمار و داگیرکاری دەوڵەتانی رۆژئاوا، شکڵیان گرت و بەزۆریش کەوتنە خولگەی ئابوری و سیاسەتی ڕوسیای سۆڤێتیەوە. بێگومان کوردستان کە وەک بەشێک لەعێراق چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا لەژێر کاریگەریەکانی ئەم ئەلگۆیەدا بووە و ماوە، کە ناکرێ و ناتوانێ بەسادەیی و بەپێی سیاسەتێکی ئیختیاری وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان ناوی ناوە"گەشەی ئاسۆیی" لەگرفتە

ئابوریەکانی دەرچێت، چونکە ئەمە پرۆسەیەکە و پەیوەندی بە سەرمایەداری لە عێراق و ناوچەکە و ڕەوتی سەرمایەداری جیهانیەوەیە. بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە هەم کوردستان و هەم عێراق لەدۆخی جەنگ و پشێوی و قەیرانی ئابوری و حکومەتیدا ڕاگیراوە و هێشتا کێشمەکێشی وڵاتانی دونیا یەکلایی نەبۆتەوە و ئاسۆ و بەرنامەیەکیان نییە بۆ سازدانەوەی ئابوری سەرمایەداری لەم وڵاتانە تا بزانین ئایا "پەرەسەندنی ئاسۆیەکەی" بزوتنەوەی گۆڕان لەخۆیدا قەبوڵدەکات یان نا!. بەڵام لەسەرو ئەم لێکدانەوانەیەی ئێمەوە ئەو پرسیارە یەخەی بزوتنەوەی گۆڕان دەگرێ کە ئەگەر سیاسەتی "گەشەی ئاسۆیی ئابوریی" لە کوردستاندا وەک ئەوەی حزبی گۆڕان دایهێناوە بچێتەسەر، چ ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی ژیان و بژیوی هاوڵاتیاندا بەدیدێنێ؟

**سێهەم: جیاوازی نێوان گەشەی ئابوری پارێزگا و ناوچە کەناریەکان.**

سیاسەتی بەئاسۆیی کردنی گەشەی ئابوری، لای بزوتنەوەی گۆڕان زیاتر دەڕوا و لەسەر نەهێشتنی جیاوازیەکانی نێوان، پارێزگا و ناوچە کەناریەکان دەگیرسێیتەوە، لەمبارەوە ١٠ خاڵی پرۆگرام باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن دێهاتەکانی کوردستان و ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ئەو ناوچانەی کە ئەنفالکراون، بەڕاکێشانی ڕێگاوبان و ئاوکارەبا و باشکردنی خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ شارەکاندا یەکسان دەکرێتەوە و هاوکات قەزا و ناحیەکانیش بە"ماستەر پلانێک" هەمان ڕێچکە دەگرنەبەر و دادی کۆمەلایەتی لە"گەشەی ئاسۆیی ئابوریدا" بەدەست دێنن.. !! ئەم دیدگایە زیاتر وەک خەون و خەیاڵێکە چونکە هیچ پشتیوانەیەکی زانستی و ئابوری لەپشتەوە نییە، بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان فۆرمێکی ئابوری و سیاسی جیاواز لەو سەرمایەداریەی کە لە کوردستاندا زاڵە بەسەر کۆمەڵگادا، ناخاتەڕوو تا بەپێی "پلانی نیشتمانی" و "ماستەر پلان" بتوانێ ڕێچکەی ئاوەدانی بەیەکسانی بگەیەنێتە هەمو کون سوچێکی هەرێمەوە. تەنانەت بەرنامە و سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان کە"بازاڕی ئازادی" کوردستان و ئازادی کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان تەئید دەکا و مانەوەیان بەپێویست دەزانێ، چۆن دەتوانێ "پلانە نیشتمانیەکەی" "دادی کۆمەڵایەتی" لەنێوان پارێزگاکان و ناوچە کەناریەکاندا مسۆگەر بکات، لەکاتێکدا کە"بازاڕی ئازاد" و سەرمایەگوزاری بیانی و کۆمپانیاکان، یاسای قازانج و کەڵەکەی داهات دەیان بزوێنێ و (بۆئەمەش مەرج وستانداردی خۆیان هەیە) چۆن و بەچ میکانیزمێک لە فەزای ئانارشی بازاڕ و گەندەڵی و دەستەبەندی حزبەکان و ڕۆڵیان لە ئابوری و سیاسەتدا، دەتوانێ ڕەوتی بەرهەمهێنان بەئاراستەی ڕاکێشانی خزمەتگوزاریەکان بەرەو ئۆردوگاکان و ناوچەکەناریەکان، کۆنترۆڵ بکات؟ لەمەش زیاتر بزوتنەوەی گۆڕان کەباوەڕی بەمەرکەزیەتی ئابوری نییە و جوگرافیای ئابوری فیدراڵیزە و خودموختار دەکاتەوە، چۆن ماستەر پلانی ئاوەدانکردنەوە لە کێشە و ململانێ ئابوری و سیاسیەکانی هەرێم دەردەکێشی، تابتوانێ "دادی کۆمەڵایەتی" لە گەشەی ئابوریدا زامنبکات؟ لەمێژوودا ئەو ڕاستیە ئابوریە ئامادەیە کە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپای ساڵانی ٦٠ و٧٠ کان توانیان لە ڕێگای مەرکەزی کردنەوەی ئابوری و دەخاڵەتی دەوڵەتەوە وەک فۆرمێک بەپێی تیۆریەکانی کینزیەت کە دەوڵەت جڵەوی ئانارشیزمی بازار دەگرێ و بەرنامەریزی ئابوری وەک

ستراتیژیەک بۆ بەدیهێنانی "کۆمەڵگای خۆشگوزەران"، ڕاکێشانی خزمەتگوزاریەکان لە بوعدێکی فراوانی جوگرافیدا توانی بەدی بهێنێ. بەڵام هێشتا نەیتوانی جیاوازی نیوان شارەکان و گوندەکان بەیەکجاری بسڕێتەوە. ئایا بزوتنەوەی گۆڕان بەسیاسەتی دڵخوازنەو نازانستیانەیەوە و بە"ئاسۆیی کردنەوەی پرۆسەی گەشەو ئاوەدانی" دەتوانێ بەم ئامانجە بگات؟..

ڕاستیەکەی ئەوەیە کەباسی جیاوازی نێوان شار و لادێ،(هەروەها جیاوازی نێوان کاری جەستەیی وکاری زهنی) بابەتێکە لەگەڵ موڵکیەتی تایبەتی و سیستەمی سەرمایەداریدا خەسڵەتێکی ناچارییە و تا ئەم واقعیەتە ئابوریە لەئارادابێت ئەوا ئەم جیاوازیە بەم یان بەو ئاستە دەمێنێتەوە و چەمکی "دادی کۆمەلایەتی" دەکاتە ئەنجامێکی ناکام، چونکە ڕەوتی سەرمایە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و گوێزانە و کەڵەکەبوون و چەقبەستنیدا، مەیلی بەدوای قازانج و زیادکردنی خۆیەوەیە و یاسای تێچونەکان و خێرا بەرهەمهێنانەوە، بەپێویست چەقبەستنی دانیشتوان و فراوان بونەوەی شارەکان وەک مەڵبەندێک بۆ کۆبوونەوەی هێزی کار دەکاتە کارێکی حەتمی و بەم هۆیەشەوە پرۆسەی ئاوەدانی و ڕاکێشانی خزمەت گوزاریەکان (وەک وەڵامێک بە پێداوسیتییەکانی قازانج هێنانی سەرمایە وکەلەکەبوونی) نامەوزون دەکات. لەم ڕوانگەیەوە کاتێک دەتوانرێ جیاوازیەکانی شار و لادێ بەیەکجاری بسڕدرێتەوە کەئەم "نامەوزون"یەو خودی سیستەمی سەرمایەداری هەڵوەشێتەوە و لەجێگەیدا ئابوری سۆسیالیستی وموڵکداریتی گشتی شوێنی مولکداریتی سەرمایەداری بگرێتەوە.

**چوارەم: "داهاتی نیشتمانی و داهاتی تاکەکەس":**

لەکۆتاییدا پرۆگرام لەیەکێک لەخاڵەکانی ئەم بەندەدا، ئاماژە بۆ داهاتی نیشتمانی و تاکەکەس دەکا ودەڵێت:

> "دانانی پلانێکی نیشتمانی هەمەلایەن، لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەیەکی ستراتیجی و کارنامەیەکی حکومی ڕۆشندا، بۆ بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاکەکەس و داهاتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا."

لەم بارەیەوە سەرەتا با ئەوە بڵێین کە"بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی" شتێکی تر نییە جگە لەزیاد بوونی سەرمایە و قازانج لەدەستی چینی فەرمانڕەوادا، یانی لەدەستی دەوڵەت و ئەو گروپەی کە دەسەڵاتی لەدەستدایە. بەرزکردنەوەی ڕیژەی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەش، هەمیشە لەسەر حسابی چەوسانەوە و هەژار ڕاگرنی کارکردوانی کۆمەڵگایە، لەمەدا ئیتر باسی "دادی کۆمەڵایەتی" قسەیەکی پوچ و بێمانایە کە بزوتنەوەی گۆڕان کون وکەلەبەرەکانی پرۆگرامەکەی پێ پرکردۆتەوە. بەتایبەتیش کە پێمان ناڵێت هاوسەنگی نێوان داهاتی تاکەکس و داهاتی نیشتمانی چۆن زامن دەکرێ؟ بەچ ڕێژەیەک هەریەک لەم دوو داهاتە بەرزدەبنەوە، تا "دادی کۆمەڵایەتی" بەدی بێت!!.. بێگومان سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان کە سیستەمی سەرمایداری بە بنەما وەرگرتووە، هەرچۆنێک "گەشەی ئابوری و ئاوەدانی و ژێرخانی هەرێم" تا ڕادەی "هەرێمێکی هاوچەرخ" پەرە پێبدات هێشتا جیاوازی لەنیوان ئەم دوجۆرەداهاتەدا وەک نایەکسانیەک دێڵێتەوە. بەڵام لەبارەی داهاتی تاکەکسیەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە مەبەست لێی یانی ئەو ڕێژەیەیە کەتاک دەتوانێ بەهرەمەند

بکات لەکاڵاکانی بژێوی و مەسکەن و ڕەفاهی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری، ئەمەش بە مانای بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی تاکە و کردەیەکە لەدژی ڕەوتی باوی ئابوری بەدی دێت، واتە بەخەبات و جوڵانەوەی کرێکاران و کارمەندان و زەحەمتکێشان لەدژی دەسەڵات و سیستەمە ئابوریەکەی نەک بە "پلانی نیشتمانی". بزوتنەوەی گۆڕان کە لەسەرتاپای بەرنامەکەیدا، قسەیەک لەبەرزبوونەوەی ئاستی کرێ، خۆڕایی کردنی خانو بەرە، خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و هاتوچۆ، لە بیمەکۆمەلایەتیەکان،.. ناکا چۆن داهاتی تاک بەرزدەکاتەوە؟ لەکاتێکدا لە سیستەمی سەرمایەداریدا داهاتی نیشتمانی لەسەر بنەمای لەخوارەوە راگرتنی داهاتی تاکە؟ واتە داهاتی نیشتمانی بەورادەیە ئەتوانێ بەرزبێتەوە کە بەرکەوتەی تاک لە داهاتە کۆمەڵایەتیە بەدەستهاتوەکاندا، بەڕێژەیەکی ناهاوتا و کەم رابگیرێ.

## ٤/ هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری، دیدگای ناسیونالٌ ڕیفۆرمیزمی بۆرژوایی و گەرانەوە بۆ مەکتەبی گەشەی ئابوری

وەک ئەڵقەیەکی تەواوکەر لە سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا، پرۆگرام لەبەندی ٤ دا، مەسەلەی" هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری" دەهێنێتەکایەوە و لەپێشەکیەکی کورتدا دەڵێت:

<u>بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان</u> پێویستی بە نەخشەیەکی گشتییە بۆ <u>هاندانی بەرهەمهێنان لە بواری کشتوکاڵ، پیشەسازیی، سەرمایەگوزاریی دەرەکی و ناوەکی</u>، سیاسەتی بانکی و <u>هاندانی کەرتی تایبەت</u> لە بواری بەرهەمهێناندا، لە دۆخێکی ئاوهادا هەرێمی کوردستان دەتوانی <u>پرۆسەیەکی گواستنەوەی گرنگ ئەنجام بداو لە هەرێمێکی بەرخۆر و سەرفکەرەوە ببێتە هەرێمێکی بەرهەمهێن</u>، هەرێمێک کە توانای روبەڕوبونەوەی هەڕەشەی دەرەکی هەبێت و لە کاتی گەمارۆدا توانای هەبێت پشت <u>بەخۆی ببەستێ</u>.

ئاشکرایە کە هاندانی بەرهەمهێنانی ناوخۆ وسەرمایەگوزاری، گۆشەیەکی سەرەکی سیاسەتی ئابوری هەردەوڵەتێکە لەدونیای ئەمرۆدا، کە لەبەر ڕۆشنایی کاردابەشکردنی جیهانی وسیستەمی بانکی و بازرگانی دەرەکی و دامەزراوە ئابوریەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی، سندوقی دراوی نێودەولەتی و ڕێکخراو ڕێکەوتنە ئابوری و بازرگانیە ناوچەیی و وڵاتیەکاندا، هەروڵاتێک بەپێی فۆرمە ئابوریەکەی و جێگاو ڕێگای لەبەرهەم هێناندا، دیاریدەکات. ئەگەر ئەم سیساتە لەئابوری کلاسیکدا وەک ئەوەی ڕیکاردۆ و ئادەم سمێس باسیان لێوەکردووە کە مونافەسە و یاساکانی بازاڕ فاکتۆری، بڕیاردەرە کە دەوڵەت لەسەری لەنگەر دەگرێ، هاوکات بەو هۆیەوە کە ئابوری بازاڕ لە ئەنجامی جیابوونەوەی سەرمایەی مالی لە سەرمایەی پیشەسازی و بەشبەشبوونەوەی لقەکانی سەرمایەی بازرگانی و بانکی و عەقارات لەیەکتر، گەشەی ئابوری سیفەتی "بەرهەمهێنەری فرەکالایی" و جۆراوجۆر وەربگرێ و لەم ڕێگایەشەوە سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری مەودایەکی سەرودەوڵەتی وەردەگرێ و ناچنە ناو خانەی دابەشبوونی کەرتەکانی

گشتی و تایبەتیەوە. بەڵام لەمەکتەبی گەشەی ئابوریدا، سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنانی خۆماڵی و سەرمایە گوزاری (ناوخۆ و دەرەکی) وەک ئەڵقەیەکی تەواوکاری بەرنامەڕێژی ئابوری دەوڵەتی (یانی ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان پیی دەڵێت "پلانی نیشتمانی")، وەک سیاسەتێکی ئاڕاستەکراو کۆنترۆڵ کراو لەچوارچێوەی سیاسەتی ٥ و١٠و ٢٠ ساڵیدا بەدەستەوە دەگیرێ. لەم فۆڕمە ئابوریەدا کە هێشتا بەشەکانی سەرمایە لێک جیانەبوونەتەوە و دەوڵەت و دەسەڵات ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و بازرگانی و سیستەمە بانکەیەکاندا دەگێڕێ و سیفەتی بەرهەمهێنانی "تاک کاڵایی"، بەحوکمی کاردابەشکردنی جیهانی و ڕۆڵی سەرمایەی دەرەکی، بەناچار بنەمای ئەم سیاسەتە ڕوی لەبەرگرتنە لەکاڵا و سەرمایەی دەرەکی و هاندانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیە. کە دیارە لەپشتیەوە ئەو دیدگا بۆرژوا ناسیونالٚ ڕیفۆرمیستیە خەوتووە کە گوایە سەرمایە و کاڵای دەرەکی ڕێگرە لەبەردەم ئاستی گەشەی بەرهەم هێنانی ناوخۆیدا و سەرەنجام لەگەڵ شکست بەرەورویان دەکاتەوە، بۆیە دەبێ ئابوری وڵات پشت بەخۆی ببەستێ و "سیاسەتی ئابوری خۆژێن" لەبەرامبەر کاڵا و سەرمایەی دەرەکیدا بگیرێتەبەر. هەرئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە"بەرهەمهێنانی فرەکاڵایی" و هەمە جۆرکردنیان پەکبخا و کۆمەڵگا لەبەرهەمهێنەوە بگۆڕێ بە کۆمەڵگایەکی مستەهلیک و تاک بەرهەمهێن. بەڵام مادام ئابوری دەوڵەت و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە جومگە ئابوری و بازرگانیەکاندا زاڵە، کەرتی تایبەتی وەک ئەڵقەیەکی تەواکاری کەرتی دەوڵەتی(کەرتی گشتی) شوێن دەگرێ و سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری بەکردەوە لەبەرئەنجامی وازهێنانی دەوڵەت (بەپێی بەرنامەڕێژیە ئابوریەکەی) لەهەندێک بواری بەرهەمهێناندا لەناوخۆدا، خۆی دەبینێتەوە لەوانە، پیشەسازی تەکمیلی، مۆنتاژ، کارگە و بازرگانی بچوک لەبوارەکانی مەوادی خۆراکی، پۆشاک، دەرمانی، بیناسازی و هەموو ئەو بوارانەی کە سەرمایەی مامناوەند و بچوک ڕووی تێدەکەن، کە دیارە ئەمانەش بەپێی سیاسەتێکی باج و بازرگانی و بانکی ئاڕاستەکراو کە دەولەت لەبەرنامەکەیدا دایڕشتووە بۆ گەشەی ئابوری هاندەدرێن و بواری سەرمایەگوزاریان لەبەردەمدا دەکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە تەجروبەی "وڵاتانی سێهەم" نەیانتوانیوە لە ڕێگای ئەم مۆدێلەوە لەسیاسەتی هاندان و سەرمایەگوزاری هیچ ئاستێکی باشبژێوی بۆ سەر ژیانی خەڵک بەدیبهێنێ، هاوکات لەبەرامبەر ئامانجی گەشەی ئابوریدا بە بنبەستو شکست گەیشتووە و نەیتوانیوە ووڵات بەرەو کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەری هەمجۆری کاڵا بەرێت. کەچی تازە بەتازە بزوتنەوەی گۆڕان بەدور لەبەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیان، وەک سیاسەتێکی جیاواز دەستی پێوەگرتووە و دەیەوێت "سەرمایەی کەرتی تایبەت" هانبدات بۆ سەرمایەگوزاری و بەرهەمهێنان تا "هەرێمێکی بەهێز" کە "توانای ڕاوەستان و پشتبەستن بەخۆی هەبێت لەبەرامبەر هێرشە دەرەکیەکاندا". سیاسەتێکی ئاوا جگەلەوەی هیچ بەرژەوەندیەک لەگەڵ خەلکی کرێکارو دەستەنگی کوردستاندا پەیداناکات، ڕاستەوخۆ رۆڵ و بەرژەوەندیەکانی ئەو بەشە لە سەرمایەدار و خاوەنکار و بازرگان و کۆمپانیاکان بەهەند وەرگرتووە کە چاویان لە پرۆژەکانی دەسەڵاتە تا ئاهێک بەبەریاندابێ و سەرمایە و قازانجی زیاتر کەڵەکە بکەن. ئەو ئومێدەشی کە بزوتنەوەی گۆڕان لە سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاریدا بە سەرمایەداری بچوک و مام ناوەندی بەشی

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

تایبەتیەوە گرێداوە و گوایە ئەوان دەتوانن هەم "هەرێمی کوردستان لەپرۆسەیەکی گرنگی گواستنەوەدا لەهەرێمێکی بەرخۆریەوە بۆ بەرهەمهێن" بەرن، وەهەم لەبەرامبەر هەڕەشە دەرەکیەکاندا"ئابوری پشت بەخۆبەستوو" زامن بکەن، جگە لە خەونێکی پوچی بۆرژوازی، هاوکات ڕاکێشانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە بۆ نێو دۆخێکی پڕ لەچەوسانەوە و تەحەمولکردنی ژیانێکی مەمرەومەژی، تا سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی بتوانن کوردستان ئاوەدان بکەنەوە و سەر لە دەورەی گەشەی ئابوری دەربهێنن. بەڵام بۆ زیاتر دەرخستنی ماهیەتی بۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی بزوتنەوەی گۆڕان و گەڕانەوە بۆ مەکتەبی گەشەی ئابوری، لە سیاسەتی هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاریدا، بە باشی دەزانین هەندێک لەو خاڵانەی کە پرۆگرام لەم ڕاستایەدا وەک "ئامانج کۆششیان" بۆدەکات و لەخۆیدا جێگیری کردووە بهێنینەوە و سەرنجێکیان لەسەربدەین:

١/ "**هەرێمی بەرخۆری وهەرێمی بەرهەمهێن**".. لەم بارەوە پرۆگرام لەخاڵێکدا ئاوا دەڵێت:

"دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ بەرزکردنەوەی رادەی بەرهەمهێنان و نزمکردنەوەی رادەی بەرخۆری (استهلاک) لە کوردستاندا"

با لەوە بگەڕێین کە"دانانی پلانی نیشتمانی" وەک فاکتۆرێکی سەنتەر لە سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا تا چ ئاستێک دەستی بۆبراوە و چۆن هەموو مەسەلەکانی پێوە پەیوەند کراوە، بەڵام پێمان ناڵێت کە چۆن و بەچ میکانیزمێکی ئابوری ئەم پلانە "ڕادەی بەرهەمهێنان بەرزدەکاتەوە" و "ڕادەی بەرخۆریش نزم دەکاتەوە". وەک لە تێکستەکەشدا بە ڕۆشنی دەردەکەوێت ڕادەی بەرهەمهێنان خراوەتە بەرامبەر ڕادەی بەرخۆریەوە و بەم جۆرەش بزوتنەوەی گۆڕان لایەنگری بەرهەمهێنانە لەدژی بەرخۆری. ئەمە ئیتر لایەنگریەکی ڕۆشنی بۆرژوازی خۆماڵیە لەبەرامبەر بەکاربەراندا و ڕیشەی ئەم لایەنگرییەش بۆ دیدێکی بۆرژوازیی و عامگەرا و شەرقی دەگەڕێتەوە کە پێی وایە کۆمەڵگای کوردستان بەرهەمهێنەر نییە و بەرخۆرە! بەرادەیەی ئەوەش سەرنجی بۆ دەدات کە بەرخۆری"نەنگییەکە" بە ئابوری کوردستانەوە نوساوە و دەبێ کار بۆ هەڵگرتنی بکرێ! ئەمە بەرنامە ڕیفۆرمخوازیە ئابوریەکەی بزوتنەوەی گۆڕانە. بەڵام ئایا لەزانستی ئابوریدا ئەم بۆچوونە بۆرژواییە واقعیەتی هەیە؟. ئایا کۆمەڵگای کوردستان بەرخۆریە، ئەگەر وایە هۆکاری ئەمە چییەو لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟
یەکەم: بەپێچەوانەی دیدگا بۆرژوا ڕیفۆرمەکەی بزوتنەوەی گۆڕانەوە هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ بەرهەمهێنان بوونی نییە و هەر ئاستێک لە بەرهەمهێنان لە دوتوێی فۆرمە ئابوریەکاندا فاکتۆری بڕیاردەرە بۆ ئاست و قەوارە و جۆری بەکاربردن. دووەم بەرهەمهێنان و بەرخۆری لەسیستەمە ئابورەیە جیاوازەکاندا هەرگیز لێک جیاناکریتەوە و دووڕووی پێکەوە گرێدراوی هەر فۆرمێکی ئابورین، بەرادەی ئەوەی کە بەرهەمهێنان لەهەمان کاتدا بەرخۆریە و بەرخۆریش لەهەمان کاتدا بەرهەمهێنەریە. سێهەم: هەردوک ئەم چەمکە لەزانستی ئابوریدا مانای گشتی و تایبەتی وەردەگرن. بۆنمونە بەرهەمهێنان بەمانای تایبەتیەکەی لەهەمانکاتدا بەکاربردنە کاتێک کە ئامرازەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنان بەپێویست بۆ گەیشتن بە"کاڵای دوایی"سەرف دەبن. (لەبەرهەم هینانی

کالایەکدا، وزە، ئامرازەکان، مەوادی سەرەتایی، هێزی کار، دراو، شوێن و کات.. ئەمانە کە خۆیان کالاًن، دەبێ سەرف بکرێن (واتە بەکاربیرێن) تا پرۆسەی بەرهەمهێنان بەکۆتایی خۆی بگات). بەمانا گشتیەکەشی بەکاربردنی کالاکان دیسانەوە مەرج و بناغەی دەست پێکردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانە. بۆ نمونە کالا خۆراکیەکان و کالا تەکمیلیەکان ئەگەر سەرف نەکرێن چ لەلایەن ئینسان ودانیشتوان خۆیانەو چ نەخرێنەوە بواری بەرکاربردنەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ئەوا کەڵەکە دەبن و بەناچاری بەرهەمهێنان گیرۆدەی قەیران و ڕاوەستان دەبێ. نوسەرانی پرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆڕان کە سەریان لە مەکتەبی ئابوری گەشەوە دەرهێناوە و پشتیان لە ڕاستیەکانی زانستی ئابوری کردووە، ئەم ڕاستیە نابین و ئابوری کوردستانیان لە نێوان بەرخۆری و بەرهەمهێنەریدا دڵخوازانە دابەشکردووە تا سیاسەتی ئابوری خۆیان وەک لایەنگرێک لەسەرمایەداری بەرهەمهێن ئاڕاستەبکەن و لەدژی بەرخۆری، یانی هاوڵاتی بەکاربەر بیانخەنە جەنگێکی ئابوریەوە، کە بێگومان ڕیشەی ئەم راستیە لەبەرژەوەندیە چینایەتیەکانی ئەواندایە. بەتایبەتی کە پێدەچیت لە پشت سەرزەنشتکردنی دیاردەی بەرخۆریەوە وێنایەک بە دانیشتوان و کۆمەڵگای کوردستان بدەن کە تەمبەڵن و مەشغوڵی بەرخۆری و بەکار بردنی کالاکانن!

واقعیەت ئەوەیە کە دیاردەی هەرە بەرزی بەرخۆری بەمانا گشتیەکەی لەئابوری کوردستاندا، ڕیشەی لە فۆرمی ئابوری سەرمایەداری کوردستاندایە، ئەم واقعیەتەش نە دروستکراوی ڕۆشنبیرانێکی ناسونال ڕیفۆرمیستە و نە حاڵەتێکە کە بکرێ بە پلانێکی نیشتمانی وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان لە سیاسەتە ئابوریەکانیدا دڵخوازانە دەیەوێت ئاستەکەی نزمکاتەوە، بەدی دێت. چونکە ئەگەر بەمانا گشتیەکەی بەرخۆری وەربگرین ئەوا مەبەست لە بەکاربردنی کالاکانی بژێوی خەڵکە کە لە ئابوری کوردستاندا زیاتر لەدەرەوە بۆی هاوردە دەکرێ. ئەم راستیەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە کوردستان وەک بازارێک بۆ ساغکردنەوەی کالای دەرەکی جێگای گرتووە. بەڵام هەرلەم پەیوەندەدا دەبی ئەوە بڵێین کە بەرین بوونەوەی ئاستی بەرخۆری ڕووی لە کالا پێویستەکانی بژێوی دانیشتوانی کوردستانە. حاڵەتێکی واش بەپێی تایبەتمەندیە ئابوریەکانی سەرمایەداری کوردستان وەک حەوزەیەک بۆ سەرەوژێربوونەوەی سەرمایەی دەرەکی (ئیمپریالیستی) و ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزان، خۆی خەسڵەتێکی بنەڕەتی شێوازی ئابوری سەرمایەداریە لە کوردستان کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی هێزی کاری هەرزان دامەزراوە و دەەڕوابەڕیوە. بەواتایەکی تر دەرکەوتنی دیاردەی بەرخۆری لە هاوردەکردنی ئەو کالایانەوە سەری هەڵداوە کە زیاتر بەکاردەبرێن بۆ پرکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و وەک کالا پێویستەکانی دابین کردنی ئاستی بژێوی هێزی ئامادەبەکار و کارکردوو جێگایان هەیە. بەڵام بەدەست هێنانی ئەم کالایانە لە دوونیای ئەمڕۆدا کردەیەکی جیهانیە و بازاڕی هیچ وڵاتێک ناتوانێ هەموویان لەناوخۆدا دابین بکات (شکستی سیاسەتی ئابوری خۆژێن و پشت بەستوو بە پیشەسازی خۆماڵی لەمەکەتەبی ئابوری گەشەدا لێرەوە سەردەردێنێ)، چونکە بۆرژوازی لەهەر وڵاتێکدا لەسەر قانونی کەمی تێچوی ئەم کالایانە و هەرزان ڕاگرتنی ئاستی بژێوی چینی کرێکار و کارکردوان کاردەکات و بە پێویست واز لە بەشێکی زۆریان دێنێ و دەست لە بەرهەمهێنانیان

هەڵدەگرێ و لە پرۆسەی مونافەسەی بازاڕدا، بە وڵاتگەلێکی تر دەسپێرێ کە بەتێچونێکی کەم بەرهەم دەهێنرێن، ( یاسای بەهای ڕیکاردۆ و بازارگانی و ئالۆگۆری کاڵاکان باس لەوە دەکات کە چۆن بەریتانیا وازی لە بەرهەمهێنانی لۆکە هێناوە و ڕووی لەبازاری جیهانی کردووە تا بە تێچونێکی کەم بەرەو بازاڕی ناوخۆ سەرەوژێریکاتەوە). بۆرژوازی کورد وەک بۆرژوازی هەر وڵاتێکی تر کە ئەقلی قازانجپەرستی و کەڵەکەی سەرمایە لە کەللەسەریدایە، ئاشقی خاک و ئاو و بەرهەمە سروشتیەکانی وڵاتی خۆی نەبووە تا پەتاتە و تەماتە و برنج و سەوزەوات و ماست و پەنیر و پۆشاکی خۆماڵی کە بە تێچونێکی گران و بەماوەیەکی زۆر و بە تەرخانکردنی سەرمایەیەکی زۆرەوە بۆ بەرهەمهێنانیان چاو لە بازاڕی ناوخۆ بکات تا کاڵا و پێویستەکانی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی کرێکاران و کارکردوانی کۆمەڵگا دابین بکات، لەکاتێکدا ئەم کاڵایانە بە کوالیتی گونجاو و هەرزانەوە، لە بازاڕی جیهانی و وڵاتانی دەوروبەردا لەبەردەستدابن و بەسانایی زامن بکرێن. ئەمە ئەو قانونەیە کەبەرخۆری کردۆتە سیمایەکی ئابوری کوردستان نەک نەبونی پلان و ئەقڵیەتی خراپی دەسەلاتداران.

**٢/ بازرگانی و کێشەی شمەکی هەنارده و هاورده.** لەمبارەوە لەخاڵێکدا پرۆگرام ئاوا باس دەکات:

"دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ زیادکردنی بڕی شمەکی هەنارده و کەمکردنەوەی بڕی شمەکی هاورده"

لەقسەکانی پێشوتردا ئەو یاسایانەمان خستەروو کە بۆچی دیاردەی بەرخۆری سیمایەکی تایبەتی ئابوری کوردستانە و ئاماژەمان دا بەوەی کە چۆن بەرهەمهێنانی کۆمەڵەی ئەو کاڵایانەی کە پێویستن بۆ دابین کردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، کردەیەکی تاک وڵاتی نییە و بەرهەمهێنانی هێزی کاری هەرزان وادەخوازی کە بۆرژوازی و سەرمایەداری هەر وڵاتە پشت بە بازاڕی جیهانی ببەستێ و بەکەمترین و هەرزانترین تێچوون دابینیان بکات، خودی هەر ئەم یاسایە لاسەنگی لە نێوان "شومەکی هاورده" لەسەر حسابی "شومەکی هەنارده" بەوجود دێنێ. چونکە هەنارده و هاورده وەک کردەیەکی بازرگانی پاشکۆی ئەم یاسایە دەبێت. بەتایبەتی کاتێک بۆرژوازی و سەرمایەداری کوردستان کاڵاکانی پێویست بەژیان و گوزەرانی کرێکاران و هاوڵاتیانەوە، بەهەرزانترین و هەمجۆربونەکەیەوە لە بازاڕی جیهانی و دەوڵەتانی دراوسێدا خرابێتە بەردەست، پێویستی بەوە نییە کە سەرمایەی خۆی پەرت بکا و بێئامانج بیخاتە بەرهەمهێنانی کاڵایەکی خۆماڵیەوە کە دەزانێ بەو نرخە ناتوانێ بیخاتەوە بەردەم بەکاربەران کە قازانجی زیاتری لێوەدەستبهێنێ. ئەمە ئەو واقعیەتەیە کە لاسەنگی لە نێوان هەنارده و هاوردەی شومەکدا پێکیهێناوە، کە دیارە هەڵگەرانەوەی ئەم واقعیەتە بەدانانی پلان نابێت، بەڵکو بە هەڵوەشانەوەی فۆرمی ئابوری باو و جێگرتنەوەی بە سیستەمێک مەیسەر دەبێت کە دابین کردنی ئەم کاڵایانەی لە بازنەی بازار و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەرکێشاوە، یانی ئابوری سۆسیالیستی. بەڵام نابێ ئەوە نادیدەبگرین کاتێک سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان "پلانێکی نیشتمانی" بەدەستەوە دەگرێ تا "بڕی شومەکی هەنارده" لەسەر حسابی کەمکردنەوەی ڕادەی"شومەکی هاورده"زیاد بکا، بە پێویست کاڵاکانی بەکاربردن کەزۆرتر لەلایەن هاوڵاتیانەوە

وەک پێداویستی بژێوی ژیانی ڕۆژانە بەکاردەبرێن، کەم دەبنەوە و نرخەکانیان گران دەبێ. کە دیارە ئەمەش بەقازانجی سەرمایەداری ناوخۆ و کۆکردنەوەی ڕێژەی زیاتر تەواو دەبێ. ئەمەیە ئەو سیاسەتە ئابوریەی بزوتنەوەی گۆڕان کە دەیەوێت "دادی کۆمەلایەتی" پێ بەدی بهێنێ!!

**٣/ پرۆگرام لەبارەی بانک وکشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سەرمایەگوزاری ناوخۆوە** چەند خاڵێکی ڕیزکردووە کە لە ڕاستیدا، شایەنی ئەوە نین لەبارەیانەوە قسەبکەین، چونکە زیاتر باری جوانکاری و پروپاگەندەیان هەیە، بۆ کەمپینەکانی کۆکردنەوەی دەنگو هەڵبژاردنەکان..

## لەکۆتایی ئەم تەوەرەیەدا وەك ئەنجامگیریەك لەباسەکەمان:

سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان، کە بە ئامانجی"هەرێمێکی بەهێز"ەوە کەوتۆتە دوای باوەڕە بۆرژوا ڕیفۆرمیستیەکانی مەکتەبی گەشەی ئابوری و ئالای ئاوەدانی و دامەزراندنی ژێرخانی ئابوری هەڵبڕیوە، نەک هەر لەدژی فۆرمی ئابوری و سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا نییە، بەڵکو تێدەکۆشی کە کەموکوڕی و ناکامیەکانی ئەم سیستەمە هەڵگرێ و ئەمەش لەژێر ناوی"دادی کۆمەلایەتیدا" بە خەڵکی کوردستان بفرۆشێ. ڕاوەستانەوە لە دژی گەندەڵی، بەرخۆری، ئیحتکاری پرۆژەکان لەلایەن سەرانی دەسەڵاتدارەوە، کەمکردنەوەی هاوردە، لایەنەکانی سیاسەتێکی بۆرژوازی نەتەوەیی و ڕیفۆرمخوازە کە مانەوەی بنەماکانی ئابوری سەرمایەداری و جیاکاریە چینایەتیەکانی لەپێشدا بە ئەسڵێکی دەستلێنەدراو وەرگرتووە. پشتبەستن بەباوەڕە بۆرژوایەکانی مەکتەبی گەشە و دیدگای عامگەرایی و دواکەوتوانەی شەرقی دەزگای تێڕوانینەکانی ئەم سیاسەتەیە کە واقعیەتە ئابوریەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئاوەژوودەکاتەوە. لەیەک وتەدا سیاسەتە ئابوریەکانی بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ باشکردنی ئاستی بژێوی هاولاتیان و خەڵکی کرێکار و کارمەند و دەستکورتی کوردستاندا بەرقەرا ناکات، بەڵکو ئەوان ڕادەکێشیتە شەڕی دەست ئاوەلابوونی کۆمپانیا و سەرمایەدارانی مامناوەند و بچوکەوە، تا لەسەر بنەمای مانەوەی پەیوەندیەکانی کاروسەرمایە، کەرتی تایبەت بتوانێ قازانج کەڵەکە بکات. لەم سیاسەتە ئابوریناداا، نە بەرزبوونەوەی ئاستی کرێ، دابین کردنی بیمە کۆمەڵایەتیەکان، نە دەستراگەیشتنی هاولاتیان بە خزمەتگوزاریەکان و نە ڕۆلێکیان پێدەدرێ لە سیستەمی شەفافیەت و ڕەقابەتدا، بگرە ئەوان بەدیار کاراکردنەوەی پەرلەمان و دەزگا سەروخەڵکیەکانی دەسەلاتی ئیستاوە ڕادەگرێ. هەموو ئەمانەش نیشاندەدەن کە سیاسەتی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان ئەو کۆمەڵە چاکسازیە بۆرژواییەیە کە ڕاستەوخۆ ڕووی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو بەشە لە چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمانیاکانە کە سیستەمی ئێستای ژێرسایەی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکان بەکەموکور بۆ خۆیان دەبینن و بەرژەوەندی خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە کۆنترۆل و قۆرغکاریەکان شلکەنەوە.

ماویەتی....



محسن کەریم

# ڕەوەندی کۆتایی هاتنی داعش‌و گۆڕانکاریە سیاسیەکان لە عێراق و کوردستان‌و ئەرکەکانمان

قەیرانی سەرمایەی ئیمپریالیستی لە دوای ساڵی ٢٠٠٨ەوە، ئابوری سەرتاپای جیهانی سەرمایەداری بەرەو شلەژاوی‌و بێ ئاسۆیی پاڵ پێوەنا. لەپاڵ هەوڵەکانیان بۆ شکاندنەوەی باری قەیرانەکە بەسەر شانی کرێکارو زەحمەتکێشدا، هاوکات ململانێیەکی سەختیش لەنێوان بلۆکە ئابوری‌و سیاسیە گەورەکانی بۆرژوازی- ئیحتکاری بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکەو خۆدەربازکردن لەسەر حسابی یەکتری دەستی پێکرد. ململانێی نێوان بلۆکە ئیمپریالستیەکان بۆ دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزو بازاڕی کارو کاڵاو جموجوڵی سەرمایە، لەناو هەلومەرجێکدا دەچێتەپێشەوە کە بە ڕۆژەکانی کۆتایی دنیای تاک جەمسەری دەژمێردرێت، ئەمریکا دەمێکەیە ئەوجێگاورێگا تایبەتەی کە وەکو سەرکردەی جیهانی سەرمایەداری هەیبوو، لەدەستی داوە. سەرمایەی ئیمپریالیستی لەجەرگەی دووبارە نەخشەکێشانەوەی ناوچەکانی نفوزو دەسەڵات و کۆنترۆڵی بازاری کاڵاو سەرمایەدا بەسەر چەند بلۆکو جەمسەردا دابەش بووەو ئەم پرۆسەیە لەناو بەرامبەرکێ‌و پێکدادانی بەرژەوەندیەکاندا بەشێوەیەکی مەترسیدار ڕەوتی بەسەرەنجام گەیشتنی خۆی دەپێوێ. یەکێک لە مەیدانە سەرەکیەکانی ئەم ململانێیەش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر کوانووی جەنگێکی بە وەکالەت دانراوە کە یاریزانە سەرەکیەکانی ئەمریکاو ئەوروپاو روسیاو چین و لەرێگای وەکیلە ناوچەییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت. داعش وەکو پێداویستیەکی ئەو جەنگە و بە هاوکاری و چرای سەوزی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، لەهەناوی بارودۆخی سیاسی قەیرانگرتووی سوریاو عێراقدا سەری هەڵداو پەلی هاویشت‌و مۆری

خۆی دا لە ڕەوەندی گۆڕانکاریە سیاسی و سەربازیەکانی عێراق و سووریا.
لەم دابەشبوونەدا، لەئاستی ناوچەکەدا، وولاتانی ئێران و عێراق و سوریا لەپاڵ بلۆکی روسیاو چین دا جێگایان بۆ خۆیان گرتوە. تورکیا و سعودیەو چەند وولاتێکی دیکەی عەرەبیش لەپاڵ ئەمریکاو ئەوروپادا بەشێوەیەکی گشتی راوەستاون. بەڵام ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی تورکیا لەدوای کۆدێتا سەرنەکەوتوە سەربازیەکەوە ئاراستەیەکی نوێی لە سیاسەتی حکومەتی ئاک پارتی و ئۆردوگاندا هێناوەتە ئاراوە، کە نزیکبونەوە لە روسیا وەکو بردنەسەری توانای مانۆڕکردنو کارتی فشار بەرامبەر ئەمریکاو ئەروپا دەستی بۆ دەبرێت. ئەم مانۆڕە سیاسیو ستراتیژیە ئەگەری ئەوەی هەیە شکڵو شێوەی جیاواز بە دابەشبوونو بلۆک بەندیەکانی ناوچەکە بدات. لەولاشەوە وولاتانی ئیمپریالیستی ئەوروپا بە هەندێک دورکەوتنەوە لە ئەمریکا بەشوێن بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی خۆیانەوەن و بەرەو ئەوە دەچن کە وەکو بلۆکێکی ئابوری- سیاسیو سەربازی سەربەخۆ جێگای خۆیان لە دابەشکردنە ئیمپریالیستیەکاندا بگرن.
داعش کە وەکو هێزێکی سەربازی- ئایدیۆلۆژی کە لە بەرەی تورکیاو سعودیەدا حسابی بۆ دەکرێتو بەشێک بوو لەو گروپ و دەستە ئیسلامیانەی کە ئەمریکا بەشێوەی جۆرواجۆر هاوکاری دەکردن و وەکو ئامێرێکی بەدیهاتنی ستراتیژی خۆی لەناوچەکەدا تەماشای دەکرد، بووبوە هۆکاری تێکدانی جێگیری سیاسی لەعێراق و سوریاو نانەوەی کارەساتو پەرەدان بە تیرۆرو کۆمەڵکوژی. ئەمەش بەتایبەتی دوای راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعش و بەرەوسەرچوونی خواستو مەرامەکانی بەشداریکردنی لە دەسەڵاتی ناوچەییدا وەکو هێزێکی لەرادەبەدەر کۆنەپەرستی بۆرژوازی، ئەوروپا وتەنانەت ئەمریکاشی بەو بڕوایە گەیاند کە دەبێ جڵەوی ئەم هێزە بگیرێت. پەلامارەکانی ئەمریکا لە پرۆسەی جڵەوکردن نەک کۆتایی پێهێنانی داعشدا لەژێرناوی"جەنگی دژی تیرۆر"دا دەستی پێکرد. ئەوروپاش وەکو هەنگاوێک لەرەوتی دوبارە سەربەرزکردنەوەی وەکو بلۆکو جەمسەرێکی ئیمپریالیستی، پەیوەست بوو بە جەنگی"دژی تیرۆر"ەوە، بەتایبەتی کە بەرژەوەندیەکانی نەک هەر لە سوریاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لە باکوری ئەفریقادا کەوتە بەر مەترسیەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رەوتو گروپە ئیسلامیەکان لە لیبیادا دەستی باڵایان پەیداکردو فرسەتی پەلهاویشتنی دەسەڵاتی داعشیش بۆ لیبیاش فەراهەم بوو.
دوای هاتنە ناوەوەی روسیا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆناو جەنگی سوریا، جێگاورێگای ئەمریکا لە نەخشەکێشانی سیاسیو سەربازی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا بەشێوەیەکی بەرچاو لاسەنگ بووە. ئەم لاسەنگیەی ترازووی هێز لەپاڵ شکستە سیاسیو سەربازیەکانی دیکەی ئەمریکا لە ناوچەکەو بەتایبەتی لە عێراقدا، بە ئاستێکی ترسناکتر بۆ هەژمونی ئەمریکا لەناوچەکەدا تەواوبووە. ئەوروپا کە ماوەیەکی زۆرە دەیەوێ خۆی لەژێر هەژمونی سەربازی و سیاسی و ئابوری ئەمریکادا دەربکێشێو وەکو وەکو بلۆکێکی سەربەخۆی ئابوریو سیاسی و تەنانەت سەربازیش رەفتاربکات، بەهێزبوونی داعشیش راستەوخۆ مەترسی بۆسەر بەرژەوەندیەکان و بگرە ئاسایشی ناوخۆی دروست دەکات، بۆیە بەرامبەر تەدەخولی سەربازی راستەوخۆی روسیا

لە سوریادا کاردانەوەیەکی پێچەوانە لەخۆی نیشان نەدا. سەرەنجام رەوتی گەمارۆدانی داعش لەرووی سیاسی و دارایی‌و سەربازیەوە دەستی پێکرد. دەوڵەتی ئەمریکا ناچاربوو کە دەستبەرداری روخاندنی ئەسەدو هاوکاریی گروپە ئیسلامیە نەیارەکانی بێت.

لەئێستادا رەوەندی سیاسی ناوچەکە و بەتایبەتی عێراق و سوریا بەرەو ئەوە دەچیت کە بەشێوازێکی دیکە یەکلایی بێتەوە. دەوڵەتە ئیمپریالسیتەکانی وەکو ئەمریکاو روسیاو چین و ئەوروپا لەسەر مێزی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکە کۆبونەتەوەو کۆبونەوەکانی جنێف، ئەگەرچی بە ناوی پرۆسەی ئاشتی لە سوریادا ناودەبرێ، بەڵام لەراستیدا یەکێکە لە ئەڵقە گرنگو چارەنوس سازەکانی رێکەوتنی نێوان بلۆکە گەورە ئیمپریالیستیەکان لەسەر دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز لەئاستی جیهانیدا. ئەمریکا تەنها لە سەر یەکلایی کردنەوەی کەیسی سوریا لەگەڵ روسیادا رێکەوتن ناکات، بەڵکو لەسەر کێشەکانی جزیرەی قەرم و ئۆکرانیاو پەلهاویشتنی ئەمریکاو ناتۆ بۆ سنورەکانی روسیاو باقی کێشەکانی دیکە، دەبێ بەرێکەوتن بگەن. لەم نێوەدا کێشەکانی نێوان ئەوروپاو روسیاش دەبێت بە جێگایەک بگەن‌و سەرەنجام کێشەو قەیران‌و شەڕەکانی سوریاو رۆژهەڵاتی ناوەراست یەکێک دەبن لە وێستگە گرنگ و ستراتیژیەکانی تەوابوونی پرۆسەی شکڵگرتنی دنیای فرەجەمسەری‌و کۆتایی هاتنی یەکجارەکی دنیای تاک جەمسەری ئەمریکا. هەر بەم پێیە سوریاو داعش لەئێستادا بونەتە سەنتەری یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیەکان‌و رێکەوتنامەی جنێف لە ئاکامی رێکەوتنی ئەو هێزو بلۆکانە لەسەر دابەشکردنەوەی بازاری جیهانی سەرمایە بەسەرەنجام دەگات.

لەناو ئەم پرۆسەی دوبارە دابەشکردنەوەی بازاری جیهانیەدا، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەگەری ئەوەی هەیە کە زۆرترین ئاڵوگۆڕی سیاسی بەسەردابێت‌و لەئاکامی ئەوەشەوە ئەگەری گۆڕانکاری لە جوگرافیای سیاسی ناوچەکەو جێگاورێگای دەسەڵاتە سیاسیەکانی ئێستا، ئەگەرێکی پێشبینی کراوە. مەسەلە مێژوویەکانی وەکو مەسەلەی فەلەستین‌و مەسەلەی کورد دوبارە وەکو دوو پرسی گرنگ دێنەوە سەر شانۆی سیاسی ناوچەکەو کاریگەری لەم رەوەندە سیاسی و ئابوری‌و سەربازیەی جیهان و ناوچەکە وەردەگرن و پیویستیان بە وەڵامدانەوەیەکی جیاوازە لەوەی تا ئێستا هەبوە. مەسەلەی ئاسایش‌و ئاوارەیی‌و دەورو دەخالەتی دین و بزوتنەوە دینی و ئیسلامیەکان و سیکولاریزم وەکو پرسە گرنگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە خۆیان دەخەنەروو. دەوڵەتانی ناوچەکە بەشێوەی جۆراوجۆر پریشکی ئەم ئاڵوگۆڕانەیان بەردەکەوێ. ئێران و تورکیاش ئەگەرچی وەکو دوو بلۆکی ناوچەیی بەهێز دەردەکەون، بەڵام ناتوانن لەو ئاڵوگۆڕانەی کە روبەرووی ناوچەکە دەبێتەوە خۆیان پارێزراوو دورەپەرێز رابگرن! توندکردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان ئێران‌و تورکیا هەوڵێکی ئەو دوو دەوڵەتەیە بۆئەوەی پردێکی هاوکاری‌و پێکەوە کارکردن لەنێوانیاندا بهێڵنەوە تا بتوانن ناتەبایی‌و ناکۆکیەکانیان لە هەلومەرجێکی کۆنترۆڵکراودا بەرنە پیشەوەو لەدەستی هەردوولایان دەرنەچێ.

دەوڵەتی تورکیا کە بۆ چەندین مانگ دەچێت، دوای شکستی پرۆسەی ئاگربەست، راستەوخۆ دەرگیری ململانێیەکی سەخت بوەتەوە لەگەڵ پەکەکەو لەرووی بارودۆخی ناوخۆییشیەوە

ئاماژەکان ئاسۆیەکی روون پیشان نادەن. کۆدێتا سەربازیە سەرنەکەوتوەکەی تورکیا قوڵیی ئەو کێشانە دەخاتەروو، هەروەها دەرگای دەستپێکردنی دەورەیەکی تازەی لە لێکترازانو پەشێوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو وولاتەدا کردۆتەوە. پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپا و تووشی ئاڵۆزیو لێڵی بووە. حکومەتی ئەکەپەو ئوردوگان لەناو گێژاوێکی سیاسی ناوخۆییو تەریک کەوتنەوەیەکی دیپلۆماسی‌دا بە قبوڵکردنی پۆزش بۆ روسیا، دوای ئینکارکردنێکی چەند مانگی، لە هەوڵی پەیداکردنی رێگایەکی دەربازبووندایە. ئومێدی تورکیا بۆ بەدەستەوە گرتنی داعش وەکو کارتێکی دەستوەردان لەکاروباری سیاسی ناوچەکەو سوریا بەرەو لاوازی و کوژانەوە چووە. سەرەنجام تورکیا ناچاربوو لە دوای هەموانەوە پەیوەست بێت بە بەرەی شەڕ دژی داعشو لە دەوڵەتی پشتیوانی داعشەوە ببێتە دەوڵەتی نەیاری داعش! هێزێکی وەکو پەیدە کە تورکیا بەنەیاری خۆی دەزانێت، لەچوارچێوەی بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازیەکانی هەریەکە لە ئەمریکاو روسیا لەناوچەکەدا پێگەیەکی پەیداکردوەو ئەگەری ئەوە زۆرە لەنەخشەی سیاسی داهاتوی سوریادا جێگایەکی پێببڕێت. روو وەرگێڕانی ئوردوگان بەلای روسیاداو نەرمی نیشاندان لە کەیسی سوریا بە قازانجی ستراتیژی روسیاو هەروەها پەیوەستبوونی تورکیا بە شەڕی دژ بەداعش بۆئەوەیە کە ئەم بارە لارە ناوخۆییو ناوچەییە راست بکاتەوە.

ئێران کە وادەردەکەوێ خاوەنی قورساییەکی زیاتربێت لە هاوکێشەی سیاسی- سەربازی ناوچەکەداو بوونی لەپاڵ روسیادا جێگاو پێگەیەکی باشتری پێبەخشیوە، لەئاستی ناوخۆدا کێشەکانی نێوان دەستەی فەرمانڕەوا قوڵتر بونەتەوە. عێراق کە بەناوچەیەکی نفوزی گرنگی ئێران دادەنرێت، تووشی قەیرانێکی کوشندەی سیاسی و حکومەتی بووە. دەرگیربوونو تێوەگلانی ئێران لە کۆمەڵێک کێشەی ناوچەیی، لە سوریاو یەمەن و لوبنان باری سەر شانی ئەو رژێمەی قورستر کردوە. رێکەوتننامەی نێوان ئێران و وولاتانی (٥+١) روبەرووی گرفتی جدیە کە هەمیشە هەڕەشە لە جێگیری سیاسیو تێکچوونی زیاتری بارودۆخی ئابوری ئەو وڵاتە دەکات. فاکتەرەکانی فشارو تێکچوونی بارودۆخ لەسەر دەوڵەتی ئێران کەم نیە. هەوڵەکانی سعودیە بۆ هاوکاریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و چەکداریی رژێمی ئێران بەو ئاقارەدا کاردەکات. کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر کێوی هەژاری و بێمافیو بێدەرەتانی ئابوریو سەرکوتی سیاسیو داپلۆسینو لەسەر کوانووی نارەزایەتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش راوەستاوە.

بارودۆخی سیاسی و ئابوری عێراق و کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر بەرەو داڕمان و تێکچوون چووە. سەرهەڵدانی داعشو کۆنترۆڵکردنی بەشێکی خاکی عێراق، بۆ ماوەیەک کێشەکانی ناوخۆی هێزەکانی دەسەلاتداری عێراقی هێورکردەوە، بەلام کۆتایی پێنەهێنان. ئێستا کە رەوەندی پاشەکشەی داعش دەستی پێکردوەو خەریکە کۆتایی تەمەنی داعش لەسەر مێزی رێکەوتنی نێوان ئەمریکاو روسیاو بلۆکە ئیمپریالیستەکاندا دەنوسرێتەوە، هێزە سیاسیو چەکدارە دەسەلات بەدەستەکانی عێراقو کوردستان خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ هەلومەرجی دوای داعشو دیاریکردنی نەخشو جێگاوڕێگای خۆیان لە گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ناوچەکەدا. کێشمەکێشی نێوان هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەو باڵەکانی لەلایەک و ململانێکانیان لەگەڵ هێزەکانی

ئیسلامی سیاسی سونەو هێزو لایەنەکانی بۆرژوازی کورد لەلایەکی دیکەوە، ئاماژەیەکە بۆ دەرکەوتنو گیرسانی ئەو هەلومەرجە تازەیە.

ئەو بنبەستەی کە دەسەڵاتی سیاسی عێراقی تێکەوتوەو لێکترازانو قوڵبونەوەی کێشەو ململانێی نێوان هێزو رەوتە سیاسیەکانی بۆرژوازی عێراقی بە کوردو عەرەبەوە، ئایندەی عێراقی وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو خستۆتە ژێر پرسیارەوەو ئەگەری هەڵوەشانەوەو دابەشبوونی عێراق، وەکو مەرجێک بۆ دابینوونی جێگیری سیاسی بۆ بۆرژوازی جیهانی و ناوچەکە قبوڵ بکرێت. ئاڵۆزیو گیرخواردوویی‌و بێئاسۆیی قەیرانو کێشمەکێشەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم پرۆسەیە لەناو ململانێیەکی پڕ توندوتیژیدا بەسەرەنجام بگات، بەتایبەتی کە دابینبوونی جێگیری سیاسی‌و دەسەلاتی سیاسی لە عێراقدا بە توندی بە جێگیربوونی سەقامگیری سیاسیەوە لە ناوچەکەو بەتایبەتی تر لە سوریادا گرێی خواردوە. یەکێک لەو سیناریۆیانەی کە ئەگەری زۆرە خەڵکی عێراق و کوردستان روبەرووی ببنەوە، قوڵبوونەوەی کێشەی نێوان هێزە سیاسیەکانی بۆرژوازی عەرەبی‌و کوردیە کە هەوڵ دەدەن سەربکێشێتە ململانێ‌و پێکدادانی نەتەوەیی، ئەوەش ئایندەیەکی تاریک دەخاتە بەردەم خەڵکی عێراقو کوردستان.

بۆرژوای کوردو بزوتنەوە سیاسیەکانی‌و بەدیاریکراوی ناسیۆنالیزمی کورد لە هەلومەرجی سیاسی دوای لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر عێراقو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەدوایدا هاتن، لەئاستی ناوچەکەدا بووژانەوەیەکی بەخۆوە بینی‌و دوای هاتنی(داعش)یش ئەم بارودۆخە هەنگاوێکی گەورەتری هاویشت. سەرباری کێشە سیاسی‌و ئابوریەکانی دەسەڵاتی کوردایەتی لە کوردستانی عێراقدا، کە ئەو دەسەڵاتەی هەرچی زیاتر خستۆتە بەرامبەر ژیانو مافو گوزەرانو بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو بێبەشو کەمدرامەتەوە، بەڵام لەناو هێزەکانی بۆرژوازی دا لە ئاستی ناوچەکەدا هیچ کات ئەو پێگەیەی ئێستای نەبوە.

شەڕکردنو بەرەنگاربونەوەی داعش، بەتایبەتی لەلایەن ئەو رەوتەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە کە بەرەوتی پەکەکە دەناسرێت، چ لە کوردستانی عێراقو چ بە پلەیەکی سەرەکی‌و کاریگەرتر لە سوریا، پێگەیەکی بەهێزی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردو بەتایبەتی رەوتی پەکەکە دەستەبەر کرد. ئەوەش وایکرد کە پەکەکە وەکو رەوتێکی بەهێزی ناسیۆنالیزمی کورد لەبەرامبەر رەوتێکی بەهێزی دیکەی ئەو بزوتنەوەیەدا کە ساڵانێکی زۆرە لە کوردستانی عێراقداو لەئاستی بزوتنەوەی کوردایەتیدا هەژمونی‌و دەسەڵاتی خۆی سەپاندوە، رەسمیەت وەربگرێتو هێزکی وەکو یەکێتی نیشتمانی‌و بزوتنەوەی گۆڕانیش کە نەیارو مونافیسی تەقلیدی پارتی بوون، لەپاڵ بلۆکی پەکەکەدا خۆیان پێناسە بکەنو لەورێگایەشەوە هەوڵ بدەن پارسەنگی هێز لەگەڵ پارتیدا راست بکەنەوە.

ئەم دابەشبوونو بلۆک بەندیەی باڵو بەشەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەپاڵ دابەشوونێکی ناوچەیی و جیهانیدا کە خەریکە ئایندەی ناوچەکە شکڵ پێدەدات، بە دوو ئاراستەی دوور لە یەکتردا دەڕواتە پێشەوە. پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق وەکو سەرکردەی باڵێکی ناسیۆنالیزمی کورد کە لە سەر بلۆکی تورکیا- سعودیە- قەتەر حسابی بۆ دەکرێت، کۆمەڵێک وورده حزبی هاوشێوەی خۆی لە سوریاو تورکیادا دروستکردوەو هەروەها هاوکاری سیاسی

## ڕەوەندی کۆتایی هاتنی داعشو گۆڕانکاریە سیاسیەکان ..

حزبەکانی دیموکراتی ئێران دەکات وەکو بەشێک لە ئەرکی هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ تورکیا-سعودیە- قەتەر بۆ فشار دژ بە ئێران، وەکو دوو هێزو بلۆکی رکابەری ناوچەیی. لەولاشەوە پەکەکە کە هەرئێستا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا لە شەڕێکی سەخت دایە، لەپاڵ پەیەدە کە وەکو لقێکی پەکەکە لە سوریادا ناسراوەو لە بارودۆخی سوریاداو شەڕی داعشدا پێگەیەکی پەیدا کردوە، بە ئیزافەی یەکێتیو گۆڕان، بلکۆکێکی دیکەیان دروست کردوە کە لەناو دابەشبونە ناوچەییەکاندا لەپاڵ بلۆکی ئێراندا حسابیان بۆ دەکرێت. ئەم دابەشبونە لەچوارچێوەی بلۆکبەندیەکی دیکەی جیهانیدا کە دوو قوتبی ئەمریکاو روسیا لەسەریانەوە وەستاون، قیافەی خۆی دەخاتەروو.
بانگەشەیەک کە ماوەیەکە پارتی دەربارەی ریفراندۆمو سەربەخۆییو پێکهێنانی دەوڵەت دەیکات، لەسەر هەمان ئاراستەی دابەشبونە سیاسیو ناوچەییەکەی مانا پەیدا دەکات، کە دەیەوێ لەپاڵ تورکیادا بەرژەوەندیەکانی داهاتوی دەستەبەربکات. ئاراستەی روداوە سیاسیەکانی ناوچەکەش ئەگەرێکی لەوچەشنەی بەهێزکردوە کە عێراق وەکو دەوڵەتێکی یەکپارچە نەمێنێتەوەو بۆ (٣) ناوچەی نیمچە سەربەخۆ لەرووی ئابوریو سیاسیەوە دابەش بکرێت، کە یەکێک لەو (٣) هەرێمە ، کوردستانی عێراق دەبێت. هاوکاتیش وەکو چەکێکی سیاسیو پروپاگەندەیی لە بەرامبەر نەیارو مونافیسەکانیو بۆ بەهێزکردنی هەژمونیو باڵادەستیی خۆی لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیو لەئاستی کۆمەڵگای کوردستانو بگرە کێشەی کورد لە ناوچەکەدا بەکاری دەهێنێ.
بەرەی بەرامبەر پارتی بە سەرکرادیەتی پەکەکە، هەوڵ دەدەن ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو زۆرتر بە قازانجی خۆیان بشکێتەوە. خودی پەکەکە کێشەو شەڕی خۆی لەگەڵ تورکیادا تائاستی شەڕی ناوشارەکان بردۆتە پێشەوەو دەوڵەتی روسیاش تا ئێستا بە ئاشکرا هاوکاری پەکەکەی کردوەو لە سوریاش بەرگری لە بەشداری پەیەدە دەکات لە گفتوگۆکانی جنێڤ و لایەنەگری دانی دەورێکی گرنگی سیاسەیە بە پەیەدە. یەکێتی و گۆڕان ماوەیەکی زۆرە خۆیان لەناو بلۆکی پەکەکە- پەیەدەدا پێناسە کردوەو ئێستاش رێکەوتنی نێوانیان قایمکردنی نێومالّی خودی ئەم بلۆکەیە چ بۆ بەرەوپیرچوونی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانو چ بۆ راستکردنەوەی بالانسی هێز لەبەرامبەر پارتیدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا. بێمەیلی نیشاندانی یەکێتیو گۆڕان بۆ پرسی سەربەخۆییو دەوڵەتو پێداگری لەسەر رێکەوتن لەگەڵ بەغدا هاوتەریب دێتەوە لەگەڵ بلۆک بەندیە ناوخۆییەکانی ئێستای بزوتنەوەی کوردایەتی. بەلام نزیک بوونەوەی تورکیاو روسیا، کە لە گۆشەیەکیدا ئامانجی دەست هەڵگرتنی روسیایە لە هاوکاری و پشتیوانی پەکەکەو پەیەدە، کاریگەری لەسەر دەورو نەخشو پەیوەندیو هاوسەنگی نێوان ئەو دوو باڵەی ناسیۆنالیزمی کورد دادەنێت.

کرێکارو زەحمەتکێشی ناوچەکەوعێراق وکوردستان تائێستا زۆرترین باجی قەیرانو شەڕو ململانێکانی نێوان هێزو دەوڵەتە ئیمپریالیستیو بۆرژواییە جیهانیو محەلیەکانیان داوە. بەشی ئەوان لەو قەیرانو شەڕانەدا کوژرانو ئاوارەبوونو ماڵوێرانیو سەپاندنی هەژاریو بێکاریو بێمافی بووە بەسەریاندا. هێزو لایەنە بۆرژواییە دەسەلاتدارەکانی عێراقو کوردستان بۆ جێبەجێبوونی بەرژەوەندیە سیاسیو ئابوریەکانی خۆیان، هەروەکو تائێستاش نیشانیان داوە،

ئامادەی گرتنەپێشی هەرجۆرە سیاسەتێکی دژی ئینسانیو تێوەگلانن لە پیلانەکانی دەوڵەتانو هێزە ئیمپریالیستەکانو باکیان بەوە نیە کۆمەڵگای عێراق بۆناو شەڕێکی سەرتاپاگیری مەزهەبی- تائیفیو نەتەوەیی پاڵ پێوەبنێن. ئەگەرچی شکستی داعش لە رووی سەربازیو سیاسیەوە بووەتە بەرنامەی کاری سەرجەم هێزە جیهانیو ناوچەییەکانو هێزەکانی ناوخۆی عێراقیش، بەڵام کۆتایی هاتنی داعش بەمانای کۆتایی هاتنی کێشەیەک نیە کە داعش وەکو هێزێکی ئیسلامی سیاسی- سونە بە رەگو ریشەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیەوە نوێنەرایەتی دەکات. بەو پێیەش چ مەسەلەی جێگیری سیاسی لە ناوچەکەو چ هێوربوونەوەی کێشەکانی عێراقو چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵات، بەبێ ئیمتیازدان بەرەوتی ئیسلامی سیاسی سونەو ناسیۆنالیزمی عەرەبی، واتە بە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی داعش، دابین نابێت.

هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پێدانی جێگاورێگایەکی تایبەت بە رەوتی ئیسلامی سیاسی سونەو تەنانەت بەهێزکردنی پێگەی سەربازی ئەو رەوتە لەبەرامبەر وازهێنانیان لە داعشو لاوازکردنی تواناییە سەربازیو لۆجستیکیەکانی داعش، لە سەپاندنی مەرجەکانی بەسەر حکومەتی عێراقدا دەردەکەوێ، بۆئەوەی رێگانەدات هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەو حەشدی شەعبی هیچ دەورێک ببینن لە پرۆسەی گرتنەوەی ناوچە سونە نشینەکاندا. ئامادەکاریەکان بۆ گرتنەوەی موسڵیش لەلایەن سوپای عێراقو هێزەکانی حەشدی نیشتمانی سەر بە رەوتو هێزە ئیسلامیە سونەکانەوە لەچوارچێوەی بەرنامەو نەخشەی سەربازی ئەمریکادا، دەچێتەپێشەوە. ئەمریکا بۆ جێبەجێ بوونی نەخشەکەی لەبەرامبەر دانی برێک پارە بە حکومەتی هەرێم هێزی پێشمەرگە وەکو سوپای زەمینی خۆی لەو پرۆسەیەداو لەپاڵ هێزە سونیەکاندا بەکاردەهێنێت. ئەگەر گرتنەوەی موسڵ بۆ ئەمریکا، لەلایەکەوە بۆ پارسەنگی باری لاری خۆی بێت لەگەڵ روسیا لە سوریاو هاوکات سنورێکیش بۆ هەژموونی سیاسی- سەربازی ئێران بەسەر بارودۆخی سیاسی عێراقدا دادەنێت، ئەوا بۆ رەوتە ئیسلامیە سونەکانیش بەدەستهێنانی پێگەیەکی جوگرافیو سیاسی گرنگە بۆ دەستگیربوونیان لە دەسەڵاتی سیاسی لە بەشێکی عێراقدا کە بەناوچەی نفوزو دەسەڵاتی خۆیانی دەزانن.

چینی کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی لە ناوچەکەو لەعێراقو کوردستانیش ئەگەر ئامادە نەبن بۆ دژوەستانەوەی ئەم پیلانو سیاسەتە دژی ئینسانیەی بۆرژوازی، نەک هەر کارەساتی زیاتر چاوەڕێی چینی کرێکارو کۆمەڵگا دەکات، بەڵکو ژیان وگوزەرانو ئایندەی نەوەکانی داهاتوو بۆ چەندین ساڵو بگرە دەیە مۆرکی کۆیلایەتیو بێمافیو هەژاری موتڵەقی لێ دەدرێت.

دژوەستانەوەی ئەم ئایندەیە کە بۆرژوازی جیهانیو ناوچەکە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیەیان رەنگ رشتوە، پێویستی بە هێزی بەرەنگاربوونەوەو پشتیوانیی فراوان هەیە. پێویستی بە هاوپشتیو هاوکاریو هاوخەباتی چینایەتی هەیە لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا. پێویستە بەرەیەکی جەنگی چینایەتی فراوان لە ئاستی جیهانیو ناوچەکەدا بۆ بەرەنگاربونەوەی سیاسی- جەماوەری لەدژی سیاسەتو پیلانەکانی بۆرژوازی ئیمپریالیستیو هێزە بۆرژواییە محەلیو دەوڵەتەکانیان پێک بێت. هێزە کۆمۆنیستو کرێکاریو ئازادیخوازەکان دەبێت پلاتفۆرمێکی سیاسی بۆ کۆتایی هێنان بە

## ڕەوەندی کۆتایی هاتنی داعشو گۆڕانکاریە سیاسیەکان ..

دەورو دەخالەتی سەربازیو سیاسیی بلۆکو هێزە ئیمپریالسیتەکان لە ناوچەکە بخەنەروو کە خاڵە سەرەکیەکانی ئەو پلاتفۆرمە بریتی بێت لە:

١. کشانەوەی هەموو هێزە سەربازیەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیو کۆتایی هێنان بە میلیتاریزەکردنی ناوچەکەو هەرجۆرە دەستێوەردانێکی سەربازی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی.
٢. کۆتایی هێنان بە دەستێوەردانی سیاسی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیو پشتیوانیو هاوکاریکردنی دەوڵەتە سەرکوتگەرو پۆلیسیەکان و هێزو دەستەو تاقمە چەکدارە ئیسلامی و نەتەوە پەرستەکان لەناوچەکەدا.
٣. تەسلیمکردنی چارەنوسی سیاسی خەڵکی ناوچەکە، بە عێراقو کوردستانیشەوە، بە بڕیاری سیاسی ئازادنەو سەربەخۆی خەڵک خۆیان، دوور لە کەشوهەوای جەنگو سەرکوتو تیرۆرو دەستێوەردانی سیاسی، بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی دڵخوازی خۆیان کە بەرجەستەی ئیرادەی ئازادانەو دەستەجەمعییان بکات.
٤. پاکردنەوەی ناوچەکە لە داعشو هەرجۆرە دەستەو گروپێکی فاشیستی ئیسلامیو نەتەوەپەرست.
٥. گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆناوچەکانی خۆیانو قەرەبووکردنەوەیان لەرووی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونو خزمەتگوزاریو بارودۆخی ژیان و گوزەرانو ....تاد.
٦. هاوکاریکردنی بزوتنەوەو هێزو لایەنە پێشکەوتنخوازو سۆشیالیستو سیکولارەکانی ناوچەکە لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازی جیهانو وەستانەوە دژی پیلانگێریەکانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیو سەرکوتگەری دەوڵەتە بۆرژواییەکانی ناوچەکە لە دژیان. هاوکات بەهێزکردنو فراوانکردنەوەی بەرەی جەنگی چینایەتی دژی بۆرژوازیو دەوڵەتەکانیان لە وڵاتەکانی خۆیاندا.

بێجگە لەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا، دابینبوونی ئاسایشو ئارامیو ئازادیو دوورخستنەوەی خەڵکی ناوچەکە لە کاریگەری دینو رەوتە ئیسلامیو دینیەکان لەژیانی سیاسی خەڵک و کۆمەڵگادا، یەکێکە لە مەسەلە بنەڕەتی و ئەولەویەکانی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە. بۆ مەیسەرکردنی ئەم ئەولەویەتە پێویستە یەکەم ؛ مەسەلە مێژووییە چارەسەرنەکراوەکان، وەکو مەسەلەی فەلەستینو مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی عادیلانەو لەلایەن خۆیانەوە یەکلایی بکرێتەوە. بەبێ چارەسەری ئەو دوو گرفتە مێژووییەی ناوچەکە ئیمکانی ئەوە نیە کە دەرگای کۆمەڵگایەکی ئازادو ئارام و خۆشبەخت بەرووی هاوڵاتیانی ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراست بکرێتەوە. چارەسەری کێشەی فەلەستین بەجۆرێک پەیوەستە بە ملدانی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ دامەرزاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینیو چارەسەری کێشەی ئاوارەکان و گەڕانەوەیان، بەڵام کێشەی کورد، بەهۆی بوونی کورد لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا، خاسیەتێکی ئاڵۆزو چەند لایەنەی وەرگرتوە. چارەسەری کێشەی کورد بەوجۆرە دەبێت کە هاوڵاتیانی ناوچە کورد نشینەکانی ئەو وڵاتانە، بە کوردستانی عێراقیشەوە، خۆیان بەشێوەیەیکی ئازادنە بڕیار بدەن لەسەر مانەوە یان

نەماوە لە چوارچێوەی ئەو وولاتانەدا. دووەم؛ پێویستە دەسەڵاتو دەوڵەتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەتو قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی هەرجۆرە حزبو لایەنێکی سیاسی دینیو نەتەوەپەرست کە دووبەرەکایەتی ئاینیو نەتەوەیی لەنێوان هاوڵاتیانی ناوچەکەدا پەرە پێدەدەنو ئاگری شەڕو کێشەی ئاینیو نەتەوەیی خۆش دەکەن، دابمەزرێن و دوور بن لە هەر پێناسەیەکی نەتەوەییو ئاینی. دامەزراندنی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای دەسەڵاتدارێتی شورایی گونجاوترین شێوازی دەسەڵاتدارێتی و حاکمیەتە کە توانای ئەوە هەیە زۆرترین ئازادی و ئارامی و ئاسایش و یەکسانی بۆ هاولاتیانی ناوچەکە دابین بکات بەبێ جیاوازی نەتەوەو رەگەزو ئاین و بیروباوەڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی.

لەئاستی عێراقو کوردستان پێویستە چینی کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی بەسەر ئەو جیاوازیو دوبەرەکایەتیو پڕوپاگەندە فکریو سیاسیانەدا سەرکەوێن کە بۆرژوازی کوردو عەرەب لەنێوان چینی کرێکاردا پێکیان هێناوەو بەردەوامیش هەوڵی قوڵکردنەوەی دەدەن. ریزی یەکگرتووی خەباتی چینی کرێکاری کوردستانو عێراق زامنی دەربازبوونی چینی کرێکارو جەماوەرو کۆمەڵگایە لەو ئایندە تاریکەی بۆرژوازی بۆی دیاری کردوون. ئەرکێکی گرنگی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە چینی کرێکار لەژێرباری کاریگەری فکریو سیاسی سەرجەم هێزو دەستەو تاقمە بۆرژواییە نەتەوەیی و تائیفی و دینیەکان دەربکێشن. هوشیاری چینایەتیو هاوبەرژەوەندی چینایەتی لەناو چینی کرێکاردا رەواج پەیدا بکاتو چینی کرێکار لە دەوری ئاسۆی سیاسی رزگاریبەخشی خۆی؛ واتە کۆمۆنیزم، کۆبێتەوە.

کێشەیەکی دیکەی ناوخۆیی چینی کرێکار لە عێراقو کوردستان پەرشو بڵاوییو نارێکخراوییو دابەشبوونیەتی بەسەر دەستەو لایەنە بۆرژواییەکانو لاوازیی هوشیاریو ئینتمای چینایەتیو خەباتکارانەیەتی کە بووەتە یەکێک لە گەورەترین مەترسیەکانو فاکتەرەکانی زاڵبوونو جێبەجێبوونی سیاسەتو پیلانەکانی بۆرژوازیو هێزە رەنگاورەنگەکانی. بەرجەستەبوونی ئینتمای چینایەتی کرێکاران لەرێگای دامەزراندنی رێکخراوە جەماوەریە خەباتکارانەکانی خۆیانو حزبی سیاسی کۆمۆنیستی شۆڕشگێری خۆیانەوە دەبێت. بەبێ رێکخراوبوونی کرێکاران لە رێکخراوەی جەماوەری(غەیرە حیزبی)و حیزبی سیاسی چینایەتی خۆیدا ئیمکانی بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی بۆرژوازی نیەو بگرە ئیمکانی بەرگریکردنی لە ژیانو گوزەرانی خۆشی نابێت کە هەرئێستا لەلایەن بۆرژوازی و دەسەلاتەکەیەوە چ لە عێراقو چ لە کوردستان هێرشێکی ترسناکی کراوەتە سەر. رێگایەک کە ماوەتەوە بۆ رابەرانو هەڵسوڕاوانی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە دەستبەجێ دەست بۆ ئەو کارە بەرن.

بەهێزکردنی حزبی سیاسی چینی کرێکار مەرجێکی سەرەکی بەدیهاتنو سەرکەوتنی ئەو کارەیە. بەبێ دەورو نەخشی حزبی سیاسی کۆمۆنیستی چینی کرێکار ئیمکانی رێکخراوکردنو رابەریو رێنمایی کردنی خەباتی تەنانەت ئابوریو بەدەستهێنانی ریفۆرمی سیاسیو ئابوری پایەدار نیە. حزبی سیاسی مارکسیستیو کۆمۆنیستو شۆرشگێر پێداویستیەکی یەجگار گرنگی خەباتی یەکسانیخوازانەی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەشە. بەبێ ئەنجامدانی ئەم ئەرکو وەزیفانەو بەبێ

## ڕەوەندی کۆتایی هاتنی داعشو گۆڕانکاریە سیاسیەکان ..

بەڕێخستنی جەنگێکی فراوانو هەمەلایەنەی چینایەتی سەرکەوتن بەسەر پیلانەکانی بۆرژوازی جیهانیو ناوچەکەدا سەختەو مەیسەر نابێت. ئەگەر بۆرژوازی جیهانیو بلۆکە ئیمپریالیستیەکان خەریکن جەنگەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست دەکەنە مەیدانێکی گرنگی دارشتنی نەخشەی جیهانی دوای دنیای یەک جەمسەریو دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز لەنێوان خۆیاندا، ئەوا بەهەمان رادە وەستانەوە دژی ئەم بەرنامەیەی بۆرژوا- ئیمپریالیزمی جیهانی پێویستی بە هێزو توانای پشتیوانیی جیهانیی چینی کرێکار هەیە.

ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو کوردستانیش ئەوەیە کە بتوانێ تەبدیل بێت بەو حزبە سیاسیەی کە چینی کرێکار پێویستیەتی. حزبێک کە پێویستە بتوانێت هە نگاوبەهەنگاو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش بۆ شۆرش ئامادە بکاتو لەهەموو نەبەردو سەنگەرەکانی خەباتی رۆژانەیدا چینی کرێکار بەرەو سەرکەوتن رابەری بکاتو وەلام بە پێداویستیە سیاسیو چارەنوسسازەکانی کۆمەلگا بداتەوەو رێگای دەربازبوون نیشانی خەلکو کۆمەلگا بدات. ئەو بارودۆخەی رووبەرووی عێراقو کوردستان دەبێتەوە، ئەرکی مەزن دەخاتە سەر شانی کۆمۆنیستەکانو رابەرانی کرێکاریو هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. لەناوچەیەکدا کە ئێمە تێیدا هەلسورانی سیاسی دەکەین، خەریکە گەورەترین ئالوگۆرِی سیاسی- ئابووری رودەدات. رێگایەکی دیکەمان لەپێش نیە بێجگە لەوەی کە خۆمان بۆ روبەرووبونەوەی ئەو ئالوگۆرانە ئامادەبکەین.



جەمال محسن

# سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی

تێبینی:
ئەم باسە گفتوگۆیەکی ڕادیۆی پێشەنگە، لە لایەن خەسرەو سایەوە، لەگەڵمدا سازکراوە. گفتوگۆکە لەلایەن ئاراز گەلاوێژ و ئەحمەد عەلی نووسراوەتەوە. پاشان خۆم دوای پیاچوونەوە بۆ شێوەی نووسین ئامادەم کردوە. شایانی وتنە کە هەندێ ئیزافات و دەستکاری پێویست لەم دەقە نوسراوەیەدا کراوە. جەمال محسن

**خەسرەو سایە: هاوڕێ جەمال خۆتان دەزانن لە بارەی چەمکی سۆشیالیزمەوە بیروڕا و بۆچون و لێکدانەوەی جۆراو جۆر هەیە. سەرەتا پێم خۆشە لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم کە پێناسەی ئێوە بۆ سۆشیالیزم چیە، ئەم چەمکە لە باری مێژووییەوە لەکەیەوە پەیدا بووە و واتای چۆنی لی کەوتۆتەوە؟**

جەمال محسن:
سۆشیالیزم لە یەک ڕستەدا بە واتای هەڵوەشاندنەوەی هەلومەرجی مەوجوودە بە مانای نەمانی هەلومەرجێکە کە مرۆڤەکانی بە بوونی خۆیان نامۆ کردووە بە مانایەک نەمانی بە کاڵا کردنی خودی کار و مرۆڤە. ئەگەر وەکو پێناسەیەکی گشتی سەیری بکەین بۆ نموونە ئەبینین ڕۆژانە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا دەچنە سەر شوێنی کارەکانیان، کار ئەکەن و بەرهەم ئەهێنن بەڵام بۆ خۆیان ئەو شتەی کە بەرهەمیان هێناوە و کرێیەکی زۆر کەمیشیان وەرگرتووە لەبەرامبەریدا ئەبێت بڕۆن لە بازاردا بەو پارە کەمەی کە وەریان گرتووە بیکڕنەوە. وە تەنانەت جاری وا هەیە توانایان بە سەر کرینی ئەو مەوادانەدا ناشکێتەوە. بۆیە لە نێو خودی ئەم سیستمەدا مرۆڤ ئەبینیت خۆی لە ناو پرۆسەی بەرهەمهێناندا بێبەشە لە شتێک کە خۆی خولقێنەریەتی. ئەمەش نامۆ

## سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی

بوونی مرۆڤە و بەمجۆرە خودی مرۆڤ و توانا و هێزی کارەکەی بەکاڵا کراوە. سۆشیالیزم بە شێوەیەکی گشتی یانی سەر لە بەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەلومەرجەی کە ئەمەی تیا بەوجوود هاتووە. هەروەک مارکس لە ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا ئەڵێ: ''بۆ ئێمە کۆمۆنیزم هەلومەرجی کۆمەڵە پەیوەندیەک نیە کە ئەبێ دابمەزرێنرێن، نمونەیەک (یان ئایدیاڵێک) نیە کە ئەبێ واقع خۆی لەگەڵدا رێکبخات. ئێمە کۆمۆنیزم بەو بزووتنەوە واقعیە دائەنێین کە هەلومەرجی ئێستای شتەکان هەڵئەوەشێنێتەوە. بارودۆخەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر لەسەر ئەو بنەمایانەی ئێستا وجودیان هەیە سەرچاوە ئەگرێت.'' (مارکس، ئایدۆلۆژی ئەڵمانی_ بەشی پێنج، کۆکراوەی کارەکانی مارکس و ئەنگڵس، بەرگی ٥_ لۆرینس&ویشت، ٢٠١٠، ل٤٩).

لە مێژوودا راستییەکەی سۆشیالیزم ئەگەر وەک چەمکێکی یا زاراوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی تەماشای بکەیت لە دوای شۆرشی فەرەنسییەوە لە ساڵی ١٧٨٩ وە دوای ئەوەش شۆرشی پیشەسازی سەری و کۆمەڵگای سەرمایەداری مۆدێرن هاتە کایەوە. ئەوکاتانەی کە ئیتر بۆژوازییەت سەری هەڵدا، هەژارییەکی بێ وێنە و نەبوونیەکی زۆردا، چینی پرۆلیتاریا و چینی کرێکار دروست بوون. لێکدانەوەی جیاجیا بۆ ئەم نەهامەتیانە بە دوای ئەم سیستەمە تازەیەدا هاتە پێشەوە. چەوساندنەوەی مرۆڤ ودابەش بوونیان مەیل یا با بڵێین ترێندی جیاوازی سۆشیالیستی سەری هەڵدا. زۆربوون لەو کەسانەی کە تەنانەت وەکو رائید یان پێشەوای ئەو مەیلە سۆشیالستیانە بوون، لەوانە رۆبەرت ئۆوین کە کەسێکی ئینگلیز بوو، فۆریەی فەرەنسی پرۆدۆن، بلانک، لاسال، باکونین.... هتد ئەمانە لیکدانەوە و جۆری جیاواز بوون. ئەگەر فرسەت بێت حەتمەن دوایی دێینە سەری کە ئەم جۆرانە لە سۆشیالیزم چی بوون کە لەسەر مەسائیلی خەیاڵی لەسەر مەسائیلی یۆتوپیا یان لەسەر مەسائیلی دەست نەبردن بۆ ریشەکانی کۆمەڵگایە پێی خۆیان دانابوو یان خۆیان قایم کردبوو.

بیر کردنەوە لەوەی کە بۆچی مرۆڤ ئاوها چەوساوە بێت، بۆچی مرۆڤ دابەش ببێت، بۆچی مرۆڤ هەژاری بەسەردا بسەپێندرێت، بۆچی مرۆڤ نەتوانێت بەرهەمی خۆی ببێت یا هەتا ژیانێکی نۆرماڵ و باشی ببێت، بۆچوونی جیاجیای بە ناوی سۆشیالیزم و سۆشیالیستیەوە هێنابووە ئاراوە بەڵام هەموو ئەم بۆچوون و مەیلانە دواتر لە لایەن مارکس و ئەنگلسەوە چ لە پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم و چ دواتر لە مانیفێستدا کە حەتمەن دێینە سەری درانە بەر رەخنە. وە با بڵێن جۆریکی تر، ترێندێکی تر لە سۆشیالیزم یان با بڵێین لە کۆمۆنیزم هاتە ئاراوە. بەشێک لەو مەی لو بۆچونانە کاتی خۆی باسیان لەوە ئەکرد لە خەیاڵدا شتێک دروست بکەن کە خەڵک تیایدا خۆش بژی، واتە ئەوەی پێی ئەووترا یۆتۆپیا یا باسیان لەوە ئەکرد کە دەوڵەت کۆنترۆڵی هەبێت بەسەر بەرهەمهێناندا، یان دابەشکردن یەکسان بکرێت و شتی لەم بابەتانە. بەڵام لە زۆر جێگادا مارکس و ئەنگڵس وەڵامی ئەم مەسەلانەیان دایەوە. من حەز دەکەم وەک یەک نموونە لەوانە بێنمەوە کە لە لە کتێبی هەژاری فەلسەفەدا مارکس بەتایبەتی وەڵامی پرۆدۆن ئەداتەوە. باسی ئەوەئەکا کە هەلومەرجی واقعی مادی کە سەرچاوەی پەیوەندیەکان چ پەیوەندیە مرۆییەکان چ پەیوەدنیە ئابوورییەکان نابینێ، جێگەورێگەی مێژوویی سەرهەڵدانی چینی کریکار یا وەک پرۆلیتاریا نابینێ.

زۆرتر لە ئەقڵی موطڵەقەوە یا لە ئیلاهەوە سەیری ئەم مەسائیلانە ئەکات، سەیری نەبوونی و هەژاری و ئەم مەسائیلانە ئەکات. مارکس پێی وابوو ئەمە بیر تەسکیە، ئەمە تێنەگەیشتنە لە مێژووی مرۆڤایەتی، تێنەگەیشتنە تەنانەت لە کۆمەڵگا کە بنەمایەکی ماتریاڵی هەیە بۆیە هەموو ئەوانەی رەت کردەوە و رۆشنی کردەوە کە ئەمانە لە خەیاڵدا ئەژین.
وە هەتا دواتریش لە پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزمدا کە لە ساڵی ١٨٤٧نوسراوە وە لە مانیفێستیشدا کە لە ساڵی ١٨٤٨ شدا نوسراوە واتا مارکس و ئەنگلس سنوری رۆشنی خۆیان لەگەل ئەم جۆرە لە سۆشیالیزمدا داناوە و رۆشنیان کردۆتەوە. هەربۆیەشە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیست بوونیان زۆرتر وەک چەمکە سیاسیەکە بەکارهێناوە. ئەگەر پێویست بێت دەتوانین بێینە سەر جیاکردنەوەی یان باسکردن لەهەریەک لەو ترێندە جیاوازانە.

**خەسرەو سایە: زۆر باشە هاورێ جەمال حەتمەن دێینە سەر ئەو لایەنانە کە جێگای ئاماژەی ئێوەیە بەڵام پێم خۆشە ئەو پرسیارەتان لێ بکەم کە هەیە سۆشیالیزم بە مەکتەبی فکری دەناسێنێت، هەیە بە جوڵاندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، هەیە بە ئامانجی سیاسی و ئیقتسادی واتا وەک بەدیلێک دەیناسێنیت. بە بڕوای ئێوە سۆشیالیزم کام یەک لەمانەیە؟**

جەمال محسن:
سۆشیالیزم بە بڕوای من یانی خۆی لە خۆیدا نەفی کردنی هەلومەرجی مەوجود، هەڵوەشاندنەوەی هەلومەرجی مەوجود. بە واتایەکی تر ناتوانی بڵێیت سۆشیالیزم مەکتەبی فکرییە ناتوانی بڵێیت شتێکە کە تۆ بێیت لەسەر بنەمای ئەکادیمیا و خوێندن و دیراسەییەوە بۆ مەسەلەکان بچیت. با لە ژیانێکی واقعی ئەمرۆییەوە سەیری بکەین، بۆ نموونە خێزانێکی کرێکاریت بەیانی کاتێک لە خەو هەڵدەستیت دەڕۆیت. بە رووکەش وا دیارە تۆ مرۆڤێکی ئازادیت لەبەر ئەوەی وەکو سەردەمی کۆیلایەتی کۆیلەی کەسێک نیت، کەسێک موڵکایەتی تۆ ناکات جسمییەن وەکو بوونت وە بەمانای تەنانەت سەردەمی فیوداڵیش وا نییە تۆ بچیت کارێک بۆ دەرەبەگ و ئاغاوات بکەیت. بەسەربەستی خۆت هەڵئەسی بازارێکی پڕ موناقەسە هەیە کە تۆ تیایدا ئازادیت بڕۆیت لەوێ نانی خۆت دەربێنیت بە مانای ئەوەی کە بچیت هێزی کارت بفرۆشیت. بەڵام لە کاتێکدا تۆ ئەگەر ئەو هێزی کارەت ببەیتە مەیدان، ئەگەر لێت بکڕدرێ ئەگەر پێویستیەک بۆ کڕینی هێزی کاری تۆ لە بناغەدا هەر هەبێ. خۆ گەر نەبێ، ئەوا تەنانەت خودی وجودی فیزیکی تۆ لە ژێر پرسیاردایە. ئەمە پێچەوانەیە بەوەی کە مرۆڤ بۆ ئازادی ئەڕوانێ، ئەمە پێچەوانەیە بەوەی کە مرۆڤ ئەیەوێ خۆی وەک خۆی بێ، نامۆ نەبێ بە خۆی وە پێویستی نەبێ بەوەی کە بڕوات ژیانی ئەو رۆژەی خێزانەکەی و خۆی دابین بکات، بڕوات کرێی مانگانەی خانووەکەی پەیدا بکات، بڕوتا پێداویستی جلوبەرگ و پۆشین و خوێندنی منداڵەکانی دابین بکات، بەڵکو کار وەک پێویستییەکی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بێ. بەڵام ئەوەی کە لە هەلومەرج و ژیانی کۆمەڵگای ژێر سایەی سیستمی سەرمایەداریدا ئەبینرێ، ئەوە نیە کە کار بۆ کۆمەڵگا بێ، بگرە کار بۆ ئەوەیە

بە زیندوێتی بمێنیتەوە. بۆیە ئەبێ ئەمە گۆرانی بەسەردا بێ. ئەمەش شتێک نییە مرۆڤ لە خەیاڵیدا پێی خۆش بێ، دابنیشێت وا بێت. ئەمە شتێکی ماددی و واقعییە. لەوەدا مانا پەیدا ئەکات کە تۆ چۆن ئەژیت، چی جێگایەکت ئەبێت بۆ ژیان، چ جۆرە جلوبەرگێکت هەبێ. ئەسڵەن لە ژیانتدا بەختەوەریت، سەعادەت لە ژیانتدا مانای هەیە یان نا. بۆیە ئەمە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیە خۆی سیستەمێک ئەمە بەڕێوە ئەبات، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئابوری ئەمە ڕێک ئەخات لە بنەوە. کاتێکدا تۆ ئەم سیستەمەت نەوێت، لەبەرئەوەی ژیانتی تیا مەیسەر نابێت، بتەوێت لای بەریت ئەمە شتێکی فکری و زەهنی نیە، شتێکی خەیاڵیش نییە، شتێکی واقعییە. وەک پێویستی ئەبێ کە مرۆڤ بیر لە گۆڕینی ئەوە بکاتەوە.
بۆیە بەڵێ ئەتوانین بڵێین سۆشیالیزم رەوتێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە وە هەر بەو پێیەش کە ڕەوتێکی سیاسی کۆمەلایەتیە، بێگومان ئەڵتەرناتیڤە بۆ هەلومەرجێک کە ئێستا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و چینی پرۆلیتاریا تیایدا ئەژین. کەوایە تۆ ئەبێت بیر لەوە بکەیتەوە کە لە جێگەی ژیانێک کە ئێستا تیایدا ئەژیت تەنانەت ئازاد نیت لەوەی کە توانایەک و هێزێکی کار کە هەتە بڕۆیت بەگەڕی بخەیت بۆ کۆمەڵگا، نەک بیفرۆشیت، نەک لێت بکڕدرێت، نەک ئەوەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی خودی تۆدا نییە، بۆیە تۆ ناچاریت بڕۆیت هێزی کارت عەرز بکەیت لە بازاڕدا تا بفرۆشرێت. کاتێک بتەوێت ئەمە لە سەر و بنەوە بگۆڕیت، ئیتر ئەمە ناتوانێت تەنها مەدرەسەیەکی فکری بێ. مەعلوومە بۆ ئەمە زانستێک پێویستە، مەعلوومە بۆ ئەمە ئایدۆلۆژیایەک لە پشتییەوە پێوستە، واتە ئەوەی کە پێی ئەوترێت سۆشیالیزمی زانستی یان مارکسیزم کە وەکو چەکێکی تیۆری بەدەست ئەم چینەوە بێ ئەم کارەی پێ بکا. بەڵام خۆی لە خۆدا ئەمە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە و بە چینێکی کۆمەڵایەتی کە چینی کرێکار و پرۆلیتاریایە ئەناسرێتەوە.

**خەسرەو سایە: هاوڕێ جەمال چەمکی سۆشیالیزم چ پەیوەندییەک لەگەڵ ئازادی و یەکسانیدا پەیدا ئەکات؟ ئێوە خۆتان ئەزانن کە باسی ئازادی لە روانگەی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئازادی سیاسی ئازادی هاتوچۆ ئازادی نیشتەجێبوون و ئازادی تاک باس لێوە دەکرێ هاوکات لە پەیوەند بە یەکسانییەوە ئێمە دەبینین بۆرژواریفۆرمیستەکان باسی عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئەکەن بەجۆرێک باس لە تەوزیعی عادیلانە ئەکەن. ئایا سۆشیالیزم ئەتوانێ نەوعێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بێ؟ چ جۆرە ئازادییەکە؟ ئایا یەکسانی بە مانای ئەوەیە کە داهاتەکانی کۆمەڵگا بە یەکسان بەسەر تاکی کۆمەڵگادا دابەش بکرێ لە کاتێکدا تاکەکان توانا و قودرەتیان چ لە سەرف کردنی کالاکان و پێداویستییەکاندا جیاوازە چ لەوەی کە ئیحتیاجاتی ڕۆژانەی خێزانەکان جیاوازییان هەیە؟**

**جەمال محسن**
من پێش ئەوەی بێمە سەر لایەنی مەسەلەی ئازادی و یەکسانی پێم خۆشە لەسەر چەمکی عەدالەتی ئیجتیماعی یان دادی کۆمەڵایەتی قسەیەک بکەم. من پێم وایە ئەم مەسەلەیە ناتوانێت

چەمک و زاراوەیەک بێت بۆ کەسێکی کۆمۆنیست و سۆشیالیست کە بییەوێت وەکوو ئەوەی وتم ئەو سیستەمە هەڵبوەشێنێتەوە، چەمکێکی کارا بێت، با بپرسین بۆ؟ لەبەر ئەوەی دادی کۆمەڵایەتی ئەکرێت دابەشکردنی داهات بگرێتەوە، ئەکرێت کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر داهاتی کۆمەڵگا بگرێتەوە تەنانەت ئەوەی کە پێی دەوترێت شتی هەرەوەزی بگرێتەوە بەڵام هەموو ئەم مەسەلانە بنەمایەکی چینایەتی هەیە کە مارکس ئەمانەی داوەتە بەر رەخنە. من حەز ئەکەم لە مەفهومێکی یان با بڵێین بەکارهێنانی شتێکی مارکسەوە دەست پێ بکەم کە لە رەخنە لە بەرنامەی گۆتادا بە ڕۆشنی باسی ئەکات. بۆیە پێم باشە لێرەوە دەستپێبکەم کە بنەمایەکی فکری هەیە بۆ چوونە نێو ئەو دنیایەی کە با بڵێین دنیای سۆشیالیستیە. مارکس باس لە قۆناغی باڵاتری کۆمۆنیزم و قۆناغی نزمتری کۆمۆنیزم، واتە ئەوەی کە پێی ئەوترێ سۆشیالیزم، ئەکات وەک قۆناغێکی ئنتیقالی بۆ کۆمۆنیزم. لەوێ باس لەوە ئەکات کە ملکەچ بوونی مرۆڤ بۆ دابەش بوونی کار وە ناکۆکیەک کە لە نێوان کاری زەهنی و فیزیکیدا هەیە کاتێک کە ئەمە و ئەم دابەش کردنی کارە نامینێ، با بڵێین کار نەک ئەوە بێ لە پێناوی ژیاندا بێ بەڵام ئەبێ ببێ بە پێویستیەکی سەرەکی بۆ هەموو کۆمەڵگا. وە کاتێک هێزەکانی بەرهەمهێنان بە جۆرێک زیاد ئەکەن کە بتوانن پێشکەوتنی تاکەکان و کۆمەڵگا دابین بکەن و بەم مانایە سەروەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا زۆر بە شێوەیەکی فراوانی زیاد ئەکا، تەنها لەو کاتەدایە کە ئیتر با بڵێین ئاسۆی تەسکی بۆژوازی ئەبێت تێ بپەڕێنرێت (ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا، بەشی یەک، لە وێبلاگی مارکسیستەکانەوە ، بەشی زمانی ئینگلیزی). بۆیە دێمە سەر ئەو مەفهومە گشتییەی کە هەمیشە بە دەستییەوە ئەگرین کە مارکسیش جەختی لێ ئەکاتەوە هەر لێرەدا لەم بەشەی لە رەخنە لە بەرنامەی گۆتادا ئەڵێ ''هەر کەس بە پێی توانای خۆی وە هەرکەس بە گوێرەی پێداویستییەکانی خۆی'' ئەمە ئیتر کاتێک کە هەروەک پێشتر باسم کرد دابەشکردنی کاری هەڵوەشاندەوە سەروەتی کۆمەڵایەتی زیادی کرد، ناکۆکی چینایەتی نێو کۆمەڵگا کۆتایی پێهات، ئیتر جۆرێکی لی دێ مرۆڤ بە پێی ئەو تواناییە فیزیکی و مێشکییەی خۆی کە هەیەتی بەرهەم ئەهێنێت بۆ کۆمەڵگا چ بەرهەمی کۆمەڵایەتی و ماتریاڵی بێ یا بەرهەمی فکری یان خزمەتگوزاری بێ. وە لە بەرامبەریشدا پێداویستی ژیانی بۆ چونە پێشەوەی پێشکەوتنی ئاستی کۆمەڵگا ئەڕواتە پێشەوە. هەتاکو کاتێک ئەو هەلومەرجەی کە هەیە هەڵنەوەشێتەوە و مرۆڤ کار بۆ کۆمەڵگا نەکات، ئیتر ئازادیش خۆ مانایەکی نابێ.

هەر لێرەشەوە مەسەلەکە پەیوەست ئەبێتەوە بەمانای ئازادی و یەکسانییەوە. ئازادی هاتووچۆ، جلوبەرگ پۆشین، نیشتەجێبوون، کارکردن وهەڵبژاردنی شوێنی ژیان... هەموو ئەمانە باشن وە ئەمە لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریشدا ئەگەر چینی کرێکار لە ئاستێکی باشدا لە گەشەدا بێ و فشاری هەبێ ئەتوانێت بیسەپێنێ بەسەر کۆمەڵگادا. بەڵام ئایا ئازادی بە واتای فراوان و تەواوی وشەکە هێشتا ئەمانەیە؟ نەخێر، هەتاکو ئەو شتە نەبێ کە لەسەر بنەمای ڕەخنەی مارکسەوە ئاماژەم پێدا، واتە ئەم بنەمایانەی ئەم کۆمەڵگایە هەڵنەوەشێتەوە دابەشبوونی کار دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا کۆتایی پی نەیەت، ئازادی و یەکسانی مانایەکی تەواوەتی پەیدا ناکات. وە هێشتا مرۆڤ ئەبێ لە چوارچێوەی ئەو نامۆ بوونەی کە بۆ کاڵا هەیەتی، ئەو نامۆ بوونە

## سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی

بۆ هێزی کاری خۆی هەیەتی رزگاری بێت و بێتە دەرەوە. بە واتایەکی تر ئازادی هەروەک مەنسور حکمەت جەختی لێ ئەکاتەوە :''یانی ڕزگاربوونی تەواو لە هێز و دەسەڵاتی ئابوری، سیاسی و فەرهەنگی سەرمایە و سەرمایەداری، یانی ڕزگاربوون لە هەر چی پەیوەندی و هەر چی دامودەزگای سەرکوتگەر و دیلهێنەری کۆمەڵگەی بۆرژوازییە، یانی ڕزگاری لە کۆیلایەتی کرێگرتە، ڕزگاری لە کۆت و بەندی چینایەتی، ڕزگاری لە سەرکوت و دەزگای سەرکوتگەری دەوڵەتی بۆرژوازی، ڕزگاری لە بێمافی سیاسی و کۆت و بەندی فەرهەنگی، ڕزگاری لە داوی ئایین و لە بیروڕا و قانوون و یاسا کۆن و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگای ئێستا، ڕزگاری لە چەوسانەوەی ئایینی، میللی و نەژادی، ڕزگاری لە هەژاری و کوێرەوەری لە نەزانی و خورافات و بە گشتی ڕزگاری لە هەموو هەلاواردن و مەینەتییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.'' هەروەها بە هەمان شێوەش بە پێویستی ئەزانم بۆ باسکردن لە یەکسانی بگەڕێمەوە بۆ مەنسور حکمەت: '' یەکسانی تەنیا بە مانای بەرابەری حوقووقی و قانوونی یان بەرابەری هاووڵاتی کۆمەڵگایەک لە هەر میللەت و نەژاد و ڕەچەڵەکێک نییە، بەڵکوو بە مانای بەرابەریبوون لە ئیمکاناتی ماددیدایە، لە دەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەی کە دەبنە هۆی هەڵدانی توانا و لێهاتوویی فەردی و کۆمەڵایەتی. بە مانای بەرابەرییە لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەچووندا، بەرابەرییە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری و سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆیاندا _بە مانای بەهرەمەندبوون لە بەهرە ماددی و مەعنەوییەکانی کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیدا، لە خەبات بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر هەر چەشنە دواکەوتوویی و کەموکوڕییەکدا _بە مانای بەرابەرییەکە، تەنیا ئەو کاتە بەدی دێ، کە خاوەنداریێتی تایبەتیی بۆرژوازی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەروەت و سامانی کۆمەڵ بکرێتە خاوەنداریێتی گشتی و هاوبەشیی هەموو ئەو مرۆڤانەی کە لە هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن.'' (مەنسور حکمەت دەربارەی دروشمی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری، وێبلاگی مەنسور حکمەت). کەواتە یەکسانی لە دابینبوونی پیداویستیەکانی ژیان لە کۆمەلگادا وە ئەوەی کە هەموو مرۆڤەکان کار ئەکەن و کردویانە هەموو مرۆڤەکانیش بە گوێرەی ئەو پێویستیانە لەو کۆمەڵگایە بەرهەمی خۆیان و ژیانی خۆیان ئەچێتە پیشەوە. وە ئازادیش یانی ئازادبوون لە کۆت و بەندی ئابوری، ئازادبوون لەم دابەشبوونە چینایەتییە، ئازادبوون ئەوەی کە مرۆڤ لە سەربناغەی ئەوەی سەر بە چی چین وتوێژێکی کۆمەڵگایە جیاواز دابنرێ و دابەشبکرێ. هەتاکو کاتێک ئەمە نەبێ چەمکی ئازادی و یەکسانی ناتوانێ مانای پڕاو پڕی، ئەگەر بشێ ئەم وشەیە بەکاربهێنم مانای موطڵەقی ئازادی و یەکسانی ناتوانێ مانا پەیدا بکات هەتا کاتێک ئەم دابەشکردنە چینایەتییە لەم کۆمەلگایەدا ببێ. وە ئەمە مەسەلەیەکە کە زۆر بە ڕۆشنی لە هەموو ئەدەبیاتی مارکسیستیدا وە لە تیۆرییەکانی مارکسدا بەراستی جەختی لێ کراوەتەوە کە زامن بوونی ئەم ئازادی و یەکسانییە تەنها بەوە ئەبێ. ئەمەش ئەو بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسی بوونەی سۆشیالیزمە کە لە بناغەوە ئەبێت دەستی بۆ ببرێت وە ئەبێ لە بناغەوە ئەم کارە لە کۆمەلگادا بکرێت. ئەمەش وەک وتم کاری چینیکە کە چینی کرێکارە. دابەشکردنی بەرهەم و سەروەت یان کۆنترۆڵی دەوڵەت ئەم کارە ناکات و ئەمە دابین ناکات.

**خەسرەو سایە: هاوڕێ جەمال ئێوە لە قسەکانی پێشووترتاندا باستان لە سۆشیالیزمی خەیاڵی کرد وە هەتا باستان لە ڕەخنەی مارکس بۆ ئەوەی وەک خۆی دەڵێ گێرانەوەی سۆشیالیزم بۆ قاعیدەیەکی زانستی تەواوی هەوڵەکانی ئەو بووە لە بەرامبەر لە ڕەخنەگرتن لە بیروڕاکانی سەردەمی خۆیدا. مارکس چۆن وە لە چ ڕوانگەیەکەوە سۆشیالیزمی خستە سەر ڕێچکەیەکی زانستی وەکو تیئۆرێک، وەکو ئیکتیشافێکی زانستی هەروەک چۆن لە بوارەکانی بایۆلۆجی و فیزیا وکیمیادا هەیە. ئەو چ داهینانێکی کردووە، چی ڕوانگەیەکی زانستی بەخشیوە بە سۆشیالیزم؟ بەواتایەکی دی ئەمەوێت بڵێم سۆشیالیزمی زانستی چۆن خۆی جیائەکاتەوە لە سۆشیالیزمی خەیاڵاوی پێش خۆی؟**

**جەمال محسن**

بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەمە بدەینەوە، وا باشترە، وەک لە سەرەتاشدا وتم، بگەڕێینەوە سەر مانیفێست. لەوێ زۆر بە ڕۆشنی مارکس و ئەنگلس ئەو جۆرە ترێندە جیاوازانە، ئەو میلە جیاوازانە لە سۆشیالیزمیان داوەتە بەر ڕەخنە کە بە خێراییش بێت حەز ئەکەم بچمە سەری. سۆشیالیزمی ڕەجعی یا کۆنەپەرستانە کە لە مانیفێستدا ئەمانە دابەشکراون بە سێ بەشەوە، سۆشیالیزمی فیوداڵی کە ئەمانە ئەو کەسانەبوون نەهامەتییەکانیان ئەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی سەرمایەداری هۆکاریەتی و پێیان باش بووە دووبارە سەردەم بگەڕێننەوە بۆ پێش ئەوە. بە مانایەکی کە بیگێرنەوە بۆ نێو پەیوەدنیە فیوداڵیەکان کە گوایە ئەم ناخۆشی و نارەحەتیە نەبوون. وەک ئەوەی کە ئەنگلس ئەڵی ئەمانە کەسانێکن کە ئەگەر بێتە سەر ئەوەی شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی پرۆلیتارییا بکرێ ئەمانە ئەبن بە بەشێک لە دوژمنی ئەم چینە وە لە دژی شۆڕشیش ئەوەستنەوە کەچی تا ئەو کاتە خۆشیان بە سۆشیالیست ناو بردووە. تەنانەت ئەمانە بەشێک لە سۆشیالیستییە مەسیحییەکانیش ئەگرنەوە ئەگەر بگەڕییتەوە بۆ بەند و ئایەتی نێو ئینجیلیش لەوێ ئەڵین ئەبێ هەموو باوەڕداران بەشدار بن لە شوێنەکانی ژیانیاندا، ئەمە بەجیا لەوەی کە شتێکی ڕۆحی و خەیاڵی ئەوانە بەڵام بە ڕۆشنی لە مەسیحییەتدا بێجگە لە سواڵ و سەدەقە و مانەوەی هەژاری هیچ شتێکی تریان نییە. بۆیە دەربڕینێکی خۆش هەیە لەناو مانیفیستدا ئەڵێ سۆشیالزمی مەسیحیەت هیچ نییە بێجگە لە کردنی ئاوی پیرۆز بە قینی ئەرستۆکراتەکاندا. (مانیفێست، بەندی سێ، ئەدەبیاتی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی، سۆشیالیزمی فیوداڵی). ئەرستۆکراتەکان کە مەوقیعەتی کۆمەڵایەتی و چینایەتیان لەدەست دەرچووبوو ئەیانویست هەلومەرج بگەڕێتەوە بۆ پێش خۆی بۆ فیوداڵیەت. بۆیە مانیفێست ئەڵێ ئەمەی ئەمانیش کە بەناوی سۆشیالیزمەوەیە وەک هی مەسیحییەتەکە وایە و بێجگە لەو ئاوە پیرۆزە کردنە بەو قینەی ئەرستۆکراتەکادا هیچی تر نیە.
یەکیکی کە لەوانە سۆشیالیزمی وردە بۆژوازییە. لە دوای شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری و بازار و مونافەسە، وردە بۆژواکان یان ئەبوایە بەجۆرێک لەنێو ئەو مونافەسەی دروست بوبوو بچونایەتە سەرەوە و ببونایە بە بۆرژواکان یان ڕۆئەچوونە خوارەوە بۆ ناو چینی پرۆلیتاریا. ئەوانە خۆیان خەمی ئەوەیان بوو بە مانایەک بڵێم ئەگریان بۆ ئەو پەیوەندییە

## سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی

کۆمەڵایەتییە کۆنانەی لەسەردەمی پیشووتردا باوی بووە ئەیان ویست هەمان ئامرازە نوێیەکانی بەرهەمهێنان کە دروست بووە لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەدارییەوە بگێرنەوە بۆ چوارچێوەی سیستەمی کۆن ئەوەش بێجگە لە دواکەوتوویی و خەیاڵ هیچ شتێکی تر نەبوو.
سۆشیالیزمی ئەڵمانی یا حەقیقی کە ئەمانە جۆرێک لە سۆشیالیزمی ئەوکاتی فەرەنسییەوە سەریان دەرهێنابوو بێجگە لەوەی کە هەلوو مەرجی واقعی مادیی ئەڵمانیایان هەڵنەسەنگاندبوو هەمان چوارچێوەی ئەو کاتەی ئەفکارەی سۆشیالیستە فەرەنسییەکانیان هینابوو بەلاَم ئەوان بەرگێکی فەلسەفی ئەڵمانییان پێدابوو وە مەقولەی نامۆ بوونی مرۆڤ یا مرۆڤایەتیان هینابوە ئاراوە. مانیفێست ئەڵێ ئەوانە مرۆڤ تەنها لە فکری فەلسەفی خۆیاندا ئەبیننەوە نەک ئەوەی کە مرۆڤ سەر بە واقیعیکی کۆمەڵایەتییە، نەک ئەوەی کە سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتییە وە هەربۆیە ئەوان ململانێی چینایەتییان نەئەبینی. ئەوان لە دژی پرۆلیتارییا ئەوەستانەوە.
سۆشیالیزمی بۆرژوازی یا محافەزە کار کە ئەمانە پێیان لە سیستەمی مەوجوودا چەقاندبوو، ئەیانووت ئەم نەهامەتییانەی هەیە بەم جۆرە خراپە بۆ داهاتووی سەرمایەداری ئەبێ چاکسازی بکرێ. ئەم جۆرە مەسائیلانە ببرێتە پیشەوە و ژیانی خەڵک باشتر بکرێ و جگە لەوەی کە دەست بۆ هیچ پایەیەکی ئەم سیستەمە نابات یانی هەمان سیستەمەکەیان ئەوێ بەلاَم وەک لە مانیفێستیشدا هاتووە ململانێی چینایەتی و توخمە شۆڕشگیرانە و هەڵوەشێنەرەکانی ناو ئەم سیستەمە، واتە چینی پرۆلیتاریایان، ناوێ. مارکس و ئەنگڵس لەمبارەیەوە ڕایئەگەیەنن کە سۆشیالیزمی بۆرژوازی بازرگانی ئازادیان ئەوێت گوایە لە قازانجی چینی کریکاردایە، واجباتی کۆمەڵگایان ئەوێت لە پێناو قازانجی کرێکاردا یان ریفۆرم کردن لە زیندان و قانوونیاندا ئەوێ لە قازانجی کرێکاردا. بۆیە بە شێوەیەکی تەنز و تەوسەوە مانیفێست ئەڵێ ئەمانە لەو جۆرە لە سۆشیالیستانەن کە بۆژوازییان ئەویت بۆ قازانجی کرێکار. ئەمەش ئیتر ئیمکانی نییە. رەخنە گرتن لەمانە یا سۆشیالیزمی خەیاڵی رەخنە گرانە وەکوو سیمۆن و فۆریە و ئووێن و ئەمانە هەموو لە مانیفێستدا باسکراوە. کاتێک مارکس و ئەنگلس دێن لێرەدا ئەم سنوور بەندییە جیا ئەکەنەوە ئەڵێن سۆشیالیزم ئەمە نییە سۆشیالیزم لە یەک رستەدا، یا کۆمۆنیزم لە یەک رستەدا، هەڵوەشاندنەوەی کاری بەکرێیە، هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کاری بەکرێ و خاوەندارێتی تایبەتییە نەک ئەوەی گوایە خاوەندارێتی لە بۆرژوازی بسەندرێتەوە جا ئەمە دابەش بکرێت بەسەر خەڵکدا. ئەمەی دوایی هیچ زانستییێکی تیا نییە، ئەمە خەیاڵە چۆن ئیمکانی ئەبێ؟ ئەمە وەک ئەو کۆمەڵگا خەیاڵیانە وایە کە فۆرییە و ئۆوین و ئەمانە دروستیان کردبوو لە خەیاڵی خۆیاندا کە کۆمیۆنیتی با بڵین هۆم کۆڵۆنیان دروست ئەکرد و شتی لەم بابەتانە، کە گوایە خەڵکەکەی خۆیان لەناو خۆیان هاوکاری و هەرەوەزی ئەکەن و هەرچیەکان هەبێ و دەستبکەوێ لە ناوخۆیاندا دابەشی ئەکەن. ئەمە ئیمکانی نییە.
مارکس ئەڵێ چینی پرۆلیتاریای جیهانی لە چوارچێوەی هەلومەرجی نێو شۆڕشی پیشەسازییەوە کە هاتۆتەکایەوە چۆن چەوساندنەوە لەسەر بنەمای کاری بەکرێ داهاتووە لە بەرامبەریشیدا چینی پرۆلیتاری شۆرشگێر سەری هەڵداوە. ئەم چینی پرۆلیتاریای شۆرشگێرە ڕووی لەوەیە حزبی

سیاسی دروست بکات، ڕێکخراو دروست بکات، واتە جولاندنەوەی سیاسی کە زۆر پێی لەسەر دائەگرێ و ئەلێ ئەو بالانەی تر لە سۆشیالیزم نەیان ئەبینی. ئەم چینە جوولانەوەیەکی سیاسی بەرێ ئەخا وە بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە هەلئەگێڕێتەوە و کاتێک سیستەمێک کە کاری بەکرێی تیایە تۆ هەلی ئەوەشێنیتەوە و نایهێلیت. ئەم ئالوگۆرە شۆڕشگێڕانەیە کۆمەلگایەکی نوێ لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەروەتەوە نا، لەسەر بنەمای ئەوە نا کە دەزگایەکی موشتەرەکی کرێکاران یا دەولەت دەست بەسەر شتەکاندا بگرێ، بگرە لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەرهەم و سەروەتی کۆمەلایەتی ئەبێتە مولکی کۆمەلگا. تا کاتێکیش ئەمە ئەبێت بێگومان پێویستە دەزگایەکی سیاسی، واتە دەولەت، کۆنترۆلی ئەمە بکات. ئەوەی کە لە قۆناغی سۆشیالیزمدا هەیە کە کۆنترۆلی کرد بەسەر ئەمەدا بەرەو ئەوەی ئەبات کە ئەم پەیوەندیانە بە تەواوەتی لە یەک هەلوەشێنێتەوە و تەنانەت خودی دەولەتیش ئیتر نامینێت. وەکو مارکسیش جەختی لێ ئەکاتەوە ئەمەیە ئەو بنەما زانستیانە کە نەک تەنها لە مانیفێستدا، بەلکو ئەگەر بگەرێیتەوە بۆ هەژاری فەلسەفە ئەگەر بگەرێیتەوە بۆ رەخنە لە بەرنامەی گۆتا یا هەتا باسە پایەییەکانی تر، کە ئیستا حەتمەن کاتی ئەوە نییە، لە کاپیتال و لە شوێنەکانی تردا مارکس لێکدانەوەی وردوو درشت ئەدا لەسەر ئەوەی کە کالا چییە، پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بۆچی لەسەر بنەمای پەیوەندی ئابورییەوە هەیە لەسەر پەیوەندی خاوەندارێتی تایبەتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە... هیچ کەسێکی کە پێش ئەو، هیچ جۆریکی لەوانە کە خۆشیان بە سۆشیالیست و یان هەتا جۆرێک لە کۆمۆنیستە فەرەنسیەکانیش ناوبردبوو ئەم جۆرە لە تێروانین یان با بلێین رەخنەی تیژیان وە رەخنەی شۆرشگێرانەیان لە سیستەمەکە نەئەگرت. هەربۆیە خەتی ئەمان لە چاو سۆشیالیستەکانی تردا جیاواز بوو. ئەمە بوو بووە خەتێکی کۆمۆنیستی و هەر بۆیەشە بەراستی مانیفێستی کۆمۆنیست لەژێر ناوی مانیفێستی کۆمۆنیستدایە تاکو ئەم خەتە جیاوازە، ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە رەخنەکانی پێشینەی خۆی جیا بکاتەوە و شتێکی جیاوازتر لە بەردەمی چینی پرۆلیتاریا و چینی کرێکاردا دابنێت.

**خەسرەو سایە: هاوڕێ جەمال هەروەک لە پێشەوە پرسیاری ئەوەم لێکردی کە بە دوای مانیفێست چەندین ڤێرژن و جۆری سۆشیالیزم سەریهەلداوە، لەوانە سۆشیالیزمی چین، سۆشیالیزمی سۆڤیەتی، سۆسیال دیموکراتەکان لە ئەوروپا، هۆکاری چیە کە ئەم جۆرە ڤێرژنانە لە سۆشیالیزم لە دوای مانیفێستەوە سەریهەلداوە؟**

جەمال موحسن:
ڕەنگە هەلسەنگاندنی هۆکاری سەرهەلدانی ئەم جۆرە لە سۆشیالیزم یا بە ناو سۆشیالیزم کە سەر هەلئەدەن زۆر زۆر بێ وە لێرەدا بواری ئەوەمان نەبێ، بەلام تەنها بتوانین چەند سەرخەتێکی بلێین. شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشی چینی کرێکار بوو، شۆڕشی سۆشیالیستی بوو لە باری سیاسیەوە سەرکەوتنی بە دەستهێنا ، بەلام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەخنەی ئێمە، ڕەخنەی

## سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی

کۆمۆنیستەکان لە تەجروبەی یەکێتی سۆڤیەت ئەوەیە کە شۆڕشی سۆشیالیستی چینی کرێکار لە باری سیاسیەوە سەرکەوتنی بە دەسهێنا، بەڵام لە ڕوی ئابوریەوە نەیتوانی سەرکەوتن بە دەسبێنێ ، وە ئەو شۆڕشە لەو شوێنەدا کە بەرنامەی سۆشیالیستی بتوانێ کۆمەڵگا بەرەو کۆمۆنیزم ببات شکستی هێنا. لەوەش زیاتر ناسیۆنالیزم بە بەرنامەی سەرمایەداری دەوڵەتیەوە باڵی کێشا بەسەر کۆمەڵگادا. بە کورتی با بڵێین ئەمەیە، بۆ نمونە هەر لەو باسەی ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا ، مارکس ئەڵێ لە نێوان کۆمەڵگەی کاپیتالیستی و کۆمۆنیستیدا ماوەیەک هەیە یا قۆناغێکی ترانزیشناڵ (ئنتقالی) شۆڕشگێڕانە هەیە کە ئەم سەردەمە ئەگۆڕێ بەرەو ئەو سەردەمە. واتا ئەمە هەم مەسەلەیەکی سیاسیە لە ڕێی دەوڵەتەوە وە هەمیش گۆڕانکاریەکی ئابوریە. وەک لە پێشدا ووتم، گۆڕانکاری ئابوری بەو مانایەی کە تۆ ئەو بنەمایەی کە پێشووتر کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە سەر بنیاتنراوە کە هێزی کاری کرێگرتەیە وە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لە سەر ئەم بنەمایە ئەچێتە پێشەوە ئەمە هەڵبوەشێنیتەوە. دەوڵەتێک کە لەو کاتەدا بوونی هەیە، وەکو مەشینێکی شۆڕشگێڕانە کارەکەی ئەوەیە ئەمە هەڵبوەشێنێتەوە وە سەرەنجام خودی خۆشی هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە ئەگەر بە پێی پێناسە سەرەکیەکەی مارکس بۆ دەوڵەت بێ ، دەوڵەت سەرکوتی چینێکە بە سەر چینێکی تری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا. بۆ چینی کرێکار لەو کاتەدا سەرکوت بە مانا خەفەقان و کوشت و کوشتارەکەی نا، بە مانای دەستکۆتا کردنی چینی بۆرژوازیە لەوەی کە دووبارە کۆمەڵگە بگێڕێتەوە بۆ کاری بە کرێ. یەکێتی سۆڤیەت ئەوە بوو نەیتوانی ئەم کارە بکات. هەروەها بۆ چین و بۆ کوبا ئەوانە زۆرتر کۆمۆنیزمی خەڵکی بوون بە تایبەت بۆ چین زۆرتر لەسەر بنەمای جوڵانەوە و مافی جوتیاران بووە. لە ڕاستیدا ئەوانە دوورن لە ڕەخنەی مارکسیستیەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری. وەک هەر ئێستاش ئەیبینی ئەگەرچی چەندین ساڵ پێش ئێستا ڕوویداوە ئایا ئەوەی کە لە کوبا هەیە، ئەوەی کە لە چین هەیە سۆشیالیزمە؟ کۆمۆنیزمە؟ زۆر لەوە دوورترە، یەک نمونەیەکی سادە وەربگرین چین کە خۆی دەوڵەتێکی سەرمایەداری زلهێزە لە جیهاندا لە سەر بنەمای ئەو هێزی کاری هەرزان و سەرکوتکراو و خەفەکراوەی چینی کرێکاری چینی ئەم توانایی‌ەی بە دەسهێناوە. بە ملیارەها ملیار بەرهەم نە تەنها لە چوار چێوەی چین خۆیدا، بگرە تەنانەت دەستی کێشاوە بۆ وولاتانی ئەمریکای لاتین و کوێ و کوێی دنیا وە بازاڕی بازرگانی گەورەی کردۆتەوە. خۆ بەرهەمی ئەم مەسائیلانە، بەرهەمی کۆمەڵایەتی ئەمانە بۆ خەڵکی کرێکاری ئەو وولاتە نیە بە پێچەوانەوە کۆنترۆڵی دەوڵەتی چینی بە سەر تەواوی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا لە ناو کۆمەڵگەی چینیدا ئەم کۆمەڵگەیەی نوقمی ئەم چەوسانەوەیە کردووە. مەسەلەکە بەجۆرێکە هەتا ئیتر ئەگەر بڕۆیتە سەر ماف و مەسەلەی ڕێکخراو بوون و دەنگ هەڵبڕین بەرامبەر دەسەلات، کار ئەگات بە حوکمی ئیعدامیش ، ئەمانە دوورن و هیچ پەیوەندیەکیان بەسەر سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمەوە نیە. بۆ چی ئەمانە سەر هەڵئەدەن وەک ئەوەی تۆ لە پرسیارەکەتدا وتت؟ لە بەر ئەوەی کاتێک کە شۆڕشی چینی کرێکار ئەچێتە پێشەوە بۆرژوازی بە هەموو توانایەکیەوە ئەیەوێ ئەو سیستەمە بگێڕێتەوە شوێنی خۆی، لە لایەک ئەیەوێ جوڵانەوەی کرێکاری بە لاڕێدا ببات و لە ڕوی فیکری و تیۆریەوە بەلاڕێیدا ببات،

یان هەتا ئەسلەن هەر بیەوێ پێش بە شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکار بگرێ. ئەمە جگە لەوەی کە بۆرژوازی جۆرێکی تر لە سیستەم دابمەزرێنێ بە ناوی سۆشیالیزمەوە دەرخواردی خەڵکی بدا...هتد. مەنسور حیکمەت ئەیوت ناکرێ تۆ لە یەکێتی سۆڤیەت وەستانی خەڵک بۆ نان ناو بنێی سۆشیالیزم، سۆشیالیزم ئەمە نیە، سۆشیالیزم ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سەر ئەوبنەمایەی مارکس کە ئەڵێ هەر کەس بە گوێرەی توانای خۆی و هەر کەس بە گوێرەی پێویستی خۆی، مانای وایە من کەسێکم لە کۆمپیوتەر ئەزانم، کەسێکم کە ئەتوانم ئەندێشەکانی مرۆڤ بخەمە سەر کاغەز، بەرهەمی فکری بەرهەم بێنم چی ئەدەبی بێ شتێکی تر، ئەمە ئەکەم لە ڕۆژدا بەیانی ئەمە ئەکەم ، ئێوارە ئەڕۆم کارێکی تر ئەکەم. تواناییەکانم کۆمەڵگە سازی ئەدا بۆ من بتوانم چەند پیشەی تری کۆمەڵگە بزانم و لە بەرامبەریشدا مرۆڤێکی موحتاج نیم لە کۆمەڵگادا. ئەمە ڕوینەداوە لە هیچ یەکێک لەم وولاتانەی کە بە ناوی سۆشیالیزم و سۆشیالیستیەوە هاتوونەتە پێشەوە. یانی بە مانا کۆمەلایەتی و چینایەتیەکەی مافی ئەوەیان نیە ئەمە بە سۆشیالیزم دەرخواردی خەڵکی بدەن. وە بە داخەوە ئەوەی کە سەریان هەڵداوە وەکو ووتم بە سود وەرگرتن لە ناڕەزایەتی واقعی چینایەتی کە لە خودی چینی کرێکارا شەو و ڕۆژ قوڵپ ئەدا ئەوانە دێنە سەر حوکم، ئەمە جگە لەوەی بە هەر حاڵ کە ئەحزابی تریش هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ئەم چینە بە کار بهێنن ڕووپۆشێکی کۆمۆنیستی یا سۆشیالیستی بۆ خۆ شیرین کردن لای چینی کرێکار کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێک ئەهێنێ ئەدەن بە سەر خۆیاندا. سەردەمێک بوو ناویان لە خۆیان ئەنا سۆشیالیستی و چی و چی. ئەوەشمان بیر نەچێ یەکێک لەوانەی کە ناوی سۆشیالیزم و سۆشیالیستی لە خۆی ناوە حزبەکەی بەشار ئەسەد و حزبەکەی سەدام حوسێنە، حزبی بەعسە بە ناوی سۆشیالیستیەوە. چ فرێکی بە سەر سۆشیالیستیەوە هەیە وکاتێک تۆ مرۆڤ بسوتێنی؟ ئەگەر بە پێی ئیحسائیەی خۆشی بێ لە سەدا ٥ ی بەرهەمێک کە لە ناو کۆمەڵگەی عێراقدا بەرهەم ئەهات بۆ ژیانی خەڵکی سەرف ئەکرا، ئەگەر چی لەو کاتەشدا لە بەر ئەوەی سەرمایەداری دەوڵەتی بوو وە نەوعێک لە سەرمایەی دەوڵەتی کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق بوو بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگادا نەوعێک لە ژیانی ئاسایی هەبوو. خۆشگوزەرانی نەبوو بەلام جۆرێک لە جێگریی بژێوی دابین کردبوو. بەلام خۆ ئەوە سۆشیالیزم نەبوو، ناوی ئەو سۆشیالیزمەی لە خۆی نابوو تاکو بتوانێ لە ژێر ناوی ئەوەدا ئەو هەموو حەقارەتە بە مرۆڤ بەرێتە پێشەوە. هەم لە ڕویەکەوە درێژە بە سیستەمی سەرمایەداری و ئەو جۆرە لە ژیانی مرۆڤ ئەدا وە هەمیش لەو لاوە ئەوە بە خەڵک ئەفرۆشێتەوە کە دەی بەڵێ فەرموو ئەوەتا، ئەوە سۆشیالیزمیش ئەوە بوو. هەر بۆیە ئێستا تەنانەت ئەرکی کۆمۆنیستەکانیش قورستر بووە، لە لایەک ئەبێ هۆشیاری چینایەتی کرێکار و زەحمەتکێش بەرزبکەینەوە و بڵێین ئەوەی کە لە یەکێتی سۆڤیەت ڕویدا، ئەوەی کە لە چین هەیە ، لە کوبا و لە هەر شوێنێکیتری دونیا بە ناوی سۆشیالیزمەوە هەیە، دوورونزیک پەیوەندی بە سۆشیالیزمەوە نیە. وە ئەوە دووبارە هێشتنەوەی سیستمی سەرمایەداری و هێشتنەوەی کاری بە کرێ و کۆیلە بوون و دابەشبوونی مرۆڤە لە سەر بنەمای چینایەتی. لە لایەکیشەوە هەر ئەم چینە هاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی هۆشیاری

## سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی

چینایەتید، چینی کرێکاریکی ڕێکخراو لە ڕێکخراوە حزبی و غەیرە حزبیەکانی خۆیدا بهێنینە ئاراوە بۆ بەرپا کردنی ئەو کۆمەڵگایەی کە مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی. بێگومان ئەمەش کۆمەڵێ ئەرکی سیاسی و کۆمەیەڵایەتی ئەگرێتەوە کە ئەوەیان ئەبێ بە باسێکی تر.

**خەسرەو سایە : هاوڕێ جەمال ئێوە لە قسەکانتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە سۆشیالیزم هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێیە. ئەمە جەوهەری ڕەخنەی مارکسە لە هەموو جۆرەکانی تری سۆشیالیزم، بەڵام هێشتا ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە کە ئایا سۆشیالیزم وەکو سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیقتیسادی، بە ڕای ئێوە چی چوارچێوەیەک هەیە سۆشیالیزم وەک سیستەم. لە چوارچێوەیەکی گشتیدا ئەگەر بکرێ لای ئێوە پێناسەی بکەن بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری ئەم باسە سوپاستان ئەکەین.**

جەمال موحسن:

بەڵێ، ڕاستی وەک خۆشت وتت ڕەنگە مرۆڤ بتوانێ زیاتر چوارچێوەیەکی گشتی ئەم مەسەلەیە باس بکات. منیش ئاماژە بە چەند خاڵێک ئەدەم. وەک لە پێشتردا جەختمان لەسەر کردەوە، سۆشیالیزم یانی هەڵوەشانەوەی ئەم هەلومەرجەیە . هەلومەرجێک کە هەیە، سەیرکە مرۆڤ کۆیلەی کاری بە کرێیە، هەرچی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە ، هەرچی ئەندێشە و بیرکردنەوەی مرۆڤە، هەرچی یاسا و هونەر و ئەدەب و ئایدۆلۆژیا و فکر و... هتدە لێرەوە سەرچاوە ئەگرێ . بۆیە کاتێک ئەم بنەما ئابووریەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری کە کاری بە کرێ هەڵئەوەشێتەوە، هەموو ئەوانەش گۆرانکاری بە سەر دێت لە هەموو ڕوویەکیەوە، سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ... جا مەسەلەکە ئەوەیە کاتێک مرۆڤ کە ئێستا بۆ خۆی وەک پێشتریش وتم بۆ خۆی ناژی، بۆ خۆی ئازاد نیە ، کار لە پێناو پەیدا کردنی ژیان و بژێویتدایە، ئەمە گۆڕانی بە سەردا دێت. کاتێک لە سۆشیالیزمدا کە کۆمەڵگە ئەبێتە کۆمەڵگەی هەموو مرۆڤە کارکردووەکان، هەموو مرۆڤێک ئەبێ کار بکا، هەموو مرۆڤێک ئەبێ بەشداری بکا لە بەرهەمهێنانی پێداویستیە کانی کۆمەڵگادا. بەرهەم ئەو کاتە لە پێناو پێداویستی کۆمەڵگادایە ، لە پێناوی بە کارهێنانی ئەو ئیحتیاجاتانەیە کە مرۆڤ بۆ ژیانی، بۆ خۆشی، بۆ ڕیفاه ، بۆ هەر شتێک کە پێویستی پێیەتی، کاتێک هەمووان بەشدار ئەبن لە کاردا ، وە هەمووانیش لە سەر ئەو بنەمایەی باسمان کرد ، هەر کەس بە پێی توانای و هەر کەس بە گوێرەی پێویستی خۆی ، ژیانی مەیسەر ئەبێ. بازاڕێک نابێ تۆ بچی بە پارە پێداویستیەکانتی لێ بکڕیت. ئیتر لێرەدا تۆ پێویستت بە کۆنترۆڵی چینێک بە سەر چینێکدا نابێت، پێویستت بە کۆمەڵێکی کەم لە کۆمەڵگایە نیە دەستیان بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا گرتبێ، ئامرازی بەرهەمهێنان مولکی گشتیە هی هەموو مرۆڤەکانە و هیچ کەس دانانیشێ بە بێکار، هەمووی کار ئەکا وە هەرهەمووی ژیانی مەیسەر ئەبێ. بێگومان ئەمە سیستەمێکی خەیاڵی نیە، سیستەمێکە لە سەر بناغەی گەڕانەوەی ئازادی و ئیرادە بۆ مرۆڤە. ئەو کاتە مرۆڤ ئیرادە ئەکات چی جۆرێک لە ژیانی پێویستە، چی جۆرێک ڕێکخستنی کۆمەڵگای

ئەویش، حەتمەن ئالۆزیەک کە ئێستا لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەیە چارەسەر ئەکریێ بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ. بەڵام ژیانێکی ڕێکوپێکی پلاندارێژراو ئەبێ، وەکو ئەنگلسیش باسی لێئەکا (پلانپرۆگرام) پرۆگرامی بە ڕەوە بردن خەڵک خۆی دایئەنێ. بەڵام من حەز ئەکەم لێەدا ئاماژە بە شتێک بکەم ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێ، یەعنی تۆ ئەگەر کۆمۆنیستیشیت و ئەزانی ئەو کۆمەڵگایە چوارچێوە گشتیەکەی ئەمە ئەبێ، بەڵام ناتوانی لە ئێستاوە پلان، چ پلانی ئابوری یا کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەرچیەک بێ ، سەرخان و ژێرخانی ئەو کاتی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئێستاوە دابنێی. یانی ئەو کاتە مرۆڤەکان خۆیان ئەزانن بە گوێرەی پێداویستیەک کە لەو ژیانە پێویستیان پێیەتی چیە وە ئیحتیاجیان بە چیەو وە چۆن بەرهەمێک بەرهەم ئەهێنن. من حەز ئەکەم بگەڕێمەوە بۆ نمونەیەک لە قسەکانی مەنسور حیکمەت لە بابەتی دووبارە خوێندنەوەی کاپیتاڵدا باسی لێئەکات و نمونەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشە. باس لەوە ئەکات کە ئەڵێ، ئەویش لە سەر ئەو ئەساسەوە ئەگەڕێتەوە بۆ مارکس لە ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا، ئەوە ئابووری و بنەمای پەیوەندیە ئابووریەکانی کۆمەڵگایە کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تر دیاری ئەکات نەک بە پێچەوانەوە. مەنسور حیکمەت نمونەی ئەوە ئەهێنێتەوە کە ئەڵێ کەسانێک ئێستا بیانەوێ فیلمێک دەرکەن لە سەر هەسارەیەکی تر کە ئەڕۆن بۆ ئەو هەسارەیە لەوێ، ئیتر ئەڵێن ئێمە لەوێ ژیانێکی تر دروست ئەکەین. تۆ کە سەیری فیلمەکە ئەکەی چونکە ئەندێشەی مرۆڤەکانە کە لەم کۆمەڵگایەی ئێستادان کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندی سەرمایەداری دیاریکردووە، وا بیر ئەکەنەوە لە ناو ئەو فیلمەشدا پەیوەندی ژن و پیاو، پەیوەندی مرۆڤەکان، قسەکردن لە سەر عیشق و خۆشەویستی، مرۆڤایەتی چوارچێوەکەی ئەو فیکرەیەیە کە ئێستا لە کۆمەڵگەی بەشەریدا دیاریکراوە، بۆ وایە؟ لە بەر ئەوەی تۆ ناتوانی بۆ ئەو کاتەی، ئەو سەردەمە بۆ ئەو هەسارەیە، بۆ ئەو شتەی تر دیاری بکەی. ئەمە وەک نمونەیەکی خەیاڵی نایڵێم، یان مەنسوری حیکمەتیش وەک ئەوە نایڵێ، بەس وەک نمونەیەکی واقعی کە تۆ لە سبەینێی سۆشیالیزمدا ناتوانی بڵێی من سبەینێ بۆریە نەوتەکان وا لێ ئەکەم لە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستاندا ، من سبەینێ فلان وا لێئەکەم. ئەتوانی پلانێکی گشتی بە دەستەوە بدەی. سەرەنجام شتێک کە لەو کۆمەڵگەیە بەرهەمی سروشتیە، یا خود بەرهەمی کاروداهێنانی مرۆڤە بۆ مرۆڤ خۆی ئەبێ. لەمە زیاتر پێویستت بەوە نابێ بیر بکەیتەوە بڵێی لە ئێستاوە ئەم شتە و ئەو شتە وا لێ ئەکەم. یەک مەسەلە کە موهیمە ئەویش ئەوەیە چونکە لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا پارە نامێنێ، بازاڕ نامێنێ، پێویستت بەوە نابێ کە تۆ بۆ ئەوەی شتێکت لە ژیانتا بوێ بڕۆی بیکڕی، وەختێک بازاڕ و پارە نەما، تۆ کاتێک پێویستت بە کۆمپیوتەرە، ئەوە کۆمپیوتەرە لە بەر دەستایە، کاتێ کە پێویستت بەوەیە بڕۆی بۆ نمونە کارێک بکەی، دکتۆرت پێویستە، تۆ پێداویستیەکانی لە بەردەمدایە ئەگەر بتەوێ بخوێنیت، تۆ ئیمکانیەتت لە بەر دەستایە بۆ هەر چیەک کە تۆ ئەیگری. بەم مانایە ئەمە چوارچێوە گشتیەکەیەتی کاتێک کە لە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا بازاڕ نامێنێ، کاڵا نامێنێ، پەیوەندی مرۆڤ لە سەر بنەمای دابەشبوونی چینایەتی یا کۆیلەیی بۆ کڕێ و بۆ کاڵا نامێنێ و بەوجۆرەش هەموو ئەو مەسائیلانەی تر بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانی بە سەرا دێت. ئەو باقیەکەی لەوێ مرۆڤەکان چ

## سۆشیالیزم و کۆمەڵگای سۆشیالیستی

جۆرە سیستەمێک ئەبەن بە ڕێوە ، ئەوە مەعلومە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، جەماعیە، لە سەر بنەمای دەسەڵاتی شوراکانەوەیە، لە سەر بنەمای دیاریکردنی نوێنەرانی خەڵکەوەیە. خەڵک بۆ خۆی دیاری ئەکا لە شوێنێکدا کە ئەژی، لە شوێنێکدا کاروبارەکانی یا کار ئەباتە پێشەوە بۆ کۆمەڵگایە، بەڕێوەبردنی پێویستە، با بڵێین ئەدمینسترەیشنێکی پێویستە. بۆ ئەمانە خۆی دیاری ئەکا ئەم مرۆڤانە ئەم دەورەیە دیاری ئەکەن، ئەم مرۆڤانە ئەیبەنە پێشەوە و دەورەیەکی تر کۆمەڵێک مرۆڤی تر ئەیبەنە پێشەوە. سەرەنجام بە ئیرادەی ئازادانەی مرۆڤ کار کردن ئەچێتە پێشەوە، بە ڕێوەبردن ئەچێتە پێشەوە، یانی مرۆڤ ئازادە کە ئەوەی پێویستیەتی لە ژیانیدا بە دەستی بێنێ. من بەم چوارچێوە گشتیەوە مەجبورم ئیکتیفا بکەم لەبەر کات.

**خەسرەو سایە: هاورێ جەمال وەکو دوایین پرسیار، ئەگەر ئەم سۆشیالیزمەی ئێوە باسی ئەکەن یەکێک بێ لەو ئامانجانە سەرەکیانەی خەباتی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان لە پێش چاوی خۆیان و بۆ کۆمەڵگە دایانناوە، ئەم سۆشیالیزمە لە چی ڕێگایەکەوە بە دەستدێ ؟ خەبات بۆ بە دەستهێنانی سۆشیالیزم لە چی ڕەوەندێکدایە؟**

جەمال موحسن:

سۆشیالیزم شتێک نیە کە تۆ بتوانی بە کودەتا بە ئەنجامی بگەیەنی، هەر وەک مەنسور حکمەتیش ئەڵێ شتێک نیە تۆ بچی پاشایەک دەرمانخوارد بکەیت و بەیانی هەستیت و بڵێی ئەوە سیستەم گۆڕاوە و تەواو. شۆڕشیش، شۆڕشێکی ئیرادەگەری و عەشوائی نیە وەک ئەنگڵس لە شوێنێکدا تەئکیدی لێئەکاتەوە، شۆڕش بە پێی زەمینەکانی بنەما کۆمەڵایەتیەکانی سازکردنی ئەو شۆڕشە لە ناو کۆمەڵگادا دێتە پێشەوە. هەر ئێستا زەمینەکانی ئەم شۆڕشە لە نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەردەمدا، لە کوردستانەوە بگرە، لە عێراق و لە هەر وولاتێکیتری جیهاندا بگرە، تا ئەو ڕادەیەی ئەو ناکۆکیە چینایەتیە بەوپەڕی گەیشتووە، تا ئەو ڕادەیەی کە ملیۆنەها مرۆڤ لە برسا ئەمرن کە چی لە کاتێکدا سەروەتی دونیا هەمووی لای چەند کەسێکی کەم ، لە دەیان کەس تێپەڕ ناکا کۆبووەتەوە. یانی سەروەتی چوار پێنج ملیاردێری جیهانی بەشی سێ بەشی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی ئەکات. کاتێک ئەم هەموو ناکۆکیە ئەبینی ئەو چینە پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕە، ئەو توخمە شۆڕشگێڕەی مارکس جەختی لێئەکاتەوە کە لە نێو ئەم سیستەمەدا وجودی هەیە، ئامادەیە. سەرەنجام زەمینەکانی ئەم شۆڕشە هەیە بەڵام شتێکی خۆبەخۆیی (عەشوائی) نیە، سۆشیالیزم تاکە ڕێگە کە بەدیبهێنێ، شۆڕشە، شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانیت شۆڕش بکەیت ڕێکخراوبوون پێویستە، تەنزیمات پێویستە، حزبی سیاسی پێویستە، حزبێکی سیاسی کە چینی کرێکار ڕێکبخا، حزبێکی سیاسی لە سەر بنەمای ئەو بەشە پێشڕەوە لە چینی کرێکار کە بۆچوونی سۆشیالیستی هەبێ کە ئەو سەرەکەی هەڵوەشانەوەی سیستەمی کاری بە کرێی بۆ خۆیدا ناوە وەک ئامانجێک، وە هەر ڕیفۆرمێکیش لە ڕاستای ئەمەدا بیکات ئەبێ بیگەیەنێت بەو ئامانجە. بێگومان باشبوونی ژیانی هەنگاوەکانی باشتر و خێراتر ئەکات. بۆ

گەیشتن بەو ئامانجە ئەو حزبە سیاسیە، ئەم چینی کرێکارە، ئەم بەشە پێشڕەوە لە چینی کرێکار و سۆشیالیستەکان، کۆمۆنیستەکان ڕێک ئەخات. حزبی سیاسی دروست ئەبێ وە کۆمەڵگا بە شوێن خۆیدا کێش ئەکات تاکو ئەم کۆمەڵگایە بەرەو ئەو گۆڕانکاریە سۆشیالیستیە ببات، کە ئەویش وەک وتم تەنها بە شۆڕشی چینایەتی چینی کرێکار ئەکرێ، ئەگەر فرسەت بێ هیوادارم لە بەرنامەی تردا بە تایبەت ئەتوانین بێینە سەر شۆڕشی کۆمۆنیستی کە لە مانیفێستی کۆمۆنیستیشدا زۆر تەئکیدی لێئەکاتەوە. ئەوە تاکە شۆڕشێکە ئەبێ کۆمۆنیستەکان هەوڵ و تەقەلای بۆ بدەن. وە تاکە شۆڕشێکە کە ئەبێ دونیای سەرمایەداری لە بەرامبەریدا بلەرزێ. بێگومان ئێستا کرێکار خاوەنی هیچ شتێک نیە وەک شتی ماتریال و مادی، خاوەنی هیچ شتێک نیە کە لە دەستیبدات، بۆیە لە پێناوی بەرپاکردنی ئەو شۆڕشەدا شتێکی مادی لە دەستنادات، بەڵام سەرەنجامی ئەو شۆڕشە دونیایەکی تر بە دیدێنێ، ئاسودەیی و ئازادی و یەکسانی فەراهەم ئەکا بۆ کۆمەڵگە. پرۆلیتاریا ئەبێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیستی خۆی بەرپا بکات و دەسەڵاتی سیاسی بە دەستبهێنێ. هەروەک مانیفێست پێداگری لەسەر ئەکات: "یەکەمین هەنگاوی شۆڕشی چینی کرێکار بەرزکردنەوەی پرۆلیتاریایە بۆجێگەوڕێگای چینی دەسەڵاتدار تا لە جەنگیدا بۆ دیموکراسی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. پرۆلیتاریا سەروەریە سیاسیەکەی بۆ ئەوە بەکاردێنێ تاکو هەمو سەرمایە لە بۆرژوازی بسەنێتەوە، تاکو تەواوی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی دەوڵەتی خۆیدا سێنترالیزە بکات (تەمەرکوز پێبکات)، واتە پرۆلیتاریایەکی ڕێکخراو بە وێنەی چینی دەسەڵاتدار، وە تاکو سەرجەمی هێزەکانی بەرهەمهێنان بە زووترین کات زیادبکات." (مانیفێست، بەندی دوو، پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکان).

**خەسرەو سایە: زۆر سوپاس هاوڕێ جەمال بۆ ئەو کاتەی بە ئێمەتان بەخشی.**
**جەمال موحسن: زۆر سوپاس بۆ تۆش هاوڕێ خەسرەو.**



کارڵ مارکس

# دەربارەی کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن

تێبینی: ئەم وتارەی بەردەستان لە لایەن مەنسور حکمەتەوە کاتی خۆی وەرگێردراوە بۆ زمانی فارسی و هەرخۆشی پێشەکیەکی بۆ نووسیوە. ئێمە بە باشمان زانیوە کە ناونیشانی باسەکەی مارکس بکەین بە ناونیشانی بنەڕەتی و هەر بەو ناوەوە بیخەینە بەردەستی خوێنەران، لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی ئێمە پێشکەشکردنی باسەکەی مارکسە. ئەم دەقە کوردیە لە لایەن خەسرەو سایەوە لە فارسیەوە وەرگێڕدراوە. وەرگێڕانی کوردی بەشی دەقە ئەسڵیەکەی مارکس پیاچوونەوەی لەگەڵ دەقە ئینگلیزیەکەدا لە لایەن جەمال محسنەوە بۆ کراوە. هەر هەمان ئەو سەرچاوەیەی کە حکمەت لە بابەتەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەکات بەکارهاتووە لەم پیاچوونەوەیەدا کە لە وێبلاگی مارکسیستەکاندا، بەشی زمانی ئینگلیزی، بەردەست ئەکەوێ. تەواوی دەقە فارسیەکەش لە وێبلاگی مەنسور حکەمتدا لەبەردەستایە. لای خۆمانەوە پێشوازی لە هەر سەرنج و پێشنیار و ڕەخنەیەك ئەکەین گەر لەسەر وەگێڕانەکە هەبێت.

”دیدگای سۆشیالیستی“

## پێشەکی بۆ ووتاری مارکس

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن

**مەنسور حکمەت**

جیاوازی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، یەکێک لە پێکهاتووە گرنگەکانی رەخنەی مارکسە لە سیستەمی سەرمایەداری و ئابوری سیاسی. دارشتنەوەی وردی مارکس بۆ ئەم چەمکانە، نە تەنها ئەو توانایە بەو ئەدات کە سەرچاوەی سامان وقازانجی چینی بۆرژوازی و "نهێنی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە" ئاشکرا بکات، بەڵکو لەهەمان کاتدا جیاوازی و پەیوەندی دژبەیەکی نێوان توێژە جیاجیاکانی سەرمایە، لەوانەش سەرمایەی پیشەسازی (بەرهەمهێن) و بازرگانی و سوخۆر، بەدروستی شیبکاتەوە. لەهەمانکاتدا مارکس بەتوێژینەوە لەکاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، دەستگایەکی تیۆری چالاکی لەشیکردنەوەی دابەشبوونە دەرونیەکانی پرۆلیتاریا و شێوە جۆراوجۆرەکانی رووبەرووبوونەوەی ئابووری و سیاسی سەرمایە لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکاردا ئەدات بەدەستەوە. تیۆری مارکسیستی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، گرنگی و دروستییەکەی بەتایبەتی لەم دوو دەیەی دواییدا و لە رەوتی قەیرانێکی قوڵی کۆمەڵگا سەرمایەداریە پێشکەوتووەکاندا سەلماندووە.

کاری بەرهەمهێن چییە، وەیا بەواتایەکیتر چ کارێک بەرهەمهێنە؟ فیزۆکراتیەکان، یانی یەکەمین دامەزرێنەرانی ئابووری سیاسی هاوچەرخ ئەم پرسیارەیان لەروانگەی "سروشتی" و"فیزیکی"ەوە وەڵامداوەتەوە. بەلای ئەوانەوە تەنها کاری کشتوکاڵی بەکاری بەرهەمهێن دادەنرێ، لەم دەربرینەدا، سەرچاوەی قازانج و سامانی کۆمەڵگای بۆرژوازی لە سروشتدا دراسە دەکرێت. ئەوە سروشتە کە سامان و زێدەبەرهەم دەخوڵقێنێ و هەر بۆیە کاری بەرهەمهێن کارێکە کە لەگەڵ سروشتدا کار و کاردانەوە دەکات. زێدەبەرهەم بەرهەمی سروشتە نەک کار، هەر بۆیە کۆمەڵگا بەگشتی (دەوڵەت و سیاسەتە ئابوریەکانی دەوڵەت) پێویستە لە خزمەتی بەرەوسەرەوە بردنی توانایەکانی کارو زیادکردنی بەرهەمەکان لە بواری کشتوکاڵدا دابنرێ و لەبەکاربردنی بەرهەمە نابەرهەمهێنەکان خۆپارێزی بکرێ و سەرچاوە ئابوریەکان تایبەت بکرێن بۆ باشکردنی چۆنایەتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. بەم پێیەش فیزۆکراتەکان بانگەشەکەرانی باوەڕی رەتکردنەوەی بەکاربردنن، واتە بانگەشەدەرانی بەها و ئەخلاقیاتی کۆمەڵگای بۆرژوازین لە قۆناغەکانی سەرەتای شکڵگرتنیدا. فیزۆکراتەکان بیرمەندانی ئابووری سەردەمانی شکڵگرتن و هەڵدانی سەرمایە بوون. باوەڕەکانی ئەوان لەلایەک هەڵگری وێنایەک لەبەهاو لێکدانەوە فیودالیيەکانە و لەلایەکی تریشەوە گرفتە عەمەلیەکانی بۆرژوازی لە دەورانی سەرهەڵدان و گەشەدا، بەیان دەکەن، واتە لە برگەیەکدا کە سەرمایە هێشتا، پێی نەناوەتە بەرهەمهێنانی گەورەی پیشەسازیەوە هێشتا قازانجهێنەری سەرمایە لەهەنگاوی یەکەمی خۆیدا گرێی خواردەوە بە باشکردنی هەلومەرجی تەکنیکی بەرهەمهێنانی بەرهەمە تەقلیدیەکانەوە لە کشتوکاڵدا. لە روانگەی تیۆریەوە ئەوە رۆشنە کە کاری بەرهەمهێنەر لای فیزۆکراتەکان جۆرێکی دیاریکراوە لەکاری تایبەت (کۆنکرێت). واتە بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی

دیاریکراو (بەهایەکی بەکاربردنی دیاریکراو)، بەم پێیەش لە سەنتەری ئەم بۆچوونەدا ئەنجامدانی جۆرێکی دیاریکراو لە کار، بۆ کاری بەرهەمهێن، جێگادەگرێ.

ئادەم سمێس یەکەمین ئابوری ناسی بەناوبانگە، کە لە ڕوانگەی "سروشت"ەوە بۆ کاری بەرهەمهێنی نەڕوانیوە، بەڵکو لەدەرچەی "بەرهەمهێنانی سەرمایەداری"ەوە بۆی دەروانێ و بەم پێیەش لێکدانەوەی"سروشتی" و "فیزیکیانە"ی بۆکاری بەرهەمهێن، خستۆتە لاوە و ئاماژەی "چەندایەتی"و "بەها"ی بۆکاری بەرهەمهێن داناوە. بەلای ئادەم سمێسەوە بەرهەمهێنەربوونی کار لەوەدا نیە ئەم یان ئەو بەهای بەکاربردنە دیاریکراوە بەرهەم دێنێ، بەڵکو لەوەدایە کە بەها بۆ سەرمایە بەرهەمدێنێ. سمێس کاری بەرهەمهێنەری بەو کارە پێناسەکردووە کە لەگەڵ سەرمایەدا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ و کاری نابەرهەمهێنیش کارێکە کە بە سەرمایە ئاڵوگۆڕی پێناکرێ، بەڵکو لەگەڵ دراو "داهات"دا دەکەوێتە ئاڵوگۆڕەوە. پێناسەکەی ئادەم سمێس بۆ کاری نابەرهەمهێن دروستە، بەڵام دەربڕینەکەی لەسەر کاری بەرهەمهێن ناتەواوە. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کەپێی وایە هەرکارێک لەگەڵ سەرمایە ئاڵوگۆر پێبکرێ، بە بەرهەمهێنەری بەها ئەژماردەکرێت. بەڵام لەحاڵەتێکدا کە بە ڕواڵەت باسەکە لەسەر توانای بەرهەمهێنەری کارە، ئەو پێی وایە کە ئەوە سەرمایەیە بنەمای بەها و سەرچاوەی هەر توانایەکی بەرهەمهێنەریە.

ئادەم سمێس لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی بەهاوە، ڕازی نیە بەهەر جیاوازی کردنێک لەنێوان سەرمایەیەکدا کە لە پرۆسەی بەکردەوەی بەرهەمهێناندا بەکاردەبرێ، لەگەڵ سەرمایەی بازرگانیدا. بەمجۆرەش تیۆری ئادەم سمێس دەرخەری تێڕوانینی تاک سەرمایەدارێکە کە خودی "قازانجهێنەری" سەرمایە، بەسەرمایەی بازرگانیشەوە، لەگەڵ "توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە" بە یەک شت دەزانێ. بەم پێیەش لە دەربڕینەکانی ئادەم سمێسدا سەرچاوەی واقعی قازانج و سامانی بۆرژوازی دەشاردرێتەوە و لەبری ئەمە توێژە "بەکاربەر" و"نابەرهەمهێنەکان"، لەوانە خاوەنانی زەوی، سووخۆرەکان و شتی لەمجۆرە، لە ڕوانگەی سەرمایەوە دەخاتە ژێر ڕەخنەوە. ئادەم سمێس تیۆریزانی دەورانی سەرهەڵدانی سەرمایەی گەورەی پیشەسازیە، کاتێک کە سەرمایە لەپێناو سەرچاوەکان و بەرهەمەکاندا، لەگەڵ توێژ و چینەکانی تردا دەکەوێتە مونافەسەوە. ڕەخنەی ئەو لەم توێژ و چینە "نابەرهەمهێنەران"ە، لەواقعدا بزاوتێکە بۆ بەپیرۆزکردنی سەرمایە بەشێوەیەکی گشتی وسەرمایەی پیشەسازی بەتایبەتی.

ڕیکاردۆ، پێناسەکەی ئادەمسێس بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن وەک خۆی پەسەند دەکات، بەڵام سەرنجی خۆی بۆ لای ڕێژە و ئاستی زێدەبایی و پەیوەندی نێوان سەرمایە و کرێکاران، وەردەچەرخێنێ. ئەمەش گرفتێکی واقعی سەرمایەی پیشەسازیە لە قۆناغە پێشکەوەترەکانیدا. لە قۆناغیکدا کە گرفتی "بەکاربردنی نابەرهەمهێن"ی توێژ و چینەکانی "پێش سەرمایەداری" جێگاوشوێنیان دەبێتە گرفتێکی بەردەم بەرەوسەرەوە بردنی ڕێژەی زێدەبایی("داهاتی سافی") و مەسەلەی داوا و خستنەڕووی (عرض والطلب)کار. ڕیکاردۆ لێرەدا بەدوای کێشەکانی کەڵەکەی سەرمایەوەیە. ئەگەر دانیشتوانێکی بەرهەمهێن لە تواناییەکی باڵای بەرهەمهێنان بەهرەمەند بێت، ئەوکاتە وەڵامدانەوە بەمەسەلەی توێژە نابەرهەمهێنەرەکان دژواریەکی جدی پێکناهێنێ. بۆ ڕیکاردۆ

گرفتی سەرەکی بەردەم سەرمایە، "هاتنەخوارەوەی توانا" ی دانیشتوانێکی بەرهەمهێنەرە.

تێڕوانینی مارکس لە دوو خاڵی بنەڕەتیدا لەگەڵ بۆچونەکانی ئادەم سمێس و ڕیکاردۆدا سەبارەت بەکاری بەرهەمهێن وسەرچاوەی زێدەبایی جیاوازی هەیە. یەکەم، مارکس بەپێچەوانەی ئادەم سمێسەوە هەر کارێک کە لەگەڵ سەرمایەدا بگۆڕدرێتەوە، بەکاری بەرهەمهێن نازانێ. مارکس دووجۆر گۆڕینەوەی لێک جیاوازی نێوان کار و سەرمایە دەستنیشان دەکات، یەکەم، گۆڕینەوەی ڕەمزیانەی نێوان کار و سەرمایەیە، واتە فرۆشتنی هێزی کارێک کە لەژێر پاشکۆیەتی ڕەمزیانەی سەرمایەدا (Formal Subsumption) قەراردەگرێ. بەڵام خودی ئەم گۆڕینەوەیە بەها بەرهەم ناهێنێ. "گۆڕینەوە"ی دووەمی نێوان کار و سەرمایە لە جەرگەی پرۆسەی کاردا شکڵ دەگرێ. لەم پرۆسەیەشدا کار لەژێر سایەی پاشکۆیەتیەکی واقعیدا ( Real Subsumption)بەسەرمایەوە سەردەردێنێ و لەلایەن سەرمایەوە بەکار دەبرێ. لێرەدایە کە توانای بەرهەمهێنەری کار خۆی نیشاندەدات. دووەم، مارکس جیاوازی لەنێوان کار و هێزی کاردا دەکات. ئەوەی سەرمایەدار دەیکڕێ مافی سودوەرگرتنە لە هێزی کاری کرێکار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. بەڵام ڕێژەیەک لەکار، کە کرێکار لەم ماوە دیاریکراوەدا ئەنجامی دەدات، زیاترە لەڕێژەی کارێک کە سەرفکراوە بۆ بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خودی هێزی کار. بەم جۆرەش سەرمایە لە پرۆسەی کاردا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە زێدەکار، بێبەرامبەر بۆخۆی بەدەست دێنێ و بەدوای فرۆشتنی بەرهەمەکاندا ئەم زێدەکارەش دابین دەکات. بەم پێیەش مارکس پەنجە لەسەر گرنگی پرۆسەی کار دادەنێ. چونکە لە جەرگەی ئەم پرۆسەیەدایە، کە یەکەم هێزی کار، توانای بەرهەمهێنەری خۆی، لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان بڕی کارێک کە ئەنجام دەدرێ لەچاو بڕی ئەوکارەدا کە سەرف کراوە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار، دەردەخات، دووەمیش بەدرێژایی ئەم پرۆسەیەیە کە "بەرهەمهێنەر"بوون واتایەکی مادی واقعی بەدەستدێنێ. مارکس کاری بەرهەمهێن بەکارێک پێناسە دەکات کە دوای گۆڕینەوەی ڕەمزیانەی لەگەڵ سەرمایەدا، بەکردەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا لەلایەن سەرمایەوە بەکار دەهێنرێ. ئەمەی دووەمیان نیشانەی ڕوکاری مادیانەی بەرهەمهێنانە. مەسەلەکە لەبارەی ئاکامی پرۆسەی کارو بەرهەمهێنانی بەهای بەکربردنەوەیە بەشیوەیەکی گشتی نەک جۆرێکی دیاریکراو لەبەهای بەکاربردن. ڕوکاری مادیانەی بەرهەمهێنان لەڕیگای ئەم یان ئەو پرۆسە تایبەتەی کارەوە (کاری کۆنکریت)، لە نمونەکانی کاری کشتوکاڵی، ڕستنو چنین و شتی لەمجۆرە، وە تەنانەت بەم یان بەو بەهای بەکاربردنە دیاریکراوەوە، واتای مادی بەدەست ناهێنی، بەڵکو لە ڕێگای خودی لەئارادابوونی پرۆسەی کار، لە شێوەیەکی گشتیدا، واتای مادی بەدەستدێنێ. بەدەربڕینێکی تر، ئەوە کاری کۆنکرێت نیە کە سەرچاوەی بەهایە، بەڵکو کار، بەمانای گشتی وشەکە، یانی کاری موجەرەد، سەرچاوەی بەهایە.

مارکس لەسەر ئەم بنەمایە توانی کە هەم بۆچوونە ڕواڵەتیە "مادی" گەراییەکانی فیزۆکراتەکان ڕەتکاتەوە کە باوەڕیان وابوو، پێوانەی بەرهەمهێنەری کار لە بەرهەمهێنانی جۆریکی دیاریکراو لە بەرهەمە مادیەکاندایە. وە هەم لێکدانەوە "چەندایەتیەکان"ی ئادەم سمێس و ڕیکاردۆش دیسانەوە ڕەتکاتەوە، کە پێیان وایە خودی گۆڕینەوەی سەرمایە بەسە بۆ بەرهەمهێنەربوونی کار و

لێرەشەوە سەرمایەیان لەڕووکاری مادیانەی بەرهەمهێنان دادەبڕی و هاوکات سەرچاوەی زێدەباییشان دەشاردەوە. بەلای مارکسەوە کاری بەرهەمهێن کارێکە کە زێدەبایی بەرهەمدێنێ، یانی کارێک کە هەردوو قۆناغی گۆڕینەوەی خۆی لەگەڵ سەرمایەدا، تێدەپەڕێنێ. مارکس لەنێوان چەندایەتی"بەها"ی سامانی بەرهەمهاتوو لەگەڵ هەبوونی مادی و فیزیکیانەی سامانی بەرهەمهاتوودا، پەیوەندیەکی دروست دادەمەزرێنێ و بۆ یەکەمجاریش بە تیۆری "کار سەرچاوەی بەهایە" ناوەڕۆکێکی ڕۆشن و خەوشهەڵنەگر بەم بابەتە دەبەخشێ. مارکس پەردە لەسەر نهێنی "توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە" لادەبات. ئەوەی کە لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا خۆی بەشێوەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە نیشاندەدات، لە واقعدا هیچ شتێکی تر نیە جگە لە توانای بەرهەمهێنەری کار نەبێت. لێکدانەوەکانی مارکس ئەنجامگیری ڕاستەوخۆی تیۆری و عەمەلی دەگرێتەخۆی. لەوانە یەکەم پێناسەی دروستی ئەو بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن توانای ئەوەی پێدەدات کە سەرمایە لەو شوێنەدا کە بە کردەوە "بەرهەمهێن" نیە، یانی کە بە کاری بەرهەمهێن نەگۆڕدراوەتەوە (وەک سەرمایەی بازرگانی و..) دوبارە بناسێتەوە. بەم پێیەش لێکدانەوەکانی مارکس ئەو دەستەواژە بۆرژوازیەی کە دەڵێت "هەر کارێک کە بە سەرمایە بگۆڕدرێتەوە، بەرهەمهێنەرە" و بەکردەوەش سەرمایە بە سەرچاوەی سامان دادەنێ، کۆتایی پێدێنێت. دووەم مارکس توانیویەتی وێنایەکی ڕۆشن لە پەیوەندی نێوان سەرمایەی "بەرهەمهێن" و نابەرهەمهێن بەدەستەوە بدات. بەجۆرێک کە دەرکی بناغەکانی مونافەسەی نێوان بەشە جیاجیاکانی سەرمایە، لە بەرامبەریەکدا، بەتایبەتی لە هەلومەرجی قەیران و ڕۆڵی دەوڵەتی مۆدێرنی بۆرژوایی، لە ڕیکخستنەوەی پەیوەندیە دەرونیەکانی نێوان بەشە جۆربەجۆرەکانی سەرمایەدا، بەبێ دەرکی ڕۆشن لە پێناسەی مارکسیستی بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن لە توانادا نیە. سێهەم، بەجیاواز لە بیرمەندانی بۆرژوازی، مارکس لێکدانەوەی خۆی لەسەر پڕۆسەی قەیران و لەناوچوونی سەرمایەداری، دەکێشێتە مەیدانی  کەڵەکەی سەرمایە و پڕۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەباییەوە. لێرەشدا مارکس ڕووکاری "چەندایەتی"و "بەها"ی بەرهەمهێنان لەگەڵ ڕوکاری "فیزیکی" و "تەکنیکی"ەکەی بەدروستی لێکهەڵدەپێکێ، ئەمەش چ لە تیۆری مەیلی بەرەوخوارهاتنی بەهای قازانج _ کە تیایدا چونەسەرەوەی پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە (نەک بە تەنها پێکهاتی بەهایی و تەکنیکیەکەی) ڕۆڵێ سەرەکی هەیە (سەرمایە بەرگی سێهەم) _ وە چ لە باسی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەرامبەرکێی نێوان بەشە جیاجیاکانی سەرمایە و خودی ئەم پڕۆسەیەدا (بەرگی دووەم)، مارکس لە هەموو ئەم بوارانەدا بەشێوەیەکی شاکارانە ڕوکارە <u>چەندایەتی و چۆنایەتیەکانی</u> بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە یەکەیەکی یەکگرتوودا پێکەوە هەڵدەسەنگێنێ. بەم جۆرەش توانای شیکاری مارکس، بەتایبەتی قەرزاری پێناسەی دروستی ئەوە بۆ کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن. لە کۆتا خاڵیشدا، چوارەم مارکس گەنجینەیەکی فراوانی تیۆری بۆ شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی پرۆلیتاریا، بەوێنەی یەک چین و هەروەها شێوە جۆربەجۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکار بەرامبەر بە بۆرژوازی فەراهەم دەکات. بەشێک لە چینی کرێکار لەلایەن سەرمایەی "نابەرهەمهێن"ەوە،

بەکاردەبرێت. کاری نابەرهەمهێنی ئەم بەشە لە کرێکاران لە ڕوانگەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتیەوە، بەهەمان ئاست پێویستە کە کرێکارانی بەرهەمهێن پێی هەڵدەستن. بەڵام هەمان ئەو واقعیەتەی کە کرێکارانێک کاری نابەرهەمهێن دەکەن و زێدەبایی بەرهەم ناهێنن، هەرئەوان لە جێگاو ڕێگایەکی تایبەتدا بەرامبەر سەرمایەدا ڕادەگیرێن. شێوازی چەوسانەوەی ئەم بەشە لە کرێکاران و ڕۆڵیان لە پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا و لە پەیوەندی نێوان کرێکارانی بەرهەمهێنەر و نابەرهەمهێنەردا و هەردووک ئەم بەش پێکەوە، ئەمانە ئەو خاڵە بنەڕەتیانەیە کە مارکس لە ڕێگای لێکدانەوەکانیەوە بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، بەدروستی شیکردوونەتەوە. یەکیەتی بەکردەوەی چینی کرێکار لە خەباتدا لە دژی بۆرژوازی، لە گرەوی ناسینەوەی بەرژەوەندیە واقعیە هاوبەشەکانی بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکاردایە، بە بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنەوە. هەروەها لە گرەوی درک کردنی شێوە ئابوریەکان، سیاسەت و فەرهەنگێکی تایبەت کە بۆرژوازی لەم جیاوازیەی نێوان بەشەکانی کرێکارانەوە، پەنایان بۆ دەبات، تا بۆ قازانجهێنانی هەرچی زیاتر و زاڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی سودیان لێوەربگرێ.

**لەگەڵ سەرهەڵدانی** قەیرانی ئابووری ئەم دوودەیەی دوایی وڵاتانی پێشکەوتوی سەرمایەداری، لە ئەوروپا و ئەمریکا و لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی نوێکردنەوەی هەیکەلی بنیادی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا، باسی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، وەکو یەکێک لەگۆشەکانی تیۆری مارکسیستی بۆ قەیرانی ئابوری گرنگیەکی بەرجەستە بەخۆیەوە دەگرێ. بۆرژوازی هێرشێکی فراوانی بۆ سەر چینی کرێکار بەڕێخستووە، ئەم هێرشانە لە دوو ڕوکاری سەرەکیەوە دەستیان بۆدەبرێ. یەکەمیان، بردنەسەرەوەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایەی بەرهەمهێن، لە ڕێگای بەرەوسەرەوەبردن و توندکردنەوەی چەوسانەوەی کرێکارانی بەشی بەرهەمهێن و هێنانە خوارەوەی ئاستی کارپێکردنیان،(واتە دەستبردن بۆ بێکارکردن لەمبەشەدا - وەرگێڕ) بەمەبستی بردنەسەرەوەی توانای وەبەرهێنانی کار، وە دوەمیان هێنانە خوارەوەی توندی بودجەی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی دەوڵەت و هاوکاتی ئەمەش بێکارکردنی بەشێکی فراوان لە کرێکاران کە لەم بەشەدا کاردەکەن. بەگشتی ئاکامی ئەم سیاسەتە، فراوانکردنەوەی خێرای بێکاری و هێنانە خوارەوەی ئاستی بژێوی گشت چینی کرێکارە، لە ڕێگای سەپاندنی بژێوی بێکاران بەسەر خوشک و براکانیاندا کە هێشتا لەسەر کار ماون، هەروەها هێنانە خوارەوەی داهاتی گشت چینی کرێکار لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش لە ڕێگای هەڵگرتن و بڕینی جۆرەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و هێنانەخوارەوەی کرێ، و توندکردنەوەی زیاتری کاری کرێکارانی لەسەرکار. بەکورتی بۆرژوازی تێدەکۆشێت لە لایەکەوە چەوسانەوەی کرێکارانی بەرهەمهێن توندبکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە هەرچی فراوانتر کرێکارانی نابەهەمهێن ڕاکێشێتە نێو لەشکری بێکارانەوە. بزوتنەوەی سەندیکایی و هاوکات تەواوی چەپە ڕیفۆرمیستەکانی ئەوروپا، لە بەرامبەر شەپۆلە هەڵچوەکانی بێکاریدا، کە سەر لە بانگەشەکانی بۆرژوازیەوە سەبارەت بە ژیانەوەی بناغەکانی پیشەسازی نیشتمانی دەردێنێ و هەوڵدەدەن بۆ توندکردنەوەی مەیلی کۆنسەرڤەتیڤانە لەنێو بەش

و ڕشتەیەک لە کرێکاراندا، بەکردەوە چەک لەشانیان دادەماڵدرێ و تەنانەت لە ڕێخستنی مقاوەمەتێکی سیستماتێک لەبەرامبەر هێرشەکانی بۆرژوازیدا، بێتوانا دەمێننەوە. توانای مارکسیستەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دۆخە، پەیوەستە بەڕۆشنبینیەکی تیۆریانەی ئەوانەوە لەبەرامبەر قەیرانی ئابوری ئێستادا. تیۆری مارکسیستی بۆ قەیرانی ئابوری سەرمایەداری و تیۆری کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، دەزگایەکە بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ڕۆشنبینیە و توانای لەبەریەک هەڵوەشاندن و شیکردنەوەی هەلومەرجەکانی ئێستایە.

بەڵام جێگاو ڕێگای تیۆری کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێنی مارکس لە ڕەخنەیدا بۆ ئابوری سیاسی و بەکاربردنی ئەم تیۆریە بۆ شیکردنەوەی قەیرانی ئەمڕۆی جیهانی سەرمایەداری، هەرئەنجامێکی ببێ، ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ لێکدانەوەیەکی تەوا جیاواز لە"چەپ"ی ئێراندا لەبارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنەوە، بەرەوڕووین. ڕەنگە هەرگیز بە مێشکی مارکسدا نەیەت کە سەد ساڵ دوای کتێبی کاپیتاڵ، جۆرێکی تازە لە "فیزۆکراتیزم"لە ئێراندا پێ بنێتەوە مەیدان. وتمان کە گرنگی کاری ئادەم سمێس لەوەدایە کە لانیکەم لە ئاستێکی ڕواڵەتیشدا بووبێت، لە لێکدانەوەیەکی ئەخلاقیانەوە بۆ کاری بەرهەمهێن خۆی بەدور گرتووە و لەباتی مەسەلەی بەرهەمهێنانی بەهایەکی دیاریکراوی بەکاربردن، خودی بەرهەمهێنانی بەهای کردۆتە پێوانەیەک بۆ بەرهەمهێنەربوونی کار. بینیمان کە چۆن مارکس بەدروستی کاری بەرهەمهێنەری وەک کارێک پێناسەکردووە کە "زێدەبایی" بەرهەمدەهێنی. ئەمە ئەو پێناسەیەی کاری بەرهەمهێنە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا. بەڵام ئەوەی ئێمە لە ئەدبیاتی چەپی ئێراندا لەگەڵی بەرەو ڕووین جۆرێکە لە ئەخلاقیاتی"ناسیونال پیشەسازی" و جۆرێک لە فیزۆکراتیزمی تێکەڵوپێکەڵ، کە لە شیکردنەوەی ئابووری کۆمەڵگای سەرمایەداریەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە سیاسەت، وەیا لە خۆشباوەڕی"سەربەخۆخوازانە"ی بۆرژوازی و ووردەبۆرژوازی وڵاتیکی ژێردەستەدا، هێز وەردەگرێ. ئەم"فیزۆکراتیزمەی ناسیونال – پیشەسازی" کە لە ئەدەبیاتی ڕێکخراوەکانی ڕێگای کرێکار، یەکیەتی کۆمۆنیستی، هێڵی ٣، سێجیهانیەکان، فیدایانی خەڵک.. بەشێوەیەکی چونیەک دەبینرێ، تێکەڵوپێکەڵێکە لە نەتەوەگەرێتی و عاشق بە سەربەخۆیی پیشەسازی و خۆژێنی ئابووری. لەم دیدگایەدا کاری بەرهەمهێن کارێکە کە لە خزمەت گەشەی"ئابووری پیشسازی هاوسەنگ، خۆژێێن و سەربەخۆ"ی ئێراندا بەکاردەبرێ. بەرهەمهێنانی کاڵای "نامەرغوب" کاری بەرهەمهێن نیە، کار لە پیشەسازی "مۆنتاژ" و "وابەستە"دا، کاری بەرهەمهێن نیە، کار لە بەشێک لە چالاکیە ئابووری و بەرهەمهێنەرەکاندا کە لە "زانستی" ئابووری بۆرژوازیدا ناویان ناوە <u>خزمەتگوزاری</u> (وەک ڕێگاوبان و گواستنەوە، پاکژکردنەوە، پەروەردەوفێرکردن و..) کاری بەرهەمهێن نیە. هەمومان بەو پەرەگرافە دورودرێژانەی ناو ئەدەبیاتی ئەو ڕێکخراوانەی ناویان هێنرا، ئاشناین. ئەمانە دەربرینی فیزۆکراتیانەیە، چونکە کاری بەرهەمهێن، بەبەرهەمهێنانی <u>بەهای بەکاربردنێکی دیاریکراو</u> پێوانە کراوە. ناسیونالیستیە، چونکە هەمان بەهای بەکاربردنی دیاریکراو تا ئەو جێیە بەڕەسمی دەناسرێ کە تەنها ڕاپەڕینی ڕاستەوخۆ بە"سەربەخۆیی نیشتمانی" بگات، پیشەسازیە چونکە (با لە پیشەسازی مۆنتاژ و بەرهەمهینانی کاڵای نامەرغوب بگەڕێن) تەواوی بەشەکانی بەرهەمهێنانی"نا مادی" و فەرهەنگی و

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

خۆشگوزەرانی، دروست وەک هەمان مامەڵەی بۆرژوازی کۆنسەرڤەتیڤی ئەوروپا، دەخرێتە کەنارەوە. هیچ شتێک لەوە سادەتر نیە کە ئەم شێوە دەربڕینە نامارکسیانەیە، بەبەراورد لەگەڵ دواکەوتوترین تیۆری ئابووری سیاسی دووسەدەی پێشووتردا، بە نەزان و نازانستی بێتەبەرچاو. پێوانەی بەرهەمهێنەر بوونی کار لەم تێڕوانینەدا، گۆڕینەوەی کار نیە لەگەڵ سەرمایە و بەکاربردنی لە پرۆسەی کاردا، تەنانەت بەرهەمهێنانی زیدەبایی نیە، بەڵکو لەپێشەوە ویستێکە بەپێی جۆرێک لە ئەخلاقیاتی ناسیونالیستی و ئامانجی پیشەسازیگەریێتی. تیۆری"کاری بەرهەمهێن لەڕوانگەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری"ەوە، دەخاتە شوێنی تیۆری "کاری بەرهەمهێن لەڕوانگەی بەرژەوەندیە نیشتمانی"ەکانەوە. سەرەڕای ئەمە (ئەوەی کە زۆر گرنگە) جیاکردنەوەی کاری بەرهەمهێن لە نابەرهەمهێن لە تیۆری مارکسیزمدا، هەرگیز بەمەبەستی پیرۆزکردنی کاری بەرهەمهێن و تەکفیرکردنی کاری نابەرهەمهێن نیە. ئەم چەمکانە لە مارکسیزمدا، و لە پەیوەند بە جێگاوڕێگایانەوە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا و لە گۆشەنیگای بەرهەمێینانی زیدەباییەوە لێکدەدرێنەوە. بەتایبەتی کە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەردوو جۆرەکەی کار پێویستن. داوەری ئەخلاقیانە لەبارەی کاری بەرهەمهێن و نابەهەمهێنەوە، مەبەستی بۆرژوازی و سەرمایەداری بەشی"بەرهەمهێنەر"ەکەیەتی. مارکس بەشیکردنەوەی کاری بەرهەمهێنەر و نابەرهەمهێنەر، ئەو توانایە دەبەخشێ تا جێگاوڕێگای بەشە جۆربەجۆرەکانی چینی کرێکار بەدروستی بناسینێ. چونکە ناسینی بابەتیانەی پەیوەندی نێوان سەرمایە و بەشە جیاجیاکانی چینی کریکار هەلی ئەوە دەرەخسێنێ کە <u>یەکگرتووبونی واقعیانەی</u> گشت چینی کرێکار دابین بکرێ. بەڵام لە چەپی ئێراندا حوکمدانی ئەخلاقیانەی ناسیونال پیشەسازی لەبارەی "کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن"ەوە یەکجار باوە. پەلامارەکانی ڕای کارگەر و یەکیەتی کۆمۆنیستەکان بۆ سەر بەشی"خزمەتگوزاریەکان"، ئاهو ناڵەیان بەرامبەر بە "پیشەسازی مۆنتاژ" و نیگەرانیان لە بێتواناییەکانی بۆرژوازی بەرامبەر کەناڵیزەکردنی ئیمکاناتەکان بەرەو پیشەسازیە بنەڕەتیەکان و بەرەوسەرەوبردنی توانای بەرهەمداری کار و ڕێژەی چەوسانەوە، نمونەگەلێکن لەم حوکمە ئەخلاقیە بۆرژوا ناسیونالیستیانەیان بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن. لەبەرامبەر ئەم دیدگایانەدایەکە مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانی ئێران، بەردەوام خۆیان لەگەڵ ئەرکی ڕۆشنکردنەوەی ڕۆشنیەکان، بەرگری لە مەوجودیەتی کرێکارانی ئەم یان ئەو بەشی ئابوری، بەرگری لە کرێکارانی پیشەسازی"مۆنتاژ" و خزمەتگوزاریەکان، و هێنانەوە بیری ڕۆلی کاری هەرزان وشتی لەمجۆرەدا، ببیننەوە.

ئەم دەقەی ئێستا لەڕووی دەقە ئینگلیزیەکەیەوە، "تیۆریەکانی زێدەبایی" چاپی پرۆگرێس کتێبی یەکەم، لاپەرەکانی٣٨٦بۆ ٤١٣ وەرگێڕدراوە. لەم وەرگێڕانەشدا، هەوڵماندلوە تا ئەوپەڕی خۆی بەدەقە ئەسلیەکەوە وەفادرابین، لەبەرئەوەی کە خودی مارکس ئەم نوسینەی ئێستای بۆ چاپکردن ئامادە نەکردووە، بۆیە ئێمەش بە مەبەستی ڕۆشنبوونی نوسراوەکە لە هەندێ شوێنی جیاجیادا دەستەواژە و وشەمان زیادکردووە وبەدانانیان لەنێوان [ ]دا بۆخوێنەر دەردەکەوێ. کەوانەکان هی خودی مارکسە. کەوانە گەورەکانیش لەجۆری { } لەلایەن سەرپەرشتیارانی چاپی ڕوسی

کتیبەکەوە دانراوە. لە دەقە ئینگلیزیەکەی ئەم نوسراوەیەدا، ژمارەی لاپەڕەی دەستنوسەکانی مارکس دانراون، بەڵام ئێمە لامان بردووە، هەروەها ئەم وەرگێردراوە لەگەڵ دەقە ئەڵمانیەکەیدا بەراورد نەکراوە و خۆشحاڵ دەبین هاوڕیانێک کە شارەزای زمانی ئەڵمانین بتوانن بەراوردی بکەن و ئەگەر دەستکاریەکیان بەنەزەر گەیشت بۆ ئێمەی بنوسن تا لەدووبارە چابکردنەوەیدا، لەبەرچاویان بگرین.
هەر بەو جۆرەی کە لە بەشی کۆتایی دەقی ئێستادا ئاماژەی بۆکراوە، مارکس هێشتا لەم بەشەدا لەبارەی گۆڕینەوەی سەرمایە بەکاری نابەرهەمهێنەوە (بۆنمونە سەرمایەی بازرگانی) قسەناکات. ئەم باسە لە بەشی سەرمایەی بازرگانیدا لەکتێبی سێهەمی کاپیتاڵدا هاتووە. لەم بەشەدا مارکس دوای ئەوەی ڕەخنەی خۆی لەو دیدگا بۆرژواییەی کە "هەرکارێک بەبەرهەمهێن دادەنێ" سەرخەتە سەرەکیەکانی بۆچونی خۆی دەخاتەڕوو. بەڵام خاڵێک کە پێویستە خوێنەر لێرەدا سەرنجی بۆ ڕاکێشێ، پێناسەیەکە کە مارکس بۆ"خزمەتگوزاری" کردویەتی. "خەدەمات" کارێکە بەجیا لەوەی بەهای بەکاربردنی مادی بەرهەم بهێنێ یان نا، لەگەڵ داهاتدا دەگۆڕدرێتەوە. ئەم پێناسەیە لەگەڵ پێناسەیەکدا یەکسان نیە، کە ئەم ڕۆژانە لە ئابوری بۆرژوازیدا بۆ واتای "خزمەتگوزاری" دەکرێ و لە باسی داهات و بەرهەمی نیشتمانیدا بەکار دەبرێ. بەشێکی گرنگ لەوەی کە ئەمرۆ لەژێرناوی "خزمەتگوزاری"دا ناودەبرێ، لەو دەستەبەندیانەدا کە جێگای سەرنجی مارکسە دەچنە خانەی"بەرهەمە نامادی"ەکانەوە، کە لە هەمان دەقی ئێستا لەبارەیانەوە قسەی لەسەرکراوە.

# دەستنوسە ئابوریەکان، تیۆریەکانی زێدەبایی، پاشکۆ بەشی ١١ و ١٢ دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

**کارڵ مارکس**

### ١١. لێکدانەوەی پاساوخوازانەی پشت بەستو بە بەرهەمهێنەر بوونی تەواوی پیشەکان

فەیلەسوف بیروباوەڕ بەرهەم دەهێنێ، شاعیر هۆنراوە، مەلا ئامۆژگاری، مامۆستا ئەتروحە وشتی لەم جۆرە، تاوانبار تاوان بەرهەم دەهێنێ. خۆ ئەگەر کەمێک بەوردیەوە لەو پەیوەندیە بە گشتی بڕوانین کە هەیە لەنێوان ئەم ڕشتەیەی دوایی بەرهەمهێنان وکۆمەڵگادا، ئەوا لەزۆریەک لەحوکمدانی پێشینە ڕزگارمان دەبێ. تاوانبار نەک هەر تەنها تاوان، بەڵکو یاساکانی سزا و ئەو پرۆفیسۆرانەی کە وانەی یاسای تاوان ئەڵێنەوە بەرهەمدێنێ و لەوەش زیاتر ئەو ئەتروحانەشی کە هەر ئەم پرۆفیسۆرانە بۆ ووتنەوەی وانەکانیان وەک "کاڵا" دەیخەنە بازاڕەوە بەرهەمدێنێ. ئەمەش

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

ئەبێتە مایەی زیادبوونی سامانی نەتەوەیی، ئەمە جگە لەو لەخۆ ڕازیبوونە شەخسیەی کە نوسەری ئەتروحەکە پێی دەگات، هەروەک شایەت حاڵێکی باوەڕپێکراوی وەک بەڕێز پرۆفیسۆر ڕوشەرRoscher، لە کاتی نوسینی دەستنوسەکەیدا بەدەستی دێنێ.

تاوانبار سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمهێنەری سەرتاپای دەزگاکانی پۆلیس ودادگاو پاسەوان و دادوەر وجەلاد و دەستەی سویندخۆران و شتی لەم جۆرەیە، تەواوی ئەم ڕشتە جۆراوجۆرانەی کارو کاسپی، کە هەموویان بەشە جیاجیاکانی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتین و ئامادەییە روحیەکانی ئینسانیش دەبوژێننەوە و ویستی تازەش دەخوڵقێنن و ڕێگا نوێیەکانیش بۆ وەڵامدانەوە بەم ویستانە دەکەنەوە. خودی شکەنجەدان بەش بەحاڵی خۆی داهێنانێکی میکانیکی عەبقەریانەی هێناوەتە ئاراوە و پیشەوەرانێکی شەرافەتمەندی زۆریشی لەبەرهەم هێنانی دەستگا پێویستەکاندا خستۆتە نێو کارەوە.

تاوانبار سۆز و هەست بەرهەمدێنی، سۆزێک کە جارێک ئەخلاقیانەیە و جارێکی تر تراژیدیانەیە، بەمجۆرەش لەگەڵ هاندانی سۆزی ئەخلاقی وجوانناسی باودا، "خزمەت"ێک پێشکەش دەکات. تاوانبار نەک تەنها ئەتروحەکانی  یاسای تاوان، نەک تەنها یاساکانی سزا و لەگەڵیشیدا یاسادانەرانی ئەم ڕشتەیە، بەڵکو هونەرو ئەدەب، ڕۆمانەکان وتەنانەت تێکستە تراژیدیەکانیش بەرهەمدێنێ. هەروەک ئەوەی کە نە تەنها "گوناح"ی بەرهەمی مۆلنەر Mülner و "پارەی دزراو" بەرهەمی شیللەر، بەڵکو بەهەمان شێوە "ئۆدیب"ی (سۆفۆکل) و"ریچاردی سێهەم" ی شکسپیر، شایەتی لەسەر ئەم بۆچونە دەدەن.

تاوانبار لێکچویی وسەلامەتی هەر ڕۆژەی ژیانی بۆرژوازی دەشکێنێ و بەم بجۆرەش لە ڕاوەستان و چەقبەستن دەیپارێزێ و دەیخاتە دڵەڕاوکێ وبێئۆقرەیییەوە، کە بەبێ ئەمانە تەنانەت خولیای مونافەسەش کاریگەریەکانی کەمدەبێتەوە. بەم هۆیەشەوە تاوانبار بزوێنەرێک بۆ هێزەکانی بەرهەمهێنان دەخوڵقێنێ. ئەمە لەکاتێکدایە کە تاوانکاری بەشێک لە زیادەی دانیشتوان لە بازاڕی کار دەردەکێشێ ولەڕێگایەوە مونافەسە لەنێوان کرێکاراندا کەمدەکاتەوە- وە بەم هۆیەشەوە لەئاستێکدا دەبێتە بەربەست لەبەردەم دارمانی کرێدا بۆ ژێر کەمترین ئاست-  لەهەمانکاتدا خەبات لە دژی تاوانکاری بەشێکی تر هەرلەم دانیشتوانە بۆلای خۆی ڕادەکێشێ. بەم پێیە تاوانکار وەک یەکێک لەو "بەردی تەرازو"ە سروشتیانە دەردەکەوێ و هاوسەنگیەکی دروست دەهێنێتەکایەوە و ئاسۆیەکی فراوانیش بەڕووی پیشە "بەسود"ەکاندا دەکاتەوە.

کاریگەری تاوانبار بەسەر پەرەسەندنی توانای بەرهەمهێنانەوە لە وردەکاریەکانیشدا دەتوانرێ نیشان بدرێ. ئایا ئەگەر دزانێک نەبونایە، هەرگیز قوفڵ بەو ئاستە مەرغوب دەبوو؟ ئایا ئەگەر تەزویرچیانێک نەبونایە، لەچاپدانی پارەی کاغەز بەم ئاستە لەپێشکەوتنی ئێستای دەگەیشت؟ ئەگەر لەبەر دۆزینەوەی کەڵەکچێتی بازرگانی نەبوایە، ئایا میکرۆسکۆپ ڕێگای بۆ مەیدانی بازرگانی دەگرتەبەر (بگەرێرەوە بۆ  Babbage)، ئایا کیمیای عەمەلی، بەهەمان ئاست کە قەرزاری هەوڵی ڕاستگۆیانەی کردەی بەرهەمییانە، قەرزارباری ساختەکاری لە کاڵاکاندا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەیان نیە؟ تاوان بەردەوام لە ڕێگای شێوازە تازەکانی هێرشکردنە سەر موڵکایەتیەوە، بە

بەردەوامی شێوازی نوێی بەرگریکردن دەکاتە پێویستی و بەم پێیەش بە هەمان ئەندازەی مانگرتنەکان بۆ داهێنانی ئامێرەکان بەرهەمهێنەرە، وەک ئەوەی کە لە داهێنانی مەکینە و ئالەتەکاندا، لەگۆڕدایە. بەڵام با لەبارەی تاوانەوە لەمانا شەخسیەکەی زیاتر برۆین. ئەگەر تاوانی نەتەوەیی لەئارادا نەبوایە ئایا هەرگیز بازاڕی جیهانی سەری دەردەهێنا؟ ئایا بەڕاستی نەتەوەکان ( ولاتەکان – Nations) دەردەکەوتن؟ وە ئایا لەسەردەمی ئادەمەوە تائێستا "درەختی گوناە" لەهەمان کاتدا، هەمان درەختی مەعریفە نەبوە؟

> لەکتێبی "ئەفسانەی هەنگەکان" دا (١٧٠٥)، مەندەفیل Mandevilleگیانی بەبەر ئەو هێڵە بەڵگەدارانەدا کرد و نیشانیداوە کەچۆن هەر پیشەیەک کە لەگەڵ فیکردا بگونجێ، بەرهەمهێنەرە:
>
> "ئەوەی کە ئێمە لەم جیهانەدا ناوی بەڵامان لێناوە، جا ئەگەر بەڵای سروشتی بێت یان ئەخلاقی، ئەو بنەما مەزنەیە کە ئێمە دەگۆڕێ بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و بناغەیەکی پتەو و حەیاتی وکۆڵەکەی گشت قسە و کارێکیشە بەبێ جیاوازی(...). کەدەبێ سەرچاوەی ڕاستەقینەی گشت زانست وهونەرەکان بپشکنین(....) و ئەوکاتەشی کە بەڵایەک لەئارادانیە، کۆمەڵگا ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی نەپوکێتەوە، ئەوا لانی کەم مەحکومە بە لەبەریەک ترازان". (چاپی دووەم ، لەندەن ١٧٢٣ لاپەرەی ٤٢٨)

جیاوازی تەنها لێرەدایە کە مەندەفیل بێ بێگومان وتائەوپەر ڕاشکاوانەتر وڕاستگۆترە لەپاساوخوازانێکی بێمایەی کۆمەڵگای بۆرژوازی.

## ١٢. توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە. کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێن.

### (A) توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە وەك دەرکەوتنێکی کاپیتالستیانەی توانای بەرهەمهێنەری کاری کۆمەڵایەتی

تا ئێرە نەک هەر ئەوەمان بینی کەسەرمایە چۆن بەرهەمهێنان بەڕیوەدەبات، بەڵکو ئەوەشمان بینی کە خودی سەرمایە چۆن خۆی بەرهەم دێنێ و چۆنیش لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا شکڵ دەگرێ و وەک پەیوەندیەک کە جەوهەرێکی گۆڕاوی هەیە و لەدەرونی ئەم پەیوەندیەدا سەردەردێنێ (١). لەلایەک سەرمایە شێوازی بەرهەمهێنان دەگۆڕێ ولەلایەکی تریشەوە ئەم شێوازە گۆڕدراوەی فۆڕمی بەرهەمهێنان، وە هەروەها قۆناغێکی تایبەت لە پەرەسەندنی هێزە مادیەکانی بەرهەمهێنان، پێکەوە پێشمەرج و بنەمای شکڵگرتنی خودی سەرمایە پێکدەهێنن.

لەو شوێنەوەی کە کاری زیندوو- لەڕێگای ئاڵوگۆڕی نێوان سەرمایەو کرێکارەوە- لەگەڵ سەرمایەدا تێهەڵکێش دەبێ و هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی پرۆسەی کاردا و دەرکەوتنی وەک چالاکیەکی گرێدارو بەسەرمایەوە، تەواوی توانای بەرهەمهێنەری کاری کۆمەڵایەتی وەک توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە خۆی دەنوێنێ، دروست بەهەمان شێوە کە شێوەی گشتی کۆمەڵایەتی کار، لەقامەتی دراودا - پارە- وەک خاسیەتی شتێک- شیء- دەردەکەوێت. بەم شێوەیە، توانای

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

بەرهەمێنەری کاری کۆمەڵایەتی و شێوە تایبەتیەکانی، ئیتر وەک توانای بەرهەمهێنەر وشێوەکانی سەرمایە دێتە بەرچاو، واتە وەک توانای بەرهەمهێنەر و شێوەکانی کاری ماتریالیزەبوو، هەروها وەک توانای بەرهەمهێنەر و شێوەکان و هەلومەرجی مادی کار - هەلومەرجێک کە پاش ئەوەی ئەم شێوە سەربەخۆییە وەردەگرێ، لە وجودی سەرمایەداردا بەرامبەر کرێکار، حاڵەتی شەخسی و فەردی پێدەدادات. لێرەدا ئێمە جارێکیتر لەگەڵ هەمان هەڵگەرانەوەی پەیوەندیەکان بەرەوڕووین کە پێشتر لەهەڵسەنگاندنماندا بۆدراو بەفیتیشزم (٢) ناومان بردوە.

سەرمایەدار خۆی بەتەنها وەک بەرجەستەبوونی ئینسانیانەی سەرمایە خاوەنی هێز و توانایە، ( لەحساباتی ئیتاڵیەکاندا ئەم ڕۆڵەی ئەوی سەرمایەدار، بەواتای ئەوە دێت کەسەرمایە کەسێتی بۆتەوە، تەنانەت هەمیشە لە جیاکردنەوە و ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ ناسنامەی کەسەکەدا ئەو وەک کەسێکی ئاسایی لەبەرچاودەگیرێ، بەجۆرێک کە لە قامەتی یەک کەس ووەک بەکاربەرێکی تاک و قەرزاری سەرمایەکەی، لەدەفتەری حساباتدا دەردەکەوێ ).

توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە لەهەنگاوی یەکەمدا - تەنانەت ئەگەر بەتەنها پاشکۆبوونی ڕواڵەتیانەی کار بەسەرمایەوە لەبەرچاوبگرین - لە بەزۆر ئەنجامدانی زێدەکاریدا کورتدەبێتەوە، واتە بەزۆر ئەنجامدانی کارێکی زیاتر لەپای پێویستییەکی دەستبەجێ. ئەمە ناچارکردنێکە کە لە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆندا هەبوە، وەک ئەوەی لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەیە، بەڵام بەوجیاوازیەوە کە سەرمایەداری ئەم ناچارکردنە بەشێوەیەکی سودبەخشانەتر بۆ حاڵەتی بەرهەمهێنان، بەکردەوە دەردەهێنێ وجێبەجێ دەکات.

تەنانەت لەڕوانگەی ئەم پەیوەندیە بەتەنها ڕواڵەتییەوە - واتە لە ڕوانگەی شێوەی گشتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە کە لە هەردوو قۆناغەکانی دواکەتویی و پێشکەوتووی سەرمایەداریدا هاوبەشە - دیسانەوە لەڕواڵەتدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، پێداویستیە(هەلومەرجە) مادیەکانی بەرهەمهێنان - واتە بەرژەوەندیەکانی کار، هۆیەکانی کار(پێداویستیەکانی بژێوی) - لەژێر کۆنترۆڵی کرێکاردا بەدەست نایەت، بەڵکو (بەپێچەوانەوە) ئەوە کرێکارە کەوا دێتە بەرچاو لەژێر کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندایە.

ئا ئەمەیە کە ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان دەگۆڕێ بۆسەرمایە. سەرمایە کرێکار بۆ خزمەتی خۆی دەخاتە کارەوە. بۆ کرێکار ئەمانە، واتە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، وەیا هۆیەکانی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکان، جا ئەگەر لەشێوەی ئامرازە ڕاستەوخۆکانی بژێویدا بن وەیا لەشێوەی ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕدابن، کاڵا گەلێک نین. بەڵکو خودی ئەو (کرێکار) لەخزمەتی ئەمانەدایە - تا هەم بەهای تێچونیان بهێڵێتەوە وهەم زێدەباییەکیش بەرهەمبهێنێ. واتە بەهای مەوجود زیاتر بکا و زێدەکاریش بەدەست بێت.

ئا ئەم شکڵە سادەیە، خۆی پەیوەندیەکی ئاوەژوە — بە کەسایەتی بوونی شتەکان و بەشتبوونی کەس؛ چونکە ئەوەی کە ئەم شێوەیە لە تەواوی شێوەکانی ڕابردوو خۆی جیادەکاتەوە، لەوەدایە کە سەرمایەدار پشتی بە جۆرێک لە خەسڵەت و تواناکانی فەردی نەبەستوە، بەڵکو تا ئەوجێگایەی بە تەنها وەک "سەرمایە" دەردەکەوێ، بەسەر کرێکاردا زاڵدەبێ. دەسەڵاتی سەرمایە دەسەڵاتی

بەتەنهای کاری بەمادی بووە بەسەر کاری زیندوودا. دەسەڵاتێک کە بەرهەمی کرێکارە بەسەر خودی کرێکارەوە.

بەڵام ئەم پەیوەندیە لەمە ئاڵۆزتر و پڕ نهێنیتر دەبێ. چونکە لەگەڵ پەرەسەندنی شێوەی دیاریکراوی کاپیتالیستیانەی بەرهەمهێناندا، ئیتر بەرهەماکان بەتەنها هەر شومەکە ڕاستەوخۆ مادیەکان نین، (واتە هەموو بەرهەمەکانی کار، وەک بەهاگەلێکی بەکاربردن، ئەمانە هەم پێداویستیە مادیەکانی کارن و هەمخۆشیان بەرهەمی کارن. وەک بەهای ئاڵوگۆڕیش، ئەمانە ماوەی کاری گشتی تیایاندا مادیەتی پەیداکردووە، واتە دراو) کە لەبەرامبەر کاردا سەریان دەرهێناوە و لە قامەتی "سەرمایە" دا لەبەرامبەر کرێکاردا ڕاوەستاون، بەڵکو لەهەمان کاتدا لەباری کۆمەڵایەتیشەوە شێوەیەکە لە پەرەسەندنی بەرهەمهێنان – وەکو وهەرەوەزیەکان، مانیفاکتورەکان (وەک نمونەیەک لە کاردابەشکردن)، کارخانە (وەک شێوەیەک لە کاری کۆمەڵایەتی کە لەسەربنەمای مەکینە و ئالەت بناغەی مادیەکەی، ڕێکخراوە)–، هەموو ئەمانە بەوێنەی شێوەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری دەردەکەون و توانای بەرهەمهێنەری کاریش پشت بەستوە بەم شێوانەی کاری بەکۆمەڵ – لەئاکامیشدا زانست وهێزە سروشتیەکانیش بەهەمان شێوە – لەشێوەی هێزی بەرهەمهێنەری سەرمایەدا دەردەکەوێ. لەڕاستیدا یەکگرتووبونی {کار} لەهەرەوەزیەکاندا، وەیا لێکهەڵپێکرانی {کار} لەڕێگای کاردابەشکردنەوە، وەیاخود سودوەرگرتن لەهێزەکانی سروشت وزانست لەپیشەسازیە ماکینەییەکاندا، بەمەبەستی ئامانجەکانی بەرهەمهێنان و لەپاڵ سودوەرگرتن لەبەرهەمەکانی کاردا – هەموو ئەمانە بەشێوەی شتێکی دەرەکی و ئۆبجێکتیڤ لەبەرامبەر کرێکاردا ڕادەوەستن. واتە وەک شێوازێک لە هەبوونی هۆیەکانی کار کە لە کرێکاران سەربەخۆن و ئەوانی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. دروست بەهەمان شێوە کە هۆیەکانی کار لەهەمان شێوەی سادە و بەرجەستەی خۆیاندا لە چەشنی بەرژەوەندیەکان و ئامڕازەکان و شتی تر وەک خاسیەت و کارکردەکانی سەرمایە دەردەکەون و لەئاکامیشدا سەرمایەدار لەبەرامبەر کرێکاردا ڕادەگرێ.

شێوە کۆمەڵایەتیەکانی کاری خودی کرێکاران وەیا شێوەکانی کاری کۆمەڵایەتی کرێکاران، کۆمەڵە پەیوەندیەکن کە بەتەواوی سەربەخۆ لەتاک تاکی کرێکاران شکڵیان گرتوە. کرێکاران لەکاتێکدا کەدەبنە پاشکۆی سەرمایە، دەگۆڕدرێن بۆ بەشەکان وعونسورەکانی ئەم شکڵبەندیە کۆمەڵایەتیانە، – بەڵام ئەم شکڵبەندیانە بە خودی کرێکارانەوە پەیوەست نین و بەم پێیەش کرێکاران ئەم شکڵبەندیانە [لە نمونەی هەرەوەزیەکان، مانیفاکتۆرەکان و..هیتر]، وەکو شێوەکانی خودی سەرمایە لەبەرامبەر خۆیاندا سەیریان دەکەن، واتە بە وێنەی پێکهاتوگەلێک کە بە جیاواز لەهێزی کاری فەردی ئەوان، بەسەرمایەوە گرێیان خواردوە و لەوێشەوە سەریان دەرهێناوە و بەشێکن لە پەیکەرەی سەرمایە. سەرەڕای ئەم مەسەلەیە سەرەنجام دوو ڕەوەند لە پەرەسەندنی سەرمایەداری وەک دوو شکڵی هەرچی واقعی تر بەخۆدەگرن. لەسەرێکەوە خودی هێزی کاری کرێکاران بە چەشنێک لەلایەن ئەم شکڵانەوە تەعدیل ورێکدەبێتەوە کە وەک هێزێکی سەربەخۆ، یانی لە دەرەوەی ئەم پەیوەندیە سەرمایەدارانەیە، بەتەواوی بێتوانا دەبێ و توانای بەرهەمهێنانی سەربەخۆیانەی نابود دەبێ. لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ پەرەسەندنی ئامێرە میکانیکیەکاندا، وا

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

دێتەبەرچاو کە هەلومەرجی کار لە ڕوانگەی تەکنۆلۆژیەوە بەسەر کاردا زاڵدەبێ، ئەمە لە کاتێکدا و لە هەمان دۆخدا جێگای کار دەگرێتەوە و بەرەودواوەی دەبات و هەبوونی وەک شکڵێکی سەربەخۆ دەکاتە زیادە.

لەم پڕۆسەیەدا، کە لە جەرگەیدا خەسڵەتی کۆمەڵایەتی کاری کرێکاران تا ئاستێکی دیاری کراو لە شێوەی بە سەرمایە بووندا، لەبەرامبەر کریکاراندا ڕادەوەستێ (بەهەمان شێوە کە بۆ نمونە لەبارەی ئامێری میکانیکیەوە، بەرهەمە بەرجەستەبوەکانی کار بەسەر خودی کاردا زاڵدەبن) دیارە لەبارەی هێزە سروشتیەکان و زانستیشەوە، یانی بەرهەمهاتوەکانی ڕەوتی کامڵوبوونی گشتی مێژوو لە جەوهەری ئەبستراکتی خۆیدا، دیسانەوە هەمان پێشهات ڕوودەدات. هەموو ئەمانەش وەک دەسەڵاتی سەرمایە لە بەرامبەر کرێکاراندا دەردەکەون. لەڕاستیدا ئەمانە [هێزە سروشتیەکان و زانست] لە شارەزایی و زانیاری هەر تاکێکی کرێکار جودان و ئەگەر لە سەرچاوەکانیشیان بروانین، ئەمانە دیسانەوە خۆشیان بەرهەمی کارن- لەوشوێنەی کە ئەمانە دێنە ناو پڕۆسەی کارەوە، وەک بەرجەستەبوونێک لە سەرمایەدا دەردەکەونەوە. تاکێکی سەرمایەدار کە لە ئامێر سودوەردەگرێ، پێویستی بەوە نیە کە لەبارەیەوە بزانێ (بگەڕێرەوە بۆ یۆر Ure) (٣) بەڵام زانستیک کە لەو ئامێرەدا بەکاربراوە، لەپەیوەند بەکرێکارەوە وەک سەرمایە دەردەکەوێت. وە لەواقعدا تەواوی نمونەکانی بەکارهێنانە زانستییەکان، هێزە سروشتیەکان وبەرهەمەکانی کار لە ئاستێکی فراواندا و تەواوی ئەو داهێنانەی لەسەر بناغەی کاری کۆمەڵایەتی بەدەستهاتوون، هەمویان بۆخۆیان وەک ئامرازگەلێک بۆ چەوسانەوەی کارو بەدەستهێنانی کاری زیادە سەر هەڵدەدەن ولەم ڕوەشەوە وەک تواناگەلێکی گرێدراو بە سەرمایەوە لەبەرامبەر کاردا ڕادەوەستن. وەک حاڵەتێکی سروشتی سەرمایە لە تەواوی ئەم هۆکارانە بۆ چەوسانەوەی کار سودیان لێوەردەگرێ. بەڵام بۆ چەوسانەوەی کار، سەرمایە ناچارە ئەمانە بخاتە بواری بەرهەمهێنانەوە. بەمجۆرەش پەرەسەندنی توانای بەرهەمهێنەری کۆمەڵایەتی کار وپێداویستیەکانی ئەم پەرەسەندنە، وەک کارکردی سەرمایە دێتە بەرچاو، بەجۆرێک کە نەک تەنیا تاکی کرێکار شێوە مامەڵەیەکی ناچالاک لەبەرامبەریدا دەگرێتەبەر، بەڵکو کارکردێکە کە لە دژی ئەو[کرێکار] پەیدابووە.

سەرمایە خۆی خاسیەتێکی دولانەی هەیە، چونکە لەکاڵا پێکدێت:

١/ بەهای گۆڕینەوە(دراو)؛ بەڵام [سەرمایە] بەهایەکی خۆ زیادکەرە - وەک ئەوەی بەهایەکە — کە بەها بەدەستدێنێ و وەک بەهاش گەشەدەکات و زیادبوونێک بۆخۆی بەدەست دێنێت، ئەم {گەشەیە} بەرئەنجامی گۆڕینەوەی بڕێکی دیاریکراوە لە کاری بەمادیبوو لەگەڵ بڕێکی زیاتر لە کاری زیندوودا.

٢/ بەهای بەکاربردن؛ لێرەدا [سەرمایە] خۆی لە ڕێگای پەیوەندیە تایبەتیەکانی خۆیەوە لە پڕۆسەی کاردا خۆی دەردەخات. بەڵام ڕێک لەم شوێنەوە [سەرمایە] ئیتر هەر بەتەنها ماتریاڵکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کە خاوەندێتی خودی کاردەکەن و کاریان بەرەو خۆیان ڕکێشاوە نیە، بەڵکو جگە لە کار {سەرمایە هەموو} پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کار[لەچشنی تەعاونیەکان ومانیفاکتۆرەکان و هیتر] و پەرەسەندنی ئامرازەکانی کاریش کە گونجاوە لەگەڵ ئەم پێکهاتە

کۆمەڵایەتیانەدا دەگرێتەخۆی. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەرەتا پێداویستیە بابەتی و خودیەکانی پرۆسەی کار - بە دەرکێشانیان لە دەستی تاکی کرێکاری سەربەخۆ - لە ئاستێکی فراواندا پەرەپێدەدا، بەڵام دواتر ئەم پێداویستیانە، وەکو هێزگەلێکی باڵادەست بەسەر تاکی کرێکارەوە و بەوێنەی دیاردەیەکی دەرەکی بۆخۆی پەرپێدەدات.

بەم شێوەیەش سەرمایە دەگۆڕدرێ بۆ دیاردەیەکی پڕ لە نهێنی.

کەوایە سەرمایە [بەم شێوەیە] بەرهەمهێنەرە: (١) وەک ئەوەی هێزێکە کە کاری زیادە دەسەپێنێ، (٢) وەک ئەوەی (وجودێکی بەکەسێتی بوە) کە ڕاکێشەر ودەستبەسەرداگیرکەری هێزی بەرهەمێنەری کاری کۆمەڵایەتی و تواناکانی بەرهەمهێنەری گشتی کۆمەڵایەتیە، لەوانەش زانست.

لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو کە ئەگەر توانای بەرهەمهێنەری کار بۆ سەرمایە گوازرابێتەوە، چۆن و بۆچی کار بەجیاواز لە سەرمایە وەک بەرهەمهێنەر دەردەکەوێ، یانی وەک کاری بەرهەمهێنەر دەناسرێتەوە، چونکە یەک توانای بەرهەمهێنەر ناتوانرێ دووجار بەحساب وەرگیرێت، واتە ناتوانرێ جارێک بە وێنەی توانای بەرهەمهێنەری کار و جارێکی تر بەوێنەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە؟ (توانای بەرهەمهێنەری کار- توانای بەرهەمهێنەری سەرمایەیە. بەڵام هێزی کار لەو ڕووە بەرهەمهێنەرە کە جیاوازیەکی هەیە لەنێوان بەهایەک کە هەیەتی لەگەڵ ئەو بەهایەدا کە بەرهەمی دێنێ).

## (B) کاری بەرهەمهێن لەسیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا

تەنها کورتبینی بۆرژواییە کە باوەڕی وایە شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری شێوەگەلێکی ڕەهان - بەم پێیەش بە شێوازێکی ئەبەدی وسروشتی بەرهەمهێنانە- دەکرێ ئەو پرسیارەی کە کاری بەرهەمهێن لەڕوانگەی سەرمایەوە چییە، لە گەڵ کاری بەرهەمهێندا بەشێوەیەکی گشتی، واتە لەگەڵ ئەوەدا کە چ جۆرە کارێک بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنە، تێکەڵاو بکەن وبەهەڵە وەر بگیرێ؛ وە بەم پێیەش ئەو وەڵامە نیشانی ئەقڵی کامڵی خۆیان بدەن کە هەر کارێک شتێک بەرهەمبهێنێ، وەیا هەرکارێک کە بە هەر شێوەیەک ئەنجامێک بەدەستەوە بدات، بەهەمان ئیعتبار کارێکی بەرهەمهێنەرە.

{یەکەم:} تەنها کارێک کە ڕاستەوخۆ دەگۆڕدرێ بۆ سەرمایە بەرهەمهێنەرە؛ واتە تەنها ئەو کارەی کە سەرمایەی گۆڕاو دەگۆڕێ بەبڕێکی گۆڕاو و بەمپێیەش { گشت سەرمایە ، C } دەگۆڕێ بۆ C ( Δ +٤). ئەگەر سەرمایەی گۆڕدراو بەرلە گۆڕینەوەی لەگەڵ کاردا بە xدابنێین، لە حاڵێتێکدا کە هاوکێشەیەکی لەمجۆرەمان هەبێت تێیدا y=x، ئەوا پاش گۆڕینەوە ئەو کارەی کە بە xدامان نابوو- لەگەڵ سەرمایەی گۆڕاودا. - وەرگێڕی کوردی- دەگۆڕدرێ بە x+hولەئەنجامیشدا y=xدەگۆڕدرێ بە y'=x+hبەم پێیەش ئەم کارە بەکاری بەرهەمهێن دادەدنرێت. ئەمە یەکەمین خاڵە کە دەبێ تێی بگەین. {واتە} کارێک کە زیدەبایی بەرهەم دەهێنێ وەک هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی زێدەبایی لە خزمەتی سەرمایەدا قەرادەگرێ وبەمپێیەش فرسەت دەڕەخسێنێ تا سەرمایە خۆی وەک سەرمایە و وەک بەها یەکی خۆ زیادکەر دەرکەوێ، [بەم جۆرەش ئەم کارە

کارێکی بەرهەمهێنە].

دووەم: توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و گشتی کار، توانای بەرهەمهێنەری سەرمایەیە. بەڵام ئەم توانای بەرهەمهێنەریە تەنها بەپرۆسەی کارەوە پەیوەندە دەبێ، و تەنها کاریگەری لەسەر بەهای بەکاربردن دادەنێ. ئەم توانای بەرهەمهێنەریەش خۆی دەرخەری خاسیەتێکە کە سەرمایە بەوێنەی یەک شت لە خودی خۆیدا هەڵگریەتی. یانی دەرخەری بەهای بەکاربردنەکەیەتی. ئەم [توانای بەرهەمهێنەریە] ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەهای گۆڕینەوە نیە. ئەگەر سەد کەس پێکەوە کاربکەن، وەیا هەریەکە لەو سەد کەسە بەتەنهایی کاربکات، بەهای بەرهەمەکانیان یەکسان دەبێت بە سەد ڕۆژ کارکردن، ئەمە بەجیا لەوەی ئەم {کارە} لە هەندێکی کەم وەیا زیادتر لەبەرهەمەکاندا دەرکەوێتەوە. بەواتایەکیتر [هاوسەنگی] توانای بەرهەمهێنەری کار کاریگەری لەسەر بەها دانانێت.

گۆرانکاری لە توانای بەرهەمهێنەری کاردا تەنها لە یەک ڕێگاوە کاریگەری لەسەر بەهای گۆڕینەوە دادەنێت.

ئەگەر توانای بەرهەمهێنەری کار بۆنمونە تەنها لەیەک ڕشتەی کاردا بچێتە سەرەوە، بۆنمونە ئەگەر لە کاری چنیندا دەزگای میکانیکی شوێنی دەزگای دەستی بگرێتەوە و وەک بنەمایەک کاری پێبکرێ وچنینی یەک مەتر قوماش بە دەزگای میکانیکی نیوەی ماوەی کاری دەزگای دەستی پێویست بێ، ئەوا ١٢ سەعات کاری چنین بە دەزگای دەستی، بەهاکەی یەکسان نیە بە١٢ سەعات کار، بەڵکو یەکسانە دەبێت بە٦ سەعات، چونکە کاتی پێویست بوە بە ٦ سەعات.

بەڵام ئەم مەسەلەیە لێرەدا جێگای باسی ئێمە نیە. لەبەرامبەر نمونەکەی سەرەوەدا، با ڕشتەیەکی تری بەرهەمهێنان لەبەرچاو بگرین، بۆ نمونە پیتچنین، کە تا ئەمڕۆ هیچ دەزگایەکی میکانیکی تیا بەکارنایەت. ١٢ سەعات [کار] لەم ڕشتەیەدا بەدروستی هەمان ڕێژە لە بەها بەرهەم دێت لەماوەی ١٢ سەعات کاری ڕشتە گەلێکی تری بەرهەمهێناندا کە تێیدا ئامێری میکانیکی و شتی لەم بابەتەی بە باڵاترین ئاست تیا بەکار براوە. لەم ڕووەوە کار وەک فاکتۆرێکی بەرهەمهێنەری بەها، هەمیشە کاری فەردە، بەڵام بەشێوەی کاری گشتی دەرکەوتووە، سەرەنجام کاری بەرهەمهێنەر- واتە کارێک کە بەها بەرهەمدێنێ- هەمیشە وەک کاری هێزی کاری تاک و کاری کرێکارێکی دابراو، ڕوبەڕووی سەرمایە دەبێتەوە، جا ئەم کرێکارە لەهەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا [بەکۆمەڵیش] چووبێتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێناوە، بەمپێیە و لە حاڵێکدا کە سەرمایە لەبەرامبەر کرێکاراندا توانای کۆمەڵایەتی کار دەخاتەڕوو، کاری بەرهەمهێنەری کرێکار، لەپەیوەند بەسەرمایەوە هەمیشە و تەنها دەرخەری کاری کرێکاری مونفەردە (دابڕاوە).

سێهەم: لەحالەتێکدا کەهەڵکشانی کاری زیادە ودەست بەسەردا گرتنی توانای بەرهەمهێنەری کۆمەڵایەتی کاریش لەلایەن سەرمایەوە وەک خاسیەتێکی سروشتی سەرمایە- وەبەم پێیەش خاسیەتیک کە لە بەهای بەکاربردنی ئەوەوە بەئاکامدێت، خۆی دەنوێنێ، ئەمەش وا دێتەبەرچاو کە ئەوە خاسیەتێکی سروشتی کارە کە توانای بەرهەمهێنەری خۆی بەوێنەی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە، زێدە {بەرهەم}ی خۆی وەک زێدەبایی، وەک خۆ - زیادکردنی سەرمایە، دەربخات.

ئێستا ئیتر دەکرێ ئەم سێ خاڵە هەڵسەنگێنین و جیاوازی نێوان کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنی لێ دەربکێشین.

{دەربارەی١} بەرهەمهێنەربوونی سەرمایە لەو ڕاستیەدا بەدی دەکرێ کە سەرمایە لەگەڵ کاردا بەشێوەی کاری کرێگرتە ڕووەڕووئەبێتەوە و بەرهەمهێنەربوونی کاریش لەو ڕاستیەدا بەدی دەکرێ کە کار لەگەڵ ئامرازەکانی کاردا بەشێوەی سەرمایە ڕووبەڕووبێتەوە.

پێشتر بینیمان کە دراو لەم ڕێگایەوە دەگۆڕدرێ بۆسەرمایە - واتە، یەک بەهای ئاڵوگۆڕی دیاریکراو دەگۆڕی بۆ بەهایەکی ئاڵوگۆری خۆ- زیادکەر، یانی بەبەهایەک بەزێدەباییەوە – کە بەشێکی بە کاڵایەک دەدرێ کە وەک هۆیەکانی کار (مەوادی خاو، ئامرازەکان وبەکورتی پێداویستیەکانی کار) دەخرێنە خزمەتی کارەوە و بەشێکی تریان بۆ کڕینی هێزی کار سەرف دەکرێ. بەڵام ئەوەی کە دراو (پارە) دەگۆڕی بۆ سەرمایە، ئەو گۆڕینەوە سەرەتاییەی نێوان دراو و هێزی کار، یان تەنها کڕینی هێزی کار، نیە بەڵکو بەم کڕینە بەکاربردنی هێزی کار بۆماوەیەکی دیاریکراو، دەبێ بە بەشێک لە سەرمایە، وەیا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە کاری زیندوو دەگۆڕێ بۆ یەکێک لە شێوەکانی مەوجودیەتی سەرمایە. بەواتایەکی تر دەگۆڕێ بۆ سەرچاوەی ژیانی سەرمایە.

لە پڕۆسەی بەکردەوەی بەرهەمهێناندا، کاری زیندوو دەگۆڕێ بۆسەرمایە، ئەمە بەو ئیعتبارەی کە لەلایەک [ئەم کارە] بەکرێ - واتە بەهای سەرمایەی گۆڕاو -، دووبارە بەرهەمدێنێتەوە و لەلایەکی تریشەوە زێدەبایی دەخوڵقێنێ و لە ڕێگەی پڕۆسەی ئەم گۆڕینەوەیەشەوە گشت بڕی دراوەکە دەگۆڕێ بۆسەرمایە، ئەگەرچی تەنها ئەو بەشە لە دراو ڕاستەوخۆ گۆڕانی بەسەردا دێت کە سەرفکراوە بۆ پێدانی کرێ، ئەگەر بەهای پێشوو بەرابەر بوو بێت بە C+V ئێستا یەکسانە بە (C+(V+X، کە جیاوازیەکی لەگەڵ (C+V)+X دا نیە(٥). بەواتایەکی تر بڕی ئەسڵی دراوەکە یان میقداری بەها فراوان بۆتەوە و خۆی وەک بەهایەک نیشان داوە کە لە هەمان کاتدا هەم خۆی پاراستووە و هەم زیادیشی کردووە.

لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین: ئەوەی کە تەنها بەشی گۆڕاوی سەرمایە ڕێژەیەکی زیادکراو بۆسەر سەرمایە بەرهەمدەهێنێ، بەهیج جۆرێک ئاڵوگۆڕێک لەو ڕاستیەدا بەدی ناهێنێ کە لە ڕێگای ئەم پڕۆسەیەوە گشت بەهای ئەسڵی پەرەی سەندووە و بەڕادەیەک زێدەباییەکی دیاریکراو لەچاو پێشوتردا زیادی کردووە و بەم پێیەش گشت ڕێژەی دراوی ئەسڵی گۆڕدراوە بۆ سەرمایە. چونکە بەهای ئەسڵی یەکسانە بە C+V (سەرمایەی نەگۆر وگۆڕاو)، بەدرێژایی ئەم پڕۆسەیە ئەم بڕەیش گۆڕدراوە بە (C+(V+X. ئەم بڕەیەی دوایی ئەوبەشە دووبارە بەرهەمهاتوەیە کە لە ڕێگای گۆڕینی کاری زیندووەوە بە کاری بەمادی بوو خوڵقاوە – گۆرانکاریەک کە بەندە بەوەی کە V لەگەڵ هێزی کاردا گۆڕدراوەتەوە، وەیا V لە شێوەی کرێدا لەم کردەیەدا ئاڵوگۆری پێکراوە. بەڵام (C+(V+X یەکسانە بە (C+V) + X (سەرمایەی یەکەمجار). هەروەها گۆڕینی V بۆ V+X و لە ئەنجامیشدا گۆڕینی (C+V) بۆ (C+V)+X ئەمەش تەنها دەتوانرێ لە ڕێگای گۆڕینی بەشێک لە دراوەوە بۆ V ڕوو بدا. واتە تەنها یەک بەش لەم ڕێگایەوە ئەتوانێ بگۆڕێ بۆ سەرمایەی گۆڕاو و بەشەکەی

تریان بۆ سەرمایەی نەگۆڕ.

لەپرۆسەی بەکردەوەی بەرهەم هێناندا، کار لەدونیای واقعدا دەگۆڕێ بۆسەرمایە. بەڵام ئەم گۆڕانە گرێدراوە بە هەمان گۆڕینەوەی یەکمجاری نێوان دراو و هێزی کارەوە. لەم ڕێگای ئەم گۆڕینەوە ڕاستەوخۆیەی کار، لەگەڵ کاری بە مادی بوودایە کە موڵکی سەرمایەدارەکەیە نەک کرێکارەکە، دراوی یەکەمجار دەگۆڕێ بۆ سەرمایە — ئەمەش ئەو سەرمایەیە دەگرێتەوە کە شێوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان یان هەلومەرجی کاری وەرگرتوە. تائەم برگەیە دراو - چ لەشێوەی تایبەتی خۆیدا بێت و چ لە شێوەی جۆرێک لە کاڵاکان (بەرهەمەکان)دا بێت دەتوانن لە بەرهەمهێنانی کاڵای تازەدا وەک ئامرزاەکانی بەرهەمهێنان بەکار ببرێن - ڕاستەوخۆ دەبنە جەوهەری سەرمایە.

تەنها بە دامەزراندنی ئەم پەیوەندیە دیاریکراوەیە لەگەڵ کاردا، دراو یان کاڵا دەگۆڕێ بۆ سەرمایە. وە تەنها ئەو کارەش بە کارێکی بەرهەمهێنەر ئەژماردەکرێ کە لەم ڕێگایەوە پەیوەندی لەگەڵ هەلومەرجی بەرهەمهێناندا - هەلومەرجێک کە هاوتا لەگەڵ خۆیدا جۆرێک لەکارکردی تایبەت لەپرۆسەی کار، دەکاتە پێویست — دراو و کاڵا بگۆڕێ بۆسەرمایە. بە واتایەکی تر [ئەو کارە بەرهەمهێنەرە] کە بەهای کاری بەمادی بوو، وە سەربەخۆ لە هێزی کار، دەپارێزی وزیادی دەکات. کاری بەرهەمهێن تەنها کورتە دەربڕینێکە بۆ گشت پەیوەندی وشکڵ وشێوازیک کەتیایدا هێزی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا خۆی دەردەخات. جیاوازی [کار]ی بەرهەمهێن لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کاردا گرنگیەکی زۆری هەیە. چونکە ئەم جیاوازیە ئەو شکڵە تایبەتیەی کار دەخاتەڕوو، کە گشت شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و خودی سەرمایە، پشتی پێبەستوە.

بەم پێیە کاری بەرهەمهێن ، - لە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا- کارێکە کە بۆ خاوەنەکەی زێدەبایی بەرهەمدێنێ، [وەیان بەدەربڕینێکی تر] هەلومەرجی بابەتی کار دەگۆڕێ بۆسەرمایە و خاوەنەکەشی بۆ سەمایەدار؛ واتە [کاری بەرهەمهێن] کارێکە کە بەرهەمەکەی بەشێوەی سەرمایە بەرهەمدێنێ.

کەوایە کاتێک لەبارەی کاری بەرهەمهێینەوە دەدوێین، قسە لەسەر کارێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دەکەین، کارێک کە بەڵگەیە بۆ وجودی پەیوەندیەکی سەراپا تایبەت لەنێوان فرۆشیار و کڕیاری کاردا.

ئێستا ئەگەر چی دراوێک لە دەست کڕیاری هێزی کاردا بێت (یا کاڵاگەلێک کە خاوەنیەتی: وەک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وەیا هۆیەکانی بژێوی کرێکاران) بەڵام تەنها لە ڕێگای ئەم پرۆسەیەوە دەبێت بە سەرمایە، واتە تەنها لەم پرۆسەیەدا دەگۆڕێ بۆسەرمایە - چونکە ئەم شومەکانە بەرلەوەی بچنە ناو ئەم پرۆسەیەوە، سەرمایە نین، بەڵکو تەنها بریارە ببن بە سەرمایە - بەڵام هەبوونی ئەمانە جەوهەری سەرمایەن. ئەمانە بە هۆی شێوەی سەربەخۆی خۆیانەوە، لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەیاندا بەرامبەر بە هێزی کار و هەروەها ڕووبەڕووبونەوەی هێزی کار لە بەرامبەریاندا، لە جەوهەریاندا سەرمایەن - پەیوەندیەک کە گۆڕینەوەیان لەگەڵ هێزی کاردا و

بەدوای ئەم گۆڕینەوەیەشدا پرۆسەی گۆڕینی کار بۆ سەرمایە دەکاتە کردەیەکی پێویست ودابین دەبێ. ئەم شتانە[دراو و هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بژێوی] لە سەرەتاوە لە پەیوەند بە کرێکارانەوە لە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەهرەمەندن، خەسڵەتێک کە ئەمانە دەکات بە سەرمایەو بەسەر کاردا زاڵدەبن. بەم پێیەش ئەم شتانە پێشمەرجگەلێکن کە وەک سەرمایە لەبەرامبەر کرێکاردا ڕادەوەستن.

بەم پێیە کاری بەرهەمهێن، کاتێک دەتوانرێ ئەم ناوەی لێبنرێ کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دراودا لە شێوەی سەرمایەدا، گۆڕدرابێتەوە، بەدەربڕینێکی کورت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرمایەدا ئاڵوگۆڕی پێ کرابێت، واتە بە دراوێک کە لە جەوهەری خۆیدا سەرمایەیە، دراوێک کە بڕیارە وەک سەرمایە کاربکا، وەیا بەوێنەی سەرمایە لەبەرامبەر هێزی کاردا ڕاوەستابێت. دەستەواژەی "کارێک کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرمایەدا گۆڕدراوەتەوە" نیشانەی ئەوەیە کە کار لەگەڵ دراودا بەوێنەی سەرمایە گۆڕدراوەتەوە و بەکردەوە دەیگۆڕێ بۆسەرمایە. کەمێکی تر لەخوارەوە گرنگی خەسڵەتی ڕاستەوخۆی ئەم ئاڵوگۆڕکردنە ڕۆشن دەکەینەوە.

بەم پێیە کاری بەرهەمهێن کارێکە کە بۆ کرێکار بەهایەکی لەپێشەوە دیاریکراوی هێزی کار، دوبارە بەرهەمدەهێنێتەوە، بەڵام وەک چالاکیەک کە بەها دەخوڵقێنێ و بەهای سەرمایەش بەرەو سەرەوە دەبات. بەواتایەکی تر [کارێکە] بەهاگەلێکی بەرهەم هێناوە، کە لە شێوەی سەرمایەدا، بەرامبەر بەخودی کرێکار ڕایدەگرێ.

## (C) دوو قۆناغی لەبنەڕەتەوە جیاوازی گۆڕینەوەی نێوان سەرمایەو کار

هەروەک لەهەڵسەنگاندنماندا بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان بینیمان،(٦) کە لە گۆڕینەوەی نێوان سەرمایە و کاردا، پێویستە دوو قۆناغی لە بنەڕەتەوە جیاواز، بەڵام وابەستە بەیەک لێک جیابکەینەوە.

یەکەم: یەکەم گۆڕینەوەی نێوان سەرمایە و کار پرۆسەیەکی فۆرماڵە (شکڵییە) کە تێیدا سەرمایە لە شێوەی دراودا کاردەکات و هێزی کاریش بەشێوەی کاڵا. لە ڕوانگەی تێگەیشتنەوە وەیا لەبارەی حقوقیەوە، فرۆشتنی هێزی کار لە یەکەم قۆناغدا ئەنجام دەدرێ، ئەگەر چی بەهای کار تەنها لەدوای ئەنجامدانی کارەکە - واتە کۆتایی ڕۆژ وەیا هەفتە وهیتر- دەدرێت. ئەم مەسەلەیە بەهیچ جۆرێک گۆڕانکاری لەم مامەڵەیەدا پێکناهێنێ، کە لە جەرگەیدا هێزی کار فرۆشراوە. ئەوەی لەم مامەڵەیەدا ڕاستەوخۆ فرۆشراوە، کاڵایەک نیە کە لە حاڵی ئێستایدا، بەدەستهاتبێ، بەڵکو بەکاربردنی خودی هێزی کار و بەم پێیەش خودی کار جێبەجێکراوە، چونکە بەکاربردنی هێزی کار هەمان ئەو چالاکیە کە هەیەتی، واتە خودی کارەکەیە. بەمجۆرەش ئەم [گۆڕینەوەیە]، گۆڕینەوەی کار نیە لە ڕێگای گۆڕینەوەی کاڵاکانەوە. کاتێک کە ئەلف پێڵاو بەباء دەفرۆشێ، هەردولایان کار دەگۆڕنەوە، یەکەمیان کارێک کە لە پێڵاوەکەدا سەرفکراوە و دوەمیشیان کارێک کە لە دروادا بەرجەستەبۆتەوە. بەڵام لە گۆڕینەوەی یەکەمدا[واتە لەگۆڕینەوەی فۆرماڵی نێوان کار و سەرمایەدا] لەلایەکەوە کارێک کە مادیەتی وەرگرتووە و لە شێوە کۆمەڵایەتیە گشتیەکەی خۆیدا،

یانی دراو، دەگۆڕدرێتەوە بە کارێک کەهیشتا تەنها لە شێوەی هێزێکدایە کە مەوجودە؛ وە ئەوەی کە لەم نێوەدا دەکڕدرێ و دەفرۆشرێتەوە، بەکاربردنی ئەم هێزەیە، واتە خودی کارە، ئەگەرچی بەهای ئەو کاڵایەی کە دەفرۆشرێت بەهای کار نیە ( کە ئەمە دەربڕینێکی بێمانایە)، بەڵکو بەهای هێزی کارە. کەوایە ئەوەی ڕوودەدات گۆڕینەوەیەکی ڕاستەوخۆی نێوان کاری بەمادی بوە لەگەڵ هێزی کاردا، کە لەواقعدا، دەگات بەکاری زیندوو. سەرەنجام [ ئەمجۆرە گۆڕێنەوەیە] گۆڕینەوەیەکە لەنێوان کاری بەمادی بوو، لەگەڵ کاری زیندودا. هەروەک پێشتر ڕۆشنمانکردەوە، کرێ - واتە بەهای هێزی کار- بەشێوەی نرخی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ، واتە نرخی کار (٧) دەردەکەوێ.
لەم قۆناغەی یەکەمدا، پەیوەندی نێوان کرێکار و سەرمایەدار، پەیوەندی نێوان فرۆشیار و کڕیاری یەک کاڵایە. سەرمایەدار بەهای هێزی کار، واتە بەهای کاڵایەک کە دەیکڕێ، دەدات. بەڵام هەر لەم کاتەدا هێزی کار تەنها لەبەر ئەوە دەکڕدرێ، کە بتوانێ کارێک ئەنجامبدا، کە بەڵێنی لەسەردراوە و زیاتریشە لەو کاری کە بۆ دوبارە بەرهەمهێنانەوەی خودی هێزی کار پێویستە. بەم پێیە کارێک کە ئەنجامدەدرێ، دەرخەری بەهایەکی زیاترە، لە بەهای هێزی کار.
دووەم: قۆناغی دووەمی گۆڕینەوەی نێوان سەرمایە و کار، لە واقعدا هیچ پەیوەندێکی بە قۆناغی یەکەمەوە نیە و بەواتای بەرتەسکی وشەکەش، تەنانەت گۆڕینەوەیەکیش نیە.
لەقۆناغی یەکەمدا، لە نێوان دراو و کاڵادا گۆڕینەوەیەک ڕوودەدا – گۆڕینەوەی نێوان هاوتاکان— و کرێکار و سەرمایەدار بەوێنەی خاوەنانی کاڵا ڕووبەڕبەڕووی یەک دەبنەوە. دوو شتی هاوتا پێکەوە دەگۆڕدرێنەوە. (واتە، بەدەربڕینێکی تر، ئەوەی ئەم گۆڕینەوەیە کەی سەردەگرێ، لەم پەیوەندەدا گوێی پێنادرێ، و ئەوەشی ئایا نرخی کار زیاتر وەیا کەمتر بێت لە بەهای هێزی کار، وەیا یەکسانیش بن بەیەک، هیچ گۆرانکاریەک لەم بازرگانی کردنەدا پێکناهێنێ. لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم [گۆڕینەوەیە] دەتوانێ بەپێی یاسای گشتی گۆڕینەوەی کاڵا ئەنجامبدرێت.
لە قۆناغی دووەمدا، لە بنەڕەتەوە گۆڕینەوەیەک لە ئارادا نیە. خاوەنی دراو ئیتر کڕیاری کاڵا نیە و کرێکاریش ئیتر فرۆشیاری هێزی کارەکەی نیە. خاوەن دراو ئێستا ئیتر وەک سەرمایەدار دەست بەکار دەبێ. ئەو کاڵایەکی کڕیوە تا بەکاری بێنێ و کرێکاریش ئەمەی بۆ دابین دەکات، چونکە بەکار بردنی هێزی کارەکەی شتێکی زیاتر لە ئەنجامدانی کارەکەی نیە. لەڕەوتی گۆڕینەوەکەی پێشتردا، کار خۆی گۆڕدراوە بۆ بەشێک لە سامانی بەمادی بوو. کرێکار کار ئەنجامدەدا، بەڵام کارێکە کە بەسەرمایەوە وابەستەیە و یەکێکە لە وەزیفەکانی (Function) سەرمایە . لەبەرئەوەی کار ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵ و بڕیاری سەرمایەدا ئەنجامدەدرێ؛ بەرهەمێکیش کە هەر ئەم کارە مادیەتی پێدەدا، دەبێتە قاڵبێکی تازە کە سەرمایە خۆی تیا دەنوێنێ، یا بەدەربڕینێکی تر قاڵبێک کە سەرمایە تیایدا خۆی بەکردوە وەک سەرمایە بەدیدێنێ. بەم پێیە دوای گۆڕینەوەی یەکەم، کار بەشێوەی فۆرماڵ [ڕەمزی] تێکهەڵکێش دەبێ لەگەڵ سەرمایەدا، ئەوەی لەم پرۆسیەدا [قۆناغی دووەم، پرۆسەی کار] کار ڕاستەوخۆ مادیەت بەخۆوە دەگرێ، و ڕاستەوخۆ دەگۆڕێ بۆ سەرمایە. وە بەدڵنیایەوە لەو شوێنەی کارێک دەگۆڕێ بۆ سەرمایە، زیاترە لەوسەرمایەیەی کە لە پێشەوە سەرفکراوە بۆ کڕینی هێزی کار. لەم پرۆسەیەشدا بەشێک لە کار، بەخۆڕایی و بێبەرابەر

دەستی بەسەرداگیراوە. تەنها لەم شێوەیەدایە کە دراو خۆی دەگۆڕێ بۆ سەرمایە.
بەڵام ئەگەرچی لەم قۆناغەدا هیچ گۆڕینەوەیەک بەکردەوە ئەنجام نادرێ، و سەرەنجامی ئەم کردەیەش ئەگەر لەسەریەکەوە ئاکامەکەی دابڕین، بەوەدەگەین کە لە گشت ئەم پرۆسەیەدا – هەردوو قۆناغەکە پێکەوە – ڕێژەیەکی دیاریکراو لە کار کە مادیەتی وەرگرتووە، لەگەڵ ڕێژەیەکی زیاتر لە کاری زیندوو گۆڕدراوەتەوە. ئەم واقعیەتە لەم شێوەیەیدا و ل ەبەرەنجامی ئەم پرۆسەیەدا دەردەکەوێ، کارێک کە خۆی لە بەرهەمەکانی خۆیدا، مادیەتی وەرگرتوە، لەچاو ڕێژەکەیدا، زیاترە لەو کارەی کە لە هێزی کاردا ماتیالیزە بووە، بەم جۆرەش زیاترە لە کارێکی بەمادی بوو، کە بە کرێکارەکە دراوە. بە واتایەکی تر بەو شێوەیەی کە بەکردەوە لە ڕەوتی ئەم پرۆسەیەدا، سەرمایەدار نەک تەنها ئەو بەشە لە سەرمایەکەی کە لە شێوەی کرێدا داویەتی، دوبارە وەری دەگرێتەوە، بەڵکو لە هەمانکاتدا زێدەباییەکیش بەدەست دێنێ، کە لەبەرمبەریدا خەرجییەکی نەکێشاوە. گۆڕینەوەی <u>ڕاستەوخۆی</u> کار وسەرمایە دەرخەری ئەم خاڵانەن:(١) گۆڕینی ڕاستەوخۆی کار بۆ سەرمایە، [واتە] بە بەشێک و پێکهێنەری مادی سەرمایە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا؛ (٢) گۆڕینەوەی هەندێکی دیاریکراو لە کارێک کە مادیەتی بەخۆیداوە، بە هەمان هەند لە کاری زیندوو، بە هەندێکی زیاترەوە لە کاری زیندوو کە <u>بەبێ گۆڕینەوە</u> دەستی بەسەرداگیراوە.
ئەو قسەیەی کە دەڵێت <u>کاری بەرهەمهێن</u> کارێکە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ <u>سەرمایەدا</u> دەگۆڕدرێتەوە، هەموو ئەم قۆناغانە دەگرێتەوە و بەتەنهاش دەستەواژەیەکی دەرکێشراوە و ئەو واقعیەتە دەخاتەڕوو کە کاری بەرهەممهین <u>کارێکە</u> کە دراو دەگۆڕێ بۆسەرمایە، کارێک کە لەگەڵ پێداویستیەکانی بەرهەمهێناندا وەک <u>سەرمایە</u> دەگۆڕدرێتەوە، بەمپێەش لە پەیوەندی نێوان کار و هەلومەرجی بەرهەمێیناندا، ئەم پێداویستیانە بە تەنیا وەک پێداویستی ساف و سادەی بەرهەمهێنان لەبەرامبەر کاردا ڕاناوەستن وهەروەها کاریش وەک <u>کار</u> ێک لە شێوەیەکی گشتیدا(موجەڕەدا) کە هەر جۆرە خەسڵەتێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست دابێت، لەبەرامبەر پێداویستیەکانی بەرهەمهێناندا دەرناکەوێ. ئەم دەربڕینانە ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی: (١) پەیوەندی دراو وهێزی کار بەیەکتریەوە وەک کاڵا، کڕین و فرۆشتنی نێوان خاوەنی دراو و خاوەنی هێزی کارە؛ (٢) گرێدراوبوونی ڕاستەوخۆی کار بەسەرمایەوە؛ (٣) گۆڕینی واقعیانەی کار بۆسەرمایە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندایە، بەدەربڕینێکی تر بەدەستهێنانی زێدەبایی بۆ سەرمایە، <u>دووجۆر گۆڕینەوەی نێوان کار و سەرمایە</u> ڕوودەدات. یەکەمیان تەنها دەرخەری کڕینی هێزی کارە کە سەرەنجام لەواقعدا کڕینی خودی کارە و بەرئەنجامی ئەمەیە، وە دوەمیان گۆڕینی ڕاستەوخۆی کاری زیندووە بە سەرمایە و بە دەربڕینیکی تر بەمادی بوونی کاری زیندووە وەک کردەیەک بۆ [بەدەستهێنان]ی سەرمایە.

## (D) بەهای بەکاربردنی تایبەتی کاری بەرهەمهێن بۆ سەرمایە

ئەنجامی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نە بەرهەمهێنانی بەتەنهای بەرهەمە (بەهای

بەکاربدرن) و نە کاڵایە، یانی بەرهەمهێنانی ڕووتی بەهایەکی بەکاربردن نیە، کە هەڵگری بەهایەکی دیاریکراوی گۆڕینەوە بێت، بەڵکو ئەنجام و بەرهەمی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەدەستهێنانی زێدەباییە بۆ سەرمایە و لە ئاکامیشدا گۆڕینی بەکردەوەی دراو یان کاڵایە بۆ سەرمایە – واتە بۆ ئەو شتەی کە[دراو وکاڵا] بەرلە پرۆسەی بەرهەمهێنان تەنها وەک ئیمکانێک و لە جەوهەری خۆیدا ئەوەبوون و بڕیاریشە وابێ. لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا هەندێک کاری زیاتر لەچاو ئەوەدا کە [لەلایەن سەرمایەدارەوە] کڕدراوە، دەمژرێت. ئەم کارە مژراوە، یانی دەست بەسەرداگرتنی کاری کەسانی ترە بەبێ بەرامبەر، کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دادەپۆشرێ، ئەمەش ئامانجی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە ؛ چۆنکە ئەوەی کە سەرمایە وەک سەرمایە [هەروەها سەرمایەدار وەک سەرمایەدار] خوازیارە بەرهەمی بهێنێت، بەرهەمهێنانی بەهایەکی بەکاربردن نیە کە ڕاستوخۆ بۆ بەکاربردنی شەخسی بێت، هەروەها کاڵایەک نیە کە لە سەرەتاوە بۆ دراو و لە قۆناغی دواتریشدا بۆ بەهای بەکاربردن بگۆڕدرێ. ئامانجی [سەرمایە] کەڵەکەی سامان ، خۆزۆرکردنی بەها، و زیادکردنیەتی. بەواتایەکی تر ئامانجی هێشتنەوەی بەهای پێشوتر و بەدەستهێنانی زێدەباییە، سەرمایە تەنها لە ڕێگای گۆڕینەوەی لەگەڵ کاردا و لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئەم بەرهەمە تایبەتە، بەدەست دێنێ وهەر بەم هۆیەشەوە ئەمک ارە بەکاری بەرهەمهێن ناودەبرێ.

کارێک کە بڕیارە کاڵا بەرهەمبهێنێ دەبێ کارێکی بەسود بێت؛ دەبێ بەهای بەکاربردن بەرهەمبهێنێ؛ دەبێ خۆی لە بەهای بەکاربردندا دەرخات. لەمڕووەوە تەنها ئەو کارەی کە خۆی لە کاڵادا، یانی لە بەهای بەکاربردندا، دەنوێنێ کارێکە کە بە سەرمایە دەگۆڕدرێتەوە. ئەمەش مەسەلەیەکی بەڵگە نەویستە. بەڵام ئەم خەسڵەتە کۆنکرێتییەی کار، واتە خودی بەهای بەکاربردنی ئەم کارە، بۆ نمونە ئەگەر کارەکە خەیاتی بێت، پینەچی بێت، وەیا ڕستن وچنین و شتی لەمجۆرە بێت، – ئەمانە ئەو شتە نیە کە بەهایەکی تایبەتی بەکاربردنی کار بۆ سەرمایە پێکبهێنێ و لە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا مۆری کاری بەرهەمهێنەر ل ەخودی کاردەدا. ئەوەی کە بەهای بەکاربردنێکی تایبەتی کار بۆ سەرمایە پێکدەهێنێ، خاسیەتە تایبەتە سودبەخشەکەی کار نیە، بەهەمان شێوەش لە سیفەتە دیاریکراو و بەسودەکانی بەرهەمەکاندا نیە، کە ئەم کارە تیایاندا مادیەتی پێدراوە، بەڵکو ئەوەی کە بەهای بەکاربردنی تایبەتی کار بۆ سەرمایە پێکدێنێ، خەسڵەتی کارێکە کەوەک عونسورێک دەتوانێ بەهای گۆڕینەوە بەدیبهێنێ. واتە کاری موجەڕەد؛ وەلە ڕاستیدا ئەمەش نەک لەو ڕووەوە کە هەڵگری ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە کاری گشتی، بەڵکو لەو ڕووەوە کە نوێنەرەوەی ڕێژەیەکی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە نرخەکەیەتی، واتە لەوەی کە لە بەهای هێزی کاردا شاراوەیە.

بۆ سەرمایە بەهای بەکاربردنی هێزی کار بەدیاریکراوی هەمان زیادکردنی ئەو ڕێژە کارەیە کە ئەنجام دەدرێ و دەچێتەسەر ئەو ڕێژەیە لە کار کە لە خودی هێزی کاردا مادی بۆتەوە و بەمجۆرەش بۆ بەرهەمهێنانی ئەم هێزی کارە پێویستە. دیارە [هێزی کار] ئەم ڕێژەیە لە کار لە هەمان شکڵی دیاریکراویدا خۆی دەخاتەڕوو کە لە خودی خۆیدا کارێکی سودمەندە، بۆنمونە کاری

ڕستن، کاری چنین و هیتر. بەڵام ئەم خەسڵەتە کۆنکریتەی [هێزی کار] کە مۆڵەت دەدا تا شکڵی کاڵایەک بەخۆیەوە بگرێ، بەهای بەکاربردنێکی تایبەت بۆ سەرمایە پێک ناهێنێ. ئەم بەهای بەکاربردنە تایبەتەی هێزی کار بۆسەرمایە لە برەکەیدا بەوێنەی کاری گشتی و بەجیاواز لە ڕێژەی ئە وکارە کە ئەم [هێزی کارە] ئەنجامی دەدا، هەمان ڕێژەیە لە کار کە سەرف کراوە بۆی.
ڕێژەیەکی دیاریکراو لە دراو، بۆنمونە Xلەو ڕووەوە دەگۆڕێ بۆ سەرمایە کە لەبەرهەمەکەدا بە شێوەی X+Hدەرکەوێت. بە واتایەکی تر لەو ڕووەوە کە ڕێژەیەک لە کار کە لەو بەرهەمەدا شاراوەیە، لەو هێندە لە کار کە لە سەرەتاوە لە دراوەکەدا هەبووە زیاترە. ئەمەش بەرئەنجامی گۆڕینەوەی نێوان دراوە لەگەڵ کاری بەرهەمهێندا؛ بەواتایەکی تر ، تەنها ئەو کارە بەرهەمهێنە کاتێک کە لەگەڵ کارێکی بەمادی بوودا دەگۆڕدرێتەوە، ئەو توانایە بسازێنێ تا ڕێژەیەکی زیاتر لە کارە بەمادیی بووەکە دەربهێنێ.
بەم پێیەش، پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە تەنها بەرهەمهێنانی کاڵا نیە. [بەڵکو] پرۆسەیەکە کە کاری بێکرێ دەمژێ و مەوادی خاو و ئامرازەکانی کاریش- ئامرازەکانی بەرهەمهێنان - دەگۆڕێ بۆ ئامرازی مژینی کاری بێکرێ.
ئەوەی کە وتمان بەوئەنجامە دەگات، کە ناوبردنی هەر کارێک بە کاری بەرهەمهێن، هیچ پەیوەندیەکی بە ناوەڕۆکی دیاریکراوی ئەو کارە و جۆری بەکاربردنە تایبەتیەکەی و بە بەهای بەکاربردنە تایبەتییەکەیەوە نیە کە خۆی تیادەردەخات. یەک جۆر کاری تایبەت ئەتوانێ هەم بەرهەمهێن و هەم نابەرهەمهێن بێت. بۆنمونە میلتۆن کاتێک کە لەبەرامبەر پێنج پاوەند (مەبەست دراوی بەریتانیە- وەرگێڕ.ک) دا بەهەشتی ونبووی نوسی، کرێکارێکی نابەرهەمهێن بوو. بەڵام کاتێک کە نوسەرێک بە شێوازی کارخانە و بۆ دەزگایەکی بڵاوکردنەوە خودی نوسینەکەی بڵاودەکاتەوە کرێکارێکی بەرهەمهێنەرە. میلتۆن بەهەشتی ونبووی بەهەمان هۆکار بەرهەمهێنا کە کرمی ئاوریشم، ئاوریشم بەرهەمدێنێ. ئەمە بزاوتێکی سروشتیانەی خودی ئەو بوو. دواتر ئەو بە پێنج پاوەند فرۆشتی. بەڵام پرۆلیتاریای ئەدەبی لایپزیک کە لە ژێر فەرمانی دەزگایەکی پەخشدا کتێب مۆنتاژ دەکات ( بۆنمونە ئەنسۆکلۆپیدیای ئابوری) کرێکارێکی بەرهەمهێنە. چونکە بەرهەمەکەی لە سەرەتای کارەوە لەلایەن سەرمایەوە بۆتە پاشکۆ و تەنها بە مەبەستی زیادکردنی سەرمایە هاتۆتەبوون. گۆرانیبێژێک کە بۆ گیرفانی خۆی گۆرانی دەڵێ کرێکارێکی نابەرهەمهێنە، بەڵام ئەگەر هەر ئەم گۆرانی بێژە لەلایەن خاوەن کارێکەوە ئیستخدام بکرێ و بۆ بەدەست هێنانی پارە گۆرانی بڵێت، دەبێ بە کرێکاری بەرهەمهێن، چونکە سەرمایە بەرهەمدەهێنێ.

## (E) کاری نابەرهەمهێن وەك ئەو کارەی کە خزمەتگوزاری ئەنجام دەدات. کڕینی خزمەتگوزاری لەهەلومەرجی سەرمایەداریدا. تێگەیشتنی باو لەپەیوەندی نێوان کار و سەرمایە، بەوێنەی گۆڕینەوەی خزمەتگوزاری

لێرەدا چەند مەسەلەی جیاواز دەبێ لێک جیابکرێنەوە:

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

ئەوەی کە من بۆ نمونە پانتۆڵێک بکڕم، یا پارچە قوماشێک بەدەستبهێنم وخەیاتیک بهێنمەوە بۆماڵەوە و لەبەرامبەر خزمەتەکەیدا (واتە کاری درونەکەی) پارەیەک بدەم تا پارچە قوماشەکەم بۆ بگۆڕیَ بۆ پانتۆڵێک، ئەوا بۆ من هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕیَ، مادام کە من مەبەستم تەنها دورینی پانتۆڵەکەیە. بەڵام من پانتۆڵ لە جلوبەرگ فرۆش دەکرم چونکە ڕێگای یەکەم بە گرانتر تەوادەبێت و پانتۆڵێک کە درونەکەی لەلایەن سەرمایەدارەوە بەرهەم هاتبێت، کاری کەمتر دەبا و بەمجۆرەش هەرزانترە لەو پانتۆڵەی کە خەیاتێکی ڕاسپێردراو بۆم بدوریَ. بەڵام لەهەردوک ئەم حاڵەتەدا پارەیەک کە سەرفی کڕینی پانتۆڵەکە کراوە، بەسەرمایە نەگۆڕدراوەتەوە، بەڵکو بەپانتۆڵ گۆڕدراوەتەوە و هەردو حاڵەتەکەش ئەوە دەگرنە خۆ، کەمن سودم لە دراو وەک ئامرازێکی گۆڕینەوە وەرگرتووە، واتە گۆڕیومەتەوە بە بەهایەکی دیاریکراوی بەکاربردن. بەم پێیە لێرەدا دراو بەوێنەی سەرمایە کارناکات، ئەگەرچی لەحاڵەتێکیاندا شوێنی یەک کاڵای گرتۆتەوە و لە حاڵەتەکەی تریشیاندا خودی کار وەک یەک کاڵا کڕدراوە. لێرەدا دراو بە تەنها وەک دراو کاردەکات، وەیا وردتر بڵێم وەک ئامرازێکی گۆڕینەوە کاری کردووە.

لەلایەکی ترەوە خەیاتە ڕاسپێردراوەکە (کە لە ماڵی خۆمدا و بۆمن کاردەکات) کرێکارێکی بەرهەمهێن نیە، ئەگەرچی بەرهەمی کارەکەی، یانی پانتۆڵەکە، من دەبم بەخاوەنی و نرخی کارەکەی، واتە پارەیەک بەو دراوە، ئەشیَ ڕێژەی کارێک کە لەلایەن خەیاتە ڕاسپێردراوەکەوە ئەنجامدراوە زیاتر بێت لەچاو کارێکدا کە بەرامبەر بە نرخێک کە لە منی وەردەگرێت، تەنانەت دورنیە ئەمە وابێت، چونکە نرخی کاری خەیاتەکە بەپێی نرخێک دیاریدەکریَ کە خەیاتی بەرهەمهێنەر وەری دەگریَ. بەڵام لەهەرحاڵدا، تا ئەوجێگەیەی بەمنی [کڕیار] دەگەڕێتەوە لەمەدا جیاوازیەک نیە. کاتێک کە نرخ دیاریکرا، ئەمە بۆمن ئیتر وەک یەکە کاتێک ئەو هەشت یان دە کاتژمێر کاربکات. ئەوەی لەم نێوەدا پەیوەندی بەمنەوەیە تەنها بەهای بەکاربردنە، واتە پانتۆڵەکەیە. دیارە کڕیار بەهەر جۆرێک بێت کە بیەوێت پانتۆڵ بکڕیَ، مەیلی بەلای ئەوەدایە کە هەرچی کەمترە ئەوەندەی پێبدات و لە هەردووک ئەم حاڵەتانەشدا دەخوازیَ نە زیاتر و نە کەمتر لەوتریان بدات. بەواتایەکی تر، من ئەمەویَ تەنها نرخی باو بدەم. ئەمە یەک تێچونی بەکاربردنی منە. ئەمە زیادبوونی پارەی من نیە بەڵکو کەم بوونەوەیەتی. ئەمە بە هیچ جۆرێک ڕێگای دەوڵەمەند بوونی هیچ کەسێک نیە، بەهەمان شێوە خەرجکردنی پارە بەمەبەستی هەر بەکاربردنێکی شەخسی، ئیتر نابێت بەڕێگایەک بۆ دەوڵەمەند بوون.

لەوانەیە کەسێک لەنێو زاناکانی Paul de Kock بە من بڵێت کە ئەگەر پانتۆڵ نەکڕیت، دروست وەک ئەوەی کە ئەگەر نان نەکڕیت، زیندوو نامێنیت و ناشتوانیت قسەیەک لە دەوڵەمەند بون بکەیت، وەک ئەوەی کڕینی پانتۆڵ لەم شێوەیەیدا هۆکارێکی ناڕاستەوخۆ، یالانی کەم مەرجێکە، بۆ دەوڵەمەندتر بوونی من – دروست وەک ئەوەی سوڕی خوێن و پرۆسەی هەناسەدانم مەرجێک بن بۆ دەوڵەمەندبوونی من، بەڵام نە سوڕی خوێن و نە هەناسەدانەکەم خۆی لەخۆیدا من دەوڵەمەندتر ناکات، بەپێچەوانەوە هەردوکیان گرێدراون بەکردەی پڕمەسەرەفی وەرگرتنی خۆراکەوە؛ ئەگەر ئەمە پێویست نەبوایە، ئیتر هیچ هەژارێکی بەدبەخت پەیدانەدەبوو. بەم پێیە بەتەنها گۆڕینەوەی

ڕاستەوخۆی دراو لەگەڵ کاردا، دراو بۆ سەرمایە و کار بۆ کاری بەرهەمهێن ناگۆڕێ.
کەواتە خەسڵەتی ئەم گۆڕینەوەیە چیە؟ و لە چ ڕویەکەوە لەگەڵ گۆڕینەوەی دراو بەکاری بەرهەمهێن جیاوازی هەیە؟ [ئەم جیاوازیە] لەلایەکەوە لەوەدایە کە دراو وەک دراو خەرجکراوە، وەک شکڵێکی سەربەخۆ لە بەهای گۆڕینەوە و بڕیارە بگۆڕدرێ بۆ بەهای بەکاربردن، بۆ پێداویستیەکانی بژێوی، بۆ شتێک کە بۆ بەکارهێنانی شەخسیە. لەسەر بنەمای ئەمەش ئەم دراوە [لێرەدا] ناگۆڕدرێ بۆ سەرمایە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بوونی خۆی وەک بەهای گۆڕینەوە لەدەست دەدا تا لە شێوەی بەهای بەکاربردندا خەرج بکرێ و بەکارببرێ. لەلایەکی ترەوە[ئەم جیاوازیە] لەوێدایە، لە حاڵەتێکدایە کە کار تەنها وەک بەهایەکی بەکاربردن و وەک خزمەتگوزاریەک کە قوماشەکە دەگۆڕێ بۆ پانتۆڵ جێگای سەرنجی کڕیاری کارەکەیە. واتە وەک خزمەتگوزاریەک کە خاسیەتی سودبەخشی ئەم کارە دەخاتە ئیختیاری فەردەوە.
بەجیاواز لەمە، خزمەتێک کە هەمان خەیات پێشکەشی دەکات لەکاتێکدا کە لە کارخانەیەکی بەرگدرووی تیجاریدا بۆ خاوەنکارێکی سەرمایەدار کاردەکات، هەرگیز لە بابەتی ئەو واقعیەتە نیە کە هەستابێت بە گۆڕینی قوماش بۆ پانتۆڵ، بەڵکو لەوڕووەوەیە کە بۆ نمونە ئەگەر ماوەی کاری پێویست کە لەیەک پانتۆڵدا مادیەت وەرگرێ ١٢ سەعات بێت، کرێیەک کە خەیاتی کارگەکە وەریدەگرێت یەکسانە بە ٦ سەعات. خزمەتێک کە ئەو پێشکەش بە سەرمایەداری دەکات، لەواقعدا شتێکی تر نیە جگە لەوە نەبێت کە ٦ سەعاتەکەی تر لەبەرامبەر هیچدا کاری کردووە. ئەو واقعیەتەش کە ئەم مەسەلەیە لە شێوەی پانتۆڵدرونێکدا ئەنجامدەدرێ، بەتەواوەتی پەیوەندیە واقعیەکە دادەپۆشێت. خاوەنی کارگەی خەیاتەکە، تەنها بەوەی کە بتوانێ و لەهەوڵدابێ سەرلەنوێ پانتۆڵەکە بکاتەوە بەدراو، واتە بۆ شکڵێکی تر بیگێڕێتەوە کە تیایدا خەسڵەتی دیاریکراوی کاری خەیاتی بەگشتی نادیار ماوەتەوە و خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکەش خۆی لەوەدا نیشان ئەدا کە لەباتی ٦ سەعاتکار کە لە ڕێژەیەکی دراوی دیاریکراودا دەردەکەوێ. ئێستا ئیتر١٢ سەعاتکار ئەنجام دراوە کە هێندەی دوو جارە لەچاو ئەو ڕێژەیەدا کە خۆی تیا دەرخستۆتەوە.
من [وەک کڕیار] ی کاری خەیاتی، خزمەتێک کە لە شێوەی کاری خەیاتیدایە و بە من دەدرێ دەیکڕم، تا پێویستیم بۆ پۆشاک یەکلا بکاتەوە و لێرەشەوە یەکێک لە پێداویستیەکانم بەدەست بێت. خاوەنی کارگەی خەیاتیەکە کاری خەیاتی وەک هۆکارێک بۆ زیادکردنی دراو بە دراو دەیکڕێ. من بۆیە دەیکڕم چونکە بەهایەکی بەکاربردنی تایبەت بەرهەم دێنێ، وخزمەتێکی تایبەتیش دەخاتە بەردەمم . بەڵام (سەرمایەدارەکە) بۆیە دەیکڕێ تا بەهای گۆڕینەوەیەکی زیاتر لەوەی کە خەرجی کردووە بەدەست بهێنێ. واتە تەنها وەک هۆکارێک بۆ گۆڕینەوەی کاری کەمتر لەگەڵ کاری زیاتردا.
کاتێک ڕاستەوخۆ دراو لەگەڵ کاردا دەگۆڕدرێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی بەدەستهێنانی سەرمایە، واتە کاتێک کارێک، کە کاری بەرهەمهێنەر نیە، و وەک خزمەتگوزاری دەکڕدرێ، بە گشتی شتێکی تر نابێت جگە لە ناوێکی تر بۆ بەهای بەکاربردنێکی تایبەتی کە کار دابینی دەکات، وەک هەرکاڵایەکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ناوێکی تایبەتە بۆ بەهای بەکاربردنی تایبەتی کار،

تەنانەت ئەم کارە خزمەتەکەی لە شێوەی شت دا نیە، بەڵکو وەک چالاکیەک ئەنجام دەدرێ. تایبەتمەندیەکیش کە دەبێ بەهیچ جۆرێک، لە کاری ئامێرێکدا بۆ نمونە وەیا سەعاتێک جیای ناکاتەوە. "پێت دەدەم تا کار بکەی، کار دەکەم تا کار بکەی، پێم بدە تا کاربکەم، پێت دەدەم تا پێمبدەی"(٨) ئەمانە چەند شێوازێکن کە دەکرێ بێجیاوازی بەکاربهێنرێن بۆ دەرخستنی یەک پەیوەندی، لەحاڵێکدا کە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا "پێدەدەم تا کار بکەی" پەیوەندیەکی تەواو تایبەت لەنێوان بەها مادییەکەدا کە دەدرێ لەگەڵ چالاکیە زیندووەکەدا کە دەستی بەسەردادەگیرێ، دەخاتەڕوو. بەم پێیە ولەو شوینەدا کە کڕینی خزمەتگوزاری هیچ پەیوەندیەکی تایبەتی نێوان کار و سەرمایەی تیا لەئارادا نیە، واتە یان لەبنەڕەتەوە ئەم جۆرە پەیوەندیەی تیا غائیبە وەیا بەتەواوی لەبەین چووە، بێگومان [ئەم خزمەتگوزاریە] ئەو شکڵەیە کە زۆر جێگای مەبەستی "سای" Say و"باستیا" Bastiatو دەستوپێوەند و لایەنگرانیانە بووە بۆ وەسفکردنی پەیوەندی نێوان سەرمایە و کار.

ئەو پرسیارەی کە ئایا بەهای ئەم خزمەتگوزاریانە چۆن ڕێکدەخرێت و چۆن خودی ئەم بەهایە لەلایەن یاسا زاڵەکانەوە بەسەر کرێدا دیاری دەکرێ، هیچ پەیوەندیەکی بەجێبەجێ بوونی پەیوەندیەکەوە نیە کە لێرەدا جێگای هەڵسەنگاندنی ئیمەیە، بەڵکو پەیوەندی بە بەشی کرێوەیە.

ئەو ئەنجامە بەدەستدێ کە بەتەنها بە گۆڕینەوەی دراو لەگەڵ کاردا، کار نایێت بەکارێکی بەرهەمهێنەر، و لەلایەکی تریشەوە ناوەڕۆکی ئەم کارە دیسانەوە لە هەنگاوی یەکەمی خۆیدا و لەم ڕووەوە هیچ کاریگەریەکی نابێت.

خودی کرێکار ئەتوانێ کار بکڕێ، واتە کاڵاگەلێک بکڕێ کە لەشێوەی خزمەتگوزاریدا دەخرێنەڕوو؛ ئەوەشی کە لە کرێکەی خۆی دەیدات بەم جۆرە خزامەتگوزاریانە، خەرجیەکە کە لەە یچ ڕویەکەوە جیاوازی نیە لەگەڵ هەر خەرجیەکی تریدا کە لە کرێکەی بۆ هەر کاڵایەکیتر خەرجی دەکات. خزمەتگوزاریەک کە دەیکڕێ لەوانەیە پێویست بێت یان پێویست نەبێت- بۆنمونە خزمەتگوزاری پزیشکێک، یان قەشەیەک. دروست وەک ئەوەوایە کە نان یان شەراب بکڕێ. بەوێنەی کڕیار - واتە نوێنەری دراو لەبەرامبەر کاڵادا - کرێکار بەموتڵەقی هەمان گاتیگۆریە لەچشنی کاتێک کە ئەویش وەک کڕیار دەردەکەوێ، واتە کاتێک کە مامەڵە کردن شتێکی زیاتر لە گۆڕینی شکڵی دراو بە کاڵا، ناگرێتەخۆی. ئەوەشی کە نرخی ئەم خزمەتگوزاریانە چۆن دیاریدەکرێ و چ پەیوەندیەکی بە خودی کرێوە هەیە، وەیا ئەوەی کە تا چ ئاستێک ئەم نرخە بەپێی یاساکانی کرێ دیاریدەکرێ، وەیا ناکرێ، مەسەلەگەلێکن پێویستە لە باسی کرێدا هەڵبسەنگێندرێن و بەتەواویش بە هەڵسەنگاندنەکانی ئێستامانەوە پەیوەندی نیە.

کەواتە بەو شێوەیەی کە وتمان گۆڕینەوەی تەنهای دراو بەکار، کار ناکات بەکاری بەرهەمهێن، بەواتایەکی تر دراو ناگۆردرێ بۆسەرمایە، ناوەڕۆکی کۆنکرێتی کار، یانی بەکاربردنی تایبەتی کار دیسانەوە لەهەنگاوی یەکمیدا بێکاریگەر دێتە بەرچاو- هەروەک بینیشمان هەمان کاری کرێکارە خەیاتەکە لە یەک حاڵەتدا بەرهەمهێنەرە و لە حاڵەتێکی تردا نابەرهەمهێنەرە.

خزمەتگوزاری یان بەهاگەلێکی بەکاربردنی دیاریکراو، کە بەرهەمی شێوەیەکی دیاریکراوی چالاکی

وەیا کارن، لە کاڵادا بەرجەستە دەبنەوە. هەندێکی تریان، بەپێچەوانەوە هیچ کاریگەریەکی هەستپێکراو، بە جیا لە خودی کەسانێک کە ئەنجامدەری کارەکەن و بوونیان هەیە، شتێکیتر لەخۆیاندا ناخەنەڕوو؛ بە واتایەکی تر بەرهەمی ئەم جۆرە کارانە کاڵایەک نیە بۆ فرۆشتن. بۆ نمونە خزمەتگوزاریەک کە گۆرانیبێژێک بە منی دەبەخشێ و پێویستیە جوانناسیەکانی من تێردەکات؛ بەڵام ئەوەی کە من چێژی لێوەردەگرم، چالاکیەکە کە لە خودی گۆرانیبێژەکە جیا نیە و هەر ئەوەندە کە کارەکەی، یانی گۆرانی وتنەکەی، تەواوبوو، چێژی منیش تەواودەبێ. من لە خودی چالاکیەکە - واتە دەنگدانەوەکە لە گوێچکەمدا - چێژ وەردەگرم. ئەشێ ئەم خزمەتگوزاریە، وەکو هەر کاڵایەکی تر کە دەیکڕم، پێویست بێت وەیا وەک پێویستیەک سەیربکرێ - بۆنمونە خزمەتی سەربازێک وەیا دکتۆرێک، وەیاخود پارێزەرێک. یا ئەوەی کە دەشێ خزمەتگوزاریەک بێت کە ببێتە هۆی شادیم. بەڵام بەهەر حاڵ ئەمە هیچ کاریگەرییەک لەسەر خاسیەتە ئابووریەکانیان دانانێت. ئەگەر کەسێکی تەندروستباش بم و پێویستم بە دکتۆر نەبێ، وەیا ئەوەندە شانسم هەبێ کە لە هیچ مەسەلەیەکی دادگاییەوە نەگلابم ، ئەو کاتە بەهەمان ئاست کە لە تاعون دوردەکەوتوومەوە، لە دانی پارە بەدکتۆر و خزمەتگوزاری یاسایش خۆم دەبوێرم.

خزمەتگوزاری دەشێ داسەپاو بێت بەسەرمدا- بۆ نمونە خزمەتگوزاری دەزگاکانی دەوڵەت و هیتر. ئەگەر من خزمەتگوزاری مامۆستایەک بکڕم، نەک بۆ گەشەی فکریم، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی شارەزاییەک کە بتوانم لەڕێگایەوە پارە بەدەستبهێنم - وەیا ئەگەر کەسێکی تر خزمەتگوزاری ئەم مامۆستایە بۆ من بکڕێ - وە ئەگەر من لەواقعدا شتێک فێربم (کە خۆی لەخۆیدا بەتەواوی سەربەخۆیە لە پێدانی پارە بە خزمەتەکەی مامۆستا) ئەو کاتە تێچونی ئەو فێربوون و پەروەردەیەی کە لەبەردەستدایە، هەروەک تێچونی بژێوی و مانەوەی من، بەبەشێک لە تێچونی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری من ئەژماردەکرێ. بەڵام بەکاربردنی تایبەتی ئەم خزمەتگوزاریە هیچ گۆڕانکاریەک لە پەیوەندی ئابوریدا پێک ناهێنێ. ئەمە پەیوەندیەک نیە کە من تیایدا دراوم گۆڕیبێت بە سەرمایە، وەیا پێشکەشکەری ئەم خزمەتگوزاریە، واتە مامۆستاکە، من ناکات بە سەرمایەداری خۆی، بەسەرۆکی خۆی. هەروەها ئەوەی ک ەدکتۆر بتوانێ من چارەسەرکات، مامۆستاش سەرکەوتووبێت لەوەدا کە شتێکم فێرکات، وەیاخود پارێزەر لە دادگا کێشەیەکی من بباتەوە، دووبارە هیچ کاریگەریەک لە خەسڵەتی ئابوری ئەم پەیوەندە دانیە. پارەیەک کە دراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم خزمەتگوزاریانە خۆی لەخۆیدا هەبووە، کەوایە بە پێی سروشتی ئەم بابەتە ئەنجامەکەی ناتوانرێ لەلایەن ئەو کەسانەوە مسۆگەر بکرێ کە ئەم خزمەتگوزاریانە ئەنجامدەدەن. بەشێکی بەرچاو لە خزمەگوزاریەکان پەیوەستن بە تێچوونی بەکاربردنی کاڵاکانەوە، وەک خزمەتگوزاریەکانی چێشتلێنەرێک، خزمەتکارێک... هتد

ئەوە خەسڵەتی هەر کارێکی نابەرهەمهێنە کەتەنها بەئاستێک ئەتوانێ لەژێر ئیختیاری ئینسانەکاندابێت - وەک هەر کاڵایەکی تری بەکاربردن - کە ئینسان، کرێکارانی بەرهەمهێن بچەوسێنێتەوە. ڕێک بە هەمان شێوەی ئەو کاڵایانەی کە من بۆ بەکارهێنان دەیانکڕم، ئەوە خەسڵەتی هەموو کارە نابەرهەمهێنەکانە کە لە ژێر فەرمانی مندان، بەڵام تەنها بەو ئەندازەیەی کە

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

کرێکارانی بەرهەمهێن بچەوسێنەوە. بەم پێیەش لەنێو هەموو تاکەکاندا، کرێکاری بەرهەمهێن کەمترین دەسەڵاتیان هەیە بەسەر خزمەتگوزاریەکانی کرێکارانی نابەرهەمهێندا. لە لایەکی تریشەوە توانای کەسێک لە بەکارهێنانی کرێکارانی بەرهەمهێندا بە هیچ جۆرێک بە هەمان ڕادە زیاد ناکات کاتێک کەسەکە کرێکارانی نابەرهەمهێن بەکاردەهێنێ، بگرە بە پێچەوانەوە ئەم ڕادەیە کەم دەکاتەوە، هەرچەندە و لەهەر حاڵێکدابێ، دەبێ تاک لەبەرامبەر خومەگوزاری ئیجباریدا (دەوڵەت، باجەکان) پارە بدات.

لەوانەیە کرێکارانی بەرهەمهێن خۆیان لە پەیوەند بەکەسێکەوە [بەکاربەر] وەک کرێکاری نابەرهەمهێن بەحساب بێنن. بۆنمونە ئەگەر من خانوەکەم بدەم تا سەرلەنوێ گەچکاری بکرێ وگەچکارەکانیش کرێکاری بەکرێ بن بۆ وەستایەک کاردەکەن کە من لەگەڵیدا گرێبەستێکم کردووە، ئەوکاتە بۆ من ئەم دۆخە فەرقێک لەحاڵەتی مندا دروست ناکات، بەوەی کە خانوەکەم گەچکاری کردووە و کاری ئەوانم کڕیوە، چونکە من پارەیەکم بۆ کڕینی کاڵایەک بۆ بەکاربردنی شەخسی خەرجکردووە. بەڵام بۆ وەستای کارەکە کە ئەو کرێکارانەی خستۆتەکارەوە، بە کرێکاری بەرهەمهێن دادەنرێ، چونکە بۆ وەستاکە زێدەبایی بەرهەمدێنن.

*** *** ***

ئەوەی کە لە ڕوانگەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە کرێکارێک کاڵایەکی شیاو بۆ فرۆشتن بەرهەمدەهێنێ، بەڵام ڕێک بە ئەندازەی یەکسان لەگەڵ هێزی کارەکەی خۆیدا بەرهەم دێنی و بۆ سەرمایەدار، زێدەبایی بەرهەم ناهێنێ و تاچەند نابەرهەمهێنە، بە باشی لەنوسینەکانی ڕیکاردۆدا بەرچاوە. ئەو ئەم جۆرە کەسانە بە هۆکارێک بۆ دەردەسەری (٩) دادەنێ. ئەمەیە تیۆری و پراتیکی سەرمایە.

> "هەم تیۆری پەیوەند بە سەرمایەوە وهەم کردەی ڕاوەستاندنی کار لەوخاڵەدا کە بتوانێ ، سەرەرای بژێوی کرێکاران هاوکات قازانجێک بۆ سەرمایە بەرهەم بهێنێ، لەگەڵ یاسا سروشتیە زاڵەکان بەسەر بەرهەمهێناندا، ناکۆک دێتەبەرچاو" (تۆماس هاجسگین، ئابوری سیاسی، بۆ تێگەیشتنی هەوان. لەندەن١٨٢٧لاپەڕە٢٣٨ )

*** *** ***

بینیمان کە: پرۆسەی بەرهەمهێنان هەر بەتەنها پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵا نیە، بەڵکو پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی، و مژینی کاری ئیزافی و بەم پێیەش پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەیە. یەکەمین کاری ڕواڵەتیانەی گۆڕینەوەی نێوان دراو وکار، وەیا سەرمایە و کار تەنها لە بنەڕەتدا بریتیە لە دەستبەسەرداگرتنی کاری زیندووی کەسێکی تر لە ڕێگای کاری بەمادیبووە. پرۆسەی بەکردەوەی دەستبەسەرداگرتن تەنها لەپرۆسەی بەکردەوەی بەرهەمهێناندا سەردەگرێ، کە تێیدا گۆڕینەوەی ڕواڵەتیانەی یەکەمجار وەک قۆناغی پێشووی ئەو بەحساب دێت - قۆناغیک کە تیایدا سەرمایەدار و کرێکار تەنها وەک خاوەنانی کاڵا، بەوێنەی کڕیارو فرۆشیار، ڕووبەڕووی یەک

دەبنەوە. بەهەمان بەڵگە ئابووریناسانی عەوام - لەچشنی باستیا - لەم گۆڕینەوە ڕواڵەتیە سەرەتاییە، واوەتر ناڕۆن، دروست تا هەر بەم فێڵە خۆیان لەم پەیوەندیە سەرمایەدارانە تایبەتیە بدزنەوە. ئەم جیاوازیەی [نێوان دوو قۆناغەکەی سەرەوە] بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە گۆڕینەوەی دراو لەگەڵ کاری نابەرهەمهێندا دەردەکەوێ. لێرەدا دراو و کار تەنها وەک کاڵا پێکەوە دەگۆڕدرێنەوە، بەجۆرێک کە ئەم گۆڕینەوەیە سەرمایە بەوجود ناهێنێ، بەڵکو ئەمە خەرجکردنی داهاتە.

## (F) کاری پیشەوەران وجوتیاران لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا

کەوایە جێگەوڕێگەی پیشەوەرانی سەربەخۆ یان جوتیاران کە کرێکار بەکارنابەن و بەمپێیەش وەک سەرمایەدار بەرهەمناهێنن، چیە؟ هەریەک لەوانە، هەروەک چۆن مەسەلەکە لەبارەی جوتیاریشەوە هەمیشە بەوجۆرەیە (جگە لە باخەوانێک کە من خۆم بانگی بکەم بۆ ماڵەوە)، بەرهەمهێنەری کاڵان و کەسێک کاڵایان لێدەکڕێ لەم حاڵەتەشدا بۆ نمونە ئەوەی کە پیشەگەر بەپێی ئەوەی لێیداواکراوە بەرهەم دەهێنێ و ئەوەشی جوتیاران بەپێی تواناکانیان دەتوانن بەرهەمبهێنن، بەتەواوی وەکو یەک وان. لەکۆتایی حاڵدا هەردوولایان وەک فرۆشیاری کاڵا نەک کار، لەگەڵ کڕیاردا بەرەو ڕوودەبنەوە، چونکە ئەم پەیوەندیە، هیچ پەیوەندیەکی بەگۆڕینەوەی کار و سەرمایەوە نیە. بەم ئیعتبارەش ئەم مەسەلەیە پەیوەندیەکی بە جیاوازی نێوان کاری بەرهەمهێن ونابەرهەمهێنەوە بۆ پەیدانابێت. چونکە ئەم جیاوازیە بەتەواوی پەیوەند دەبێتەوە بەوەوە کە ئایا کار لەگەڵ دراو گۆڕاوەتەوە، یان بە دراوێک کە سەرمایەیە لە شکڵی دراودا. بەم پێیەش ئەم جوتیارانە و ئەم پیشەوەرانە لەم حاڵەتەدا نە گرێدراون بەناوەندی کرێکارانی بەرهەمهێن و نە بە کرێکارانی نابەرهەمهێنەوە، هەرچەندە هەردوولایان بەرهەمهێنەری کاڵاشن. بەرهەمهێنانی ئەمانە ناچنە خانەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە.

ئەو ئیمکانەش هەیە کە ئەم جۆرە بەرهەمهێنەرانە، کە بە ئامرازگەلێکی بەرهەمهێنان، کە هی خۆیانە کار دەکەن، نەک تەنها هێزی کاری خۆیان دووبارە بەرهەمدەهێننەوە، بەڵکو زێدەباییەکیش بەدەست دێنن و بە ئیعتباری جێگاوڕێگایان دەست بەسەر هەموو یان بەشێک لە زێدەباییدا دەگرن، ([بۆچی دەڵێین بەشێک لە زێدەبایی ] چونکە بەشێک لە زێدەباییەکەیان لە ڕێگای زەریبە و شتی ترەوە لێدەسەندرێت). لێرەدا ئێمە لەگەڵ تایبەتمەندیەکی جیاواز بەرەوڕوو دەبینەوە ئەویش خەسڵەتەکانی کۆمەڵگایەکە کە تێیدا شێوازێک لە بەرهەمهێنان زاڵە، ئەگەرچی هێشتا تەواوی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی نەخستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆنمونە لە کۆمەڵگای دەرەبەگیدا (کە دەکرێ بەباشترین شێوە لە ئینگلترە ببینرێت، چونکە سیستەمی دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکی حازر و ئامادە لە نۆرماندیەکانەوە هاتە ناویەوە و شێوەی خۆی سەپاند بەسەریدا کە لە زۆر ڕووەوە بنیادێکی کۆمەڵایەتی جیاواز بوو)، پەیوەندیگەلێک کە لەگەڵ سروشتی دەرەبەگایەتیدا جیابۆتەوە، بەڵام شێوازی دەرەبەگایەتی پێدراوە؛ بۆ نمونە پەیوەندە سادەکانی دراو کە تێیدا هیچ نیشانەیەک لە خزمەتگوزاری شەخسی دوولایەنە لە ئارادا نەبوو، لە جۆری ئەوەی کە لە نێوان ئەرباب و

ڕەعیەتدایە. بۆ نمونە ئەوە خەیاڵێکە کە وردە جوتیار خاوەنی زەوی خۆی بووبێ لە موڵکی ئەربابێکدا.

لە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دیسانەوە بەهەمان شێوەیە. جوتیار یان پیشەوەر بەسەر دوو کەسایەتیدا دابەشدەبن* وەک خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهینان دەبێتە سەرمایەدار. وەک کەسێکیش کە کار دەکات، دەبێتە کرێکاری بەکرێ بۆ خۆی. بەمپێیە وەک سەرمایەدار کرێ بەخۆی دەدا و لە سەرمایەکەی قازانج وەردەگرێ. بەواتایەکی تر ئەو خۆی وەک کرێکاری بەکرێ دەچەوسێنێتەوە و سەرانەیەک کە کرێکار بەسەرمایەدار قەرزارە، وەک زێدەبایی بۆ خۆی سەرفی دەکات، ڕەنگە ئەو تەنانەت مەبلەغێک وەک کەسی سێهەم، یانی خاوەن زەوی بەخۆی بدات. (کرێ- ئیجاری موڵک)، دروست بەهەمان شێوە کە دواتر لەخوارەوە دەیبینین، سەرمایەداری پیشەسازی کاتێک کە کار بۆ سەرمایەکەی خۆی دەکا، سو (فائیدە) بەخۆی دەدا، ئەمەش وەکو ئەوە چاو لێدەکات کە قەرزی بەخۆی دابێت، نەک وەک سەرمایەدارێکی پیشەسازی، بگرە ڕێک و ڕەوان وەک سەرمایەدارێک.

خەسڵەتی یەکلاکەرەوەی کۆمەڵایەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا - کە نیشانەیەکە لە هەبوونی پەیوەندیەکی تایبەتی بەرهەمهێنان - لەگەڵ هەبوونی مادیانەی ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێناندا و وەکو ئامرازی بەرهەمهێنان وەها لەیەک هەڵپێکراون کە لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا لێک جیاکردنەوەی ئەم دووانە مەحاڵ بێت. ئەم حوکمە ( حوکمی تێگەیشتن) تەنانەت لەوشوێنەدا کەپەیوەندیەکانی [بەرهەمێنان] ڕاستەوخۆ لە ناکۆکیدایە پێی دیسانەوە وەک بەدیهیەک وەردەگیرێ. ** ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تەنها بەوجۆرە دەبن بە سەرمایە کە لە کرێکار دابڕابن و وەک هێزێکی سەربەخۆ ڕووبەڕووی کرێکار بووبنەوە. بەڵام لەم حاڵەتەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆکرد، بەرهەمهێنەر - کرێکارەکە - خاوەن وموڵکداری ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی خۆیەتی. بەم پێیەش ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان سەرمایە نین، بەهەمان شێوەش پەیوەندی ئەم بەرهەمهێنەرانە لەگەڵ ئامرازەکاندا، پەیوەندی کاری بەکرێ نیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم ئامرازانە وەک سەرمایە سەرنجیان بۆ دەدرێ و خاوەنەکانیشیان دەبێ بەدووبەشەوە، بە جۆرێک کە ئەو وەک سەرمایەدارێک خودی خۆی وەک کرێکارێکی بەکرێ بەکاردەهێنێت.

لەڕاستیدا ئەم جۆرە سەرنجدانە ، بەهەر ئاستێک لەسەرنجدانی یەکەمدا بە نامەنتقی بگات، بەڵام تائەو ئاستە دروستە کە لەم حاڵەتانەدا بەرهەمهێنەر بۆ خۆی زێدەبایی بەرهەمدێنێ <بەوفەرزەی

* / "لە بانقە بچوکەکاندا... خاوەنکار زۆربەی کات کرێکاری خۆیەتی" ئیستورش وانەی ئابووری سیاسی، چاپی بەترسپۆرگ، لاپەڕە ٢٤٢

**/ بەدەربڕینێکی سادەتر، مەبەستی مارکس ئەوەیە کە کۆمەڵگای بۆرژوازی بۆ هەر ئامرازێکی بەرهەمهێنان، وەک سەرمایە سەرنجی ئەدا، تەنانەت تا ئەو شوێنەی کە ئەم ئامرازانەی بەرهەمهێنان، بەکردەوە لە پەیوەندیەکی سەرمایەدارانەدا نین، چونکە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان خۆی بەمانە کاردەکات، دوبارە ئەم ئامرازانە لەبارەی تێگەیشتنەوە وەک سەرمایە وەردەگیرێن. وەرگێڕی فارسی

که کاڵاکانی خۆی به بەهایەکی[واقعی] بفرۆشێتەوە>، به واتایەکیتر کارەکەی لەهەموو بەرهەمەکەیدا، مادیەتی وەرگرتووە. بەڵام ئەم بەرهەمهێنەرە ئەو واقعیەتەی که خۆی دەتوانێ هەموو بەرهەمەکانی کاری خۆی بۆ خۆی بێت، هەروەها ئەوەشی که زیاده بەرهەم و وه به جیاواز له بەهای بەرهەمەکانی لەچاو، بۆنمونه نرخی نێوەندی ڕۆژێکی کارەکەی، لەلایەن کەسی سێهەمەوە، ئەربابێک، دەستی بەسەردا ناگیرێت وهیچ یەکێکیش قەرزارباری کارکردنەکەی نیه – چونکه لەم بارەوە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ هیچ کرێکارێکی تردا نیه – بەڵکو قەرزارباری خاوەندارێتیەکەیەتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. بەم پێیە بە تەنها لەڕێگای خاوەندارێتیەکەیەوە که بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا هەیەتی، دەتوانێ دەست بەسەر زیدەبایی خۆیدا بگرێ و لێرەشەوە وەک کرێکاری بەکرێ پەیوەندی سەرمایەدار بوونی خۆی بەسەر خۆیدا فەرزبکات.

لەم کۆمەڵگایەدا دابڕان وەک پەیوەندیەکی ئاسایی دەردەکەوێ. بەڵام ئەوەی که ئەم دابڕانە له واقعی مەسەلەکەدا به دروست دەرنایەت و بەفەرز وەردەگیرێ؛ و بینیشمان که بەفەرزوەرگیراوە؛ چونکه (بەجیاواز لەگەڵ نمونەکانی دۆخی ڕۆمای کۆن، یا نەرویژ، وەیاخود سەروی ڕۆژئاوای نەتەوەیەکگرتوەکان- ئەمریکا ) لەم کۆمەڵگایانەدا، یەکبوون مەسەلەیەکی ڕێکەوته و دابڕانیش مەسەلەیەکی باوە؛ بەمجۆرەش تەنانەت ئەگەر کەسێک هەڵسوکەتگەلێکی دابڕاوانە یەکبخات، دیسانەوە ئەوە هەردابڕانە که وەک پەیوەندیەکی[واقعی] لەبەرچاودەگیرێ. لێرەدا ئیتر ئەو واقعیتە له شێوەیەکی سەرسورماندا دەردەکەوێ که سەرمایەدار بەتەنها وەزیفەیەکە (function) له سەرمایە و کرێکاریش وەزیفەیەکە له هێزی کار. چونکه ئەمە یاسایەکە که پەرەسەندنی ئابوری وەزیفەی جیاجیا بۆ کەسانی جیاجیا تایبەت دەکات؛ و پیشەوەر یا جوتیار که بەئامرازی بەرهەمهێنانی خۆی بەرهەمدەهێنێ، به شێنەیی یا بۆ سەرمایەداری بچوک دەگۆڕدرێن و کاری کەسانیتر وەبەردێنن، وەیاخود ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی خۆیان لەدەستدەدەن و دەگۆڕدرێن بۆ کرێکاری بەکرێ. (حاڵەتی دووەم لەوانەیە له هەنگاوی یەکەمدا به جۆرێکدا بکەوێتەوە که کەسی بەناو خاوەندار- مالک الاسمی- ئامرازەکانی خۆی بهێڵێتەوە، هەروەک له دۆخی بەڕەهنداندا هەیە) ئەمە مەیلێکە له هەموو ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەیە که شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تیا زاڵە.

## (G) پێناسەیەکی ئیزافی بۆ کاری بەرهەمهێن، کارێك که له سامانی مادیدا بەرجەسته دەبێتەوە.

بەم پێیە، لەهەڵسەنگاندنی پەیوەندیە بنەڕەتیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئەتوانرێ ئەوە بەفەرز وەرگیرێت که تەواوی دونیای کاڵاکان، مەیدانەکانی بەرهەمهێنانی مادی – بەرهەمهێنانی سامانی مادی – (چ بەشێوەیەکی ڕواڵەتی یان واقعی) لەژێر کۆنترۆڵی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، بەدەست دێت (چونکه ئەمە ئەو شتەیە که زۆرتر و زۆرتر ڕوودەدات، چونکه ئەمە ئامانجی سەرەکیە و تەنها له شکڵی بەدەستهاتنیدا توانای بەرهەمهێنەری کار تا بەرزترین ئاست گەشەدەکات) لەسەر ئەم بنەمایەش – که ئاستی کۆتایی {ئەم پڕۆسەیە} دەردیدەخا و بەم

## دەربارەی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن

هۆیەشەوە بەردەوام بە لێکدانەوەیەکی هەرچی ورتر لە واقعیەت نزیک دەبینەوە - تەواوی کرێکارانێک کە بە بەرهەمهێنانی کاڵاوە خەریکن، کرێکاری بەکرێن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیش لەهەموو مەیدانەکاندا، وەک سەرمایە لەبەرامبەریاندا ڕادەوەستێتەوە. کەواتە دەتوانرێ بوترێ کە ئەمە یەک خەسڵەتی تایبەتی کرێکارانی بەرهەمهێنە، واتە کرێکارانێک کە سەرمایە بەرهەمدەهێنن و کارەکەشیان لە کاڵادا، لە سامانی مادیدا، بەرجەستەدەکەنەوە، چونکە کاری بەرهەمهێن لەپاڵ خەسڵەتە بڕیاردەرەکەیدا – کە هەرگیز ناوەڕۆکی کار لەبەرچاوناگیرێ و بەتەواوەتی لەم ناوەڕۆکە سەربەخۆیە - پێناسەیەکی لاوەکی و جیاواز و فەرعی وەردەگرێت.

## (H) دەرکەوتەکانی سەرمایەداری لەمەیدانی بەرهەمهێنانی نامادیدا

بەرهەمهێنانی نامادی تەنانەت کاتێک کە بە تەنها بۆ گۆڕینەوە ئەنجامدەدرێ، واتە کاتێک کە کاڵا بەرهەمدەهێنێ دەتوانێ دوو جۆربێت،

١) لەحاڵەتێکدا کە ئەنجامی بەرهەمهێنان کاڵا، یا بەهای بەکاربردن بێت، کە شێوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ لە بەرهەمهێنەر و بەکاربەر بەخۆیەوە دەگرێ. ئەم کاڵایانە بەم پێیەش دەتوانێ لەماوەی نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردنیاندا، بوونیان هەبێ و هەر لەوماوەیەشدا وەک کاڵاگەلێک کە بکرێ بفرۆشرێنەوە، دەکەونە بواری ئاڵوگۆڕپێکردنەوە. لەوانە کتێب ، تابلۆی هونەری و لە یەک وتەدا تەواوی بەرهەمەکانی کاری هونەری کە لە ئەدای هونەری خودی هونەرمەندەکە جیاوازن. لێرەدا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەنها لە بوارێکی سنورداردا ئەتوانێ کاربکات؛ بۆ نمونە وەکو ئەوەی کاتێک کە دانەری بەرهەمێکی هاوبەش - بۆنمونە مەوسوعەی زانیاری (ئینسایکلۆپیدیا) – کەسانێکی تری قەڵەمبەدەست کە بۆ پارە پەیداکردن دەنوسن، بخاتە کارەوە. لەم مەیدانەدا بەگشتی شکڵێکی ڕاگوزەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری درێژە بە بوونی خۆی دەدا، کە تیایدا هەموو جۆرەکانی بەرهەمهێنەرانی عەمەلی و هونەری، پیشەوەران، وەیا پسپۆڕانێک بۆ سەرمایەی بازرگانی هاوبەش، بۆ دەزگای پەخش کاردەکەن - پەیوەندیەک کە هیچ ڕەبتێکی بەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە، بەمانای تایبەتی وشەکە، نیە وتەنانەت لەڕوی ڕواڵەتیشەوە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا، سەری دەرنەهێناوە، ئەو واقعیەتەش کە چەوساندنەوەی کار لەوپەڕی ڕادەی خۆیدایە ڕێک لەم شکڵە ڕاگوزەریانەیدا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

٢) لە حاڵەتێکی تردا کە بەرهەمهێنان نەتوانرێ لە کردەی بەرهەمهێنان جیابکرێتەوە. وەک حاڵەتی کاری نمایشکاران و هونەرمەندان، مامۆستایان، دکتۆرەکان، قەشەکان وهیتردا. لێرەشدا شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئاستێکی زۆر کەمدا بەدیدەکرێ و لەبەر سروشتی ئەم مەیدانانە، شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنها لەهەندێ لایەنەوە ئەتوانێ بەکردەوە دەربێت. بۆ نمونە مامۆستایانی ناو دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن ڕەنگە تەنها کرێکارانێکی بەکرێ بن بۆ ئەو مقاولانەی ئەو دەزگایانەیان گرتووە و لەمجۆرە کارگانەی پەروەردەو فیرکردن لە بەریتانیا زۆرە. ئەگەر چی لە پەیوەندی بەقوتابیەکانەوە، مامۆستاکان کرێکاری بەکرێ نین، بەڵام لە پەیوەند بە خاوەنکارەکانیانەوە، کرێکاری بەرهەمهێنن. خاوەنکار سەرمایەکەی بەهێزی کاری ئەوان

دەگۆڕێتەوە و خۆشی لەرێگای ئەم پرۆسەیەوە سامان کۆدەکاتەوە. ئەم دۆخە لەنوسینگەکانی وەک شانۆکان، هۆڵەکانی نمایش وهیتر دیسانەوە بەهەمان شێوەیە. لەم بوارانەدا پەیوەندی هونەرپیشە بەبینەرانەوە، پەیوەندی هونەرمەندێکە، بەڵام لەبەرامبەر خاوەنکارەکەی خۆیدا، ئەو کرێکارێکی بەرهەمهێنە. [بەهەرحاڵ] تەواوی دەرکەوتەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەم مەیدانانەدا، بە بەراورد لەگەڵ گشت بەرهەمهێناندا، هێندە کەمن کە دەکرێ بەتەواوی چاوپۆشیان لێبکرێ.

## (ا) مەسەلەی کاری بەرهەمهێن لە گۆشەنیگای گشت پرۆسەی بەرهەمهێنانی مادیەوە

لەگەڵ پەرەسەندنی شێوەی تایبەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، کە تێیدا کرێکارانێکی جۆراوجۆر لە بەرهەمهێنانی کاڵادا هاوبەشدەبن، دیارە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ کە کاری هەریەک لەم کرێکارانە لەگەڵ ئەو شتەی کە بەرهەم هاتووە پەیدادەکات، پەیوەندیەکی یەکجار زۆر جۆراوجۆرە. بۆ نمونە کرێکارانێک کە پسپۆڕنین لە یەکێک لەوکارگانەی ئاماژەمان بۆکرد، ڕاستەوخۆ هیچ ڕۆڵێکیان بەسەر بەکاربردنی کەرەسەی خاودا نیە، ئەو کرێکارانەشی کە ئەرکی چاودێریان بەسەر کەسانێکەوە لە ئەستۆیە، کە ڕاستەوخۆ لەسەر کەرەستە خاوەکان کاردەکەن، ئەمانە پلەیەک لەم [پرۆسەیە] وە دورترن. ئەندازیار بە بەشی خۆی پەیوەندیەکی تری هەیە و بەگشتی کاری فکری دەکا و شتی لەم بابەتە. بەڵام گشت ئەم کرێکارانە کە خاوەنانی هێزی کارن، بە بەهای جیاوازەوە (هەرچەندە ئەوانەی کاردەکەن لە ئاستێکی کەمو زۆری یەکسان بەهرەمەندن) ئەنجامەکە بەرهەم دێنن، بەرهەمێک کە وەک ئەنجامی پرۆسەی کار لە کاڵایەکدا، وەیا لەبەرهەمێکی مادیتردا، دەردەکەوێ. ئەم کرێکارانە، هەمو یان پێکەوە وەک یەک کارگە، مەکینەیەکی زیندووی بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمانەن - دروست بەهەمان شێوە، کە ئەگەر پرۆسەی بەرهەمهێنان لە گشتیەتی خۆیدا لەبەرچاوبگرین، ئەم کرێکارانە کارەکانیان لەگەڵ سەرمایەدا دەگۆڕنەوە و دراوی سەرمایەدارەکەش وەک سەرمایە دووبارە بەرهەمدێننەوە، واتە وەک بەهایەک کە زێدەبایی بەرهەم دەهێنێ و وەک بەهایەکیش کە خۆی زیاد دەکا، دەردەکەوێ.

بەدڵنیاییەوە ئەوە خەسڵەتێکی تایبەتی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە، کە چەندین جۆری جیاوازی کار، لە کاری فکری وجەستەیی - وەهەروەها جۆرەها جۆرەها کاری تر کە هەریەک لەم دوولایەنە قورسایی زیاتریان تیا هەیە - لەیەک جیا دەکاتەوە و لە نێوان ئەفرادی جیاجیادا دابەش دەکات. بەڵام ئەم مەسەلەیە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە بەرهەمە مادیەکان، بەرهەمی هاوبەشی ئەم ئەفرادانەیە، واتە ئەوە بەرهەمی هاوبەشی ئەوانە کە لە سامانی مادیدا بەرجەستەبۆتەوە؛ دروست بەهەمان شێوە کە ئەم مەسەلەیە بەربەست و ڕەتکردنەوەی ئەو واقعیەتە نیە کە لەپەیوەند بەسەرمایەوە، هەموو ئەم ئەفرادانە کرێکارانی بەکرێن و بەواتای بەرجەستەی وشەکە، کرێکارانی بەرهەمهێنن. تەواوی ئەم فەردانە، نەک تەنها ڕاستەوخۆ لەبەرهەمهێنانی سامانی مادیدا دەخاڵەت دەکەن، بەڵکو کارەکەی خۆیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ دراودا بەوێنەی سەرمایە دەگۆڕنەوە و بەم

پێیەش ڕاستەوخۆ جگە لە هەقدەستەکانیان زێدەباییەکیش بۆ سەرمایەدار بەرهەمدەهێنن. کاری ئەمانە هەردوو بەشی کار دەگرێتە خۆی، بەشێک کە کرێی پێدراوە وبەشەکەی تر کارێکی زیادەیە کە پێی نەدراوە [واتە بە خۆڕایی] .

## (ل) پیشەسازی بارهەڵگرتن وگواستنەوە، وەك ڕشتەیەکی بەرهەمهێنانی مادی.

## کاری بەرهەمهێن لە پیشەسازی بارهەڵگرتن و گواستنەوەدا

سەرەڕای پیشەسازی دەرهێنان وکشتوکاڵ ومانیفاکتۆرە، مەیدانی چوارەمی بەرهەمهێنانی مادی لە ئارادایە، کە بە هەمان شێوە قۆناغە جیاجیاکانی پیشەسازی دەستی و مانیفاکتۆرە و پیشەسازی مەکینەیی، تێدەپەڕێنێ. ئەویش، پیشەسازی بارهەڵگرتن و گواستنەوەیە، کە ئەویش بارکردن وگواستنەوەی کاڵاکان و ئەفرادە. پەیوەندی کاری بەرهەمهێن، یانی پەیوەندی کرێکاری بەکرێ لەگەڵ سەرمایەدا لەم مەیدانەشدا دروست بەهەمان شێوەی مەیدانەکانی تری بەرهەمهێنانی مادییە. بەڵام لەم مەیدانەی چوارەمدا گۆڕانکاریەکی مادی لەبابەتی کارەکەیدا، ڕوودەدات، کە ئەویش گۆڕانی شوێنە، گۆڕینی جێگا. لەبارەی بار هەڵگرتن و گواستنەوەی خەڵکەوە، ئەم کارە تەنها حاڵەتی خزمەتگوزاری بەخۆیەوە دەگرێ و لەلایەن مقاولێکەوە کە کارەکەی گرتۆتە ئەستۆ دەخرێتە خزمەتی خەڵکەکەوە. بەڵام پەیوەندی نێوان کڕیاران و فرۆشیارانی ئەم خزمەتگوزاریە، هیچ ڕەبتێکی بە پەیوەندی نێوان کاری بەرهەمهێن و سەرمایەوە نیە و وەک ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان کڕیار و فرۆشیاری خوری چنیندا هەیە.

بەڵام ئەگەر لە گۆشەیەکی ترەوە سەرنج لەم پرۆسەیە لە پەیوەند بە کاڵاکانەوە بدەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا بە دڵنیاییەوە لە پرۆسەی کاردا گۆڕانێک لە بابەتی کاردا، یانی لە کاڵادا ڕوودەدات. شوێنی کاڵاکەیە کە دەگۆڕێت و بەمجۆرەش گۆڕانکاریەک لەبەهای بەکاربردنیدا پێکدێنێ، چونکە ئەم بەهای بەکاربردنە شوێنی گۆڕیوە. بەهەمان ئەندازە کە ئەم گۆڕانە لە بەهای بەکاربردندا پێکیدێنێ و ئەنجامدانی کاری زیاتر لەخۆدەگرێ، بەهای گۆڕینەوەکەشی زیاد دەکات - کارێک کە بەشێکی بە بڕی سەرمایەی نەگۆڕی بەکارهاتوو، واتە تەواوی کارێکی بەمادی بوو کە دەچێتە کاڵاکەوە، و بەشێکی تریشی بە بڕی کاری زیندوو، دیاریدەکرێت. دروست هەر وەکو پرۆسەی زیادبوونی بەهای هەر کاڵایەکی تر.

کاتێک کاڵا بە شوێنی خۆی دەگات، ئەو گۆڕانەی کە لە بەهای بەکاربردنیدا ڕوویداوە، دەرناکەوێ و ئیتر بە تەنها لە بەهایەکی باڵاتری گۆڕینەوەدا و لە نرخێکی زیاتریدا دەردەکەوێتەوە. وە ئەگەرچی لەم حاڵەتەدا کارێک کە لەواقعدا ئەنجامدراوە، هیچ نیشانەیەکی لە خودی بەهای بەکاربردندا جێنەهێشتووە، بەڵام وجودی ئەم کارە لە بەهای گۆڕینەوەی ئەم بەرهەمە مادیەدا، بەدیهاتوە. بەم پێیە لەم بەشە لە پیشەسازیدا، دیسانەوە وەک هەرمەیدانێکی تری بەرهەمهێنانی مادی، ئەو حوکمە دروستە کە کار خۆی لە کاڵادا بەرجەستە و تێکهەڵکێش دەکات، تەنانەت ئەگەر هیچ نیشانەکی بەرچاویشی لە خۆی و لە بەهای بەکاربردنی ئەو کاڵایانەی کە باسکران، جێنەهێشتبێ.

******

تا ئێرە تەنها لەگەڵ سەرمایەی بەرهەمهێندا، واتە سەرمایەیەک کە لە پرۆسەی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێناندا بەکار براوە، مامەڵەمان کرد، لە قۆناغی دواتردا بە سەرمایە لە پرۆسەی سوڕانەوەدا Circulationدەگەین و تەنها دوای ئەمەش لە ڕێگای شیکردنەوەی هەر شێوەیەکی تایبەتەوە کە سەرمایە، وەک سەرمایەی بازرگانی، بەخۆیەوە دەبینێ، دەتوانرێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە تا چ ئاستێک ئەو کرێکارانەی کە لەلایەن ئەم جۆرە لە سەرمایەوە بەکاردەبرێن، بەرهەمهێنن یان نابەرهەمهێن. (١٠)

## یاداشتەکان:

١) لێرەدا مەبەستی مارکس لە بەشی "پاشکۆبوونی ڕواڵەتی وواقعی کارە بۆ سەرمایە"(دەستنوسەکان، دەفتەری٢١ لاپەڕە١٦ بۆ ١٣٠٦) کە ڕاستەوخۆ بەر لە بەشی " توانای بەرهەمداری سەرمایە و کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن" دا دێت. لەبارەی پاشکۆیوونی کاری ڕواڵەتی و واقعی کار بۆسەرمایەوە، بگەڕێرەوە بۆ سەرمایە بەرگی یەکەم لاپەڕەکانی ١٠ بۆ ٥٠٩ و٣٧ بۆ ٧٣٦.

٢) لە کتێبی " بەشداریەک لەڕەخنەی ئابوری سیاسیدا" – ١٨٥٩ مارکس دەریخستوە کە لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، ئاوێزانبوونی ڕەمزیانەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، بەشێوەیەکی بەرجەستە، خۆی لە دراودا دەخاتەڕوو. بەرجەستەبوونی Crystallizationسامان لەشێوەی فیتیشدا(شتێکی پیرۆز) و لە مەعدەنە گرانبەهاکاندا، خەسڵەتێکی ئاماژەداری بەرهەمهێنانی بۆرژوازیە. مارکس پرۆسەی فیتیشزەبوونی (بە شتبوون) پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە بۆرژواییەکان لەدەفتەری ١٥،دەستوسەکان، لاپەڕەی ٩٩-٨٩١و ١٩- ٩١٠ دا شیدەکاتەوە.

٣) مارکس لە بەرگی یەکەمی سەرمایەدا دەنوسێت: "زانست بەدەربڕینیکی گشتی هیچ خەرجییەکی بۆ سەرمایە نیە، بەڵام بەهەر حاڵ سەرمایە لە زانست سودوەردەگرێ. زانستی کەسانی تر، دروست هەروەک کاری ئەوانی تر، دەبێتە پاشکۆی سەرمایە. دەستبەسەرداگرتنی سەرمایەدارانەی زانست وەیا سامانی مادی لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی شەخسیانەیدا، جیاوازی زۆریان هەیە. دکتۆر "ئۆر" لەبەرامبەر نەزانینی گەورەی ئازیزانێکیدا کە خاوەن کارخانەن و ماکینەو ئالات بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی شتێک لەبارەی زانستی میکانیکەوە بزانن نارەزایەتی دەردەبڕێ". (مارکس سەرمایە بەرگی یەکەم لاپەڕە٨٧-٣٨٦، ژێرنوسی ٢)

٤) مارکس لە پیتی یۆنانی $\Delta$ دەلتا، کە لە ماتماتیکدا ئاماژەیە بۆ "هێندێکی زیادە"، وەک نیشانەیەک بۆ زێدەبایی سودی لێوەردەگرێ هەروەها دواتریش پیتی $h$ بەهەمان مەبەست بەکاردێنێ. پیتی یۆنانی ئیتا ($H$ $\eta$) ش لە کۆندا نیشانەیەک بووە بۆ لاستیکی بوون (کشاندن) و ئیتای بچوک $\eta$ لە نووسینی لاتینی مۆدێرندا بە h جێی گیراوەتەوە. لە ئابوریشدا ئیتا نیشانەی لاستیکی بوونە. (ڕوونکردنەوەی ئەرشیفی گشتی، ویکیپیدیا)

٥) لێرەداو دواتریش مارکس پیتی × وەک نیشانەیەک بۆ زێدەبایی بەکاردەهێنێ.

٦)مەبەستی مارکس بەشی "گۆڕینەوە لەگەڵ کاردا، پڕۆسەی کار، بەرهەمهێنانی زێدەبایی"ە (دەفتەری ١ لاپەرەکانی ١٥- ٥٣ دەستنوسەکان) کە لە بەشێکدا بەناونیشانی"یەکیەتی پرۆسەی کارو پرۆسەی بەرهەمهێنانی زێدەبایی (پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری) دا هاتووە.

٧)مارکس لێرەدا ئاماژە بۆ بەشەکانی "بەهای هێزی کار، لانی کەمی کرێ، وەیا متەوستی کرێ" (دەفتەری ١ لاپەرەی ٢١-٢٥) و"گۆڕینەوەی نێوان دراو وهێزی کار(هەمان شوێن لاپەڕە٢٥-٢٤) دەکات. مارکس لە دەفتەری ٢١دا لاپەڕەکانی ١٤-١٣١٢ لە دەستنوسەکاندا لەبارەی مەسەلەی "نرخی کار"ەوە دەدوێ.

٨) ئەمەی خوارەوە چوار فۆرمۆڵەیە بۆگرێبەست و مامەڵەکردن کە لە یاسای ڕۆمادا هاتووە.

des Do ut Facio ut des. Facio ut Facios. Do ut Facias.

بە ئینگلیزی: I give, that you may do; I do, that you may do; I do, that you may give; I give, that you may give

٩) مەبەستی مارکس فەسڵی ٢٦ ی کتێبی بنەماکانی ئابوری سیاسی ڕیکاردۆیە بەناوی ("دەربارەی داهاتی سافی و ناسافی").

١٠) بڕوانە سەرمایە، بەرگی دووەم، بەندی شەشەم و بەرگی سێیەم بەندی ١٧.

**سەرچاوە گۆڤاری بەرەو سۆسیالیزم ژمارە٢ دەورەی دووەم**



مەنسور حكمەت

# ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکاری
# گفتوگۆ لەگەڵ ڕادیۆی ئینتەرناسیۆناڵ

**وەرگێرانی لەفارسیەوە: جەمال محسن**

تێبینی: ئەم دەقە کوردیە لە دەقە فارسیەکەوە وەرگیراوە کە لەلایەن دنیس میر (ئازاد)ەوە لە کاسێتەوە وەرگیراوە و ساڵی ۲۰۰۱ دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم نوسراوەیەی ئێستا لە بنەڕەتدا گفتوگۆیەکی ڕادیۆی ئینتەرناسیۆناڵە کە لەلایەن علی جوادی و ئازەری ماجدیەوە لەگەڵ مەنسور حکمەت سازدراوە، دەقە فارسیەکە لەسەر وێبلاگی مەنسور حکمەت بەم لینکە دەست ئەکەوێت:
hekmat.public-archive.net #3400fa.html

جەوادی: لەم بەشەی بەرنامەدا گفتوگۆیەک لەگەڵ مەنسور حکمەت، لیدەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا، ساز ئەکەین. مەنسور حکمەت بەخێر بێیت بۆ بەرنامەکەمان.

مەنسور حکمەت: زۆر سوپاستان ئەکەم.

جەوادی: مەنسور حکمەت، دوێنێ سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی کە ساڵی ڕابردو ڕویاندا، لە ئاسۆی گۆڕانکاریەکانی ساڵی ئایندەوە قسەتان کرد. وا دێتە بەرچاو کە ساڵێکی پڕ لە گۆڕانمان پشت سەر

## ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکاری

**ناوه و ساڵێکی چارەنوسسازمان لەبەردەمدایە. ساڵی پار بزوتنەوەی دوەمی خورداد شکستی خوارد. خەڵک سەرنجیان چۆتە سەر بزوتنەوەی سەرنگونکردن وجووڵانەوەی ئەحزابێک کە لەم بزوتنەوەیەدا چالاکن. خەڵک بە دوای ڕێگاچارەوەن و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران هێزێکی جدی و مەترەحی ناو ئەم بزوتنەوەیەیە. بۆچی ئەبێ ئەم حزبە هەڵبژێرن؟**

مەنسور حکمەت:
حزبە سیاسیەکان هەریەکەیان نوێنەرایەتی چەند ئامانجێک ئەکەن و ئەیانەوێت ببنە مایەی ئاڵوگۆڕ. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نوێنەری یەکسانی، ئازادی، دادی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، یەکسانی ژن و پیاو، ڕزگاربوون لە چەوسانەوەی بەکرێ و چەندین ئامانجی ترە. خەڵک ئەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەڵبژێرن چونکە ئەمە تەنها ڕێگایەکە بە بڕوای من بۆ ئازادی سیاسی و ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئینسانی و بۆ کرانەوەی فەرهەنگی لە ئێراندا. خەڵک ئەتوانن حزبە سیاسیەکانی تر بخەنە ڕیزێکەوە و خواستەکانی خۆشیان لەو ڕیزەدا بنووسن، خواستەکان و سیاسەتەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەراورد بکەن و ببینن کە بۆچی ئەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەڵبژێرن. ئایا مەلایەکی میانڕەو کە بۆ نمونە لە جیاتی دەرکردنی هەژدە حوکمی بەردەباران لە ساڵێکدا، دەنگ بە شەش جاریان بدات، ئەمە ئارەزویەکە کە ئەبێ خەڵکی ئێران بیانبێت؟ ئایا ئەوەی کە بۆ نمونە ژنان حجابەکانیان تۆزقاڵێک بهێننە خوارەوە بۆ ناوەڕاستی سەریان؟ یان ئایا ئەو خواستەی کە ئەبێ خەڵکی ئێران هەیبێت کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسانە کە نمونە بێ بۆ جیهانی ئەمڕۆ؟ خەڵکی ئێران ئێستا دوای چەندین ساڵ یەکەم جارە هەلی ئەم هەڵبژاردنەیان بە دەستهێناوە کە ئەتوانن سیستمێکی سیاسی کۆمەڵایەتی بگۆڕن و بە بڕوای من ئەبێت بڕیاری گەورە بدەن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی نوێنەری ئەم گۆڕانکاریە بنەڕەتیەیە لە کۆمەڵگادا.

**ماجدی: ئێوە باستان لەوە کرد کە "ئایا مەلایەک کە شەش کەس بەردەباران ئەکات یان حجاب...". من پێم باشە بچینە سەر چەند مەسەلەیەکی دیکە. یانی هەر کەسێک کە پەیوەندیەکی دیاریکراوی بە مەسەلەیەکەوە هەیە و بتوانێت لە مەیدانێکی دیاریکراوی مافە مەدەنیەکان یان ئابوریەکاندا وەڵام وەربگرێتەوە. یەکەم پرسیارم ئەوەیە کە خەڵک خۆشگوزەرانی ئابوری ئەوێت، ژیانێکی خۆشگوزەران و بەختەوەری ئەوێت، لەمبارەیەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران چی ئەڵێت و چ بەرنامەیەکی هەیە؟**

مەنسور حکمەت:
تەماشا کەن، لە بنەڕەتدا ململانێ لە نێوان دو بەرەی ئەسڵی کۆمەڵگادایە. بەرەیەک کە پێی وایە مرۆڤەکان دێنە دنیاوە تاکو کار بۆ شتێک بکەن کە ناوی سەرمایەیە و بە ئەندازەیەک کە بتوانن دوبارە سبەینێ ئەوەندە ماندو بن کە بتوانن بێنە بازاڕەوە و پارە بە دەستبهێنن و بڕۆن بژێوی

خۆیان دابین بکەن. بەرەیەکی تریشیان باس لەوە ئەکات کە مرۆڤەکان یەکسانن، تاکەکان ئازاد و یەکسانن و کۆمەڵگا ئەبێت سود لە هەر کەسێک بە ئەندازەی ئامادەییەکەی وەربگرێت و هەر کەسێکیش بە ئەندازەی پێویست پێداویستیەکانی بخرێتە بەردەست. کۆمەڵگایەک کە تیایدا مرۆڤەکان کالا نین، هێزی کاریان نابەن بۆ بازاڕ بیفرۆشن بەڵکو لەبەرئەوەی هاولاتین هەر لەو کاتەوەی دێنە دنیاوە هەمان مافیان هەیە لە ڕوی ئابوریەوە و ئەبێت دابین بکرێت، لە خواردن و بژێوی و خانەولانەوە بگرە هەتا پێویستیە سیاسی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و فێربوون و تەندروستی و پزیشکیەکان و.. هتد سیستم بە مافی خەڵکی ئەزانێت. سەرئەنجام جەنگی نێوان دوو بەرەی بنەڕەتی سەرمایە یان سۆشیالیزمە. لە بەرەی سەرمایەدا نوێنەرانێکی جیاواز هەن. هەیە کە ئەیەوێت بازاڕی ئازاد بە هەموو پۆخڵەواتەکانیەوە بەربداتە گیانی خەڵک، یەکێ هەیە کە ئەڵێت بۆ نمونە با بێین بەشێک لە تەندروستی لە دەستی بازاڕی ئازاد دەربهێنین و بیکەینە بەشێک لە ئەرکەکانی دەوڵەت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕووی ئابوریەوە لەبەرامبەر ئەوەدا ئەیەوێت سیستمێک بخاتە بەردەم و بۆ سیستمێک تێئەکۆشێت کە تیایدا مرۆڤەکان وەک هاولاتیانی ئازاد بەشیان هەیە و ئەبێ بەرهەمی کۆمەڵگا بە ئەندازەی پێویستیان دەستەبەر بکرێ. ئەمە بنەمای گشتی کۆمۆنیزمە. بەرنامەی ئابوری بۆ ماوەی کوری و تایبەت بۆ نمونە بۆ ئەمساڵ و ساڵی ئاینده گەر بمانەوێ باسیان لێوە بکەین ئەبێ بچینە سەر وردەکاریەکانیان، بەڵام ئەم چوارچێوە گشتیەیە کە پێم وایە ئەبێ هەموو کەسێک بیری لێبکاتەوە. دوو سیستمە، یەکێکیان لەسەر بنەمای چەوسانەوەی تاک لەلایەن سەرمایەوە و یەکێکیان لەسەر بنەمای کاری هاوبەش و هاوکاری ئازادانەی مرۆڤەکان بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەک. ئەم دوو سیستمە جاوازن. ئێمە پێمان وایە یەکێکیان هەژاری و نەگبەتی دێنێت بەو شێوەیەی تا ئێستا هێناویەتی و یەکێکیشیان خۆشگوزەرانی و ئازادی دێنێت.

**جەوادی: لە وەلامی ئەم خاڵەی ئێوەدا بە گشتی ئەوە دێتە پێشەوە کە ئەم ئاڵوگۆڕە پێویستە، ئاڵوگۆڕێکی ئایدیاڵیە (نمونەییە) بەلام نابێت، ڕێگە نادەن، ناهێڵن، عەمەلی نیە...**

**حکمەت:**

هەڵبەتە ئەمە قسەیەکی عەجیب نیە. پێم وایە یەکەم کۆیلەیەک کە وتویەتی کاکە ئەبێت کۆیلەتی هەڵبوەشێتەوە، حەتمەن سەد کەس لە دەوری کۆبوونەتەوە و وتویانە: ''کاکە، ئەمە چ قسەیەکە، ئەم قسانە باشن بەلام عەمەلی نیە!'' یان ئەو جوتیارەی کە وتویەتی ''من نامەوێت جوتیاری خانێکی دەرەبەگایەتی بم.'' پێیان وتووە، ئەگەر ئەم قسانە بکەیت سەرت ئەپەڕێنن و ئەم قسانە خەونە و شتی تری لەم بابەتە.. ئێ باشە مرۆڤایەتی دو سێ هەزار ساڵ لە نێو ئەو سیستمانەدا ژیانی گوزەراندوە و دوایش بینراوە کە ئەکرێت بگۆڕدرێت. سۆشیالیزم سەردەمانێکی زۆرە سەلماوە کە مەسەلەیەکی عەمەلیە. ئەوەی کە تاک تاکی مرۆڤەکان دابنیشن و بڕیار بدەن کە ئەبێ چی بەرهەمبهێن، بە چ جۆرێک ئەبێ بەکاری بهێنن، کەسێک کار بۆ کەسێکی تر نەکات و بگرە بۆ

هەموان و بۆ کۆمەڵگا کار بکەن، ئەوەی کە بژێوی کەسێک بە بارمتە نەگرن کە هەر ئەبێ بڕوات و کارێک پەیدا بکات، گیانی دەرچێت تاکو ڕێگەی پێ بدەن خانەولانەی هەبێت یان خواردن بدات بە منالەکانی. ئەمانە عەمەلین و شتێکی عەجیب نیە. ئەگەر کەسێک بڵێ ئەمە ناکرێت، پێی ئەڵێین ئەو تەبلیغاتەی کە ئەڵێت ''ئەمە ناکرێت'' بەشێکە لە ڕەوەندی پێشگرتن بەو گۆڕانکاریە. کەسێک کە ئەڵێت ناکرێت بە ڕای من کەسێکە لە بەرەی بەرامبەرەوە هاتووە و تەبلیغاتی نەرێنی ئەکات، هاتووە جەنگی دەرونی بکات. چۆن ناکرێت؟ زۆر کاری تر هەن ئەکرێن، کەچی ئەمەیان ناکرێت؟ ئێستا بارودۆخی بەرهەمهێنان و هونەری کۆمەڵگای ئەمڕۆ بەجۆرێکە کە بە تەواوەتی ئەتوانێت کۆمەڵگای سۆشیالیستی ڕێکبخات، جێبەجێی بکات، بەرنامەڕێژی بۆ بکات. هیچ پێویستی بەوە نیە هێزێکی کوێری بە ناوی بازاڕ و هۆکارەکانی وەک هەژاری و موحتاجی چارەنوسی ئابوری کۆمەڵگا دیاری بکات. لەبەرامبەر ئەوەدا بڕیاری هوشیارانەی کەسانێکی شاد و یەکسان ئەتوانن ئەو بڕیارە بدەن.

**ماجدی: تەماشاکە، پرسیارێک هەیە کە لە هەموو شوێنێک ئەکرێت: ئەوەی کە ئێوە بە شێوەیەکی واقعی چۆن ئەتوانن ئەو سۆشیالیزمە جێبەجێبکەن و ئەو خۆشگوزەرانیە کە ئەیڵێن خانەولانە بۆ هەمووان، تەندروستی خۆڕایی، پەروەردە و فێرکردنی خۆڕایی و ئەوەی کە هەموو کەسێک ئازادە بچێتە سەر کار ئایا ئێوە بە واقعی ئەمە دابین ئەکەن؟ ئەمە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگا و سروشتی مرۆڤدا نایەتەوە. ئێوە بۆ ئەمە ئەڵێن چی؟**

**حکمەت:**

بە ڕای من باسی سروشتی مرۆڤ باسێکی پوچە. مرۆڤ ئاکارەکانی، پێوانەکانی و بەهاکانی سەر بە سەردەمێکی کاتی و مێژوییە کە تێیدا ژیان بەسەر ئەبات. زۆرێک لە بەهاکانی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر ئێستا بۆ ئێمە جێی باوەڕ نین کە مرۆڤەکان بەو جۆرە بیریان کردۆتەوە. سەرئەنجام زۆر حوکمی ڕۆشن و بەهای کە ئێمە پێمان وایە ئەمڕۆ ئیتر فەرزە و مرۆڤ بە گشتی بەمجۆرەیە، سەد ساڵی تر خەڵک ئەڵێن ئەمە چ بیرکردنەوەیەکی سەرەتاییانە بووە کە مرۆڤەکانی سەدەی بیست و یەک و بیست هەیانبووە. سەرئەنجام ئەبێ باسی بەهاکان بخەینە لاوە. باس لە ڕووی عەمەلیەوە ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت کۆمەڵگایەکی بەو شێوەیە پیادەبکرێت، ڕێگریەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەوجۆرە دوو تەوەری گشتیە. یەکێکیان ڕێگری سیاسیە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ڕۆشنە چینی دەسەڵاتدار کە قازانجی لە گۆڕانکاری کردنی ئەم سیستمەدا نیە و ئەیەوێت پێشی پێبگرێت، بە ڕێگا و شێوازی سیاسی پێش بە گۆڕانکاری ئەگرێت. ڕۆڵی دەوڵەتەکانە، ڕۆڵی کڵێساکانە، ڕۆڵی دەزگا ئاینیەکانە، ڕۆڵی ڕۆژنامەکان و میدیاکانی چینە دەسەڵاتدارەکانە کە هەوڵ ئەدەن بە شێوازی سیاسی ڕێگری بکەن لەوەی ئەو هێزانەی ئەیانەوێت کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان، کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی بەدەستبهێنن، سەرکەوتوو بن. لە ئەشکەنجە و سێدارە و گوللەبارانەوە تا تەبلیغاتی هەموو ڕۆژەی میدیاکان بەشێکن لە هەوڵێکی هوشیارانەی چینی

دەسەڵاتدار تاکو سیستمەکەیان بپارێزن. ئێستا ڕۆشنە کە ئەگەر ئێوە بێن و بڵێن کاکە گیان پێویست ناکات هۆکانی بەرهەمێنانی کۆمەڵگا موڵکی کەسێکی دیاریکراو بن، ئەتوانن موڵک و ماڵی کۆمەڵگا بن و کۆمەڵگا بەرهەمهێنانەوە بەوان ڕێبکخات، چ پێویستیەک هەیە لە دەستی ئەم کاک حاجی یان دەستی ئەو سەرمایەداردا بن و من بۆ ئەو کار بکەم و ئەو بژێوی من بدات بەڵام کاڵاکان ببات و بیانفرۆشێت بۆ خۆی، ئەکرێت کۆمەڵگا بەرهەمەکانی لە چاوی کاڵاوە سەیر نەکات، ئیتر ڕۆشنە کە کاک حاجی دڵگران ئەبێت و یەکێتی سەرمایەداران نیگەران ئەبێت و نەخشی دەوڵەت ئەسڵەن لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئەوەیە کە بێت و پێش بە چینی کرێکار و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و دادی کۆمەڵایەتی بگرێت و نەهێڵێت سەرکەوتوو بێت. لە ڕێگەی لێدان لە حزبەکانیەوە. لە ڕێگەی سەرکوتکردنی ئازادی ڕادەربڕینەوە، لە ڕێگەی دروستکردنی سەرکوت و داپڵۆسینەوە، لە ڕێگەی تەبلیغاتی درۆیینەوە کە شەو و ڕۆژ ئەکرێت. ئێوە ئەگەر بۆ تەلەفزیۆنەکان و میدیاکانی ڕۆژئاوا دابنیشن لەوە تێئەگەن کە ئەیانەوێت قسەی پوچ وەک حەقیقەت دەرخواردی خەڵک و نەوەی داهاتوو بدەن و لەم ڕێگەیەوە سیستمەکەیان ئەپارێزن.

سەرئەنجام ڕێگری یەکەم کە ئەبێت لە بەین ببرێت ڕێگریەکی سیاسیە. یەکەم شت ئەوەیە کە ئەبێت دەوڵەت بە دەستبهێنرێت. یەکەم شت ئەبێت ئەو چینانەی کە بەرژەوەندیان لەو کۆمەڵگا ئازادەدایە و لە بنەڕەتدا چینی کرێکار و کەسانێک کە ئاسۆی ئەم چینەیان قبوڵە دەسەڵات بە دەستبهێنن. دەست بەسەر دەوڵەتی بۆرژوازی و دەوڵەتی چینی سەرمایەداردا بگرن. دواتریش ئەگەین بە مەسەلە ئابوریەکان. ئایا لە ڕووی هونەریەوە، لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، لە ڕووی تەکنۆلۆژیەوە، لە ڕووی سیستمەکانی بارهەڵگرتن و گواستنەوەوە، لە ڕووی توانای بەرنامەڕێژیەوە ئەتوانرێت کۆمەڵگایەک پێکبهێنرێت کە مرۆڤەکان لە ڕێگەیەکەوە بە وێنەی بەکاربەر بێن و بڵێن چ پێداویستیەکیان هەیە و لە ڕێگەیەکی تریشەوە خۆشیان بە وێنەی بەرهەمهێنەر بڕۆن لیستێک لەو شتانەی پێویستیانە بەرهەمبهێنن؟ لە ڕووی ئابوریەوە ئەمە زۆر عەمەلیە.

بە بڕوای من دژواریەک لەبەردەم کۆمۆنیزم و سۆشیالیزمی ئەمڕۆدا لە بواری ئابوریەکەیدا نیە، لە بواری ڕێکخستنی ئابوری سۆشیالیستیدا نیە، لە بواری سیاسیەکەیدایە. ئایا ئەم سەرکەوتنە سیاسیە ئەتوانرێت بە دەست بهێنرێت؟ جیاواز لە سەد ساڵ لەمەوبەر، بە بڕوای من سەد ساڵ لەمەوبەر کۆمۆنیستێک کە مومکین بوو بتوانێت دەسەڵات بە دەستبهێنێت لە وڵاتێکی وەک ڕوسیادا ڕووبەڕووی ئەوە بوو کە لە ڕووی ئابوریەوە زۆر دژوار بوو کۆمەڵگایەکی لەمجۆرە بتوانێت ئابوریەکی لەم چەشنە، ئابوری ئازاد و یەکسان ڕێکبخات. بەڵام ئێستا سەردەمێکی ترە. توانای بەرهەمهێنەری مرۆڤ بەشێوەیەکی بێوێنە گەشەی کردووە. پەیوەندیە زانیاریەکانی تاکەکان بەیەکەوە لە ئاستێکی زۆر باڵادایە. یانی ئێوە هەر ئەمڕۆ ئەتوانن ڕای هەموو مرۆڤەکان بپرسن. لە ڕووی هونەریەوە عەمەلیە، هەمووان ئەتوانن ئەوە ببینن لە جێگەیەکدا دوو دێڕ لە کۆمپیوتەرێکدا تایپ بکەن ولە جێگەیەکی تر مەعلوم ئەبێت کە کێ چی ئەوێت، ژمارەی پێڵاوەکەی چەندە، چەند پانتۆڵی ئەوێت، ئایا تەلەفزیۆنی ئەوێت یان نا، ئایا ئامێری تاقیکەرەوەی (تێستەر) ئەوێت یان نا،

عەسارەی ئەوێت یان نا، مەنجەڵی کولاندنی برنجی ئەوێت یان نا، پێڵاوی وەرزشی ئەوێت یان نا، چی ئەوێت؟ هەموو کەسێک ئەتوانێت پێداویستیەکانی بخاتە بەردەمی کۆمەڵگا. پێویست ناکات بازاڕێک هەبێت کە مرۆڤ برێک پارە بخاتە گیرفانیەوە و دوایی بڕوات بزانێت لەویٚ بۆ نمونە ئەتوانێت دوو پانتۆڵ بکڕێت بە پارەیەک کە ئەسلەن پێیەتی یان نا. مرۆڤەکان ئەتوانن بڵێن چیان ئەوێت، قوتابخانەکان ئەتوانن بڵێین چیان ئەوێت، دامودەزگاکان ئەتوانن بڵێن چیان ئەوێت و ئنجا ئەگەین بە لیستێک لەو کالا و پێداویستیانە کە کۆمەڵگا ئەبیٚ ئەوانە بەرهەمبهێنیٚ یان دابینیان بکات. لەو ڕووەوە هەمان ئەو مرۆڤانە وەک بەرهەمهێنەران ئەم لیستە ئەخەنە بەردەمی خۆیان و بەمجۆرە بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی ڕێکئەخەن.
ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە عەجیب و غەریب دێتە بەرچاو لەبەرئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەم سیستمەی هەیە ڕاهاتووین، ڕاهاتووین دەوڵەت هەیە، ڕاهاتووین کاکی فلان بەسەر سەرمانەوەیە، ڕاهاتووین سەرمایە هەیە و سەرنجڕاکێشە کاتێک بیر لەمە ئەکەیتەوە. ئەگەر بریکاری وەزیر داوای زیادکردنی موچەکەی بکات وەزیر بانگی پۆلیس ناکات گازی فرمێسکڕێژ بکا بە ژووری بریکارەکەیدا. بەلام گەر کرێکار بڵێت ”کاکە کرێکەمان بدەن، کرێی کاری پارمان بدەنیٚ“، هێرش ئەکەنە سەر لایەک لە کۆمەڵگا. لەبەرئەوەی ئەیەوێت لایەنی خاوەن کۆنتراکت، پەیڕەوی لە کۆنتراکتەکەی بکات، هێرشی ئەکەنە سەر. ئێوە ئەڵێن ”من کرێکارم و ئێوە کرێی یەک ساڵتان نەداومەتیٚ“ هێرشتان ئەکەنە سەر. وە بە ڕادەیەک ئەم توندوتیژی و ئەم فشار و ئەم سەرکوت و ئەم تەحریفاتەی بۆرژوازی و میدیاکان و ئاین و چی و چی بە سەر کۆمەڵگادا سەپاون کە باوەڕ ناکەین ئەشێت بە جۆرێکی تر بژین. ئەوەندەش دژوار نیە. ئەگەر لە شەڕی ئەمانە ڕزگارمان بیٚ بە تەواوەتی ئەتوانین بەجۆرێکی تر بژین. سەیرکەن، خێزانێک کە بژێوی خۆی دابین کردووە و لە بازاڕەوە ئەیهێنێتەوە لە ماڵەکەی خۆی بەکاریبهێنێت، ئیتر لێرە لە ماڵەکەی پەیوەندی لەسەر بنەمای کڕیٚ لە نێوان تاکەکانیدا بوونی نیە. ئیتر ئەزانین کە کۆمەڵێک لە دەوری یەک دائەنیشن و ئەو شتەی کە هەیانە پێکەوە بەکاریدێنن. سەرئەنجام ئێوە کە لە خێزان ئەچنە دەرەوە، ئیتر ئەبیٚ بۆ کەسێکی تر کار بکەن. ئەگەر پارەتان نەبیٚ مافی ژیان کردنتان نیە، مافتان نیە شت بکڕن، مافتان نیە شت بەکاربهێنن. ئەو شتانەی کە مافی ئێوەیە ئەبیٚ بڕۆن مۆڵەتی بەکارهێنانەکەی لە ڕێگەی کارکردن بۆ کەسێکەوە بە دەست بهێنن، جا ئەویش توانایەکی دیاریکراوی شت کڕین بە ناوی کرێوە بدات بە ئێوە تا بڕۆن شت بکڕن، ئەگەر بشتوانن.
ئەم سیستمە چینایەتیە، ئێمە ڕاهاتووین بەمجۆرە بیٚ. ئەگەر لە ڕووی سیاسیەوە بەرگری لەسەرەوە تێکبشکێنین، ئەگەر ئازاد بین بۆ بڕیاردان لە کۆمەڵگادا، ئەو کات ئیتر نمونەی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی شتێکی ئەوەندە ئاڵۆز نیە بە بڕوای من. ئەکرێت لایەنەکانی تریشی لێکبدرێتەوە، ئەوەی کە جیهانێکی سەرمایەداریە ئایا وڵاتێکی سۆشیالیستی ئەتوانێت بەردەوام بێت، یان بازرگانی نێونەتەوەیی چی لیٚ دێت و شتی تری لەم بابەتە. بەڵام هەموو ئەمانە قابیلی چارەسەرکردنن بە بڕوای من. کێشەکە ئێستا، بە بڕوای من لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژیەوەیە. ئایا ئەتوانین بەرگری مەزنی چینی دەسەڵاتدار تێکبشکێنین، دەوڵەت بەدەستەوە بگرین، کۆمەڵگا

ئازاد بێ و کاروباری خۆی بگرێتە دەست یان نا؟

**جەوادی: پرسیاری من ئەوەیە کە هیچ مرۆڤێک ڕاستی و دروستی ئەم داواکاریانە ڕەت ناکاتەوە. کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکدا کە تاریکی و وێرانەیی و هەژاری و نەگبەتی لە هەناویدایە. مەسەلەکە لێرەدایە کە خەڵک چۆن و لە چ پرۆسەیەکدا ئەتوانن هەڵبژێرن، ئەم بەدیلە هەڵبژێرن لە نێو بەدیلە خراپ و خراپترەکانی تردا کە بە گشتی لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە و ئەخرێنە بەردەم؟**

**حکمەت:**

یەکەم بەوجۆرە نیە کە هەموو خەڵک ئەمە هەڵئەبژێرن. ئەگەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایەک بگرین، زۆر کەس هەن کە بەرژەوەندیان لەم بارودۆخەی ئێستادا هەیە. تۆ ناتوانیت لیوای سوپایەک بیت کە ئەرکەکەی ئەوەیە لە کارگەکاندا چاودێری کرێکاران بکات و ڕۆشنبیران بێدەنگ بکات و پێش بە نووسینی وتار و دەربڕین بگرێت و ئەحزاب سەرکوت بکات و بەرژەوەندی لە سیستمێکی عاقڵانەدا بێت کە مرۆڤەکانی ئازاد بن. ئەو کەسە لەم ڕێگەیەوە ئیمتیازاتەکانی خۆی مەیسەر ئەکات. سەرئەنجام بەشێکی کەمینە لە کۆمەڵگا بەرژەوەندیان لە سیستمی ئێستادا هەیە و مقاوەمەتی ئەوە ئەکەن کە ئیمتیازاتەکانیان لە دەست نەدەن گەر گۆڕانکاری بەسەردا هات.

بەڵام ئەوەی کە ئایا خەڵک چۆن ئەم بەدیلە هەڵئەبژێرێت؟ بە بڕوای من ڕێگاکەی ئەوە نییە کە وەک ئاینێک، یان گروپێکی ئاینی یەک یەک لە دەرگایماڵی خەڵک بدەین و مژدەی ئەم کۆمەڵگا تازەیەیان پێ بدەین. ئەمە ڕەوەندێکی سیاسیە. ئەحزابی پێشڕەو دێنە مەیدان، بەرنامەیان ڕائەگەیەنن، لانی کەمێکی هێز لە دەوری خۆیان کۆئەکەنەوە تاکو بتوانن لەم خەباتە سیاسیەدا سەرکەوتوو بن. ئیتر دوای ئەمەیە کە لەم ڕەوەندەدا جەماوەری بەرین باوەڕ بەم ئاسۆیە و ئیمکانبوونی ئەهێنن. ئەگەر پێیان وابێت کۆمۆنیزم ئاینێکە هەوڵ ئەدات ڕێیەک نیشان بدات و دەستی بە هیچ جێگایەکەوە بەند نیە، خۆ کەسێک بە هەوای ئەو ڕێنیشاندانە ژیانی واقعی خۆی جێناهێڵێ و لە بارەگای سۆشیالیزمدا خۆی نیشتەجێ بکات. کۆمۆنیزم ئەبێت بزووتنەوەیەکی سیاسی زیندوو بێت کە خەڵک ئەبینن ئەم بزووتنەوەیە توانای سەرکەوتنی هەیە. ئەبینن ئەتوانێت بۆ نمونە لە ئێران بەسەر بزووتنەوەی ئیسلامیدا سەرکەوێت، بەسەر باڵی ڕاستی سەر بە ڕۆژئاوا، سەڵتەنەتخوازەکان، پارێزگارانی ناسیۆنالیست، کە بینیمان چ کۆمەڵگایەک پیادە ئەکەن، سەرکەوێت. ئەتوانێت لەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ ڕۆژئاوا پەیوەندیەک پێکبهێنێت کە بتوانێت پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات، ئەتوانێت کۆمەڵگا بەڕێوەبەرێت، ئەتوانێت لە ئاستێکی فراواندا پێش بە چینی دەسەڵاتدار بگرێت. ئەگەر ئەمە ببینن ئەو کات ئیتر ناباوەڕترین مرۆڤەکان ئەڵێن ئەبێت ئەم سیستمە تاقی بکەینەوە. ئەگەر تەنها ڕێنیشاندەری بکەین ئیتر بە بڕوای من ئەمە وەڵامدەرەوە نیە. ئەبێت حزبی سیاسی دروست بکەین و ئەبێت لە شەڕی دەسەڵاتدا بەشداری بکەین. بە بڕوای من کلیلی ئەمەش ئەوەیە کە کۆمۆنیزم بە وێنەی حزبێکی سیاسی زیندوو خۆی مەترەح بکات و ڕوخساری خۆی وا نیشان بدات کە مومکینە بتوانێت سەرکەوتو بێت. ئەگەر ئەمە ببێت، ئەو کات

## ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکاری

زۆرێک لەو ناباوەڕیانە جێی خۆیان ئەدەن بە پێشوازیکردن و پەیوەست بوون، بە بڕوای من.

**ماجدی: ئێستا با بچینە سەر ئازادی، مافە مەدەنیەکان، مافەکانی مرۆڤ. لەم مەسەلانەدا کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەڵێ چی و بۆچی ئەبێ خەڵک هەڵیبژێرن؟**

**حکمەت:**

بە بڕوای من هەر کەسێک بیر لە ئازادی و ئازادیخوازی ئەکاتەوە پرسیارێکی سادە هەیە کە ئەبێت لە خۆی بکات و وەڵامەکەشی پەیدا بکات. ئەویش ئەوەیە کە ئەسڵەن بۆچی سەرکوت و ئیستبداد هەیە؟ بۆچی چەند کەسێکی کەم هەن بەرژەوەندیان لەوەدایە حزبی سیاسی بوونی نەبێت، ڕۆژنامە دەرنەچێت، کەسێک نەتوانێت هەرچیەک ئەیەوێت دەریببڕێت، بۆچی ئەسڵەن پێش بە ئازادی ڕادەربڕین ئەگیرێت؟ کێشە چیە؟ بە دوای ئەو قسانەدا کە کردمان وەڵامەکەی سادەیە. چەند کەسێکی کەم هەن کە لە باری ئابوریەوە ئازادی بە قازانجیان نیە. ئەگەر ئازادی ئەوە هەبێ کرێکاران ڕێکخراو بن، ئەحزابی چەپ پێکبهێنرێن، ئایدیای تازە دەربببڕدرێن، خەڵک ڕەخنە لە ئەفسانە بگرێت و شتی تری لەم بابەتە، پایەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداری و مشەخۆریەکانی کەمینەی کۆمەڵگا لاواز ئەبێت. سەرئەنجام بوونی سەرکوت ناگەڕێتەوە بۆ بەدڕەفتاری دیکتاتۆرێک، بگرە لەبەر پێویستی سەرمایە و سەرمایەداری و قازانجە. یەکەمین پرسیار لێرەدا وەڵام وەرئەگرێتەوە. ئنجا چ ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی، چ هێزێکی چینایەتی ئەتوانێت ئازادی بێنێتەدی؟ ئەو هێزە ئەتوانێت ئازادی بهێنێتەدی کە کۆمەڵگاکەی لەسەر بنەمای قازانج و چەوسانەوە و چەوساندنەوەی کەسانی تر دانەمەزرابێت. بەرژەوەندی لەوەدا نەبێت کە کەسانی تر بێدەنگ بکات، بەرژەوەندی لەوەدا نەبێت کە پێش بە دەربڕینی ئازادانەی بیروڕای خەڵک و ئایدیا تازەکان و... هتد بگرێت.

پاشان ئەگەین بە کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان و چینی کرێکار. چینی کرێکار، کۆمۆنیزم کۆمەڵگایەکی ئەوێت کە کەسێک کەسێکی تر نەچەوسێنێتەوە و کەس بەسەر سەری کەسەوە نەبێت. لە سیستمێکی لەم چەشنەدا بڕیار نیە کرێکار بێت کۆمەڵگایەکی چەوسێنەری تازە لە جێی ئەوەی پێشوو دروست بکات، بڕیارە سیستمێک دروست بکات کە تیایدا چەوسانەوە نیە، کەسێک بەرژەوەندی لە چەوساندنەوەی کەسانی تردا نیە لەبەرئەوەی ناتوانێت خاوەنی شتێک بێت کە سەرمایەکەیەتی. هەموو سەرمایە مولکی کۆمەڵگایە و خەڵکیش هاوڵاتیانی ئازادن. سەرئەنجام ئەوە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزمە کە بە واقعی بەرژەوەندی لە ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئەحزاب و ئەوەدا هەیە کە تاکەکان هەرچیەکیان ئەوێت بتوانن دەریببڕن. لەبەرئەوەی بڕیار نیە پێشگرتن لە قسەکردنی خەڵک بنەمای دەسەڵات یان بنەمای مانەوەی سیستمی ئابوری بێت.

ئەمە یەکەم پرسیارێکە کە بکرێت. ئەگەر بۆ نمونە کەسێک بێت و بڵێت ''من نوێنەری سەرمایەی پیشەسازیم یان سەرمایەی ڕۆژئاوایی من نوێنەرایەتی ئەکەم یان ئێمە بازرگانی بازاڕین، ئێمە لایەنگری ئازادی ڕادەربڕینین''، پرسیارێک کە من لەوی ئەکەم ئەوەیە، ئێوە گەر ڕاست ئەکەن، یەکەم بۆچی تا ئێستا کۆمەڵگاکەی ئێوە ئەم شێوازەی بەدەستەوە نەداوە، بە تایبەتی لە ئێران؟ وە

دووەم، ئەگەر ئێوە لایەنگری ئازادی ڕادەربڕین و سبەینێ فڵانە ڕابەری کرێکاری وتی ئێمە مافی خۆمان ئەوێ، دەست لە کار ئەکێشینەوە، مان ئەگرین، یەکێتی کرێکاری دروست ئەکەین، شورا دروست ئەکەین، یانی ئێوە مەبەستتان ئەوەیە لێ ئەگەڕێن کە ئەو کەسە بێت قسەکانی بکات، هێزەکەی کۆبکاتەوە، کرێکاران یەکبخات و کرێکەی بەدەستبهێنێت؟ پاشان ئایا پێتان وا نیە خاوەن کارگەکان کۆئەبنەوە و ئەڕۆن پەیوەندی بە ئەمریکاوە ئەکەن، دەمی سوپا ئەبەستن و کودەتایەک بەسەر ئەو کەسەدا ئەکەن کە ئەو قسەیە بکات؟ کاتێک سەرمایە هەیە، ئازادی لە مەترسیدایە. تا کاتێک سەرمایە هەیە ئازادی ڕادەربڕین شتێکی شکڵیە و هەر کاتێک بیانەوێت ئەتوانن پێشێلی بکەن. چەندین جاربینیومانە حکومەتە نیمچە لیبراڵەکان و نیمچە دیموکراتەکان لەو وڵاتانەی کە دوو ساڵە هاتونەتە دەسەڵات، هەر کە مانگرتن پەرەی سەندووە و بزووتنەوەی خوێندکاری گەشەی سەندووە و ڕۆژنامەکان فراوانتر بڵاوبوونەوتەوە، ژەنەراڵێک، سوپایەک، کەسێک کودەتایەکی کردووە و شتەکانی گێڕاوەتەوە بارودۆخی پێشتر لەبەرئەوەی سەرمایەی تیادا خەرج نەکەن. ئەو جێگایانەی وەک ئەورووپای ڕۆژئاوا کە جۆرێک لە دیموکراسی تێدا هەیە، لەبەرئەوەیە کە جیهان دابەش بووە. ئیستبداد و دیکتاتۆریەت خۆی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا نیشان ئەدات و لەم ڕێگەیەوە ڕادەیەک لە پشتیوانی فەرهەنگی و سیاسی بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی دابین ئەکات. ئەگەر ئابوری لەوێش بکەوێتە تەنگانەوە، ئەوانیش دەستیان شل ناکەن لە سەرکوت. مانگرتنی کرێکارانی کانەکانی بەریتانیا نمونەیەکە بۆ ئەوە. کەسان هەبوون کە لە شارەکەی خۆیانەوە پێویست بوو شەش سەد کیلۆمەتر بەولاوەتر بڕۆن تاکو پەیوەست بن بە مانگرتنی کرێکارانی کانەکانەوە بەڵام بێ هیچ پاساوێک لە ماڵەکانیانەوە پێشیان پێگرتن. ئامێری تەبلیغاتی حکومەتیان بەگەڕخستبوو بۆ ڕشاندنی جنێو و ژەهر لە دژی کرێکارانی کانەکان و ڕابەرەکانیان. سەرئەنجام سەرکوت بەشێکە لە سیستمی سەرمایەداری و لە بەرامبەریشیدا ئازادی و مافە مەدەنیەکان پێشمەرجی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سۆشیالیستی.

ڕەنگە پێمان بڵێن ئێ باشە لە سیستمی سۆڤیەت و چیندا ئەوانە پیادەنەکران؟ بە بڕوای من ئەبێت گوێگرانی ئێوە ئەوە بزانن کە ئەوانە سیستمی کۆمۆنیستی نەبوون. کۆمەڵگای سۆڤیەت بە شۆڕشێکی کرێکاری دەستی پێ کرد بەڵام حکومەتی ئەم شۆڕشە کرێکاریە بە کردەوە بۆ ١٠ ساڵ کەوتە دەستی هێزە ناسیۆنالیستیەکانەوە کە ویستیان جۆرێکی تر لە ئابوری تازەی سەرمایەداری ڕاوەستاو لەسەر بنەمای کاری بەکرێ دابمەزرێنن. چین هیچ کاتێک کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی نەبووە. ئەو کات مارکسیزم و کۆمۆنیزم ئەو ئاڵایە بوون کە ئەتوانرا لەژێریدا کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ چەند ئاماجێکی سیاسی یەکگرتوو بکرێن. وە زۆر بزووتنەوە کە لە ناوەڕۆکدا کۆمۆنیستی نەبوون ئەم ئاڵایەیان بە دەستەوە گرت. هەروەک چۆن ئێستا دیموکراسی مۆدێلە، زۆرێک هەن بە خۆیان ئەڵێن دیموکراتین، هەتا فاشیستەکانیش بە خۆیان ئەڵێن دیموکراتی. ئەو کات، لە دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستدا کۆمۆنیزم ئەوەندە خۆشناو بوو کە هەموو بزووتنەوە میلیەکان، بزووتنەوەکانی وڵاتسازی، بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکان، بزووتنەوەکانی لایەنگر لە بەدەوڵەتیکردنی ئابوری ناوی خۆیان نابوو سۆشیالیستی و کاریان ئەکرد. سەرئەنجام ئەوانە نابێ

بە ناوی کۆمۆنیزمەوە بنووسرێت.
کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی کە ئێمە باسی ئەکەین کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازادە کە هەموو کەسێک مافی هەیە هەر قسەیەکی پێخۆشە دەریبڕێت. سەرئەنجام دەربڕینی ڕا مافی مرۆڤە یەک جار دێتە دنیاوە و مافی هەیە هەرچی پێی خۆشە بیڵێت. هیچ کەسێک مافی ئەوەی نیە بڕوات دەمی کەسانی تر بگرێت. ئەمە گریمانەی ئێمەیە و پێموایە کۆمەڵگای سۆشیالیستی دابینی ئەکات و پێشموایە تاکە ڕەوتێک کە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا داکۆکی ئەکات لەمجۆرە لە ئازادی بێ بەند و مەرج و ئەوەی کە هیچ مەرجێک بۆ بیرکردنەوە و دەربڕینەکەی دانەنێ، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە. ئێوە بڕۆن بکەونە قسە لەگەڵ حزبە سیاسیەکاندا، یەکسەر مەرجەکانی خۆیانتان پێ ئەڵێن، بە مەرجێک کە سوکایەتی بە پیرۆزیە میلیەکان نەکرێت، سوکایەتی بە پیرۆزیە نیشتمانیەکان نەکرێت، سوکایەتی بە پیرۆزیە ئاینیەکان نەکرێت، گونجاو بێت لەگەڵ فەرهەنگماندا، سنورە نەتەوەیی و ئادابەکان و عادەتەکان نەشکێنین، حکومەت لەق نەکەین. وە هەر ئەوەندە هەستیان کرد جێگەوڕێگەیان کەوتۆتە مەترسیەوە، بارودۆخی نائاسایی ڕائەگەیەنن. هەتا هەمان ئەو کەسانەی کە ئێستا گفتی کرانەوەی سیاسی ئەدەن بارودۆخی نائاسایی ڕائەگەیەنن و کودەتا ئەکەن. باڵی ڕیفۆرمخوازی حکومەت، کە خۆی هەر گاڵتەجاڕیە، ئەوان هەتا بەڵێنی ئازادی ڕادەربڕینیش نادەن، نەک ئەوەی کە بڵێین نایهێننەدی. جۆرێک سیستمی ئیستبدادی ئیسلامیان ئەوێت کە هەر ماوە جارێک دەستی خوێنینی بە دەسڕێک بسڕێتەوە. ئەوان ئەمەیان ئەوێت.

**جەوادی: با بچینە سەر لایەنێکی تری مەسەلەکە. لە پەیوەند بە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنەوە کە تەماشا ئەکەین ڕێگەچارەی دیاریکراو هەیە. باسی مافی مرۆڤ هەیە و ئەوەی ئێمە خۆمان لایەنگری جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤین و ئەمەشیان کردووە بە ئاڵای خۆیان. جیاوازی داواکاریەکانی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەم بوارەدا هەیەتی چیە و لێکچونی ئەمانە لەگەڵ ئەو جاڕنامەیەی مافەکانی مرۆڤدا چیە؟**

**حکمەت:**
جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ بنەماکەی ئەوەیە کە خاوەنداریێتی بە ڕەسمی ئەناسێت و داکۆکی لە خاوەنداریێتیکردنی هۆکانی بەرهەمهێنان ئەکات. گریمانەی ئەسڵی ئەوەیە کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای بازاڕە، گریمانەی ئەوەیە کە کۆمەڵگا سەرمایەداریە. کاتێک جاڕنامە ئەخوێننەوە ئەبینن باسی مافی مەدەنی لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا ئەکات. باسی ئێمەش ئەوەیە کە بە هەمان بەڵگە مافە مەدەنیەکان تەنها لەسەر کاغەز ئەمێننەوە. بۆ ٩٠٪ ی خەڵکی جیهان بە شێوەیەکی نیمچە هەستپێکراویش نایەتەدی. لە کاتێکدا کە لە دە وڵاتی ئەوروپای ڕۆژئاوادا پلەیەک لە دیموکراسی و لێبوردەیی (تۆلرانس) و یەکترقبوڵکردنی دەستەی دەسەڵاتدار نیشاندراوە، ٩٠٪ ی خەڵکی جیهان لە ژێر سایەی حکومەتە سەرکوتگەرەکاندا ئازارئەکێشن و تەواوی ئابوری جیهانی سەرمایەداری لەم ڕێگەیەوە ژیانی خۆی بەسەرئەبات. باسی ئێمە ئەوەیە، ئەوەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ

بەڵێنی بۆ ئەدات گۆشەیەکی بچوک و سێبەرێکە لەو ئازادیە فراوانەی کە سۆشیالیزم گرەنتی ئەکات. پرسیارێک کە هەیە هەروەک ووتم ئەوەیە کە کێ چ بەڵێنێک ئەدات؟ پرسیار ئەوەیە کە کێ لەسەر بنەمای جێگەورەگەی کۆمەڵایەتیەوە و لە جێگەورێگەی ئابوری بزووتنەوەکەیەوە ئەتوانێت ئەمە بهێنێتەدی. من بەڵێنی ئازادی لە کەسێک قبوڵ ناکەم کە کرێم پێ ئەدات تاکو کاری بۆ بکەم. چونکە ئەگەر من کرێیەکی زیاتر داوا بکەم ئەو ناچارە سەرکوت بکات. هەر بەو سادەییە ئەمە ئەو پێکهاتەیەیە لە پشتی ئەم مەسەلەیەوەیە. لە هەر جێگایەک کرێکاران بیانەوێ کرێکانیان ئاستێک ببەنە سەرەوە کە قازانجی کەسێکی بەرامبەر ناچاربێ بێتە خوارەوە، ئەو کەسە ڕێگایەک پەیدا ئەکات کە پێش بەو مانگرتن و ڕێکخستنە بگرێت. بەڵام هەرواش بەرتەسک نەکرێتەوە. ئەگەر کرێکاران بیانەوێت هوشیار بن بەوەی کە ئەم جیهانە ئەتوانێت بەجۆرێکی تر بێت، ئەگەر بیانەوێت ئاین لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و خێزانیان ڕیشەکێش بکەن، ئەگەر بڕیار بێت ژن و پیاو یەکسان بن، ئەگەر بڕیار بێت ئازادی ڕەخنە لە باوەڕە کۆن و خورافیەکان و نەریتە نەتەوەیی و ئاینیەکان بوونی هەبێت، هەموو ئەمانە جێگیری چینی دەسەڵاتدار ئەخەنە مەترسیەوە و لە کۆتاییدا ئەمە خۆی لە دابەزینی قازانجەکەیدا نیشان ئەدات. ئەگەر مرۆڤەکان ئەم کۆت و بەندە لە خۆیان بکەنەوە، ئیتر بە خۆڕایی کار بۆ کەسێک ناکەن.

سەرئەنجام داهێنان و پێشکەوتنی فیکری بە پلەیەک سەرکوت ئەکرێن. لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی سەرمایەداریشدا سەرکوت ئەکرێن، پێتان وانەبێت کە تەنها لە ئێران بەر بە ڕەخنەگرتن لە ئاین ئەگرن بۆ نمونە. لە وڵاتانی ڕۆژئاواش پێش بە ڕەخنەگرتن لە ئاین ئەگرن. ئەگەر تۆ مامۆستایەک بیت و دوو جار لە دژی عیسای مەسیح قسە بکەیت، سبەینێ کارەکەت لە دەست ئەدەیت. بەم سادەییە نیە. یان گەر تۆ وەک ژورنالیستێک بێیت و لە جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراقدا بڵێیت بۆچی بۆمب ئەنێن بە بەغدادەوە و خەڵکی بێتاوان ئەکوژن، کارەکەت لە دەست ئەدەیت. یا ئەگەر بڵێیت ئایا لەسەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە هیرۆشیما و ناکازاکی و تاوانی جەنگ کەس دراوە بە دادگای نێودەوڵەتی یان نا؟ نازانرێ چ بەڵایەک بەسەر ئەو کەسەدا دێت لە ئەمریکا یان ئەوروپای ڕۆژئاوا. ئەمە ئەو کۆمەڵگایەیە کە ئەوانە هەیانە.

بە بڕوای من نابێت بەڵێنی ئازادیخوازی لە کەسێک قبوڵبکرێ کە بە دوای قازانجەوەیە. کەسێک ئەتوانێت ئازادیخواز بێت کە ئامادە بێت قبوڵی بکات مرۆڤەکان لە ڕووی ئابوریەوە یەکسان بن. ئەگەر نا نایەکسانی ئابوری یەکسەر ئەبێت بە نایەکسانی سیاسی، وە منێکیش کە نایەکسانم لە ڕوی سیاسیەوە ناڕەزایەتی دەرببڕم، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی دەوڵەتی هەیە و سەرکوت ئەکات. ئاستی جیاوازی هەیە، بەڵام لە هەموو شوێنێک بەمجۆرەیە.

**ماجدی: سەبارەت بە خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی قسەمان کرد تا ئەو جێگایەی کە قسەمان کرد. مەسەلەیەکی تر کە دێتە پێشەوە یەکسانیە، لەناوبردنی هەڵاواردنە لە نێوان ژن و پیاودا، لە نێوان نەتەوە و میلەتەکاندا، لەم بارەیەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری چی ئەڵێت؟**

**حکمەت:**
بنەمای کۆمۆنیزم لەناوبردنی هەڵاواردنە. یانی گریمانەی بیرۆکەی کۆمۆنیستی ئەوەیە کە مرۆڤەکان یەکسانن، جیاواز لە ڕەنگ و ئەتنیک و ڕەگەز و تەمەن. مرۆڤەکان لەگەڵ یەک یەکسانن، ئەبێت مافی یەکسانیان هەبێت و نەک تەنها مافی یەکسانیان هەبێت بەڵکو ئەبێت لە جێگەوڕێگایەکی یەکساندا بن بۆ بەدیهاتنی ئارەزوەکانیان. ڕەنگە من و ئێوە لە ئەمریکا مافمان هەبێت ببینە سەرۆک کۆمار بەڵام شەست ملیۆن تەنها پارەی تەبلیغاتیکە کە نەفەرێک ببێت بە کاندید بۆ سەرۆک کۆمار و شانسی دەنگهێنانی هەبێت. هەرکەسێک شەست ملیۆن دۆلاری هەیە ئەتوانێت خۆی کاندید بکات بەڵام نازانم چەند کەس بەمپێیە مافیان هەیە ببنە سەرۆک کۆمار. وتم نمونەی زۆر هەن. تا ئەم ساتەوەختە لە ئەمریکا ژنێک نەبۆتە سەرۆک کۆمار یان ڕەشپێستێک تەنانەت جورئەتی نەکردوە خۆشی کاندید بکات. هەموو ئەمانە واقعیەتێک دەرئەخەن ئەویش ئەوەیە کە ئەم مرۆڤانە لە جێگەوڕێگایەکی یەکساندا نین لە کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی کە لەو مافە سیاسیە ڕوکەشیەش کە گوایە ئەڵێن هەموان هەیانە، سود وەربگرێت. باسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و باسی کۆمۆنیزم بە شێوەیەکی گشتی یەکسانی_هەم شکڵی و هەم سیاسی_ وە هەم لە یاسا و هەم لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدایە بە جۆرێک کە هەموو کەسێک لە جێگەوڕێگایەکی کۆمەڵایەتی چونیەک بۆ بەدیهاتنی ئارەزوەکانی و ئامادەییەکانی بەهرەمەند بێت.

**جەوادی: سەبارەت بە یەکسانی ئابوری قسەمان کرد. هەندێک لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە وا باس ئەکەن کە مرۆڤەکان یەکسان نین، کاری یەکسان ناکەن، هەلومەرجی یەکسانیان نیە، ئامادەیی جیاوازیان هەیە بۆچی ئەبێ یەکسان بن لە بەدەستهێنانی ئەوەدا کە بەرهەم دێت؟**

**حکمەت:**
بە شێوەیەکی یەکسان بەدەستیناهێنن. یەکسان بەدەستهێنان واتە ئەوە کە هەموان بۆ نمونە دوو کیلۆ برنج بەدەستبهێنن، یان هەموان بۆ نمونە تەلەفزیۆنێکی شاشە ٢٥ بەدەستبهێنن. مەبەست لە یەکسانی ئەمە نیە. لە کۆمۆنیزمدا مەبەست لەوەیە کە هەرکەسێک لە جێگەوڕێگایەکی چونیەکدا بێت بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی. مرۆڤەکان بە هەمان بەڵگەی کە خواستەکانیان وەک یەک نیە، سەرئەنجام ئەو شتەی کە لە کۆمەڵگاوە دەستیان ئەکەوێ وەک یەک نابێ. ئێمە باوەڕمان وا نیە کە مرۆڤەکان ئەبێت وەک یەک و هاوشێوە بن. بە پێچەوانەوە، ئێمە ئەڵێین هەمەجۆری و جیاوازیەکان ئەبێت بتوانرێت بەشێوەیەکی یەکسان بەدیبهێنرێت. ئێوە ئەتانەوێت ببنە وێنەکێش ئەبێ بتوانن ببنە وێنەکێش، کەسێک ئەیەوێت ببێتە پزیشک ئەبێ بتوانێت ئەم کارە بکات. مرۆڤەکان ئەبێ بتوانن جیاوازیەکانیان بەدیبهێنن و بتوانن خۆشیان بن. لە ڕاستیدا ئەوە سیستمی سەرمایەداریە کە مرۆڤەکان ئەکات بە یەک و وەک یەکیان لێ ئەکات. هەموومان یەک جۆر خواردنمان ئەدەنێ، یەک جۆر جلمان ئەدەنێ، هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە ژیان ئەخەنە بەردەمی

هەموومان، سیناریۆکانی ئەو ژیانە تەقریبەن هەمووی لە یەک ئەچێ. وابەستە بەوەی کە لە خێزانێکی هەژار یان کرێکاری هاتونەتە دنیاوە ئایندەیەکیان لە پێشەوە بۆیان دیاریکردووە، جگە لە هەندێ حاڵەت، هەموان ئەبێ لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن کە بۆیان دانراوە. سۆشیالیزم ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، نایەوێت مرۆڤەکان هاشێوە و وەک یەک لێبکات. ئەیەوێت بیانخاتە جێگەوڕێگایەکی یەکسانەوە بۆ ئەوەی کە هەرچیەک خۆیان بیری لێ ئەکەنەوە ئەوە بەدیبهێنن و ئامادەییەکانیشان برەو پێبدەن. ئەمە هەرگیز باسکردن لە هاوشێوەکردن نیە، قسە لەسەر چونیەک بوونی مافەکانیان و یەکسانبوونی جێگەوڕێگایانە.

**ماجدی: پرسیارێک کە زۆر لێمان ئەکرێ لە کۆبوونەوە جیاجیاکاندا، یان لە لێدوانەکاندا یان بۆ ڕادیۆی ئەنتەرناسیۆنالی ئەنێرن ئەوەیە کە ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئێران بە دەسەڵات بگات، کاتێک گەیشتە دەسەڵات، چۆن ئەتوانێت بەرامبەر هێرشەکانی ڕۆژئاوا، دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بوەستێتەوە؟ مەسەلەی بۆمباران کردن و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو سیستمە سەرنگون بکەن. بینیمان کە ئەمریکا و دەوڵەتانی رۆژئاوا و ناتۆ لە جێگای جیاجیا ئەمەیان ئەنجام داوە. وەڵامی ئێوە بەمانە چیە؟**

**حکمەت:**

یەکەم ئەبێ لە نێوان کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەو شتەی کە بەناوی چەپی ڕۆژهەڵاتی کۆنەوە ناسراوە جیاوازی بکرێ. لە ڕووی فەرهەنگیەوە، لە ڕووی ئاسۆ کۆمەڵایەتیەکەیەوە، لە ڕووی ئایدیاڵە سیاسیەکانیەوە ڕیشەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ڕۆژئاوادایە، لە سۆشیالیزمی کرێکاری ئەوروپادایە. سەرئەنجام ئێمە قسە لەسەر ئەوە ئەکەین کە ڕەوەندێک و مەیلێکی شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی ڕۆژئاوایی لە ئێران دێتە سەرکار. بیروباوەڕەکانی مارکسە، بیروباوەڕەکانی ئەنگلسە، ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی کرێکاری پیشەسازی ئەوروپای ڕۆژئاواییە. ئەمە قسەکردن نیە لەسەر ناسیۆنالیزمی بۆ نمونە چینی کە لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا هاتۆتە مەیدان یان بزووتنەوەی ئیسلامی کە بەرامبەر ڕۆژئاوای مەسیحی هاتۆتە مەیدان. قسە لەسەر تێڕوانینێکی ترە کە ڕیشەکانی لە مێژووی مەدەنیەتی ڕۆژئاوادایە بەو مانایەی کە لەبەرامبەر سەرمایەداریدا هاتۆتە مەیدان. سەرئەنجام ئەو کەلێنەی کە مومکینە کەسێک پێی وابێ لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕووی فەرهەنگیەوە لەگەڵ فەرهەنگی زاڵ لە ڕۆژئاوادا هەیە، کۆمۆنیستەکان ئەو کەلێنەیان نیە. ڕەنگە هەندێ کۆمۆنیستی سەرەتایی ئەو کەلێنەیان هەبێ، کە ئێمە بەوانە ناڵێین سۆشیالیست. بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی مۆدێرنە. ڕیشەکانی لە مێژووی مەدەنیەتی ڕۆژئاوادایە. ڕیشەکانی لە پەیدابوونی کرێکاری پیشەسازی و کۆمەڵگای مۆدێرنی پیشەسازیدایە. سەرئەنجام بە مانایەک هاندانی فەرهەنگی لە دژی کۆمەڵگایەک کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تیایدا لەسەر حوکم بێ عەمەلی نیە. ئەمە کۆمەڵگایەکی کراوەیە کە هاوڵاتی ئەوروپی و ئەمریکی بە تەواوەتی ئەتوانێت لێی تێبگات. بەوجۆرە نیە کە بڵێن: ئەمە پەنهان و شاراوەیە، فەرهەنگی خۆیانە، ئێمە

نازانین و دواتر بتوانن دێو و درنجی لێ دابتاشن. هەر کەسێک ئەتوانێت بێت لە تارانی سۆشیالیستی پیاسە بکات و ببینێت کە خەڵک لێرە بە چ جۆرێک ئەژین، گوێ لە چ جۆرە گۆرانیەک ئەگرن، چ ئاهەنگێک ئەگێرن، بە چ جۆرێک وانە ئەڵێنەوە، بە چ جۆرێک وانە ئەخوێنن و پەیوەندیە فەردیەکانی ئەوان چیە. سەرئەنجام بۆ چینە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاوا زۆر سەختە بتوانن کۆمەڵگای سۆشیالیستی ئێرانی ژێر سایەی سیستمێکی کۆمۆنیستی کرێکاری وەک شەیتان نیشان بدەن. یانی ڕای گشتی لە ڕۆژئاوا یەکێکە لە پشتیوانیەکانمان چونکە ئەڵێن ئەمە کۆمەڵگایەکی ئازادە. دووەم ئەوە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی چینی کرێکارە کە ئێمە ئەبێ لە ئێستاوە هەوڵ بدەین کاری لەسەر بکەین و هەڵیبخرێنین. بەوجۆرە نیە کە ئەگەر چینی دەسەڵاتداری ئەمریکا یان ئەوروپای ڕۆژئاوا هەر کارێک بیانەوێت بتوانن بیکەن. بەم سادەییە نیە.

کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد، کە دانەخرابێ و بە دیواری ئاسنین دەور نەدرابێ، کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، کۆمەڵگایەکی ئینسانی کە لەلایەن جیهانی ڕۆژئاواوە قابیلی بینینە بە بڕوای من پارێزراوە لەبەرامبەر هاندانی سەربازی باڵەکانی ڕاستی کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا. من لەمبارەیەوە گەشبینم و پێموایە کارێکی سەختە. ناتوانن بە ئێران بڵێن حکومەتی سەدام حسێن یان وەک لیبیای لێهاتووە چونکە هەموو پەیامنێرانی نێودەوڵەتی لەوێن و نیشانی ئەدەن کە ئەمە وڵاتێکی پێشکەوتوو و یەکسان و ئازادە. جێگایەکە کە سزای لە سێدارەدانی هەڵوەشاندۆتەوە، یەکسانی ژن و پیاوی ڕاگەیاندووە، تەندروستی بە مافی هەموان داناوە، پەروەردە و فێرکردنی بە خۆڕایی بۆ هەموان دابین کردووە، گواستنەوەی کردووە بە خۆڕایی کە هەر کەسێک بۆ هەر جێگایەکی شار ئەیەوێت ئەتوانێت بڕوات. وا بە ئاسانی ناتوانرێت هێرش بکرێتە سەر ئەم کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایەکی داخراو نیە کە بتوانی بە ئارەزوی خۆت وێنای بکێشی. ئەم ئازادی و کراوەییە زۆرترین سەرمایەی ئێمەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئاوا. لە سەرو ئەوەشەوە، ئێمە لە ڕووی دیپلۆماسیەوە ناکەوینە ڕقەبەرایەتی ئەوان. زۆر ڕۆشنە کە شۆڕش لەو وڵاتانە ئەرکی چینی کرێکاری ئەو وڵاتانەیە و هەر کۆمەکێکیشیان پێویست بێت ئەیکەین. بەڵام حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە حکومەتێکی سۆشیالیستیدا بڕیار نییە لە دژی جیهانی ڕۆژئاوا و لە دژی دەستەی دەسەڵاتداری ڕۆژئاوا و ناتۆ جموجۆڵ بکات و بکشێتە پای جەنگ لەگەڵیان. ئەبێ ڕێگایەکی عاقڵانە بگرینە بەر. ئەبێ کۆمەڵگای خۆمان ڕێکبخەین. ئەبێ ئازادی لەوێ بەدیهێنین و نمونەیەک بە دەستەوە بدەین کە خەڵکی جیهان واقعەن بە شۆڕ و شەوقەوە بێن و بیانەوێ لە وڵاتی خۆشیان پیادەی بکەن. ئەمە کارێکی عەمەلیە.

مەنسور حکمەت

# دەربارەی یەکێتیە کرێکاریەکان

## باسێك لە سیمیناری حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا

دەقێکی وەرگیراو لە کاسێتەوە

**وەگێڕانی لە فارسیەوە :جەبار مسەفا**

سەرنجێك:
ئەم باسە لە سایتی حیزبی حکمەتیست ( هێڵی ڕەسمی) وەرگیراوە و لە (کۆمۆنیست)دا بڵاوکراوەتەوە. چەند هەفتەیەك لەمەوبەر من بۆ بەرنامەی ئاسۆی کرێکاری، کە لە ڕادێۆی پێشەنگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانەوە پەخش دەکرێت، وەرمگێڕایە سەرکوردی و ئامادەم کرد و لەچوار ئەڵقەی ئەو بەرنامەیەدا پەخش کرا. لەبەر گرنگی باسەکە و بۆ ئەوەی بەدەقی نوسراو هەبێت بۆ خوێنەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاری، بە پێویستم زانی لە دیدگای سۆشیالیستدا بڵاو بکرێتەوە. (وەرگێڕی کوردی)

ڕاستیەکەی من وابۆی دەچم کە ڕوی سەرەکی باسەکەی هاورێ ئەمیر لە قسەکانیدا، رەخنە بێت لە ئیکۆنۆمیزم و تریدیونیزم سەربارەی بەدیکردنی هەوڵێک بۆ ئەوەی خودی خەباتی ئابوری و خودی یەکێتیە کرێکاریەکانیش جیابکرێنەوە لە سیاسەتی تریدیۆنیستی و ئیکۆنۆمیستی .بەڵام کاتێک بیرم لە سەرجەم باسەکە کردەوە دیتم برێک ستەم لە خەباتی ئابوری کراوە وابۆی دەچم کە دەبێ قسە لەسەر بایەخی خەباتی ئابوری و گرنگیەکەی بکەم بەتایبەتی کە لە کۆتایی قسەوباسەکەی هاوڕی ئەمیردا جێگاوڕێگای واقعی خەباتی ئابوری کەمرەنگ کراوەتەوە .سەرباری ئەوەی کە بە ئاماژە دان بە چەند لاوازیەک کە هەن و بە کەسانێک کە لە ئێمە جیاوازن، رەزمەندگان و ڕاهی کارگەر ولادانەکانی ئەوان، بە بۆچونی من لادانێکی واقعیتر و ترسناکتر کە ڕوبەڕوی ئێمە دەبێتەوە، کەمرەنگ کراوەتەوە .
سەبارەت بەوەی کە ئایا خەباتی ئابوری دەروازەی یەکەمی هوشیاری کرێکاری یان دەروازەی یەکەمی خەباتی چینایەتیە یان نا، پێموایە دانی چەند سەرنجێک پێویستە .بە بۆچونی من خەباتی

## دەربارەی یەکێتیە کرێکاریەکان

ئابوری دەروازەی هوشیاری کرێکاریە .واتە ئەو بۆچونەی کە گوایە چینی کرێکار بە بێ درککردن بە بونی خۆی وەک فرۆشیاری هێزی کاری دەتوانێ بە ئاگایی سۆشیالیستی لە پێناوی هێنانەدی سیستەمێکی نوێ بگات، کارێکی ئەستەم و دژوارە .پێموایە کە پرۆسەی خۆرسکی پەیوەستبونی کرێکاران بەهەر جۆرە خەباتێکەوە لەو شوێنەوە تێدەپەڕێت کە ئەوان پەیبەرن بە بارودۆخی خۆیان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا وەک فرۆشیاری هێزی کار و هەمو ئەو زوڵم و ناعەدالەتیەی سەرچاوەی لێوەدەگرن، کە بەرامبەریان دەکرێت .

دووهەم بە بۆچونی من بە ڕێکەوت نیە کە یونیۆنیسم و ئیکۆنۆمیزم پەیوەستن( تداعی) بە خەباتی ئابوریەوە، دورخستنەوە لە سیاسەت پەیوەستە بە خەباتی ئابوریەوە، هەروەها ئەوەش ڕێکەوت نیە کە بە شێوەیەکی سروشتی، سەروسیمای بەشێکی زۆر لە کرێکارانی پێشڕەو وهەڵسوڕاو لە مەیدانی خەباتی ئابوریدا پەیدا دەبن و دەناسرێن .هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشداریکردن لە خەباتی ئابوری لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی بۆرجوازیەوە ئاسایترە .واتە سروشتیە کە کەسێک گەرەکی بێت کاڵاکەی خۆی بە نرخێکی بەرزتر بفرۆشێت، یان کەسێک گەرەکی بێت وەک ئینسان مافی هەبێت، بیمەی هەبێت تەندروستی و کرێی بەرزتری هەبێت و لە هەمان کاتدا دژ بە ڕژێمی مەوجود نەبێت و خوازیاری ژێرەوژورکردنی نەبێت .کۆمەڵگە ئەم شتە دەسەلمێنێت، تەنانەت لە سایەی فاشیستترین حکومەتدا کاتێک کە ئێوە دەڵێن هەر خەباتێکی ئابوری لە لایەن بۆرجوازیەوە سەرکوتدەکرێت، من دەڵێم هەر لە سەرەتاوە خەباتی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی سەدان قات خراپتر سەرکوتدەکرێت .لەهەندێک شوێندا و لە فاشیستترین وڵاتدا، نارەزایەتی لە سەر سەعاتکار، لە پێناوی بیمەدا، نارەزایەتی لە پێناو بارودۆخی تەندروستی کارخانە، کۆمەڵە شتێکن کە زیاتر قبوڵدەکرێن تا خەبات لە پێناوی لەناوبردنی دیکتاتۆریەتدا یان خەبات بۆ لە ناوبردنی موڵکداری تایبەتی .گەرەکمە بڵێم ئەوە دروستە کە ئەم خەباتی ئابوریەی چینی کرێکار بە خێرایی لە قۆناغێکی مێژویی دیاریکراودا و لە وڵاتێکدا دەکێشێتە مەیدانی خەباتی سیاسیەوە لەسەر دەسەڵات، یان بۆ جەنگێک – لە بابەتی ڕاپەڕین یان بە هوشیاریەوە بۆ گرتنی دەسەڵات .بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە بە ڕەواڵی گشتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەمیشە بوارێک بۆ خەباتی ئابوری دەکرێتەوە .خۆ ئەگەر ئەمە نەبێت بەشیوەیەکی سروشتی چینی کرێکار بەرەوە هەڵچون پەلکێشدەکرێت و هەر لەناو دەچێت . چونکە خودی بوونی چینی کرێکار و پەیوەندی بە سەرمایەوە لە گرەوەی ئەم خەباتەدایە .بۆیە ئەوەی کە من دەمەوێ بیڵیم ئەوەیە کە مەترسیەک کە هەڕەشە لە ئێمە دەکات ئەوە نیە ڕەوتێک بێت لەبەرامبەر ئێمەدا ئیکۆنۆمیزم و سەندیکالیزم نوێنەرایەتی بکات .ڕاستیەکەی مەترسی لەوەدایە کە ئێمە لە میانەی سنوربەندی لەگەڵ ئیکۆنۆمیزم و سەندیکالیزمدا و بەناوی ئەو سنوربەندیەوە خەباتی ئابوری و جێگاوڕێگای مێژویی ئەو خەباتە بۆ ئەم چینە، و جێگاوڕێگای هەمیشەیی بۆ ئەم چینە وە هەروەها جێگاوڕێگای تاکتیکی بۆ حزبی کۆمۆنیستی ئێران، نادیدە بگرین .جێگایوڕێگای مێژویی خەباتی ئابوری بەو واتایەی کە وتم بەشێکی خۆدئاگایی چینی کرێکارە و ئەگەر ئەم پرۆسەیە بخەینە ژێرباری بارودۆخی دیکتاتۆری و سەرکوتی سیاسیەوە، ئەوکات بەو ئەنجامە سەیروسەمەرەیە دەگەین کە هاوڕێ ئەمیر پێگەیشتوە

کە دەڵێت" بیرکردنەوەی کرێکاری ئێرانی بەراورد ناکرێت بە بیرکردنەوەی کرێکارێکی مامناوەندی ئینگلیزەوە ."من ئەمە ناسەلمێنم .ئەم خۆپەرێشانکردنە دژ بە حکومەتی ناوەندی بە بێئەوەی نیشانیبدات کە چ ئەڵتەرناتیڤێک ئەم کرێکارە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی بەرجەستە دەکاتەوە، بە بێئەوەی مەعلوم بێت کە ئەم کرێکارە دیاریکراوە کە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی زەلیل، بە چ شتێک فریودراوە، خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێک نیە، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئاستێکی بالاتری هوشیاری نیە، بەتایبەتی نیشانەی ئاستێکی بالاتری خەملێنبوون نیە لە ئەزموندا، تەنانەت نیشانەی ساویلکەیی و نەبوونی هەرجۆرە ئەزمونێکە.

خاڵی لاوازی سەرەکی چینی کرێکاری ئێران لە هوشیارنەبونی بەوەی دەبێ یەکگرتوبێت بەرجەستە دەبێتەوە .چینی کرێکاری ئینگلتەرا بە سونەت خاوەنی ئەم درکەیە .چینی کرێکاری ئێران بە بونی بە ئامرازی دەستی حزبە بورجوازیەکان دەناسرێتەوە .چینی کرێکاری ئینگلتەرا بە دەستی خۆی حزبێکی بۆرجوازی ڕێکخست .بەڵام ئەگەر ئێوە بڵێن دەکرێ چینی کرێکاری ئینگلتەرا هەروا بە ئاسانی بچێتە ژێرباری کارکردی فاشیست و کارکردی کۆنسرڤاتیڤ و لیبراڵ وئەۆروکۆمۆنیستەکانەوە؟ نا ، ناچێت؛ ئەو بە سونەت و ڕەوشە دیاریکراوە عەقیدەتیەکانی دەرونی چینەکەی خۆی پابەندە .چینی کرێکاری ئینگلیز هوشیارانەتر ریفۆرمیستە .چینی کرێکاری ئێران هەمیشە ئامرازی دەستی موجاهدین، خومەینی؛ بەرەی نیشتمانی و حزبی تودە بوە .دەمەوێت بڵێم چینی کرێکاری ئێران بەوەی کە پێداگری لەسەر داخوازیە ئابوریەکانی نەکردوە، بەوەی کە عەقڵێکی پەیوەست بە داخوازیە ئابوریە هاوبەشەکەی نەبووە، لە بناغەوە بوەتە زەمینەی نەشونمای پۆپۆلیزم و نەشونمای حزبە وەردەبورجوازیەکان و زەمینەی لاوازی مێژویی کۆمۆنیزم.

ئەگەر ئێوە بهێننە بەرچاوی خۆتان کە کرێکارانی پیشەسازی نەوت بەو ڕادەیەی کە وەک کرێکارانی ڕشتەیەک – وەک کرێکارانی ڕشتەی نەوت –و بە کاری ئابوری خۆیان – دەستیان بدایەتە خەبات و تەنانەت ئەگەر نەشیانوتایە بروخێ ئەزهاری – بەهەمان ڕادە یارمەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیان دەدا لەبەرامبەر بزوتنەوەی ئیسلامیدا، ئەوکات ئەتانزانی کە خودی زەینی چینایەتی – ئابوری چینی کرێکار چ رۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاسانکردنی کاری کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنێکدا کە گەرکیەتی تەنها چاکسازی لە رژێمەکاندا بکات و حکومەتێکی سەرکوتگەر بگۆڕێت بە جۆرکی تر لە سەرکوت .ئەمڕۆ دەکرێ کرێکاری ئێرانی بە سانایی دوبارە ببێتە ئامرازی دەستی ئۆپۆزیسۆنی ناکۆمۆنیست و دووبارە لە شۆڕشی ئێراندا بکەوێتە دوای مەسەلەیەک و کلاوبنێنە سەری، بەهۆی ئەوەی کە درکێکی ڕۆشنی لە خەباتی ئابوری نیە.

خاڵێکی ترکە لە ڕوی مێژویەوە تۆمارکراوە ئەوەیە کە خەباتی ئابوری چینی کرێکار جۆرێکە لە سەنگی مەحەکی کۆمۆنیزمیش .ئێوە سەیری پۆڵەندا بکەن؛ دوای سی ساڵ، چل ساڵ، پەنجا ساڵ بە شوێنێک گەیشتین کە ژمارەیەک کەس هاتن وتیان سۆشیالیزم ونەزمی نوێ و لەولاشەوە ژماریەکی تر وتیان نانی شەو و سەعاتکار .بە شێوەیەکی مێژویی سەنگی مەحەک ئەوە بو کە ئەو سۆشیالیزم و نەزمی نوییە سەرئەنجام دەچێتەوە سەرئەوەی کامیان نانی شەو سەعات کار

بەشیوەیەکی ئاسانتر دابیندەکەن؟ ئایا ئەو بیرۆکەیەی کە ئینسان سەر لەبەیانی ماسیگرە، دوانیوەڕۆ لەحیمچی و شەوانەش بۆیەچی جێبەجێدەبێت؟ واتە بارودۆخی بابەتی و مادی چینی کرێکار لە هەموکاتدا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان و مایەی حەقانیەتی هەر بۆچونێکی کرێکاری، ئەگەر وابێت ئەوە ئەم خەباتی ئابوریە کەمڕەنگ دەبێتەوە – ئەم داخوازیە ئابوریانە وەک تەوەرەی سەرەکی بونی چینایەتی چینی کرێکار – بە بۆچونی من دەکرێ ببێتە قاڵبی هەر شتێکی ڤۆلۆنتاریستی (کاری خۆبەخشانە) " .باشە ئەوە دوڵەتی تۆیە ئیتر " "ئیتر خۆماڵیمان کرد " ویان "ئەوە حکومەتەکە سۆشیالیستیە "یاخود " بەرەیەکی دژ فاشستیە ئیتر". (٢)

بە بۆچونی من بەو ڕادەیەی چینی کرێکار پێداگری لەسەر قازانجە ئابوری و داخوازیە تایبەتەکانی خۆی دەکات بەهەمان ڕادە یارمەتی کۆمۆنیستەکان دەکات، نەک حزبە ریفۆرمیستەکان، کە لەسەر مەسەلەی دەسەڵات لەنێو خودی بۆرجوازیدا لە کێشەدان .چونکە تەنها کۆمۆنیستەکانن کە سیستەمێک بۆ کۆمەڵگە پێشنیار دەکەن کە توانای جێبەجێکردنی قازانج و داخوازیەکانی ئەوانی هەبێت .یەکێک لە فاکتۆرەکانی ڕسواکردنی ڕیڤێژنیزم وریفۆریزم لە حزبەکان دوای کۆمینترن ڕێک هەمان داخوازیەکانی چینی کریکار بو . پێموایە ئەم خاڵە لەم باسەدا کەمڕەنگە.

بەڵام سەبارەت بە خودی ئێران بە بۆچونی من ئەو شتەی هەڕەشەمان لێدەکات دووربونە لە چینی کرێکار نەک کلکایەتی کردنی چینی کرێکار .هەر لەبناغەوە من پێموانیە کە ڕاهی کارگر و ڕەزمەندگان و ئەوانی تر کە گەرەکیانە ڕەوتێکی سەندیکالیستی پێکبهێنن، هێزلە ئێمەوە بگرن . وابۆی دەچم بە پێچەوانەوە بێت .ڕاهی کارگر و ڕەزمەندگان و هاوشێوکانیان بە نیازن جارێکی تر وانیشانبدەن کە لە داهاتوی دیموکراسیدا ئەوان کرێکارین و ئێمە ڕۆشنفکرین .ئەگەر گەرەکت بێت ئێستا بزانی کە چ لادانێکی ریڤێژنیستی هەڕەشە لە حزبی کۆمۆنیست لە پەیوەند بە چینی کرێکارەوە دەکات، ئەوە من دەڵێم هەر لە بناغەوە ئیکۆنۆنیزم و سەندیکالیزم نین، بەڵکو دیسان ڤۆلۆنتاریزم و پۆپۆلیزم و ڕۆشنفکرگەراییە .ئەگەر واقعبینانە بڕوانیت دەبینی کە هەستیاربونی حزبی ئێمە کەمە سەبارەت بەو لایەنانەی پەیوەستن بە داخوازی ئابوری، بونی بابەتیانەی چینی کرێکار و خەباتی ڕۆژانەیەوە .ئا لەوێدایە کە ئێمە هیچ نازانین، ئا لێرەدایە کە یەک کەس لە ریزەکانی ئێمەدا خاوەن بۆچون نیە .ئا لێرەدایە کە ڕۆژنامە و ڕادیۆ وشتەکانی ترمان خاڵین .وای بۆ دەچم لە سبەی رۆژدا کە قەیرانی شۆڕشگێڕانە گەشەدەکات، ئەو ڕەوتەی کە ڕاپێچی دەرەوەی چینی کرێکار دەکرێت و دوردەکەوێتەوە لێی ئێمەین نەوەک ڕەزمەندگان .ئەم کلکایەتیەی ڕەزمەندگان یان ڕاهی کارگەر لە خۆیانی نیشاندەدەن لە ئیکۆنۆمیست بونیانەوە سەرچاوەی نەگرتوە، من دڵنیاتان دەکەم کە لە هەوڵیانەوە بۆ ڕاکێشانی کرێکارانەوەیە .وانیە کە ڕیڤێژنیزمی ڕوسی کتوپڕ و لە ناکاو لە ئێراندا بە ئیکۆنۆمیست لە ناو ئاوەوە هەڵقوڵابێت، و بیر لەوە بکاتەوە کە داخوازیە ئابوریەکانی کرێکاران دەبێ جێبەجێبکرێن، وای بۆی دەچێت کە بەهێزی خودی خۆیان دەبێ جێبەجێبکرێن، یان وادەزانێ کە ئەمە ئامانجی سەرەکیە !نا هەرگیز وانیە .ڕاهی کارگر بەرگری لە داخوازیە ئابوریەکان و ڕێکخراوە کرێکاران دەکات بۆ ئەوەی خۆی خۆشەویست بکات لایان .بۆ چی؟ بۆ ئەوەی سیاسەتە فەوقی و ئێرادەگەریانە و دژە کرێکاریەکانی و تەنانەت دژ بە

داخوازیە ئابوریەكانی رۆژانی داهاتودا بەرێتە پێشەوە .گەرەكیەتی كرێكاری بێتەوە .ئەمە بەشێكی پرۆسەی كرێكاری بونەوەی ڕەزمەندگانە .دەبێ لەو چوارچێوەیەدا لەم دیاردەیە وردبینەوە، ئەمە جۆری نیشاندانی هەستیاری ئەم ڕەوتانەیە بە مەسەلەكانی خودی چینی كرێكار .
كاتێك كە ڕەخنە لەوانە دەگرین، ئەگەر ئەم لایەنە نادیدەبگرین و پێیان بڵێین ئیكۆنۆمیست، بە بۆچونی من لە گۆڕەپانی ئەواند یاریدەكەین، ئەوە ڕاستە كە ئەوان بە عەقیدە ئیكۆنۆمیستن بەڵام ئەم تەبلیغاتە ئیكۆنۆمیستانە خەسڵەتی نزیككردنەوەی ئەم ڕیكخراوانەی هەیە لە چینی كرێكار، ئەمە شتێكە كە ئێمە بێئاگاین لێی.
من دەڵێم كەمرەنگكردنی خەباتی ئابوری لەم برگەیەدا، كەمرەنگكردنی جێگاوڕێگای لە سەرجەم خودئاگایی چینی كرێكار، كەم رەنگردنی لە پەیوەندی حزبدا، بە كرێكاران و شۆڕشی سۆشیالیستیەوەیە، ئەنجامەكەشی دەبێتە ئەوەی كە ئێمە بگۆڕێین بە ڕیكخراوی پەیكار یا ڕەزمەندگانی دەورانی كۆن، واتە رێكخراوێكی بێ پەیوەندی بە چینەوە.
سەرئەنجام با باسەكەم بەم شێوەیە فۆرمۆلە بكەم؛ من دەڵێم خەباتی ئابوری بەشێكی خەباتی چینایەتیە .ئەمە لە باسەكەی هاوڕێ ئەمیردا كەمرەنگ كراوەتەوە .ئەوە ڕاستە كە هەوڵیداوە لە زۆر شوێندا خەباتی ئابوری لە ئیكۆنۆمیزم و شتەكانی تر جیابكاتەوە، بەڵام كاتێك دەگەینە كۆتایی باسەكەی بەوجۆرە جەختكردنەوە و ڕاوەستانانە وابزانم كە لێرەدا خودی خەباتی ئابوری سەركوت دەكرێت .بە بۆچونی من خەباتی ئابوری نەك چارەنوسسازە، بەڵكو هەڵە نیە گەر بڵێم هەنگاوی یەكەمی رێكخراوبونی چینی كرێكارە .هەڵە نیە گەر بڵێم هەنگاوی یەكەمی خودئاگایی چینی كرێكارە .بە بۆچونی من جەختكردنەوەی زۆر لەسەر سنوربەندی زۆر ورد بەم مەسەلەیە ئەگەری ئەوەی هەیە ئێمە بەرێتە لایەكەوە كە ئەو پرۆسە چارەنوسازە، نا دیدەبگرین.
لە چوارچێوەی مێژویی واقعی ئێرانیشدا ئەگەر بڕوانین دوبارە ئەوە دەبینین كە ڕەواڵی باو ئەوەبوە حزبە چەپەكانی ئێران، لە سەرو چینی كرێكارەوە، بۆ سودورگرتن لە چینی كرێكار وەك "دیموكراتخوازی پەیگیر "بانگەوازیان كردوە، یاخود هەر نەیانكردوە، بۆ گۆڕینی رژێم بە دانەیەكی تر كە لە بناغەوە بە جیا لە سونەتی كرێكاری خەملیەوە، وەك هێڵی چریكی.
لە كام لاوە ئێمە دەتوانین نزیكبینەوە لە چینی كرێكار و لە ئیكۆنۆمیزم؟ لنین كاتێك ڕوبەڕوی ئەم مەسەلەیە دەبێتەوە، بزوتنەوەی ڕۆشنبیرانی نیە، بەڵكو بزوتنەوەی كرێكارانی روسیای هەیە كە ئیكۆنۆمیستن وشەلالّی ئیكۆنۆمیزمن و هەرئەوانیش سۆشیال دیموكراتن .واتە ئەستەم بووهەیكەلی سۆشیال دیموكراتی لە هەیكەلی بزوتنەوەی ئیكۆنۆمیستی ساڵی ۱۹۰۳ -۱۹۰۵ جیابكرێتەوە . سۆشیال دیموكراسی روس وەك بزوتنەوەی كۆمۆنیستی كرێكارانی روسیا دەستپێكرد . كۆمۆنیزمی ئێران وەك باڵی چەپی بزوتنەوەی ڕۆشنفكری – لیبراڵی و بزوتنەوەی دینی – وردە بورجوازی دەستپێكرد و هیچ ڕەگوڕیشەی لە خەباتی ئابوری چینی كرێكار و كەشوهەوای ئەو خەباتەدا نیە هەر بەو هۆیەشەوە بێئەندازە لەم چینە و رابەرانی عەمەلیەوە دورە.
توانایی مێژویی حزبی تودە، ئەكسەریەت و راهی كارگەر بۆ نزیكبونەوە لە ڕابەرانی عەمەلی لەوەدایە كە ئەوان لەم سونەتەوە، لە سونەتی پۆپۆلیزمەوە سەریان دەرنەهێناوە .بەڵكو لە سونەتی

ڕوسیەوە سەریان دەرهێناوە و خەباتی ئابوری چینی کرێکار جێگا و ڕێگایەکی تایبەت و پڕ بایەخی هەیە لە سونەتی ڕوسیدا .ئەویش ئەوەیە : تا لە ئۆپۆزسیون دایت فوی پیادا بکە، کاتێکیش بە دەسەڵات گەیشتیت دەرچۆ لەژێری ئەمانیش هەر ئەم کارە دەکەن، درکیان ڕۆشنە، لە کاتێکدا ئەگەر بڕوانیتە پێشینەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە ڕەخنەگرتن لە ڕەوتگەلێکی ڕوشنفکری وناکرێکاری لەدایک بوو نەک وەک ڕەوتێکی ڕادیکاڵی ناو خودی بزوتنەوەی کرێکاری و ناو سونەتی تێکۆشانی ئابوری و سیاسی چینی کرێکاری ئێران، درێژەی سونەتی یەکەم حزبی کۆمۆنیستی ئێران نیە – هەر وەک هاوڕێ تەقی دەڵێت – درێژەی سروشتی و کلاسیکی ئەو حزبە نیە، خەریکە لە قوتبێکی ترەوە لەو دیاردەیە نزیک دەبێتەوە.

خاڵێکی گرنگتر کە پێشتر ئاماژەم پێدا و ئەنجامگیریم لێنەکرد و وازملێهێنا ئەوەیە کە خەباتی ئابوری مەیدانێکە کە چینی کرێکاری تیادا هوشیاردەبێتەوە و شێوەکانی ڕابەریکردنی خۆی وباسکردن لە خودی خۆی تێدەگات .سەرباری ئەوە مەیدانێکە کە دەکرێت بە یاسایی خەباتی تیادا بکات – هەرچەند سەختیش بێت –ئەگەر لە بنەڕەتەوە مەیدانێک هەبێت کە کرێکارێک لە ڕوی یاساییەوە خەباتی تیادا بکات، مەیدانی خەبات ئابوریە .ئەگەر نا دەبێ بەدور لە خەباتی یاسایی پێنوسێک بگریت بەدەستەوە و بچیت پێشمەرگە پەروەردە بکەیت و لە شاخەکانەوە بێیت و شارەکان بگریت .بەلام ئەگەر بکرێت باس لە تێکهەڵکێش کردنی کاری یاسای و کاری نایاسی بکرێت ، دەبێ ئەوە بسەلمێنیت کە ئەو مەیدانە یاسایە لە ئێراندا خەباتی ئابوریە، یان خەباتی ڕشتەیی و یان خەباتی توێژیکی دیاریکراوە لە چینی کرێکار، بۆ نمونە توێژی ژنان، بەشی شارەوانیەکان یان بەشی گەنجانی چینی کرێکار .

ئەگەر حزبی ئێمە گەرەکی بێت کرێکاری بێتەوە، دەبێ لەم قۆناغدا بتوانێت کاری یاسایی بکات و ئەگەر بتوانێت کاری یاسایی بکات دەبێ بتوانێت ببێتە ڕابەری خەباتی ئابوریش .من لێرەدا گەرەکمە ئەم خاڵانە بەیەکەوە پەیوەست بکەم .واتە پەیوەستبونی ئێمە بە کرێکارانی پێشڕەو و پەیوندبون بە بەشی پێشڕەوی چینی کرێکاری ئێران، ئەمڕۆ بۆ حزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕوکردنە چینی کرێکار هەستیاربونە بە خەباتی ئابوری ئەم چینە .هاوڕێ ئەمیر لە باسەکەیدا ئەم خاڵەی تێپەڕاند و پێموایە ئەنجامگیریەک کە لە کۆتایی باسەکەیدا دەکرێت ئەوەیە کە جارێکی تر جەخت لەوە بکرێتەوە کە" کرێکاران سیاسین "و ئەگەرهەرکەسێک باس لە خەباتی ئابوری بکات، یاخود گەرەکی بێت ڕێکخراوی تایبەتی بۆ خەباتی ئابوری پێشنیار بکات، یاخود لە ئەمڕۆدا ڕێکخستنی خەباتی ئابوری بە ئەرکی دەستەبەجێی کۆمۆنیستەکان بزانێت، ڕەنگە بدرێتە بەر تۆمەتی ئیکۆنۆمیزم، من ئەمە بە دروست نازانم.

پێم وانیە جیاوازیەکی زۆرمان هەبێت لە بۆچونەکانمادا .پێموایە هۆیەکی ئەوەیە کە هاوڕێ ئەمیر باسەکەی خۆی لە بەرامبەر ئیکۆنۆمیستەکاندا فۆرمۆلە کردووە .لە کاتێکدا بە بۆچونی من ئەوەندەی پەیوەستە بە بزوتنەوەی کرێکاریەوە، بناغەی پلمیکی ئێمە لە بەرامبەر ڤۆلۆنتاریستەکان و ڕۆشنفکراندایە .ڕاستیەکەی بە بۆچونی من، ئێمە لە ئێراندا ئیکۆنۆمیستمان نیە .بەهەمو ئەو بەڵگانەی کە باستکردن ئێمە لە بنەڕەتەوە ئیکۆنۆمیستمان نیە .هەرکەسێک لەوێیە بۆ ئامانجێک

لەوێیە .هەرکەسێ باس لە داخوازی ئابوری دەکات، دردیکی تری هەیە .کرێکارێک کە هاتوە بلێت هەشت سەعات کارم دەوێ لەوە ناچێێت ببنە پێنچ نەفر .هەر کەسە و خەیاڵی لە شوێنێکە .بەڵام بە مەسخرەکردنی ئێکۆمۆنیزمیش لەئارادایە، هەر لەو دیدگایەی کە" کرێکار بە سونەت ئابوریخوازە " ئەو لایەنە بە ناچارکۆمۆنیزم دەکاتە گاڵتەجاڕی بۆ ئەوەی هێز پەیدابکات .پێموایە ئێکۆنۆمیستەکانی ڕوسیای ساڵەکانی ١٩٠٥ –١٩٠٦ ئەوەندە ساویلکە نەبون کە وابیربکەنەوە و بڵێن، ئێستا سیاسەت دەسپێرین بە بۆرجوا لیبراڵەکان و بەڕاستی ئێمە سەرقاڵی خەباتە ئابوریەکەمان دەبین .ئەوان بۆچونیان وابو کە ئەمە ڕێگایەکە دەبێ چاوببڕێتە کرێکارن، و لە نێویاندا گەشەبکات ....و بە ڕاستی کردیشی . لە شۆڕشی ١٩١٧ مەنشەفیەکان گەورەتر، فراوانتر وخاوەنی رابەرانی کرێکاریبون ... بەلشەفیەکان کە بەجۆرێکی تر ڕوبەڕوی مەسەلەکان دەبونەوە ئەو ئۆتۆریەتەیەیان نەبوو .بزوتنەوەی کۆمیتەی کارخانەکانە کە بەلشەفیەکانی پەیوەست کردوە بە کرێکارانەوە وە ئەگەر ئەمە نەبوایە شێوەی روبەربونەوەیان بە بزوتنەوەی ئابوری تا ئەوکات بە هانای پەیوەستبوونی بەلشەفیزم بە چینی کرێکارە نەهاتوە.

ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ بەڕاستی گەرەکمان بێت بەرەو ڕاکێشانی بەشی پێشڕەوی بزوتنەوەی کرێکاری ئێران بڕۆین، دەبێ هەستیاربونمان بە خەباتی ئابوری چینی کرێکار و بایەخی ئەو خەباتە بەرینە سەرەوە، نەک کەمی بکەینەوە، ئەنجامگیری من ئەوەیە کە ئەمجۆرە فۆرمۆلبەندیە ئەو هەستیاریە دێنێتە خوار.

(٣) پێموایە سەرجەمی ئەو قسانەی لەبابەتی ئەوەی ئێوە" یەکێتیە کرێکاریەکان کۆنەپەرستن "و قسەکانی من کە وتم" وانیە "و ئەوانەی تر، باسە سەرەکیەکە و گرنگی باسەکە کەمڕەنگ بکەنەوە . من لێرەدا ئەوەندە جیاوازی نابینم کە یەکێک بڵێت خەباتی ئابوری وازلێبێنن و یەکێتیە کرێکاریەکان کۆنەپەرستن و لایەنی بەرامبەری بڵێت نا وانیە .پێموایە باسەکە لە شوێنێکتردایە .باسەکە لە شێوەی جەختکردنیکدایە کە دەبێ بکرێت .بە بۆچوونی من سۆڵماز لە باسەکانیدا هەندێک ڕۆشنتر باسیکرد و هەوڵیدا هەمان شت بڵێت.

مەسەلەک لەوەدایە کاتێک پۆپۆلیستەکان سۆراغی چینی کرێکار دەکەن، ڕێک لەبەر ئەوەیە کە بەهایەک نادەن بە خەباتی ئابوری چینی کرێکار .ئەوان بەو شێوەیە ڕوبەڕوی مەسەلەکە دەبنەوە، ئەگەر بەهایەکیان پێبدایە، بە ئایدیایەکی سازمانی دیاریکراو، بە ئاستێکی دیاریکراو لە لەخۆبوردنی ڕێکخراوەیی، بە ئاستێک لە درککردنی قازانجی هاوبەشی ئابوری چینی کرێکار، دەهاتنە ئەم مەیدانەوە، دیارە کە ئەم کارەیان نەکردوە.

هەڵسوڕانی پۆپۆلیستەکان لە ناو چینی کرێکاردا، بۆ فراوانکردنی ڕێکخراوی سیاسی خۆیان بو، ئەو ڕەوتەی کە بیر لە خەباتی ئابوری کرێکاران دەکاتەوە، دەبێ بیر لەو دیموکراسیە بکاتەوە کە فەراهەمە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی نا حیزبی، ڕێکخراوەی کرێکاری لە پێناو بردنە سەری ئاستی ژیانی چینی کرێکار، بەرگری کردن لە مافەکانی ئەو چینە لە کۆمەڵگادا یاخود بردنە سەری ئەو مافانە .هیچ کەس ئەم کارەی نەکرد .منیش پێموایە پەیکار، ڕەزمەندگان یان یەکێتی کۆمۆنیستەکان ئەوەندە لە خەمی خەباتی ئابوری چینی کرێکاردابوون کە یەکێتی کۆمۆنیستەکان بە خەمی

شۆڕشی سۆشیالیستیەوە بووە .واتە هیچ .واتە تەنها قسەیان کردووە .چونکە بەڕاستی ئەگەر کەسێک لە خەمی شتێکدا بێت دەست دەبات بۆ کاری ڕێکخستن و جێبەجێکردنی .یەکێتی کۆمۆنیستەکان نە سۆشیالیزمەکان پراکتیک دەکەن و نە بە شێوەیەکی جیدی بەدوای ڕێکخستنی بزوتنەوەیەکی کرێکاری ناحزبیەوەن لەسەر بناغەی ریزێک لە داخوازی ئابوری یاخود ئابوری – یاسایی . لە کاری سازمانیان لەناو کرێکاراند، بە شێوەیەکی سەرەکی بەدوای هێزگرتنەوەبوون . ئەمە هەر بەو جۆرەی کە سۆلماز وتی رەنگێکی ئیکۆنۆمیستیان پێدەبخشێ چونکە ناچارن دوای سەدەقەی کرێکاران بکەون، ئەمە کلکایەتی کردنە .بەو واتایەی کە ئەم کلکایەتیە بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی پۆپۆلیزم و سیکتاریزمی ئەوان و هەر لەبناغەوە بێبەهاکردنی خەباتی چینی کرێکارە –چینی کرێکار وەک فرۆشیاری هێزی کار .ئەمانە هەرگیز بەهایەک بەم کارە نادەن و تەنانەت دان بە گرنگی ئەم هوشیاریەدا نانێن.

خاڵێکی تر کە من باسیلێدەکەم - کە لەباسەکەی هاوڕێ ئەمیردا کەمڕەنگ بوەتەوە – ئەوەیە کە هوشیاری چینی کرێکار وەک فرۆشیاری هێزی کار پێشترە لە هوشیاربونەوە بەخۆی وەک دەسەلاتداری کۆمەڵگەی نوێ و....هتد .ئەم ئاگاییە پێشترە نەک تەنها لە ڕوی مێژوییەوە، بەڵکو تەنانەت لە یەک قۆناغ و ماوەیەکیشدا هەر لەپێشترە .واتە من ناتوانم کریکارێک بهێنمە بەرچاوی خۆم کە درکی نەکردبێت بە چەمکی" چین لە خۆیدا "، ئەوەی کە من و فلان کرێکار ''یەک جۆر بەشەرین"،" من و حەسەن و تەقی یەک جۆر بەشەرین"، ئەوەی کە کرێکاران لەبەرامبەر بۆرجوازی، خاوەنکار، لەبەرامبەر دەوڵەتدا ، یەکجۆرن .یەک بابەتن ، یەک دیاردەن درک نەکردیێت ، بەلام لە گرتنی حکومەت و لەناوبردنی مۆلکداری تێبگات، سیاسەتی سۆشیالیستی و لەوەش زیاتر مۆدێلیکی دیاریکراو لە سۆشیالیزم، جۆرە مارکسیستە شۆڕشگێڕەکەی تێبگات.

پێموایە ئەو سیاسەتەی کە هاوڕێ ئەمیر لێرەدا لەبەرامبەر – هوشیاری خۆیی و ئابوری چیندا – بەها پێدەدات، سیسیاسەتێکی دیموکراتیکە .باسی لنین لە" دەبێ چیبکەین؟ "دا هەمان شتە .لنین لە "دەبێ چیبکەین؟"دا لەبەرامبەر باسی خەباتی ئابوریدا، باسی خەباتی دیموکراتیک، خەبات لە پێناوی سیاسەتی دیموکراتتیک، لە پێناوی دیموکراسیدا دەهێنێتە گۆڕێ .ئێمە هیچکات نەماندی کەسێک لەبەرامبەر خەباتی ئابوری و داخوازیە ئابوریەکانی چینی کرێکاردا، بڵێت ئەم شتانە ئەوەند ڕەنگین مەکە بەڵکو بچەسپێ بە خەبات لە پێناوی سۆشیالیزمدا !لنین هەر لە" دەبێ چیبکەین؟ "دا بەمجۆرە خەباتانە دەڵێت سۆشیالیستی، ئەو بەهەندێک چاوپۆشینەوە، واتە خەباتێک کە چینی کرێکار تەنها بۆخودی خۆی دەیکات، بە کرێکار دەڵێت، تەنها بەمجۆرە خەباتەوە مەچەسپێ، بەڵکو چاوببڕە خەباتێکیش کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ کۆمەڵگەیە، لەپێناو رزگاربونە لە ئیستبدادی تزاری !من بەم شێویە لە باسی" دەبێ چیبکەین؟ "تێدەگەم .ئەمەش ئاساییە بۆ بزوتنەوەیەک کە ئەو ڕەوتەی تیدا زاڵە .ئێمە لەلایەکی ترەوە دەبێ لەم بزوتنەوەیەدا بێینە ئاراوە .ئەم چینە هەرگیز و بەدرێژایی مێژوی بەیەکجار و لەناکاو نەیگوتوە کە خۆم چیم دەوێ، تەنانەت ئێمەش نەمانتوانیوە بۆ ماوەی سێ سال لەپشتسەریەوەبین .چینی کرێکار نە ڕێکخراوی خۆی هەیە، نە حیزبی خۆی هەیە و نە کەشوهەوایەکی سیاسی ئاوەها لە ئارادایە کە بکرێت ئازادانە بڵێت من

وەک کرێکارێک لەم قسانەم نایەمە خوارەوە –کارم بەوە نیە چ دەوڵەتێک لەسەرکارە.
یەکێک لە کێشەکانی هاندانی ئەمڕۆی ئێمە چیە؟ ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی کە ئێمە ئەم مافانەمان دەوێت، هەر ئێستا، هەردەوڵەتێک لەسەرکاربێت.... کەس لەمە تێناگات هەمو دەڵێن باشە سەرئەنجام هیچ ڕێگایەک نیە جگە لەوەی ئەمانە بروخێنیت !هێنانە گۆڕی باسی چل سەعات کار لە هەفتەدا یان باسی بیمە چ مەعنایەکی هەیە !ئایا دەکرێت بە بێ سەرنگونکردنی ئەمانە ئەم شتانە بەدەستبهێنیت؟ !تۆش یەکسەر دەڵێت نا ناکرێت بەدەستبێن، ئەویش یەکسەر ئەنجامگیری ئەوەدەکات کە ئیترئەو مەسەلانە وێڵ بکە و بچەسپێ بە باسی سەرنگونیەوە!
من دەڵێم ئەگەر لەبەرامبەر ئەم خەباتە ئابوریەی چینی کرێکاردا، خەباتی چینایەتی بە واتای خەباتی سیاسی چینی کرێکار بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی پرۆلیتاری لەبەرچاوبگریت، ئەوکات ئەم دوانە لەبنەڕەتەوە هیچ ناکۆک نین، ئەم دوانە هەر لەبناغەوە ناکرێت جیابکرێنەوە .واتە چینی کرێکار کە نەتوانێت بەشێوەیەکی گشتی خۆی وەک فرۆشیاری هێزی کار پێناسەبکات و داخوازیەکانی لانیکەمی بخاتەڕو ، چۆن دەتوانێ بکێشرێتە شۆڕشی سۆشیالیستیەوە، هێنانە بەرچاوی ئەم شتە بۆمن سەختە .بە بۆچونی من ئەم هوشیاریە لە دەرونی چینی کرێکاردا بێئەندازە لاوازە .کاتێک ئەمە بەراورد دەکەین بە چینی کرێکاری بەریتانیەوە، دەڵێن" دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم"ە کە بۆ ئێمە نەبوەتە هوشیاری چینایەتی،" دژایەتیکردنی ئێستبداد "ە کە بۆ ئێمە نەبوتە هوشیاری چینایەتی.
ئەگەر قسە لەسەر خودی هوشیاری چینایەتیە ... بە بۆچونی من کرێکاری ئینگلیز دەیان قات لە کرێکاری ئێرانی لە پێشترە چونکە ئەو لانیکەم دەزانێ جۆرێکی دیاریکراوی ئینسانە لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا، وئەوەش باش دەناسێت .بەڵام وابیردەکاتەوە کە ئەمجۆرە دیاریکراوە لە ئینسان دەبێ تەنها بەمجۆرە دیاریکراوە دەخاڵەت بکات لەم کۆمەڵگەیەدا، دەوڵەت بەڕێوەبەر یاخود هەرچیەکە .
بەڵام لانیکەم دەزانێت کە کرێکار یانی چی، دەزانێت کرێکار و یەکسانبون بە کرێکار یانی چی، دەزانێت دوقڕان دابەزینی کرێ لە فلان شوێن یانی چی، دەزانێ  بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم یان ئەوکەس یانی چی .دەزانێ پەیوەندی خۆشگوزەرانی و تەندروستی بە کرێوە چیە .ئەم ئاگایی چینایەتیە خۆییە لای کرێکاری ئێران لاوازە .لەبەرامبەردا هوشیاری خەڵکگەرایی( عموم- خەڵکی)، سیاسی – دیموکراتیکی بەهێزە .ئەمە دەسەلمێنم .بەڵام با بچین حکومەتە سەرکوتگەرەکان بروخێنین .چی لە جیاتیان دادەمەزرێنێت؟ چینێکە ناتوانێ  لە ڕۆژی روخانیاندا، چاودێری سەنگەری خۆی بکات و لەڕوی مێژوییەوە نەیتوانیوە بیپارێزێت ... دوای موسەدەق دەکەوێت، پێی ڕازیدەبێت، دوای خومەینی دەکەوێت پێی ڕازیدەبێت، دوای موجاهید دەکەوێت ...دوای هەرکەسێک دەکەوێت کە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی – دیموکراتیک ڕۆشنبکاتەوە .دووچاری وەهمێکە کە گۆایە کێشەکە لە ئیستبداددایە، دەنا تەواوی خەڵکی کۆمەڵگە تێدەگەن کە کرێکار دەبێ بارودۆخی باش بکرێت !لەوە تێناگات کە مەسەلەکە وانیە .چونکە  بەو ئەندازەیەی بۆچونی لەسەر چینایەتی بوونی خۆی لاوازە ، بەهەمان ئەندازە بۆچونی لەسەر بۆرجوازیش لاوازە.
بۆچی ئێستا ئێمە بەشێک لە خەباتمان دژ بە شۆڕشگەرایی ڕوکەشی دژە ڕژێمە؟ لەبەر ئەوەیە کە

کرێکاریش بە هەمان شێوە بیردەکاتەوە .ئەگەر کرێکاران شۆڕشگەرایی ڕوکەشی لە خۆیان نیشان نەدەن، بۆرجوازی باشتر دەناسن، مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر تەنها موجاهید شۆڕشگەرایی ڕوکەشی دژە رژێمی هەبێت، ئەوە ئێمە کێشەیەکی ئەوتۆمان نابێت، کێشەی ئێمە ئەوەیە کە کرێکار دەڵێت بژی خومەینی یان دوای ئۆپۆزیسیۆنی نارنجۆکهاوێژ دەکەوێت.

بە بۆچونی من قسەکانی سۆڵماز ڕاستن، ئەو حیزبەی خەباتی ئابوری بەهەند دەگرێت، زنجیرەیەک دەستگای فکری – پراتیکی دادەڕێژێت .کە سەرئەنجام فشارمان بۆ دێنێت و ئێمەش هیچکات نەمانوتوە کە ئەمە کێشەی ئێمە نیە .سەرئەنجام فشارمان بۆ دێنێت، ئێمەش ناتوانین... ئەمە واقعیەتی حزبی ئێمەیە .سەئەنجام دەڵێت" سودی تایبەتی "،" یاسای کار"، "جیاکردنەوەی کرێ بە گوێرەی ڕشتەی کار "و ئێمەش لاڵ دەبین .تەنها ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە کە بۆخۆی لەوبارەیەوە شتێک بنوسێت و ئێمەش هەندێک ڕتوشی بکەین و لە بڵاوکراوەکانماندا چاپیان بکەین.

ئەم حزبە دەبێ نیگەرانی ئەم رەوتە بێت، ئەگەرنا سەرئەنجام لە خوارەوە لە خۆی جیادەبێتەوە .با ئەم قسانە بەمجۆرە بڵێم؛ ئەگەر ئەم بارودۆخە بەمجۆرە بەردەوام بێت، بەشی کرێکاری ناو وڵاتمان بەرامبەر کۆمیتەی ڕێکخستن و رابەری دەوەستێتەوە .بەشی کرێکاری دەڵێت من لەگەڵ کرێکاراندام، من لایەنگری ئەوانم، من گەرەکمە خەباتی ئەوان بکەمە خەباتی سۆشیالیستی، ئەگەر تۆ هیچ بەرنامە ڕێگایەکت نیە، تۆ کە نازانیت من چۆن سەرقاڵی شوراکان ببم، تۆ نازانی من چۆن لە خەباتی یاساییدا دەخاڵەت بکەم، تۆ نازانی من چی بکەم لەگەڵ کەسانێکدا کە ئێستا سەرقاڵی دامەزراندنی سەندیکایەکن، تۆ هیچیەک لەم شتانەم پێناڵێیت؟ مەعلومە ئیتر من لە تۆ جیادەبمەوە و دەچمە پشتی کەسێک کە وەڵامی ئەم مەسەلانە بداتەوە .

باسەکەی منیش هەر لێرەدایە، داخوازی ئێمە لە هەر ڕەوتێک لەسەر جۆری وەڵامدانەوەیە کە دەتوانین بە یەک مەسەلەی دیاریکراوی بدەینەوە، نەک ئەوەی کە مەسەلەکانی نێوانمان جیاوازن . ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە مەسەلەکانی خەباتی ئابوری مەسەلەی ئێمەن، ئەو کات دەعوانامەی ئێمە بەرامبەربە ئێکۆنۆمیزم مەعنا پەیدا دەکات .بۆیە سنوربەندی ئێمە لەگەڵ ئیکۆنۆمیزمدا لەسەر ئەوە نیە کە ئایا سیاسەت گرنگترە یان ئابوری، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە چۆن ئابوری بەرینە پێشەوە . ئەوە ئیکۆنۆمیزمی ڕوسی بو کە دەیوت ئایا سیاسەت گرنگترە یان ئابوری .دەعوانامەی ئێمە لەسەر ئێکۆنۆمیستەکانی ئێران ناکرێت هەمان شت بێت .ئیکۆنۆمیزمی ئێران بە گوێرەی پێناسە و بە وتەی خودی ئەمیر زۆر سیاسیشە، واتە ئێمە ئیکۆنۆمیزمێکی وەک ئیکۆنۆمیستەکانی روسیامان نیە .دەعوانامەی ئێمە لەسەر ئیکۆنۆمیستەکانی ئێران، لەسەر راهی کارگەر و ڕەزمەندگان و ئەوانیتر ڕێک لەسەر ئەوەیە کە بەڕاستی چ جۆرە ڕێکخراوێکی ناحزبی دەبێ بونیات بنرێت و دەبێ دەستبەکاربین بۆ پێکهێنانی .خودی ئەو بەهایەی کە ئەوان بە خەباتی ئابوری و خەباتی خۆرسکی دەدەن، ناتوانێت سنوربەندی ئێمە لەگەڵ ئەواندا بە دروستی ئەنجام بدات .مەبەستم ئەوە نیە ئێمە چاو بپۆشین لە شێوەی رووکەشی _نەک تەنیا شێوە، بەڵکو ئەو ناوڕۆکە ئیکۆنۆمیستیەی کە هەڵسوڕانیان لە ناو چینی کرێکاردا هەیەتی_وە بڵێین ئەمە گرنگ نیە .من بەتەواوەتی ئەمە دەسەلمێنم .بەڵام دەمەوێ بڵێم هێشتا ئەم وەڵامە تەواو نیە .واتە کوتانی ئەوەی کە ئەم قسانەی

ئێوە ڕێک بە گوێرەی " دەبێ چی بکەین؟ "ئیکۆنۆمیستی تەواوە، دەردێک دەرمان ناکات .لایەنەکەی تر دەڵێت زۆرباشە، تۆ برۆ بۆچونەکانی خۆت بخەرە ڕوو، رابەرانی عەمەلی لایەنگری وتاری منن بۆیە گرنگ نیە هەرچەند دەتوانیت جنێو بدە بە ئیکۆنۆمیزم !نە من بەمە دەڵێم ئیکۆنۆمیزم و نە ئێوەش کە سەرۆکی کرێکارانی هەڵسوڕاوی پیشەسازی چاپەمەنین !بە ئێمە دەڵێن پرولیتاریا، ئێمە پێتان دەڵێین ڕۆشنفکرانی ناو چین !و هەر ئەم ناوەش بەسەرتاندا دەچەسپێت !بە بۆچونی من ئەگەر وەڵامی ئەم مەسەلەیە نەدەینەوە ئەم ناوە دەچەسپێت بەسەرماندا.
دەربارەی خەسڵەتی کۆنەپەرستبوون یان نەبوونی یەکێتیە کرێکاریکان، باسێک کرا بە بۆچونی من هەردوو لایەنی باسەکە نادروستن .لایەنێکیان دەڵێت کۆنەپەرستن و ئەویتریان دەڵێت نا بە هیچ جۆرێک کۆنەپەرست نین .بە بۆچونی من زۆرجار کۆنەپەرستیشن .تەنانەت بزوتنەوەی یەکێتیە کرێکاریەکان کە زەردیش نین، کۆنەپەرستن .مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کە لەگەڵ کام پراتیکی کۆمەڵایەتی کە بە ڕاستی لە ئارادایە، بەراوردی دەکەیت .ئەگەر کەسێک بە بزوتنەوەی یەکێتیە کرێکاریەکانی بەریتانیا بڵێت کۆنەپەرست من پێی دەڵێم، قسەی بێمانا دەکەی، چونکە کاتێک تۆ ئەم دارە لە دەستی چینی کرێکاری بەریتانیا وەردەگییت دەبێ بڵێیت کە کام دارشەق بخاتە ژێر باڵی؟ دەبێ ببینیت کە بزوتنەوەی یەکێتیە کرێکاریەکان لەبەرامبەر کام بزوتنەوەی تری چینی کرێکاردا دێتە کایەوە؟ بزوتنەوەی یەکێتیە کرێکاریەکانی بەریتانیا لەبەرامبەر هیچ بزوتنەوەیەکی تردا نایەتە کایەوە .بۆیە ئەگەرکەسێک هات و ویستی ئەم ڕێکخراوە بکاتە رێکخراوێکی دیموکراتیک – ئێستا لە شاری ناتینگهامشایر، کۆمەڵێک ڕێکخراوی کرێکاریان پێکهێناوە و ناڕەزایەتیەکەیان ئەوەیە کە دەڵێن یەکێتی کرێکارانی کانە خەڵوزەکان دیموکراتیک نیە – پەیڕەوی لە هێڵی مارگرێت تاتچەر دەکات .منیش دەڵێم یەکێتیە کرێکاریەکان دیموکراتیک نین .بەڵام بەڕاستی ئەگەر تۆ ئێستا بەکردەوە سەرقاڵی پێکهێنانی هیچ ڕێکخراوەیەکی کرێکاری شۆڕشگێر نەبیت، و کاتێک بزوتنەوەی کۆمۆنیستی هیچ رابەرێکی دیموکراتیک – ئابوری بۆ چینی کرێکار فەراهەم نەکات، دژایەتی یەکێتیە کرێکاریەکانیش بکەیت لە سەر مەسەلەی" دیموکراسی "لە ئەمرۆدا، ئەوە ئیتر تاتچەریزمە .
دەمەوێت بڵێم ئینسان هەمیشە دەبێ بزانێت کە لە بەرامبەر کام پراتیکدا کە هەر ئێستا لە ئارادایە ، دەتوانێ دیاردەیەک بە ناوی کۆنەپەرست، دژە شۆڕش و...هتد بەراورد بکات؟ ئەگەر گەرەکمان بێت بەوجۆرە بدوێین، واتە تیۆری بدوێن وئەوەی کە ئینسان بە پشتبەستن بە پرنیسیپەکان چ دەڵێت، ئەوکات دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زۆر شت کۆنەپەرستن .لەوانە تەواوی بزوتنەوەکانی ئەفریقیای باشور سەرتاسەر کۆنەپەرستن، تەواوی بزوتنەوەکانی ئێرلەندا تاسەرمۆخ کۆنەپەرستن، تەواوی بزوتنەوەی یەکێتیە کرێکاریەکانی بەریتانیا بە گوێرەی ئەم بۆچونە کۆنەپەرستن .مەگەر ناسیونالیزم کۆنەپەرست نیە، ئەو ناسیۆنالیزمەی بەریتانیاش؟ ئاخرهەمو ئەو رێکخراوە کرێکاریانە لە ناسیونالیزمەوە تێوەگلاون .مەگەر ڕیفۆرمیزم و پەرلەمانتاریزم دیاردەگەلێکی کۆنەپەرست نین؟ ئەوانیش لەمانەوە تێوەگلاون .
بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر بەو پێیە کۆنەپەرستی و دژە کۆنەپەرستی ، شۆڕش و دژە شۆڕش لە سەر بناغەی فۆرمۆلەکردنی ئامانجەکانی چینەکانی تر لە ئاستێکی دیاریکراودا لە ناو کۆمەڵگەدا

ڕەچاوبکەین، و خودی ئەو چینانە و ئەو ڕیزبەندیە چینایەتیەی پشت ئەو فۆرمۆلەکردنە نەبینین، ئەوسا ڕوبەڕوی کێشەی زۆر دەبینەوە .لەوانە هەژمارکردنی شۆڕشی ئێران بە بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرست چونکە فۆرمۆلە یان دروشمی " دەبێ حکومەتی ئیسلامی دامەزرێ "تیادا هاتە ئاراوە. دەڵێم لەو شوێنەی کە ئەم فۆرمۆلبەندیە کۆنەپەرستە یان لانیکەم نەک شۆڕشگێر بەڵکو ناشۆڕشگێرە، ریفۆرمیستە، پەرلەمانتاریستە، تەنها شێوازی دەرکەوتنی نارەزایەتی چینی کرێکاری ئێمەیە، لەبەرئەوە پێموایە ناکرێت پێیبڵێین کۆنەپەرست، سەرتاپای سەرنج و ڕەخنەیەک کە دەکرێت هەمانبێت لەسەر چەپی ئەوروپا ئەوەیە کە ڕێگا بەو سیستەمی تیروانینەیان دەدەن کە تەنها لە چوارچێوەی شێوازێکی نارەزایەتی چینی کرێکاری ئەروپادا بمێننەوە، خۆ ئەگەر وانەبوایە ئێمە دەمانتوانی بڵێین، نا بۆ یەکێتیە کرێکاریەکان، بەڵی بۆ کۆبونەوەی گشتی، یان بەڵی بۆ بزوتنەوەی لێپرسراوانی بەشەکان، بەڵام ناتوانین شتی لەوجۆرە بڵێین.

لە ئێران ئەگەر ئێمە دەستمان بگات بە بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی و بزوتنەوەی شورایی، بە ڕۆشنی دەتوانین بڵێین بزوتنەوەی سەندیکایی کۆنەپەرستە .ئەگەر ئەم کارەمان کردبێت، واتە ڕێک ئەو کاتەی کە بزوتنەوەی کۆبونەی گشتی هەستاوەتە سەرپێ، دیموکراسی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە کۆبونەوە گشتیەکاندا پیادە دەکرێن، ڕێک کاتێک کە رابەرانی ئەم بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتیانە لە ئاستێکی سەرانسەری شورایدا خۆیان ڕێکدەخەن و هەڵوێستگیری سیاسیان دەبێت و تەنها لە چوارچێوەی ئابوریدا قەتیس نامێنن بەڵکو تێکەڵاو بە کۆمەڵێک حزب دەبن و کاریان لەگەڵ دەکەن، لە بارودۆخێکی لەوجۆرەدا ئەگەر کەسێک بێت و بڵێت من دەمەوێت لە تاران سەندیکای کرێکارانی ڕستن وچنین دابمەزرێنم ، پێدەڵێم ؛ ئەوەی بەنیازی ئەنجامی بدێت کارێکی کۆنەپەرستە ...کوڕی باش!

بە بۆچونی من ناکرێت سەبارەت بە سەندیکا، تەنها لەسەر بناغەی شێوەکەی، یاخود بە گوێرەی پێناسە کلاسیکیەکەی، بڕیاری کۆنەپەرستبون یان نەبوونی بەسەردا بسەپێنین .پێموایە لە قسەکانی تری هاورێ ئەمیردا ئێستا ئەم لایەنی باسە کەمرەنگ دێتە بەرچاو .لێرەوە دەکرێت بە هەندێک سەندیکا بوترێت کۆنەپەرست، لەوانە بزوتنەوەی سەندیکایی لە ئەمریکای ئەمرۆدا، واتە بزوتنەوەی سەندیکای کرێکاری ئەمریکا لە بەرامبەر بە بزوتنەوەی دژی جەنگی ڤێتنام هێزێکی کۆنەپەرستە . هەر ئێستا بزوتنەوەی سەندیکایی لە ئەمریکا لەبەرامبەر هەر ڕەوتێکیدا کە بەرگری لە مافی مرۆڤ دەکات بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرست و مافیایە .... هیچ شتێک نیە .بەڵام لە بەریتانیا وانیە ، لە فەرەنسا کەمتر وایە .بە بۆچونی من بزوتنەوەی سەندیکایی لە پۆڵۆنیا هەر لە بناغەوە کۆنەپەرست نیە .هەرچەندە تەواوی فۆرمۆلەی ئامانجەکانی کۆنەپەرستن، بە بەراورد بەو شتانەی کە لە پۆڵۆنیا ڕویاندا.

من بۆ ئەمە دەڵێم؟ لەبەر ئەوەی ئەمە تەنها شێوەی( مومکن)تیوری سەرهەڵدانی نارەزایەتی چینەکەمانە، من ناتوانم هەروا بە سادەیی بەمە بڵێم کۆنەپەرست، بەڵام ئەگەر شێوازیکی تر لە ئارادابێت و بتوانیت نیشانی بدەیت کە ئەو شێوەی خۆنمایشەکردنەی لەبەرامبەر ئەمیاندا، دەبنە ئەلتەرناتیڤی یەکتر، ئەوکات ئەگەر زەردیش نەبێت، و زۆباتۆفییش نەبێت و سەر بە هێڵی پێنجیش *

نەبێت، و زۆر نیەت پاکیش بێت، ڕاشکاوانە دەبێ بوترێت کە بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستە و لە لایەن بۆرجوازیەوە لەو برگە دیاریکراوەدا پشتیوانی لێدەکرێت.
بەهەرحاڵ من جیاوازیەکی ئەوتۆ لەگەڵ باسەکەی هاوڕێ ئەمیردا نابینم وەک هاوڕێ ڕەزا نایگەیەنمە دوجەمسەری بەرانبەر و ئەوە بڵێم گوایە لێرەدا هێرش کراوەتە سەر داخوازیە ئابوریەکانی چینی کرێکار، یان هێرش کراوەتە سەر پێویستی کار لە نێو بزوتنەوەی چینی کرێکاردا، یاخود هێرش کراوەتە سەر گرنگی داخوازیە کریکاریەکان .بەڵام هەمان فۆرمەڵەکردنی باسەکەمان لە دوەروبەری ڕێکخراوە ناحیزبیەکان و لەبەرامبەر ئیکۆنۆمیزمدا، بەشێوەیەکی سروشتی دەمانکاتە داردەستی ڕەوتگەلێکی دور و جیا لە چینی کرێکار .ئا لەم قۆناغەدا هەر باسێکی هەمەگیرسەبارەت بە ڕێکخراوە ناحزبیەکان، دەبێ بمانباتە تەنیشت ئەو هێزانەی کە دەیانەوێت چینی کرێکار بە شێوەی ناحزبی ڕێکخراوبکەن، نەک بە پێچەوانەوە .
ئەنجامگیری گشتی من لە باسەکە – باسێک کە هاوڕێ ئەمیر لێرەدا خستیە ڕوو ، نەک لە ڕۆژنامەدا – ئەوەیە کە باشە بە بێدەنگ تێپەڕین بەسەرئەوەی کە چی دەڵێن دەربارەی ئەوانیتر، وە لەهەمانکاتدا رەخنەگرتن لە خەباتی تریدیۆنی ئەم مەسەلەیە بە شوێنێک ناگەیەنێت .قسەی من ئەوەیە کە ئەم مەترسیە بۆ خۆی لەباری واقعیەوە، زیاتر هەڕەشەمان لێدەکات.
خاڵێکی تریش بڵێم، بە بۆچونی من نابێ جەختکردن لەسەر پێویستبونی کاری ناحزبی لە نێو کرێکاراندا لە سەری باتالیا **وە وەربگرین .مەگەر ئەوەی بمانەوێت بە دیاریکراوی چوارچێوەی ئەوروپا لەبەرچاوبگرین، بۆچی ئەمە دەڵێم؟ لەبەر ئەوەی کە باتالیا لە ڕوانگەی بزوتنەوەیەکی پۆپۆلیست – دیموکراتیکەوە بزوتنەوەی ڕشتەیی ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی زۆری بەرنامەیە کە بزوتنەوەی کرێکاری رەتدەکاتەوە .لە " دەبێ چیبکەین؟ "دا لنین لەبەرامبەر بزوتنەوەی تایبەتی کرێکاریدا، ئامانجەکانی لانیکەمی بەرنامە وەک بزوتنەوەی سیاسی چینەکە دێنێتە ئاراوە، وە هەمان ئەو شتەیە کە لە لایەن ڕەوتی فیدایی و هێڵی سێ و ئەوانی ترەوە، گشتگیرکراوە .واتە دوری بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە بزوتنەوەی کرێکاری بە هۆی ئەوەوە نیە کە زۆر سۆشیالیستە، ئەوەندە سۆشیالیستە کە حەز ناکات شان بداتە بەر ئەم کارانە .بە هۆی ئەوەی لە ڕادەبەدەر دژ بە دیکتاتۆریە و بەهۆی ئەوەی لەڕابەدەر سەرقاڵی بزوتنەوە خەڵکی – دیموکراتیکەکانە ، ناپەرژێتە سەر ئەوەی بەهایەک بۆ هاوئاهەنگی نێوخۆی چینی کرێکار دابنێت، و ئەمەش جارێکیتر ئەرکی ئێمە سەنگینتردەکات.
ئەگەر گەرەکت بێت لەگەڵ خودی باتالیا باس بکەیت، باسەکە لە سەر مەسەلەی دەخاڵەتکردن، و

---

*) هێڵی پێنج – مەیلی "کرێکار – کرێکاری "بە تایبەتمەندی گاڵتەکردن بە ڕۆشنبیر ، وبە سوک سەیرکردنی تیوری وڕیزدانان بۆ دەستوپەنجە قلیشاوەکان ، بە "هێڵی پێنج "ناسرابون.
**) دەربارەی وشەی (باتالیا) کە چەنجار لەم باسەدا ئامژەی پێدراوە ، نەمانتوانیوەزانیاریەکی ئەوتۆ بەدەستبێنین، تکایە ئەگەر دەربارەی باتالیا شتێک دەزانن ئاگادارمان بکەن .
ئەم نوسراوە شیفاهی بوە ، دنیس ئازاد لە فایلێکی دنگیەوە کردویە بە نوسین و لە لایەن لێپرسراوی سایتەوە بەراورد وئیدێت کراوە .

## دەربارەی یەکێتیە کرێکاریەکان

پراتیکبونی ڕێکخراوەکانی حزب چەق دەبەستێت .لەکاتێکدا باسکردن لەگەڵ پۆپۆلیزمی ئیراندا بەتەواوەتی دەچێتەوە سەر بزوتنەوەی گشتی، هەمو خەڵکی و پێناسەی سەربەخۆی چینی کرێکار . ئەمەش وادێتە بەرچاو کە ئاستێکی ترە لە تەجرید، بە بۆچونی من ئەمە مەترسیەکە ئێستا هەڕەشەمان لێدەکات.

ڕەنگە بوترێت حزبی کۆمۆنیست لە قۆناغێکدا بەرەو چینی کرێکار ڕۆیشت، ئێستا کە شۆڕش لە ئارادایە، بە هێزی ڕێکخراویەوە بە سۆراخی هەمواندا دەڕوات .ڕۆشنە کە ئەوکات نابێ بچوک بینەوە بۆ ئیکۆنۆمیزمی پاشکۆی پۆپۆلیزم لەو قۆناغەدا لە هەمانکاتدا نابێ بچوک ببینەوە تا ڕادەی پێویست نەبونمان بۆ چینی کرێکار و ئامرازی ناحیزبی و جەماوەری ئەو چینە لە خەباتدا.

# مارکس دەربارەی دیموکراسی

**وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: محسن کەریم**
**پیاچوونەوەی: جەمال محسن**

سەرنجێکی کورت:
ئەو بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە، وەرگێردراوی بەشێکە لە بۆچونەکانی مارکس سەبارەت بە دیموکراسی کە لە کتێبی[ ڕەخنە لە "فەلسەفەی ماف"ی هیگل] دا ئاماژەی پێکردوە، وەکو دەردەکەوێ، مارکس چەمکی دیموکراسی وەکو دەسەڵاتدارێتی خەڵك ناولێدەبات، هەمان ئەو پێناسەیەی کە لەسەردەمی بەدەسەلات گەیشتنی چینی بۆرژوازی لە ئەوروپا دوای تێکشاندنی دەسەڵاتە سیاسیە دەرەبەگایەتیەکان بۆ دیموکراسی دەکرا، بەپێچەوانەی ئەو ناوەرۆکەی کە ئێستا دیموکراسی بۆرژوازی هەیەتی و بەجۆرێك هەمان ناوەرۆك دەگرێتەوە کە دەسەلاتی پاشایەتی لەخۆیدا هەڵیگرتبوو، واتە دەکرێ لە ئیستادا ئەو دەستەواژەیەی مارکس بۆ دیموکراسی بۆرژوازی بەکاربێنینەوە کە بۆ سیستەمی پاشایەتی بەکاریهێناوە: دیموکراسی حەقیقەتی سەرمایەداریە، بەڵام سەرمایەداری حەقیقەتی دیموکراسی نیە ! محسن کەریم

کتێبی رەخنە لە "فەلسەفەی ماف"ی هیگڵ لەنیوان ساڵەکانی ١٨٤٣-١٨٤٤ دا لەلایەن (مارکس) ەوە نوسراوە، بۆ ئەم وەرگێرانە سوود لە وەرگێردراوی ئینگلیزی کتێبی ناوبراو وەرگیراوە کە لەلایەن: دەزگای چاپی زانکۆی کامبریج، ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوەو ئانیتی جۆلین و جۆسیف ئۆ مالەی وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

دیموکراسی حەقیقەتی پاشایەتیە، بەڵام پاشایەتی حەقیقەتی دیموکراسی نیە. پاشایەتی بەناچاری دیموکراسیە بەشێوەیەکی ناکۆک لەگەڵ خۆیدا، لەکاتێکدا قۆناغی پاشایەتی ناکۆکیەک نیە لەنێوخۆی دیموکراسیدا. پاشایەتی ناتوانرێ وەکو چەمکێک لە پەیوەند بەخۆیەوە فەهم بکرێ لەکاتێکدا دیموکراسی بەوجۆرە نیە. لە دیموکراسیدا هیچ کام لە قۆناغەکان بایەخێکی لەوە زیاتریان نیە کە شیاویانە. لەراستیدا هەریەکەیان تەنها سەردەمێکی گشت جەماوەرە ئاساییەکەن. لە پاشایەتیدا بەشێک خاسیەتی گشت دیاری دەکات؛سەرجەم دەستور پێویستە بەپێی سەرکردەیەکی

نەگۆڕ هەموار بکرێت.دیموکراسی دەستورێکی گشتیە؛ پاشایەتی چەشنە، لەراستیدا چەشنێکی خراپە.دیموکراسی ناوەرۆک و شێوەیە؛ پاشایەتی دەبێ تەنها شێوە بێت، بەڵام ناوەرۆک دەشێوێنێت.

لە پاشایەتیدا گشت، خەڵک، دەچنە ژێر پۆلێنی یەکێک لە شێوازەکانی بوونیەوە، دەستوری سیاسی؛ لە دیموکراسیدا دەستور خۆی تەنها وەکو دەسەڵاتداریتیەک دەردەکەوێت، وە لەراستیدا وەکو دەسەڵاتداریتی خەڵک دەردەکەوێ. لە پاشایەتیدا ئێمە خەڵکمان هەیە بۆ دەستور، بەڵام لە دیموکراسیدا دەستورمان هەیە بۆ خەڵک. دیموکراسی چارەسەری گرێکوێرەی هەموو دەستورەکانە. بەمجۆرە دەستور نەک تەنها لەخودی خۆیدا، بەپێی جەوهەرەکەی، بەڵکو بەپێی وجودو واقعیەتی دەگەڕێتەوە بۆسەر زەمینە راستەقینەکەی، مرۆڤی راستەقینە، خەڵکی راستەقینە، وە وەکو کارێکی خودی خۆی بنیات نراوە. دەستور وەکو ئەوەی کە هەیە دەردەکەوێ، وەکو بەرهەمێکی ئازادانەی مرۆڤ. کەسێک دەتوانێ بڵێت کە ئەمەش لە گۆشەیەکیەوە لەگەڵ پاشایەتی دەستوریشدا دێتەوە؛ تەنها جیاوازیەکی تایبەتی دیموکراسی ئەوەیەکە لێرەدا دەستور بە گشتی تەنها قۆناغێکە لە وجودی خەڵک، بە واتایەکی دیکە دەستوری سیاسی دەوڵەت بۆ خودی خۆی پێک ناهێنێ.

هیگڵ لە دوڵەتەوە دەست پێدەکاتو مرۆڤ دەکاتە دەوڵەتێکی مەوزوعی؛ دیموکراسی لە مرۆڤەوە دەست پێدەکاتو دەوڵەت دەکاتە مرۆڤێکی مەوزوعی. رێک وەکو ئەوەی کە ئاین مرۆڤ دروست ناکات بەڵکو مرۆڤ ئاین دروست دەکات، بەوجۆرەش دەستور نیە کە خەڵک دروست دەکات بەڵکو خەڵکە کە دەستور دروست دەکات. بەشێوەیەکی دیاریکراو دیموکراسی لە پەیوەند بە هەموو فۆرمەکانی تری دەوڵەتەوە وەکو ئاینی مەسیحی وایە لە پەیوەند بە هەموو ئاینەکانی دیکەوە. مەسیحیەت ئاینێکی زاڵە کرۆکی ئاینەکانە، مرۆڤی پەرستراوە لە فۆرمی ئاینێکی دیاریکراودا. بەهەمان شێوە دیموکراسی کرۆکی هەموو دەستورێکی سیاسیە، مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیە لە فۆرمی دەستورێکی تایبەتی دەوڵەتدا. وەکو چۆن توخمەکان بە چەشنەوە پەیوەستن بەوجۆرە ئەویش بە دەستورەکانی دیکەوە پەیوەستە؛ تەنها لێرەدا توخمەکە خۆی وەکو بوونەوەرێک دەردەکەوێ، وە بەوجۆرەش وەکو بونەوەرێکی دیاریکراوو تایبەتی دەکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ ئەو بونەوەرانەدا کە لەگەڵ کرۆک و جەوهەردا نایەنەوە. دیموکراسی بەنیسبەت هەمو فۆرمەکانی دەوڵەتەوە بەوێنەی ئینجیلی کۆن دەردەکەوێ. مرۆڤ بەهۆی یاساوە مەوجود نیە بەڵکو یاسا لەبەرخاتری مرۆڤ مەوجودە. دیموکراسی بریتیە لە وجودی مرۆڤ، لە کاتێکدا لە فۆرمە سیاسیەکانی دیکەدا مرۆڤ تەنها بوونێکی یاسایی هەیە. ئەمەیە جیاوازیە بنەڕەتیەکەی دیموکراسی.

هەموو ئەو فۆرمانەی دەوڵەت کە ماونەتەوە فۆرمی زانراو، نەگۆڕو دیاریکراوی دەوڵەتن. لە دیموکراسیدا پرەنسیپە فەرمیەکان هاوکات پرەنسیپی مادین. لەبەر ئەو هۆیەیە کە یەکەم یەکگرتنی راستەقینەی گشت و تایبەتە. لە پاشایەتیدا، بۆنمونە، یان لە کۆماریدا وەکو تەنها فۆرمێکی تایبەتی دەوڵەت، مرۆڤی سیاسی بوونی تایبەتی و سەربەخۆی هەیە لەپاڵ مرۆڤێکی تاکی غەیرە سیاسیدا. خاوەنداریتی، گرێبەست، زەواج، کۆمەڵگای مەدەنی لێرەدا ( رێک وەکو هیگڵ زۆر بە دروستی بۆ

فۆرمە موجەرەدەکانی دەوڵەت گەشەیان پێدەدات، بێجگە لەوەی دەیەوێ فکرەی دەوڵەت گەشە پێ بدات) وەک شێوازێکی تایبەتی و دیاریکراوی بوون لەپاڵ دەوڵەتی سیاسیدا دەردەکەون؛ ئەوەش، واتە وەکو ناوەرۆکی ئەو شتە دەردەکەون کە دەوڵەتی سیاسی وەکو فۆرمێکی ڕێکخراو پێوەی پەیوەست دەبێتەوە، یان لەراستیدا تەنها وەکو زیرەکیەکی دیاریکراو و سنوردار کە جارێک دەڵێ " بەڵێ" و جارێکی دیکە دەڵێ "نەخێر" بەبێ ئەوەی زیرەکیەکە هیچ ناوەرۆکێکی هەبێت. لە دیموکراسیدا دەوڵەتی سیاسی، وەکو ئەوەی لەپاڵ ئەم ناوەرۆکەدا دانراوەو لێی جیابۆتەوە، بە تەنها خۆی بریتیە لە ناوەرۆکێکی تایبەت، وەکو فۆرمێکی تایبەتی بوونی خەڵک. لە پاشایەتیدا، بۆنمونە، ئەم کیانە تایبەتە، دەستوری سیاسی، مانای ئەو گشتەی هەیە کە هەموو تایبەتەکان کۆنترۆڵ و دیاری دەکات. لە دیموکراسیدا دەوڵەت وەکو شتێکی تایبەت تەنها شتێکی تایبەتە، وەکو گشتیش گشتێکی راستەقینەیە. بۆنمونە، هیچ شتێکی رۆشن و دیاریکراو نیە کە جیای بکاتەوە لە ناوەرۆکەکانی دیکە. فەرەنسیەکی مۆدێرن بەمجۆرە تەسەوری دەکات: لە دیموکراسی راستەقینەدا دەوڵەتی سیاسی دەپوکێتەوە[der politische Staat untergehe].(لە دەقە ئینگلیزیەکەدا دەستەواژە ئەڵمانیەکە دانراوەتەوە و ماناکەی بە عەرەبی"زەوال"ە کە دەکاتە پوکانەوە- وەرگێڕ). ئەمە بەو رادەیە راستە کە دیموکراسی لە قیافەی دەوڵەتی سیاسیدا، لە قیافەی دەستوردا یەکسان نیە بە گشت.

لەهەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە جیاوازن لە دیموکراسی، دەوڵەت، یاسا، دەستور باڵادەستە بەبێ ئەوەی لەراستیدا فەرمانرەوابێت، ئەمەش واتە؛ بە شێوەی مادی خۆی دەخزێنێتە ناو باقی مەیدانە غەیرە سیاسیەکانی دیکەوە. لە دیموکراسیدا دەستور، یاسا، دەوڵەت، تا ئەو کاتەی کە هێشتا دەستوری سیاسین، خۆی تەنها بریتیە لە خۆبەڕێوەبردنی خەڵک و ناوەرۆکێکی دیاریکراوی خەڵک. سەرباری ئەوە ئاشکرایە کە هەموو فۆرمەکانی دەوڵەت خاوەنی دیموکراسین بۆ حەقیقەتی خۆیان، وە لەبەر ئەو هۆکارەیە کە تا ئەورادەیەی کە نادیموکراسین پووچ و ناوبەتاڵن.

لە دەوڵەتی کۆندا دەوڵەتی سیاسی ناوەرۆکی دەوڵەتی پێکدەهێنا، بە وەدەرنانی مەیدانەکانی دیکە؛ دەوڵەتی مۆدێرن بریتیە لە پێکەوە هەڵکردنی دەوڵەتی سیاسیو دەوڵەتی غەیرەسیاسی.

لە دیموکراسیدا دەوڵەتی موجەرەد دەسکۆتاکراوە لەوەی کە ساتەوەختی دەسەڵاتدارێتی بێت. خودی ململانێی نێوان پاشایەتیو کۆماری هێشتا ململانێیەکە لەناو چوارچێوەی فۆرمێکی موجەررەدی دەوڵەتدا. کۆماری سیاسی{ واتە، کۆماری بەتەنها وەکو دەستوری سیاسی} دیموکراسیە لەناو چوارچێوەی موجەررەدی دەوڵەتدا. بەم پێیە فۆرمی موجەردەی دەولەتی دیموکراسی کۆماریە؛ بەڵام لێرە{ لە دیموکراسی راستەقینەدا} لەوە دەوەستێ کە تەنها دەستوری سیاسی بێت.

**ڕەعد سەلیم**

# گۆڕان لە نێوان ئیرادە و پێویستیدا*

خەبات لەپێناو ئاڵوگۆڕدا، تایبەتمەندی بزوتنەوەیەکی بەردەوام بووە بەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی، ئەمەش لەو کاتەوەیە کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێک لەتەک سروشتەکەیدا ژیاوە لەسەر گۆی زەوی. خەباتیش لەپێناو ئاڵوگۆڕ و ڕۆڵی تاکی ئاکتیڤ بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگربووە.
بزووتنەوەی بنەڕەتی لە ئاڵوگۆڕدا زۆر لە مەیدانەکان دەگرێتەوە، لەوانە مەیدانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی وبوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بە گشتی. مەبەست لە مەیدانەکانی ئاڵوگۆڕ کە مرۆڤ پێی هەڵدەستی ئاڵوگۆڕی بەکۆمەڵە نەک وەک ئاڵوگۆڕی تاکێکی ئەبستراکت، ئاڵوگۆڕێک بەمانای بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هوشیارانە. پرۆسێسی ئاڵوگۆڕ پەیوەستە بە دوو ئاڵوگۆڕی ترەوە؛ یەکەم کێن ئەوانەی کە هەڵدەستن بەئاڵوگۆڕ، واتە کامە بکەرە" subject "، دووەم بارودۆخی عەینی" "objective و زاتی" "subjectivکە بارودۆخی ئاڵوگۆڕ دیاری دەکەن. هەروەها هۆکاری بارودۆخی زاتی بۆ ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی بە کارکردی بکەرەوە لە پرۆسێسی گۆڕاندا. خودی ئەم دوو ئاڵوگۆڕە بەشێکی جیانەکراوەن لەیەکتر. ناتوانین لێکۆڵینەوە لەدیاردەی ئاڵوگۆڕ بکەین بەبێ تێگەیشتن لەو دوو ئاڵوگۆڕە و بکەرەکانیان.
ئایا مرۆڤ توانای ئاڵوگۆڕی هەیە، ئایا مرۆڤ خاوەنی ئەم کردەیەیە؟
ئایدیای ئاڵوگۆڕ دوو ڕووی هەیە، کە پیکدێن لەتێڕوانینی مرۆڤ بۆ بوونەکان و دیاردەکان

*) ئەم بابەتە لەلایەن نوسەرەوە بە زمانی عەرەبی نوسراوە. سەردار عەبدولکەریم لەعەرەبیەوە وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی.

هەروەها بەرانبەر سروشت. تێڕوانینی مرۆڤ بۆ خودی مرۆڤ خۆی بۆ ئازادییەکانی، مافەکانی، شێوازی حوکمڕانی و سروشتی کۆمەڵگەکەی. بەم پێیە گەر بمانەوێ قسە لەسەر ئاڵوگۆڕ بکەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ماتریالزمی دیالێکتیکی و زانستی کە پێکدێت لە کۆمەڵێک ڕێسای گشتی جوڵەی سروشت، کۆمەڵگە و ئایدیا.

دیالێکتیک وەک بەشێکی فەلسەفە وەک هونەری تێرامان و هەوڵی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی توانایی ژیری لە تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەر، هەروەها تێگەیشتن لەخودی خۆی و پەیوەندییەکانی بە جیهانی سروشتەوە. ئەمەش تاکە مەنهەجێکە کە لە ڕوانگەی زانستییەوە پشتڕاست دەکرێتەوە بۆجیهان و پرۆسێسی گۆڕان. لە دیالێکتیکدا هەموو جوڵە و گۆڕانێک ڕوودەدات؛ کاتێ ناکۆکی دژەکان تێدا سەرهەڵدەدات، ئەم دیالیکتیکە گرنگی بەجوڵە و گۆڕان و بەهەموو شیوازەکانی دەدات نەک تەنیا گۆڕانی جێگە و شوێن.

لەپاڵ مەنهەجی دیالیکتیکی فەلسەفەدا، مەنهەجی میتافیزیکی هەیە کە تێیدا شتەکان بە نەگۆڕ دەزانێ وگرنگی بە هۆکارەکانی ئاڵوگۆر نادات. لەگەڵ ئەوەدا کە سروشت ئاڵوگۆردەکات، و ئەوەی لەپشتی ئەم سروشتە ڕەهایەوە وەستاوە ناگۆڕێت. ئەم فەلسەفەیە دژەکان لەیەکتر دادەبڕێت، وا تەماشای دەکات کە شتێکی هەمەجۆرەن بە شێوەی ڕێکخراو. ئەم چەمکە خۆی لە ئاستی جوڵە و گۆڕاندا کەڕدەکات، نوێنەرایەتی مرۆڤێک دەکات کە بەڕەهایی ناگۆڕێت. ئەم چەمکە مرۆڤ لە دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی جیادەکاتەوە، ئەم فەلسەفەیە گرنگی نادات بەو بابەت و دۆزانەی پەیوەستن بە واقیعی ژیان و بژێوی مرۆڤەکانەوە، لە زاتی شتەکان دەگەڕێ وەک ئەوەی لە دیدی فەیلەسوفی فەرەنسی "کانت" دا بوونی هەبوو.

بەڵام پێشکەوتوانەترین هەنگاو لەم ڕاستایەدا، مەنهەجی ماتریالیزمی دیالێکتیکە کە پێداگرە لەوەی فیکر وئایدیا ڕەنگدانەوەی بزوتنەوەی واقیعە کە دەگوێزرێتەوە بۆ هزری مرۆڤ. بە پێچەوانەی مەنهەجیەتی هیگڵەوە کە پێی وایە بزوتنەوەی فیکر کە بە ناوی فیکرەوە بەرجەستە دەبێت، پێچەوانەی واقیعە و شتێک نییە جگە لە وێنایەکی ڕوکەشی فیکر. هەروەها پێی وابوو پێویست ناکات خاڵی دەستپێکردنمان لە شت و دیاردەکانەوە بێت، بەڵکو لەو چالاکیانەوە بێت کە بناغەکەی یەکگرتنی ماددی و پەیوەندیاریە. هەروەها بەپێی ئەم مەنهەجێتە شتەکان و دیاردەکان دابڕاو و سەربەخۆنین لەیەکتر، بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکی ئەندامییان پێکەوە هەیە و پشت بەیەکتر دەبەستن.

زەرورەت و بنچینەی واقیع بەلای ماتریالیزمی دیالێکتیکەوە تەنیا کۆمەڵێک لە شت، دیاردە و توخمی لێکپەرتەوازە نییە. فیکری مرۆڤەکان توانای کاردانەوەی بەرانبەرگەشەسەندنی جیهانی ماددی هەیە، فیکری مرۆڤایەتی توانای وەرگرتنی یاسا بابەتییەکانی بزوتنەوەی دنیای ڕاستەقینەی هەیە. فیکری مرۆڤ بەشێکە لە جیهانی ماددی، هەربۆیە ئەویش ملکەچی یاساکانی دیالێکتیکی ماتریالیستییە؛ بەمەش ئەقلی مرۆڤایەتی ئاوێنەی پرۆسێسی بزوتنەوەی دیالێکتیکە لە جیهانی واقیعیدا.

لەدیالێکتیکی ماتریالستیدا دژایەتی ناوخۆییەکان گرنگە لە هەموو دیاردە و شتەکاندا، هەمووشیان

پێک هاتوون لە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ؛ واتا ناکۆکن بەیەک، ئەمەش پێکهاتەی ناوخۆیی پرۆسێسی گەشەسەندنە. بەمانایەکی تر پێکهاتەی ناوخۆیی گۆڕانی ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکان لە ئاڵوگۆڕی چەندایەتییەوە دەگۆڕێن بۆ ئاڵوگۆڕی چلۆنایەتی.

ئەنگلز دەڵێت: ''سروشت هەر لە شتە بچوکەکان تاکو گەورەکان، لە دەنکە لمێکەوە تاکو خۆر، لە بوونەوەری تاک خانەییەوە تاکو مرۆڤ هەموو لە باری گەشە و نەماندان، لە گۆڕانی بەردەوامدان، وە ناوەستن وە هەمیشە بەردەوامن لە جولە وئاڵوگۆڕدا''.

بە پشتبەستنمان بەم مەنهەجێتە ، واتە ماتریالیزمی دیالێکتیکی دەتوانین سودی لێوەربگرین بۆ شرۆڤە و تێگەیشتنی کۆمەڵگا و مێژووەکەی. هەروەها دەتوانین لێکدانەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکان بکەین دوای زانینی یاسا گشتییەکانی ئاڵوگۆڕە سروشتییەکان، کۆمەڵگە و فیکر و مێژووەکەی. هەروەها پێویستە بەدواداچون بۆ هۆکاری بزووتن و دیاردەکان بکرێت. هۆکاری بنەڕەتی بزوتن لەدەرەوەی دیاردەکان نییە بەڵکو لەناو خۆیدایە، هەروەها هەموو شتێک دژایەتییەکی ناوخۆی بۆخۆی هەیە، هەروەها جوڵەش بریتییە لە ململانێی دژەکان. مێژوی ماددی کۆمەڵگە و مێژوی مرۆڤایەتی لە گەڵ بوونی تاک وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و چالاک دەستپێدەکات، تاک نەک وەک شتێکی هەستی ئەبستراکت بەڵکو وەک چالاکێکی بەهەست، ئەم تاکانەش مەرجێکی سەرەتایی مێژوی مرۆڤایەتییە.

سەرەتای دەستپێکردنی مێژوی مرۆڤایەتی لەو تاکە چالاکانەوە دەستپێدەکات کە ئامراز وپێداویستییە گرنگەکانی ژیانیان بەرهەم دەهێنن لەوێشەوە شیوازی ژیانیان دەنەخشێنن. بەمەش هێزی بەرهەمهێن دێنە ئاراوە و گەشەش بە هێزەکانی بەرهەمهێنان دەکەن و لەوێشەوە دابەشکردنی کار دەستپێدەکات. لەمیانەی پرۆسێسی کار و دابەشکردنی کاردا دژایەتی نیوانیان سەرهەڵدەدات. هەروەها لەمیانەی پرۆسێسی دابەشکردنی کاردا پەیوەندی نیوان تاکەکان دەستپێدەکات و دەچنە نێو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێوە. هەڵبەت لە میانەی ئەم چالاکیە ماددیانەدا بەرهەمی فیکری و ڕۆشنبیری دێتە ئاراوە. مێژوی گەشەسەندنی کۆمەڵگە پێش هەرشتێک پابەندە بە گەشەسەندنی بەرهەمهێنان، هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەنێو خەڵکیدا. هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە هەم دەگۆڕێن و هەم گەشەدەکەن؛هەربەم پێیەش پەیوەندیی ئابوری و بەرهەمهێنانی خەڵکی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت. ئەو کاتەی دژایەتی لە دابەشکردنی کار و پرۆسێسی بەرهەمهێناندا ڕودەدات ململانێ دەستپێدەکات ومێژودەستپێدەکات، بەواتای دەستپێکردنی مێژوی ململانێ لەنێوان ئەوانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن و ئەوانەی کە خاوەنی ئەو ئامرازانەنین، واتە مێژوی ململانێی چینایەتی؛ ئەمەش مێژوی پێدەوترێت.

بەپێی تێڕوانینی هیگڵ بۆ مێژو،هەموو ڕوداوێک لە ڕوداوەکانی مێژوو بەپێی پێداویستییەکانی ئەقڵ ڕوودەدەن. لێرەدا مێژو بەشێوەیەک گەشەدەکات کە کەسایەتییە مێژوییەکان ئامرازێکن بۆ بدیهێنانی بەبێ ئەوەی خۆیان هیچ درکێکی پێ بکەن. حوکمی پێشکەوتنی مێژو لەدەستی مەنتیقی دژەکان، پێکدادانەکان، جەنگ و شۆڕشەکانە؛ کە دەبنە هۆی هاتنەکایەی بارودۆخێکی باشتر. ئەو

## گۆڕان لە نێوان ئیرادە و پێویستیدا

سەردەمانەی کە ئارامن و خاڵین لە ململانێ بە سەردەمی مێژویی ئاژمارناکرێن. مێژو بەتەواوی پێشکەوتنە لە هەستکردن بە ئازادی.

هەیگل لای وا بوو کە فیکر ڕێرەوی مێژوو دیاری دەکات. بەلام لە ڕاستیدا ناتوانرێ تفسیری ڕووداوەکانی مێژوو تەنها لەسەر بنچینەی هۆکارە مادەیەکان بکرێت، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هۆکاری ئابووری بکرێت، کە بناغەی ڕێرەوی مێژووە ، وە ئەوە ژێرخانی ئابووریە کە ڕێرەوی گۆڕانە کۆمەلایەتیەکان دیاری دەکات. وە ئەوە شیوازی بەرهەمێنانە کە نەخشەکێشی پرۆسێسی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و فکریە، نەک وشیاری ئینسانەکان کە نیهادی کۆمەلایەتیان دیاری بکات. وە لە لایەکی ترەوە ئەوە بارودۆخی کۆمەلایەتی و سیاسیە کە مەرجەکانی کارکردن دیاری دەکات بە شێوەی سە رەکی . مارکس دەڵێت: "مێژوو پرۆسێسی جوڵە و گۆڕانە لە ناکۆکێکەوە بۆ ناکۆکێکی تر تەواودەبێت، مێژوو لە نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنانداوە پێشدەکەوێت و دەگات بە لەدایکبوونی کۆمەڵگایەکی نوێ و بەمپێیەش هاتنی مێژویەکی نوێشە".

هەروەها مارکس لە پێشەکی کتێبی ڕەخنە لە ئابوری سیاسی دا دەڵێت: "لەبەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا کە خەڵکی ئەنجامی دەدەن، بۆخۆیان دەچنە نێو پەیوەندیگەلێکی سنورداری واوە کە ناتوانن لێی دەربازبن و سەربەخۆیە لە ئیرادەیان، ئەم پەیوەندیانەی بەرهەمهێنان هەماهەنگدەبن لەتەک قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانی مادییان. کۆی ئەم کۆمەڵە لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی ئابوری پێکدەهێنێت، بناغەیەکی ڕاستەقینەی کە سەرخانی یاسایی وسیاسی لەسەربنیات دەنرێت، لەتەک شێوازگەلێکی دیاریکراو لە وشیاری کۆمەلایەتی هەماهەنگی دەبێت. هەروەها پرۆسێسی ژیانی سیاسی و فکریشیان بەگشتی. ئەوە هوشیاری مرۆڤ نیە کە بڕیاردەرە لەسەر هوشیاری مرۆڤ خۆی. لە قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی ماددی لە کۆمەڵگەدا دەکەوێتە پێکدادانەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پەیوەندی باودا، یان _ شتێک نییە جگە لە دەربرینی یاسایی بۆ هەمان شت_ لەگەل پەیوەندیەکانی خاوەندارێتیدا کە کاری پێدەکرا لە رابردوودا. ئەم پەیوەندیانە لە فۆرمێک لە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە دەگۆڕێت بۆ قەیدوبەندێک کە دەیانبەستێتەوە. لێرەوە سەردەمی شۆڕشی کۆمەلایەتی دەست پێ دەکات. وە بە گۆڕینی بناغەی ئابوری، تەواوی ئەو سەرخانە گەورەیەش بە خێرایی ئاڵوگۆڕ دەکات."

بەم جۆرە گۆڕان پێویستییکە و خۆدەربازکردن لێی مەحاڵە. بەلام کام گۆڕان؟ ئاڵوگۆڕ زۆرجار ڕوودەدەن، لەگەڵ هاتنی هەر رژێمێکی نوێدا گۆڕان ڕوودەدات. ڕژێمی سەرمایەداری وەک ڕژێمێک بەپێی تواناو پێناسەی یاسا کۆمەلایەتی و مێژوییەکان بێت پێویستی بەگۆڕانە. بەلام گۆڕان لەپێناو ئامانجەکانی سەرمایەداریدا و بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانەکانە. بۆ ئەم مەبەستە ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەلام لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کە بگونجێت لەتەک شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا. سەرمایەداری پێی وایە کە کۆمەڵگە خاوەنی کۆمەڵێک یاسای خۆیەتی، پێویستە لەتەک ئەو یاسایانە خۆگونجاندن بکرێت و هەر لەچوارچێوەی ئەو یاسایانشەدا داوای ئاڵوگۆڕ بکرێت. هەر بەم هۆیەش مانەوەی ڕژێمی باو بە جەبری دەدەنەقەڵەم. ئەوان کاتێک باسی

کۆمەڵگە دەکەن کە خاوەنی یاسایە، مانای وایە کە پرۆسێسێک هەیە و بەیاساش ئەو پرۆسێسە ڕێکدەخرێت. ئەمەش مانای وایە کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە بارودۆخی گەشە و ئاڵوگۆڕدایە. ئەم یاسایانەش ماف دەداتە هاوڵاتیان کەبە پێی هەمان ئەو یاسایانە گۆڕانکاری بکەن ، بەڵام لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەدا. ئەمەش مانای ڕێگەگرتنە لە مرۆڤ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەجۆرێک سنوردارکردنی وێناکردنی مرۆڤە بۆتاودانی پرۆسێسی مێژویی. ئەو چەمکەی کە پێی وایە سەرمایەداری ئەزەڵییە و ئەو چەوسانەوە و خۆپەرستییەی کە کۆمەڵگە پێی ئالودەبووە؛ دیاردەیەکی ئەزەڵییە و هەردەشمێنێ.

مەبەست لە ئاڵوگۆر لای مارکس شتێک نییە جگە لە شۆرش، شۆڕشیش بەمانای چەند ئاڵوگۆڕێکی کەم نییە، بەڵکو هەڵگەڕانەوەی سەرتاپای ڕژێمی حاکمە، ئەمەش مرۆڤ وەک تاکێکی مجەرەد داواکاری ئەم ئاڵوگۆڕە ڕیشەییە نییە بەڵکوئەوەی بەم ئاڵوگۆڕە هەڵدەستێ چینی کرێکارە ئەو چینەی کە خاوەنی هیچ نییە جگە لە هێزی کار نەبێ.

مارکس دەڵێت:" ئاڵوگۆر لەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان یان مێژوو. بەهۆی روخاندنێکی شۆڕشگێڕانەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆن و دانانی پەیوەندی نوێی بەرهەمهێنان دەبێت".

بەواتایەکی ترئەو ئاڵوگۆڕانە لە کاتی پێکدادانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان وگەشەی هێزە مادییە بەرهەمەینەکان دەبێت لەیەکێک لە قۆناغەکاندا؛کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئابوری دەکرێت و سەردەمێک بۆ ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دێتەپێشەوە.

لەلای چینی کرێکار کە دەیەوێت هەستێ بە شورش ، دیارە بوونی هۆکاری زاتی " ئەقڵ" یاخود هوشیاریە کە بەرەو شۆڕشی سۆسیالیستی دەبیات. سۆسیالیزمیش دیاردەیەکی زەروریە کە بەدەستهێنانی لە ئیمکان دایە. وە ئەوەی ڕێگرە لە بەردەم چینی کرێکاردا بۆ بەدەستهێنانی سۆسیالیزم ئەو بارودۆخە بابەتی نییە ، بەلکو نائامادەگی ئەم چینە خۆیەتی بۆ شۆرش و گەشتن بە دەسەلاتی سیاسی. خەبات لەپێناو شۆڕشی سۆسیالیستیدا پەیوەستە بە ئامادەیی سیاسی چینی کرێکار بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم شۆڕشە، نەک کامڵبووی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

لەم ڕاستایەدا زۆر جار لە تێڕوانینی هێزە چەپ و کۆمۆنیستە باوەکاندا سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ دەبینین کە بەتەواوی پێچەوانەی ماتریالزمی دیالێکتیکە و سەرچاوەی بۆچونەکانیان" میتافیزیکی" ە. ئەوان ناتوانن لە حەتمەیەت و ئیرادە، یەکێتی و جۆراوجۆربوون، پێویستی و دروستکردن تێبگەن. شرۆڤەیان بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی میتافیزیکییە.

مەنسور حیکمەت لەم بارەیەوە دەڵێت: "کورتبینن لە تێگەیشتنی پرۆسێسی مەعریفی، لە تێگەیشتنی بارودۆخی بابەتی و کۆمەڵایەتی، دەکەونە نێو ئەزمونگەرێتییەوە، هەموو ئەمانە وایان لێ دەکات کە توانای تێگەیشتنیان لە پەیوەندییە دیالیکتیکییەکانی نێوان تێور و پراکتیک نەبێت، و دەکەونە ناو ئەکادیمیای تیوری ئابوری و سەرکێشی لە پراکتیکیدا".

ڕەخنەی زۆربەی هێزە چەپەکان لە ڕژێمی سەرمایەداری بەوجۆرەیە کە ئەم ڕژێمە لە ڕووی ئابورییەوە ناکامڵ و هێشتا نیمچە دەرەبەگایەتییە، بە جێی ئەوەی ڕەخنەیان لە ڕژێمی

## گۆڕان لە نێوان ئیرادە و پێویستیدا

سەرمایەداری وەک سیستمێکی بەرهەمهێن هەبێت ورەخنە لە پەیوەنییە جۆراوجۆرەکانی ئابوری بگرن. بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەک سیستمێکی کۆمەڵایەتی نابینن. کاتێک باس لە سەربەخۆیی ئابوری، گەشەسەندنی پیشەسازی نیشتمانی، مۆنۆپۆل و وبەرهێنانی وڵاتێک دەکەن؛ ڕەخنەکانیان لەچورچێوەی بۆرژوازیدا تێ ناپەڕێن.

بنچینەی تێفکرینی ئەم بزووتنەوانە خەباتی چینی کرێکار نییە، بەڵکوخەباتی نیشتمانی و دیموکراتیکیە، ئامانجیشیان گۆڕینی سۆسیالیزم و دەسەڵاتی چینی کرێکارە بە سیستمێکی تر کە دەستکاری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان نەکرێت. شێوازی کارکردنی ئەم بزووتنەوانە لەپێناو ڕێکخستنی ڕیزەکانی چینی کرێکاردا نییە، بەڵکو لەپێناو لابردنی سنورەکانی نێوان کرێکارانی سۆسیالیست و بۆرژوازی دیموکراتخوازە. ئەو بنچینە فیکریە کە تایبەتمەندییەکی دیالێکتیکی هەیە، بەڵام لە بناغەدا دیالێکتیکێکی میتافیزیکیە نەک ماتریالیستی.

لە توانای مرۆڤدا هەیە کە یاساکان لەبەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت و دواڕۆژی خۆی بنایت بنێت و بینەخشێنێت، بەتایبەت کاتێک لەیاساکانی سروشت تێبگەیشتبێت، خۆی بە خاوەنی دۆزەکە بزانێت و لەبەرژوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت و هەروەها لەوە بگات کە یاسا کۆمەڵایەتییەکان لەتوانای تێگەیشتن، پراکتیزە و بەکارهێناندان.

یاساکانی کۆمەڵگە و مێژوی مرۆڤایەتی شتێک نین کە نەگۆڕبن و زنجیرەی ڕوداوەکان پشتیان بە ڕێکەوت بەستبێت. تێگەیشتن لە دەرونی کۆمەڵگە وناسینی کارێکی مەحاڵ نییە و هەربەم هۆیەش گۆڕینی مەحاڵ نییە. پرۆسێسی گۆڕان پەیوەندی بەهاتنەناوەوەی هوشیاری و هێز و ئیرادەی خودی مرۆڤەوە هەیە. ئەمەش بە واتای ئیرادەی شۆڕشگێرانە و هشیاری چینێک دەبێت ، نەک هوشیاری و هێزی تاکە کەسەکانەوە. ئەمەش تەنها لە ڕێگای شورشی کومەلایەتیەوە کارێکی مەیسەرە.

کاتێک قسە لەسەر گۆڕان دەکەین. مەبەست لە چمکە چاکسازی و ڕیفۆرمیستییەکەی نییە، یاخود پرۆسێسی چاکسازی لە نێو چوارچێوەی خودی ڕژێمێکدا. بەڵکو گۆڕان بەمانای گواستنەوەی کۆمەڵ لە بارێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بۆ کۆمەڵگەیەکی تری تەواو نوێ.

کورتەی ئەم باسە ئەوەیە کە گۆڕان شتێکی حەتمی و واقیعیە و سەیرکردنی گۆڕانە لە بوارە فەلسەفیە ماددییەکەیەوە بۆ بوارە ئابورییە واقیعییە زانستییەکەی. ئەمەش گۆڕان لە بوارەکانی پەیوەنییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی کاری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. نابێت گۆڕینی واقیع بەشتێکی مەحاڵ سەیربکرێت، بەڵکو بڕوابوون بە" پێویستی" گۆڕینی گرنگە. پێویستییەک کە پەیوەستە بە مێژوەوە و ڕەهاو ئەزەلی نییە. بۆ تێگەیشتن لە "پێویستی"؛ گرنگە لە پەیوەندییە مادییەکانی کۆمەڵگەوە سەیربکرێت.

گەر مرۆڤ توانی پێویستیەکانی خۆی دیارییکات، پاشی ئەوە دەتوانێت بەشدارییەکی چالاکانە لە پرۆسێسی گۆڕاندا بکات.

هەمیشە مرۆڤەکان بیر لە گۆڕان دەکەنەوە، بەتایبەت کۆمۆنیستەکان خەبات بۆ گۆڕینی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانە دەکەن، هەر بەم هۆیە خۆڕزگارکردن لە بیروبۆچونی نادیالێکتیکی بۆ شرۆڤەی ژیان

و یاساکانی پێویستە. هەروەها پشتبەستن بە ئایدیای مەنهەجیەتی ماتریالیزمی دیالێکتیکی و ئاشنایی یاسا گشتییەکانی بزوتنەوەی سروشت ودیالێکتیکی مێژویی دووبارە گرنگی خۆی هەیە. بەم پێیە ڕێگەیەکی واقیعی دەگیرێتەبەر بەرەو ئالوگۆڕکردن و سەرەوژێرکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی باو. لەڕاستیدا بەجێ گەیاندنی ئەم دۆزە بەشێوەیەکی واقیعی کاری ماتریالیزمی زانستیی یاخود کۆمۆنیستەکانە.

شۆڕشی چینی کرێکار، پەیوەستە بە هوشیاری شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی سۆسیالیستی ئەو چینەوە. هەر کاتێک ئەم چینە ویستی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی بنیات بنێت، ئەو کاتە سۆسیالیزم دەبێتە زەرورەت و بەدیهێنانیشی لەتوانادایە.

ئیرادەی مرۆڤ دروستکەری مێژوە، ئەم ئیرادەیە هۆکارێکی گرنگ و بنچینەییە بۆ پرۆسێسی گۆڕان. بەڵام ئیرادەی ئینسانەکان لە چوارچێوەی خەباتی چینایەتی کۆمەڵگادا گورانکاری بەسەردا دێت ، یان لە نێو خودی ململانێی چینایەتیەوە دێتە ئاراوە. گۆڕان بەلای چینی کرێکارەوە بەمانای شۆڕشکردن دێت، شۆڕشی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێت و رژێمی کاری کرێگرتە هەڵدەوەشێنێتەوە، لەبری ئەمە کۆمەڵگەیەکی نوێ بنیات دەنێت؛ ئەمەش تێگەیشتنی مارکسە لە پرۆسێسی گۆڕان.

ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە، کاتێک کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار باس لە گۆڕانی ڕاستەقینانە دەکەن، ئەم گۆڕانە بەبێ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی ئەم چینە کارێکی ئەستەم و مەحاڵە.


سەرچاوەکان

. ئەنگلز: دیالێکتیکی سروشتی

. کارڵ مارکس: هەلبژاردە

. کارڵ مارکس: ئایدۆلۆژی ئەڵمانی

. کارڵ مارکس: ڕەخنە لە ئابوری سیاسی

. مەنسور حیکمەت: سێ سەرچاوە، سی بەشی سۆسیالیزم

# بەڵگەنامە:

## هێرشی سەربازی تورکیا بۆ سەر کوردستانی سوریا، دەبێ بە ئیرادەی جەماوەری تێکبشکێنرێت!

ماوەی چەند رۆژێکە رژێمی فاسیستی و قەومپەرستی تورک، لە ژێر ناوی جەنگ لەدژی داعش و پاریزگاری لە سنورەکانی، دەستی داوەتە هێرش و ملهوری سەربازی بۆسەر کوردستانی سوریا.
رژێمی ناسونال فاشیستی تورکیا، بەدوای کودەتا شکستخواردوەکەی بەشێک لە سوپای تورکیا، لەناوخۆی تورکیا دەستی داوەتە گرتن‌و راوەدونان‌و لەسەرکاردەرکردنی دەیان هەزار کەس‌و سەرکوت‌و داپلۆسین‌و بەرتەسک کردنەوەی ئازادییەکان‌و داخستنی دەیان رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی راگەیاندن وهەوڵێکی سیستماتیکی دەست پێکردوە بۆ داسەپاندنی یاساو ریسای ئیسلامی‌و داعشی‌و بەسەر خەڵکی مۆدێرنی تورکیادا. لە دەرەوەی تورکیاشدا دەستی داوەتە ملهوریەکی سەربازی و هێرش و پەلامار بۆ سەر کوردستانی سوریا و تۆپبارانکردنی کانتۆنەکانی عفرین‌و کۆبانی‌و جەزیرە هەموو ئەم هێرش‌و ملهوریانەش لەژێرناوی بەرگری لە "دیموکراتیەتی تورکیا" و پاراستنی سنورەکان و "جەنگ لە دژی داعش" ئەنجام دەدات.
تورکیا، وەکو دەوڵەتێکی فاشیست‌و کۆنەپەرستی ناوچەکە، دەیەوێت لە رێگای ئەم هێرش‌و ملهوریانەوە، کێشەناوخۆییەکانی بە قازانجی حیزبی دەسەڵاتدار یەکلایی بکاتەوە، لەئاستی ناوچەکەشدا پێگە لاوازە سیاسی و سەربازیەکەی قەرەبوو بکاتەوەو لەژێرناوی "شەڕی دژی تیرۆرو داعش" دا پشتیوانی هەریەکە لە ئەمریکاو روسیا بەدەست بهێنێ بۆ دروستکردنی "ناوچەی ئارام"و تەواوکردنی ئەو سیاسەتەی کە نەیتوانی لەرێگای پشتگیری ئاشکرای داعشەوە بەدەستی بهێنێ، کە شکستهێنانە بە ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانی تورکیاو پاشەکشەکردنە بە هێزەکانی پەیەدە کە وەکو درێژکراوەی پەکەکە لێیان دەڕوانێ و مامەڵەیان دەکات.
ئەم هێرش‌و ملهوریە سەربازیەی تورکیا لە دژی خەڵکی کوردستانی سوریاو هێزە سیاسیەکانی لەناو هەلومەرجێکی سیاسی‌و سەربازیی ناوچەکەدا دەچێتە پێشەوە کە هێزە ئیمپریالیستەکانی وەکو روسیاو ئەمریکا و دەوڵەتە خزمەتکارەکانیان لە سعودیەو تورکیاو قەتەرو ئێران و رژێمی بەشار ئەسەدو گروپە تیرۆریستە ئیسلامیەکان جەنگێکی خوێناوییان لە سوریادا بەرپاکردوەو

## بەڵگەنامە

کۆمەڵگایەکی دەیان ملیۆنیان تووشیماڵوێرانیو کارەسات و ئاوارەیی و کوشتاری بە کۆمەڵ کردوە. خەڵکی کوردستانی سوریا لەماوەی رابرووەدا توانییان کە بەرگریەکی چەکدارانەی بێ وێنە لە دژی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی(داعش) بکەن و ئەفسانەی داعش تێک بشکێنن. ئێستاش هەرئەوجۆرە بەرەنگاریە جەماوەریە سیاسی و چەکدارانە دەتوانێ لوتی دەوڵەتی کۆنەپەرستو داعش پەروەری تورکیا لە زەوی بدات.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەکاتێکدا ئیدانەی هێرشو پەلاماری سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر کوردستانی سوریاو پیلانگێڕیەکانی ئەو دەوڵەتە بەهاوکاری گروپو هێزە بەکرێگیراوەکانی بۆ نانەوەی شەڕێکی ناوخۆ لەکوردستانی سوریا، دەکاتو خوازیاری دەستبەجێ کشانەوەی ئەو هێزانەیە لە کوردستانی سوریا، هاوکات بانگەوازی جەماوەری ئازادیخوازی ناوچەکەو دنیا دەکات، کە دەوری شایستەی خۆیان بگێرن بۆ بەرگریکردن لە ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەری کوردستانی سوریا لە بەرامبەر لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیاو هەروەها پشتیوانی لە خەڵکی سوریا بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگو دەستێوردانی دەوڵەتانی ئیمپریالیستیو دەوڵەتە کۆنەپەرستە خزمەتکارەکانیان لەناوچەکەدا.

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان**
**٤/٩/٢٠١٦**

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی،
دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

**didgaisocialisti@gmail.com**

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker-communist Party of Kurdistan

FOuRTH Issue, SEPTEMBER 2016